گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٨٠، ساڵی حەوتەم، رەزبەر ٢٧١٢ی کوردی، سێپتەمبەر ٢٠١٢ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هەنار


دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

ئاریان ئەبوبەکر

**تیراژ**

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ئارەزووی هەڵسەنگاندنی رۆمانێک... | بەختیار محەمەد | ٧ |
| چەند بەشێک لە نامەیەک کە دەبوو... | ئاسۆ مەعروف | ١٩ |
| تیشکێک بۆ سەر رۆمانی "پێشمەرگە"... | رەوەند حەمە جەزا | ٢٨ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| ٢ × هـ ... | عەباس عەبدوڵڵا یووسف | ٣٧ |
| هێر شمیدتی گۆڵفەر... | ئازاد ئەحمەد | ٤٤ |
| دەقی تەمەن... | ناڵە حەسەن | ٤٧ |
| خەیاڵ کێشان... | رۆژ هەڵەبجەیی | ٥٥ |
| چەند شیعرێکی کورت... | پەری شێخ ساڵح | ٥٩ |
| خوێندنەوەی ئەم نووسینە بە پەنجا هەزار... | ئاریان ئەبوبەکر | ٦٣ |
| رێی هات و نەهاتی چاوەکانت... | د. لەتیف هەڤرێست | ٧٨ |
| تابلۆیەک لەناو خوناوەکانی چاوی تۆدا... | ئەحمەد قادر سەعید | ٨٢ |
| چەند چیرۆکێکی کورت... | هێمن عوسمان عەبدوڵڵا | ٨٩ |
| شاری قەلا... | فەرهاد چۆمانی | ٩٤ |
| ئەوەی ناکرێ بکرێ، دەکرێ بکرێ... | لەتیف فاتح فەرەج | ١٠٣ |

## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ ناڵە حەسەن... | سازدانی: فەهمی نەبی | ١٠٧ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| شیعر گوتن ئەزموونێکی شیرینە... | عەلی ئیسماعیل نژاد | ١١٧ |
| لەنێوان تاقیکردنەوە و هەڵبژاردندا... | فاروق جەمیل کەریم | ١٢٦ |
| لە کۆمەڵەی: باخچەی سەدە-وە... | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە | ١٣٨ |
| لوورە... | موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی | ١٤٧ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| چریکەی زیندوو مامۆستا قادر دیلان... | جەلال هانیسی | ١٦٧ |
| وتوویژ لەگەڵ هادی زیائەدینی... | سازدانی: سارا زینەتی | ١٧٢ |
| گەنجینەی من... | خوێندنەوەی: سیروان ڕەحیم | ١٧٩ |
| هونەر، حەقیقەت، سیاسەت... | و. سەروەر عومەر | ١٨٣ |

# لێکۆڵینەوە

## لێکۆڵینەوە


- ئارەزووی هەڵسەنگاندنی رۆمانێک — **بەختیار محەمەد**
- چەند بەشێک لە نامەیەک کە دەبوو بنووسرێت — **ئاسۆ مەعروف**
- تیشکێک بۆ سەر رۆمانی "پێشمەرگە" — **رەوەند حەمە جەزا**

# ئارەزووی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانێک




**بەختیار محەمەد**

**٢ – ٢**

دیسان جارێکی دیکەش هەر لە ڕوانگەی هەڵەی زمانەوەیە، کە نووسەری ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، جیاوازی لە نێوان واتای جیاوازی هەر دوو وشەی (پێکڕا) و (هەموو)، کە دەکەنە هەر دوو وشەی (معن) و (کل)ی عەرەبی ناکات (وەک دەبینین، هەڵەکە لێرە هەڵەیەکە لە ڕووی واتاشەوە، نەک هەر تەنیا هەڵەی ڕێزمانیی بێت)؛ هەر بۆیە زۆرجار بە هەڵە وشەی (پێکڕا) لە بری وشەی (هەموو) بەکار دەهێنێ (نووسەر بیست و پێنج جار بە هەڵە ئەم وشەیە لە شوێنی نەشیاوی خۆیدا بەکار دەهێنێت)، بە نموونە لە دوو شوێندا دەڵێت: ((ئەو وێنانەی دواتر سەوسەن فیکرەت لە یادەوەری خۆیدا بۆ نزاری هەڵگرتووە، پێکڕا نیگاری کوڕێکی چاوشین و قژزەردن...)) (٢٧)، یان ((فیکرەت گوڵدانچی نەخۆشی کچەکەی وەک جۆرە مانگرتنێک دژ بە دونیا وەرگرت، بۆنی ژیان، بۆنی جەنگ، بۆنی مردن، پێکڕا ئارەزوویەکی

ئەوتۆیان تیا دروست نەکرد...))[٢٨]. لە رۆمانی جەمشید خان- یشدا هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە، بە نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ((چونکە ئەو هەموو ساڵە پێکڕا باوەڕیان بەو چیرۆکەی من کردبوو، کە جەمشید لە دەریادا خنکاوە))[٢٩]. بۆ سەلماندنی جیاوازی و سەربەخۆیی ئەم دوو وشەیەش لە یەکدی، ئێمە زۆرجار لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەماندا، بۆ سیاقی پێویست هەر دووک وشەکە لە رستەدا وەک دەستەواژەیەک پێکەوە بەکار دەهێنین و بەنموونە دبێژین: ((هەموومان پێکڕا{پێکەوە}...، ئەم هەمی پێکڤە...))، واتە بە عەرەبییەکەی: ((کلنا معا...))، کەچی وەک دەبینین بەختیار زۆرجار بە هەڵە وشەی (پێکڕا) لە شوێنی وشەی (هەموو) بەکار دەهێنێ؛ بێجگە لەوەی، کە هەندێجار ئەو – وەک پێشتریش گوتمان – زمانێکی میکانیکی و ئیختیزالیی بۆ وەسفکردنی دیاردە و رووداوەکان بەکار دەهێنێت؛ بەنموونە با بڕوانینە ئەم دیمەنە: ((کە سەدام حوسەین هاتە سەرکار و بۆ یەکەم جار وەک دیکتاتۆرێک لە بالکۆنێکی بەرزەوە سەرەتای سەرهەڵدانی دونیایەکی نوێی راگەیاند، فیکرەت گوڵدانچی لەناو حەشاماتە شێتەکەدا سەرسامانە وەستا بوو و سەیری دەکرد))[٣٠]. وەسفکردنی سەرەتای راگەیاندنی ئەم دونیا نوێیە، هەروەک شێوازی دەربڕینەکەی، میکانیکانە و ئیختیزالی و نامەعقوولە. چۆن لە بەلەکۆنێکەوە ((دونیایەکی نوێ)) رادەگەیەنرێت؟ (ئایا ئەم دیکتاتۆرە لە بەلەکۆنێکەوە شیعر بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە؟). پاشان دیکتاتۆر چۆن دەتوانێت ((دونیایەکی نوێ)) رابگەیەنێت؟ چەمکی ((دونیای نوێ)) چەمکێکی نەرێنییە، چەمکێکی مزگێنی بەخشە، چۆن دیکتاتۆرەکان رایدەگەیەنن؟ دەبێت شۆڕشگێڕە ئازادیخوازەکان رایبگەیەنن! لێرە (بە بڕوای ئێمە) دەبوایە لە جیاتی چەمکی ((دونیایەکی نوێ)) بگوترابایە ( قۆناغێکی تازە، یان سەردەمێکی نوێ لە ترس و تاریکی...). ئەم جۆرە دەربڕینانەی کە نووسەر بەکاریان دەهێنێت، پتر لە دەربڕینی ئەبستراکتی شیعرییەوە نزیکن، نەک لە پرۆسەی وەسفکردن و گێڕانەوەی رووداوی کۆنکرێتی بەرجەستە، کە باسی مێژوویەکی گرنگی دیاریکراو دەکەن. ئەو وەسفەی، کە رۆماننووس بۆ ((دونیایەکی نوێی)) دەکات، وەسفێکی ئیختیزالییە بۆ مێژوو و رووداوێکی گرنگ. ئێمە نازانین ئەم بالکۆنە کوێیە و مێژووەکەی کەیە و گوتارەکە چی بوو و سەددام چی گوت و چی کرد؟...(دیارە ئەم وەسفە وەسفی دیتنی ساتێکی مێژوویی سەر شاشەی تەلەڤزیۆنە، کە نووسەر بۆ ناو دەقی

نووسین دەیگۆزێتەوە)؛ باشە ئەو پەرجووە چی بوو، کە وای لە سەددام کرد سەرەتای خولقاندنی (گۆڕانی!) {دونیایەکی نوێ} رایگەیەنێت؟ سەرباری ئەوەش هەندێک جار زمانی وەسفی (دەربڕینی) بەختیار بۆ دیاردە و شتەکان زۆر ورد نییە؛ بە نموونە با بزانین ئەو چ دەڵێت: ((...لە شارێکی دەریا ئاسای وەک بەغدادا...))[٣١]. کەی لە ساڵانی حەفتادا بەغدا شارێکی وەک دەریا بووە؟ دەتوانم بڵێم چەمکی دەریا وەک مەجاز – وێکچوواندن- بۆ شارێکی زۆر گەورەش شیاو نییە، چ جای بەغدای کۆتایی ساڵانی حەفتا! ئەدی دەبوایە ئەو بە چ زمانێک و بە چ خوازەیەک، وەسفی شارە مەزنەکانی وەک نیۆیۆرک و بیجین و نیودەلهی و... بکردبایە؟ راستییەکەی هەندێکجار وەسفی (شێوازی) شیعریانە بۆ رۆمان (بە شێوەیەکی ناجۆر)، لە نرخی گوتاری گێڕانەوەی ئەم ژانرە ئەدەبییە دادەبەزێنێ. لەم حاڵەتەشدا ئێمە رووبەرووی زمانێکی بێ مانای ئەبستراکت دەبینەوە؛ ئێمە پێمانوایە زۆر جوانتر و دروستتر و بێ تەکلیفتر دەبوو، ئەگەر نووسەر بە زمانێکی زۆر سادەی ئاسایی – بۆنموونە – بیگوتبایە (( لە شارێکی گەورە و قەرەباڵغی وەک بەغدا..))؛ پێشمان وایە رۆمان هەندێکجار زمانی (ئاخفتنی) ئاسایی رۆژانەی خەڵک بەکار بهێنێت، لە زمانێکی دروستکراوی ئەبستراکتی میکانیکی باشترە. لەلایەکی دیکەوە جوانترین شتی ئەم رۆمانە و رۆمانەکانی تری بەختیار (لە رووی فیکر و ناوەرۆکەوە)، وەک سەرلەبەری گوتار و نووسینەکانی دیکەشی، تەرحکردنی بیرۆکەی واقیعی و فانتازیی یەکجار جوانە؛ ئەو بیرۆکانەی، کە لە رامان و تێڕوانینی قووڵ بەدەر نین. هەڵبەت ئەمەش وا دەکـات سیحر بە نووسینەکانی بەختیار ببەخشێ و خوێنەر عیشقی خوێندنەوەی نووسینەکانی بکات. دیارە ئەو ئەگەر هەندێک (وەک پێشتریش باسمان کرد) گرفتی رێزمانەکی و زمانەکی کەم نەبن – بە تایبەتی لە رۆماندا – زمانێکی شاعیرانەی پڕ لە ((تەشویق)) و پڕ لە چێژی هەیە؛ ئەمەش وا دەکات، کە خوێنەر تا کۆتایی هەرگیز دەستبەرداری خوێندنەوەی دەقەکانی ئەو نەبێت (ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی سەرکەوتنی پرۆسەی نووسینیشە). گرنگترین شت ئەوەیە، کە بەختیار لە پرۆسەی نووسیندا، پەیامێکی پیرۆزی هەڵگرتووە و دەیەوێت بە هۆشیارییەوە بە خوێنەری رابگەیەنێت (هەر بۆیەشە ئەو ئەمڕۆ نووسەرێکە زۆرترین خوێنەری لە مەیدانی ئەدەبی و رۆشنبیریی ئێمەدا هەیە). پێدەچێت لە لای ئەم نووسەرەدا

پەیامی نووسین، لەپاڵ بەها ئیستێتیکی و داهێنانییەکەدا، بەهایەکی مرۆیی یەکجار مەزنیشی هەبێت؛ بێگومان هەر ئەمەش نرخ بە داهێنان دەبەخشێ (لەمەشەوە ئەمڕۆ بەختیار نووسەرێکی مرۆیی دیار و بەرچاوی ئێمەیە). هەر لەم سیاقەشدا دەکرێت بڵێین، جوانترین و بە چێژترین دیمەن لە ڕۆمانی ((کۆشکی باڵندە غەمگینەکان))دا، ئەو دیمەنە تەنزئامێز و توانج ئامێزانەن، کە باسی بنەماڵەی ئاموونییەکان و بە تایبەتیش قەلەندەر ئاموون دەکەن. با لەم دیمەنە بڕوانین: {ئەو شەوە یەکەم شەوی دەستپێکردنی پێکدادانی ڕاستەقینە بوو لە نێوان خێزان و هەوادارانی داواکارە جیاوازەکاندا، لەو شەوەدا قەلەندەر ئاموون بە کلکە دەمانچە سەری مستەفا هەژاری شاعیری شکاند. ڕووداوەکە وەها بوو، لە کاتێکدا مستەفا هەژار و سەعید بیمار کە ئەویش شاعیر بوو لە ئاهەنگی ماڵاوایی مەنسور بە سەرخۆشی هاتنە دەرەوە، بەو شەوە درەنگە لەسەر جادەکە قەلەندەر ئاموونیان بینی کە لەسەر عەرەبانەی پاقلە فرۆشێک پاقلەی دەکڕی. قەلەندەر بە درێژایی ژیانی لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە ڕۆژێک نەبووە دەمانچەی هەڵنەگرتبێت. مستەفا هەژار کە یەکێکە لە هەرە بەدمەستەکان، بینینی قەلەندەر ئاموون بە فرسەت دەزانێت وپێی دەڵێت ((هێی قوولووندەر، واتان دەزانی دەتوانن سەوسەن گوڵدانچیش بە پارەکانتان بکڕن... ئەمجارە وا دەرنەچوو... ها من دڵنیام کوڕەکەتان مریشکی مەکینەشی بۆ ناگیرێت... تێدەگەیت، ها کەچەڵی لووت بڵ، سوێند دەخۆم کوڕەکەتان ناتوانێت قەتێیەکی نەخۆشیش ڕاو بکات)) ... کاتێک قەلەندەر وەڵامی یەکەم ڕیزە توانج و جنێوی مستەفا هەژاری نەدایەوە، ئەوە وای کرد مستەفا زیادەڕەوی بکات، دوای کۆمەڵێک توانجی زۆر، بە دەنگێکی بەرز کە زۆر کەس گوێیان لێ بوو گوتی ((گوێ بگرە قوولووندەر، هیچ ئاموونییەک نییە بە خۆشەویستی ژنی هێنا بێت...ئێوە قەبیلەیەکی کێوین کە تا ئێستا سڵ ناکەنەوە لە ژن فڕاندن و ژن داگیرکردن. لە هەموو قەبیلەکەتاندا پیاوێکی تێدا نییە ژنێک عاشقی بوو بێت... من باوەڕ ناکەم ژنەکەی تۆ تۆزقاڵێک حورمەتی بۆت هەبێت، سوێند دەخۆم بە خوای عەشق... کە ژنەکەت لە دڵەوە وەک سەگ سەیرت دەکات... وەک گەماڵێکی سەرشۆڕ و زل)). هەڵبەت ئەوە بریندار کردنێکی گەورە بوو کە نەوەک قەلەندەر، هیچ مرۆڤێکی ئاساییش قەبووڵی نەدەکرد. ئەوانەی لە کاتی شەڕەکەدا لەوێ بوون دەڵێن قەلەندەر ئاموون بە هێمنی لوولەی پاقلەکەی

فڕێ دەدات و دەستی دەسرێت و بێ ئەوەی هیچ قسە بكات یاخود خۆی وا نیشان بدات كە نیازی شەڕێتی، بێ دوو دڵی و بیركردنەوە بە هەمووی توانای خۆی دەكێشێت بە دەم و چاوی مستەفا هەژاردا كە یەكسەر لەسەر زەوییەكە لوول دەبێت... هەموو باس لەوە دەكەن كە قەلەندەر بە ئاشكرا دەمانچەكەی دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر سەری مستەفا هەژار كە بە گریانەوە دەڵێت ((ئاموونی قووندەر، خوای عەشق عەفووت ناكات... خوای عەشق عەفووت ناكات)). بۆ ئێستێك هەموو وا دەزانن كە قەلەندەر خەریكە فیشەكێك بنێت بە سەری مستەفا هــەژارەوە، بەڵام دوا جار رای خۆی دەگۆڕێت و بە كلكە دەمانچە دەكەوێتە سەر و چاوی...}[٣٢]. بە بڕوای ئێمە ئەم رۆمانە لەم چەشنە شێوازی گێڕانەوە و وەسفانەیدا، یەكجار سەركەوتووە. بە زمانێكی شیرینی ئەدەبی و هونەریی بـاڵا، رەخنە كۆمەڵایەتییەكانمان بۆ بەرجەستە دەكات و وێنەی كێشە كۆمەڵایەتی و چینایەتییەكانمان بۆ دەگرێت. نەك هەر ئەوە، بەڵكو بە زمانێكی كۆمیدیش واقیعێكی تراژیدییمان بۆ دەگێڕێتەوە (دەشێ رۆمانی باش لە هەندێك ساتدا، یان بە پێكەنینمان بێنێ، یانیش بمانگریێنێ)،كەواتە لەم دیمەنەدا دوو گوتار هەیە: گوتاری كۆمیدیا و گوتاری تراژیدیا، ئەمەش (ئەم تەناقووزەش لە گوتاری گێڕانەوەدا) سیحرێكی زۆری بەم بڕگانەی ئەم رۆمانە بەخشیوە. دەشێ بڵێین، لە سەرتاسەری رۆمانەكەشدا ئەم گوتارە زاڵە: گوتاری بەرجەستەكردنی تەناقووزی نێوان كۆمیدیا و تراژیدیا، یان بە شێوەیەكی دیكە بڵێین،گوتاری پارادۆكس (ناودژ) لە نێوان واقیعی تراژیدیا و زمان و شێوازی كۆمیدیادا. بەهەرحاڵ، ئێمە لە دوا وێستگەی نووسینی ئەم بابەتەماندا دەمانەوێت بڵێین، كە كێشەی مێژووی نووسینی بەختیار، كێشەی بابەت (تیمە) نییە، بەڵكو كێشەی زمانە؛ بە دیاریكراویش كێشەی مامەڵەكردنە لەگەڵ رێزماندا. زمان لە لای بەختیار تەنیا بریتییە لە چەمكی دەربڕین. ئەوەتە ئەو زۆر بە شێوەیەكی سەرپێیی لە گوتارێكی گۆشەكەی خۆی لە رۆژنامەی ئاوێنەدا بە ناوی (زمان زانین) دبێژە: ((مەسەلەی زمان گرێدراوی كێشەیەكی قووڵترە كە كێشەی تەعبیرە. هیچ كات مەسەلەی زمان لە مەسەلەی تەعبیر جیا نابێتەوە، هەر وەخت زمان لەوە كەوت تەعبیر بێت لە شتێك، لەوە دەكەوێت زمان بێت. بۆیە لە جەوهەردا هەر كاتێك بپرسن زمان چییە، دەبێت بپرسین تەعبیر چییە؟...لێرەوە كێشەی راستەقینەی زمان بە

پلەی یەکەم نە یەکخستنی ڕێنووسە، بەڵکو بەهێز کردن و گەورە کردنی کایەکان و تواناکانی تەعبیرە، بە درێژایی سەدەی رابردوو تا ئەمڕۆش رۆشنبیرانی کورد بۆ ئەوەی خۆیان لە گرفتی سەرەکی زمان بدزنەوە، کە گرفتی توانا تەعبیرییەکانێتی، بەرەو گرفتی بچووکتر رایان کردووە، وەک گرفتی خاڵبەندی و رێنووس و مۆنۆلۆگی، لە کاتێکدا ئەو کێشە رووالەتییانە {لە گوتارەکەدا نووسراوە رەوالەتییانە}، بە بەردەم کێشەی زمانێکدا کە بەدەست لاوازییەکی قووڵەوە لە ئەزموونکردنی تواناکانی خۆیدا دەناڵێنێت، هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک کێشەی بچووک...))[٣٣]. ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی گشتی ئەبستراکتی تەومژاوییە. ئایا دەربڕین لە زماندا، لە پاڵ ناوەرۆکێکی فکرییدا، دیاردەیەکی رێزمانییش نییە؟ ئەو پێمان ناڵێت تایبەتمەندییەکانی تەعبیر (دەربڕین) چین؟ ئایا دەربڕین حاڵەتێکی فکرییە، یان دیاردەیەکی زمانییە؟ یانیش هەردووکیانە؟ هەڵبەت دەربڕین هەردوو حاڵەتەکە دەگرێتەوە؛ دەربڕین شتە (ناوەرۆکە) لە چوارچێوەی فۆرمی زماندا. دەربڕین بیرە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی زماندا. دەربڕین ناتوانێت (هەر چەندە مانا و ناوەرۆکەکەی بە هێز و قووڵ بێت) کاریگەر بێت، ئەگەر بە زمانێکی راست و دروست – لە رووی بنەماکانی رێزمانەوە – دەرنەبڕدرێ و نەنووسرێ. لێرەشەوە بەختیار وەک زۆربەی نووسەرانی دیکەی کورد، بایەخ بە بواری خاڵبەندیی نادات. دیارە خاڵبەندیی پرەنسیپێکی حاڵەتی دەربڕینی هەموو زمانێکە؛ رەگەزێکی گرنگە لە زمانی نووسینی هەموو زمانێکدا (هەموو زمانێک کە بنووسرێ، دەبێت نیشانەکانی خاڵبەندیی بەکار بهێنێ). خاڵبەندیی بەهای ئیستێتیکا و تێگەیشتن بە زمانی دەربڕینی هەموو دەقێک دەبەخشێت. ئێمە لە رێی خاڵبەندییەوە هەم پتر تام لە نووسین (دەق) دەکەین، هەم پتریش لێی تێدەگەین. لە راستیدا خاڵبەندیی پاژێکە (پرەنسیپێکە) لە پیشەی هونەری نووسین. باشە ئێمە لە خۆمان دەپرسین: چۆن بەشەکانی دەربڕینی زمان بناسینەوە، ئەگەر نیشانەکانی خاڵبەندیی نەبن؟ چۆن جۆرەکانی رستە و مانای رستە و مانا و مەبەستی دەربڕین و دەستەواژەکان بناسینەوە، ئەگەر سنوورەکانی نیشانە خاڵبەندییەکان نەبن؟ لەمەوە ئەرکی خاڵبەندیی لە زمانی نووسیندا یەکجار پێویست و گرنگە. لێرەشدا نووسەری کورد دەبێت بایەخ بەم بوارە بدات، بەڵام بە داخەوە، دەشێ زمانی نووسینی کوردی تاکە زمانێک بێت، کە تا ئێستا بایەخ بەم بوارە نادا؛ رەنگە ئەمەش

هۆیەکەی ئەوە بێ، کە زمانی ستاندارمان نییە؛ یان لە نێوان رێنووسی عەرەبی و لاتینیدا کێشەی رێنووسمان هەیە؛ یانیش ئەوەیە، کە زمانی نووسین لەلای نووسەرانی کورد نەبووەتە بەشێک لە پرۆسەی بنیادنانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی مەعریفە؛ زمانیش وەک دەزانین (بە هەموو پێکهاتەکانییەوە)، گرنگترین دەزگای ئەم دەسەڵاتەیە، کەواتە داهێنانی ئەدەبی یاسا بنەڕەتییەکانی زمان (پرەنسیپەکانی رێزمان) تێک نادات، بەڵام پێشێلیان دەکات. داهێنان ئەگەر ئەم یاسایانەش تێک بدا، بەڵام تێکدانێک نییە لە پێناو وێرانکردن و ناشیرینکردندا. داهێنان هەرگیز جوانی زمان (خۆشی زمان) تێک نادات، بەڵکو پێوەندییەکی نوێ بە رەگەزەکانی زمان دەبەخشێ. بە کورتی، پرۆسەی داهێنان، حاڵەتی داهێنانیش بە زمان دەبەخشێ. بەنموونە دەڵێین، ئێمە لە رووی لۆژیکی رێزمانەوە نابێت لە بری رستەی ((ئێمە هەڵدەستین و دەڕۆین))، رستەی ((ئێمە دەڕۆین و هەڵدەستین)) بەکار بهێنین[٣٤]، چونکە کاری (رۆیشتن) بە خۆی کاری (هەڵستان)ی تێدایە. واتە (هەڵستان) بەرکاری کاری (ڕۆیشتن) ـە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەکرێت رستەکە بەم شێوەیە بەکار بهێنین و بڵێین ((ئێمە دەڕۆین و هەڵدەستین))، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناهاوسەنگی و نامەعقوولییەک لە واتا و دەلالەتی رستەکەدا بەدی دەکرێ، ئەمە جۆرێک لە شاشی و ناڕێکیشی لە دەستووری رێزمانی تێدایە، چونکە ئێمە ناتوانین بەرلەوەی هەڵبستین (هەڵبستینە سەر پێ)، بڕۆین؛ تەنیا ئەگەر پەککەوتە و ساوا بین، لەم حاڵەتەشدا ئێمە دەڵێین ((گاگۆڵە دەکەین)). بە کورتی لەم رستەیەدا دەکرێت کاری (رۆیشتن) بەرکاری کاری (هەڵستان) بێت، بەڵام ناگونجێ کاری (هەڵستان) بەرکاری کاری (ڕۆیشتن) بێت، بەڵکو لەم حاڵەتەدا دەبێت (رۆیشتن) و (هەڵستان) وەک دوو کاری سەربەخۆ لە رستەکەدا بێن؛ واتە ئێمە بە خێرایی لە زمانمان دەربچێ و بڵێین — کە زۆرجار لە ساتی بڕیاردانی رۆیشتن و خواحافیزیدا بەسەر زارماندا دێت — ((ئێمە دەڕۆین، هەڵدەستین)). لەم رستەیەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە ناوبڕێک (کۆما) لە نێوان هەردوو وشەی (دەڕۆین) و (هەڵدەستین) هەیە. واتە ئێمە لە یەک وەختدا دوو کاری سەربەخۆ ئەنجام دەدەین: هەم دەڕۆین، هەم هەڵیشدەستین. لێرە وەک دەبینین ئەم دوو کارە دەبنە دوو کاری پێکەوە گرێدراوی سەربەخۆ، بەڵام ئێمە ئەگەر پێکەوە و راستەوخۆ، وەک کار و بەرکار رستەکە بەکار بهێنین و بڵێین ((ئێمە دەڕۆین

و هەڵدەستین))، وەک ئەوە وایە بڵێین، ئێمە بەرلەوەی هەڵبستین دەڕۆین، لەم حاڵەتەشدا هیچ پێویستی و پاساوێک بۆ کاری (هەڵستان) نامێنێت و کاری رۆیشتنەکەش مەحاڵ دەبێت. (تۆ بڵێی ئەمە بچێتە خانەی چەمکی پاشماوەکەی ((المتبقی)) لۆسێرکل؟ پێناچێ، چونکە چەمکی پاشماوە ((المتبقی)) دژ بە سیستمی زمان نییە، بەڵکو پاژێکی پێکهێنەری ئەم سیستمەیە). بەهەر حاڵ، هەڵەی رێزمانیی وەها لە بەها و نرخی فیکری و ئیستێتیکی هەموو دەقێک کەم دەکاتەوە؛ بە تایبەتی ئەگەر ئەم دەقە دەقێکی ئەدەبی بێت (راستە زمان لە چوارچێوەی داهێناندا ئازادە، بەڵام ناتوانێت پرەنسیپی داڕشتن – داڕشتن لە رووی رەوانبێژی و رێزمانەوە فەرامۆش بکات)، بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا نووسین (دەق) نابێت لە نرخی زمان کەم بکاتەوە، وەک ئەوەی کە بەختیار پێی وایە زمان تەنیا ئامرازە (دەربڕینە)، بۆ هزر و مەبەستەکان، نەک خۆی لە خۆیدا ئامانج بێت: ئامانجی داهێنانی نووسین. راستە زمان دەربڕین ((لە توانا تەعبیرییەکانی)) هزر و زانست و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن... دەکات، بەڵام زمان خۆی لە خۆشیدا کیانێکە سەربەخۆ؛ زمان خۆی لە خۆیدا بوونی هەیە و زانستی تایبەت بە خۆشی هەیە (ئەویش پرەنسیپەکانی رێزمانە)، کە دەبێ نووسەر لە نووسینەکانیدا رەچاویان بکات. دەق (نووسین)ی باش ئەوەیە، کە بە زمانێکی باش (لە رووی رەوانبێژی و پرەنسیپەکانی رێزمانەوە)، پەیامی فیکرێکی (واتایەکی) باشمان پێدەگەیەنێ. داهێنان نە لە فیکر دادەبڕێت، نە لە زمانیش؛ کەواتە داهێنان دوو رەهەندی هەیە: فۆرم و ناوەرۆک. زمان هەم دەتوانێت بنەمای فۆرم بێت و هەم بنەمای ناوەرۆکیش؛ کەواتە زمان بنچینەی داهێنانە: داهێنانی زانستی و داهێنانی ئەدەبی.

**پەراوێزەکان:**

١- بە گشتی گوتاری سیاسەت هەژموونی بەسەر گوتاری هەموو کایەکانی ژیانی رۆشنبیرییماندا هەیە، ئەمەش سەرچاوەی قەیرانی داهێنانە لە ژیانی رۆشنبیرییماندا. هەڵبەت دەشێ سیاسەت بەشێک بێت لە تێڕوانینی فەلسەفی نووسەر؛ بەشێک بێت لە بنەمای مەعریفەی نووسین (دەق)، بەڵام کە بووە گوتاری سیاسی بەرژەوەندی حزبی و هەواڵی رۆژانەی رۆژنامەگەریی، ئەوسا زیان بە پرۆسەی داهێنان دەگەیەنێت. دیارە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ئایدیۆلۆژیای (دۆگما)ش ئەوەیە، کە ناهێڵێت مرۆڤ واقیع بین بێت؛

ناهێڵی مرۆڤ دیاردە و شتەکانی واقیع وەک خۆی ببینێ، بەڵکو لەسەر بنەمای شاردنەوەی ڕاستییەکاندا، دووچاری خەیاڵی نەخۆشانە و وەهمی دەکات.

٢- ئەم حاڵەتە لەگەڵ شیعرییەتی گوتاری گێڕانەوە جیاوازە: دەکرێت ڕۆمان بە گوتاری شیعرییەت بنووسرێ، بەڵام ناکرێت بە زمان و تەکنیک و ئامانجی شیعر بنووسرێت؛ کەچی ڕۆمانیش لە ئەدەبی ئێمەدا، بە مەرجە تەکنیکییەکانی شیعر دەنووسرێ. هەڵبەت ئاسۆی مەعریفەی شیعر، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئاسۆی مەعریفەی کایەکانی دیکەی ئەدەبدا نییە، بۆیش ئێمە لێرە مەبەستمان ئەوە نییە، کە لە نرخی شیعر کەم بکەینەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، کە خودیەتی (زاتیەتی) گوتاری شیعر بەسەر گوتاری گێڕانەوە لە ئەدەبی ئێمەدا زاڵە. واتە دەسەڵاتی خودیەتی بە تەواوی ڕەگەزی بابەتایەتی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دەخنکێنێ.

٣- یۆستاین گاردەر، مایا (ڕۆمان)، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: بەهرۆز حەسەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٩) ل٣٣٥.

**٤- غابریل غارسیا مارکیز، کیف تکتب الروایة؟ و مقالات اخری، ت: صالح علمانی (الاهالی للطباعة و النشر و التوزیع، ط١)،ص٢٨.**

٥- بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (ڕۆمان)، (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)، ل٥٩.

٦- هەمان ژێدەر، ل٥٩، ٦٠.

٧- هەمان ژێدەر، ل٢٥٠.

٨- هەمان ژێدەر، ل٢٥٢.

٩- هەمان ژێدەر، ل٢٥٤.

**١٠ – جاب لینتفلت، مقتضیات النص السردی الادبی، ت: رشید بنجدو، بروانە کتێبی (طرائق تحلیل السرد الادبی/ دراسات، الطبعة الاولی، الرباط ١٩٩٢)، ل٩٢.**

١١ – هەمان ژێدەر،ل ٩٣.

١٢ – بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (ڕۆمان)، (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)، ل٢٨٨.

١٣ – بەختیار عەلی، تا ماتەمی گوڵ – تا خوێنی فریشتە (چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٦)، ل١٥٠.

١٤ – بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)،ل٥.

١٥ – هەمان ژێدەر، ل٢١٠.

١٦ – هەمان ژێدەر، ل٢٠٨.

١٧- هەمان ژێدەر، ل٢١٧. بەختیار – لە زۆربەی نووسینەکانیدا – تەعبیرێکی بەناوبانگی

یەکجار نارێک و ناشایستەی هەیە، کە لە جیاتی ئەوەی بڵێت (هەتا هەتایی)، دەڵێت ((تا هەتا هەتایی)). دیارە (تا) ی یەکەم زیادە؛ واتە تەعبیرەکە دەبێتە ((هەتا هەتا هەتایی))، چونکە (تا) یەکە هەر (هەتا)یە.

١٨– هەمان ژێدەر،ل ٤٩، ٥٠. کێشەی بەختیار لەم بوارەدا زۆرە. بۆ نموونە، ئەو نازانێت وشەی (هەرە) لە شوێنی راستی خۆیدا بە کار بهێنێ. چەندین جار ئەم وشەیە بە هەڵە لە رستەدا بەکار دەهێنێت. بەنموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ((ئەوە لە هەرە رستە کوشندەکانی ئەو دوا نیوەڕۆ سەیرە بوو کە سەوسەن تێیدا داواکارەکانی خۆی سەرسام کرد))، کەچی لە راستیدا دەبێت بڵێت: (ئەوە لە رستە هەرە کوشندەکانی...). بڕوانە هەمان ژێدەر،ل ١٠١. بەختیار دەستەواژەیەکی (دەربڕینێکی) زۆر سەیریشی هەیە، کە دەڵێت: ((تکات تیا بکەم، تکای تیا کرد)) لە جیاتی ئەوەی بڵێت: (تکای لێ بکەم، تکای لێ کرد). بڕوانەوە هەمان ژێدەر، لاپەڕەکانی ١٢٦، ٢٩١. بەختیار وشە و واژەشی لێ دەبێتە دەستەواژە، ئەوەتە لە گوتارێک بە ناونیشانی (جەوهەری پۆلیس) لە رێکەوتی (٢١–٢–٢٠١٢)ی رۆژنامەی ئاوێنەدا دبێژە: ((سەرەتا دەبێت بڵێم کە لێرەدا وشەی پۆلیس وەک دەستەواژەیەکی گشتی و مەجازی بۆ کۆی ئەو هێزانە بەکار دەهێنم...)). راستییەکەی – بە بڕوای ئێمە – دەبایە بیگوتبایە: (... وشەی پۆلیس وەک چەمکێکی گشتی...)، یان (...وشەی پۆلیس وەک واژەیەکی گشتی...).

١٩– هەمان ژێدەر، ل٣٩.

٢٠ – هەمان ژێدەر، ل١٢٨.

٢١ – هەمان ژێدەر، ل١١٩.

٢٢ – هەمان ژێدەر، ل ٨٠.

٢٣ – ئێمە لێرە دەپرسین: ئایا فانتازیا خەیاڵێکی داهێنەرە، یان خەیاڵێکی تێکدەر و ناماقووڵ؟ واتە خەیاڵێکە بنەماکانی رێزمان تێکدەدات لە پێناو تێکدان و وێرانکردندا، یان پێشێلیان دەکات لە پێناو دروستکردن و داهێنان و بنیادناندا؟ هەڵبەت دەبێت فانتازیا بەشێک بێت لە خەیاڵی داهێنان؛ ئەم داهێنانە بێگومان بە پلەیەکی یەکجار زۆر ئاستی کایەکانی (رەگەزەکانی) زمانیش دەگرێتەوە. واتە فانتازیا دەتوانێ زمانی (شێوازی) نووسین (دەق) جوانتر بکات. لێرەدایە، کە فانتازیا بەهایەکە لە بەهایە جوانەکانی داهێنانی ئەدەبی؛ چونکە فانتازیا نیشانەیەکی دەوڵەمەندیی خەیاڵی داهێنەرە.

٢٤ – بە پێچەوانەوە، هەمیشە سەرسەری و چەقۆکێشەکان لە واقیعی کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە بەرانبەر کچی وەک سەوسەندا، شەرمن و بێ دەسەڵات و بێ ئیرادە و بەستەزمانن.

٢٥ – بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)،ل ١٤٩.

٢٦ – هەمان ژێدەر، ل١٣٧.

٢٧ – هەمان ژێدەر، ل٢٤.

٢٨– هەمان ژێدەر، ل ٢٩.

٢٩– بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠١٠)، ل١١٦.

٣٠ – بەختیار عەلی، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٠٩)، ل٢٤.

٣١ – هەمان ژێدەر، ل٢٥. ئەم مەجازە – وێک چوواندنە – پتر بۆ شیعر دەشێ، نەک زمانی گێڕانەوەی رۆمان.

٣٢ – هەمان ژێدەر، ل١١٩، ١١٠.

٣٣ – بڕوانە (رۆژنامەی ئاوێنە، گوتاری "زمان زانین"، بەختیار عەلی). بەر لە بەختیار گادامێر گوتوویەتی: ((دەق بریتییە لە دیاردەی دەربڕین))، بەڵام ناودژە سەیرەکە لەوەدایە، کە بەختیار هەر بە خۆی لەم گوتارەیدا، دەستەواژە و دەربڕینی بێ هێزی بەکارهێناوە. واتە گوتارەکەی بە تەعبیری بەهێز و جوان و تۆکمە نەنووسیوە؛ گوتارێکە زۆر بە خێرایی و سەرپێیی نووسراوە. بێگومان، ئەگەر بەختیار بایەخ بە پرەنسیپەکانی رێزمان بدات، ئەوا جوانتر و دروستتر بابەتەکانی دەنووسێ و واژەشی لێ نابێتە دەستەواژە و گاڵتەش بە مەسەلەی خاڵبەندیی ناکات. هەڵبەت پرۆسەی نووسین ((دیاردەی دەربڕینە))، بەڵام دەربڕین لە رووی ئیستێتیکاشەوە، نەک هەر تەنیا لە رووی مانا و دەلالەتەوە؛ واتە نووسین دەبێت بە دەربڕینی رێک و تۆکمە و جوان بنووسرێت، ئەمەش – پێمان وایە – پرەنسیپەکانی رێزمان مسۆگەری دەکەن. پێدەچێت گوتەکەی گادامێر–یش هەر ئەم راستییە بگەیەنێت، کە دیاردەی دەربڕین بریتییە لە پێوەندی دیالیکتیکی نێوان هزر و زمان. بۆ گوتەکەی گادامێر–یش بڕوانە کتێبی: **هانز جورج غادامیر، الحقیقة و المنهج،ت: حسن ناظم، علی حاکم صالح (دار اویا للطبع و النشر، الطبعة الاولی ٢٠٠٧)، ل ٤٥٢.**

٣٤ – ئێمە دەشێ لە چوارچێوەی تەتەڵەی زمان و ورێنەدا رستەی وەها بەکار بهێنین؛ لە چوارچێوەی ئەو تیۆر و چەمکەی، کە لۆسێرکل لە کتێبی ((توند و تیژی زمان)) دا پێی دەڵێت پاشماوە (المتبقی). هەروەها دەشێ ئەم گەمە زمانییە تەنیا حەقی شیعر بێت، بەڵام لە شیعریشدا پرەنسیپە بنچینەکانی رێزمان رەچاو دەکرێن. خەیاڵی داهێنەری شیعر، سنووری یاساکانی رێزمان پێشێل دەکات لە پێناو زمانێکی نوێدا. شیعر وشە تێکنادات و ناشیرینی ناکات، بەڵکو زمانێکی نوێمان پێشکەش دەکات؛ ئەو زمانەی توانای خەیاڵمان بەهێزتر دەکات. شیعر هیچ نییە، بێجگە لە ئازادی لە بەکار هێنانی زمان. بێگومان ئازادی زمانیش لە ئازادی خەیاڵی (هزری) داهێنەر دانابڕێت. شیعر خەیاڵی نوێ و سنووری تازە: سنووری بێ سنوور بە ((گەمەی زمان)) دەبەخشێ. راستە شیعر، یاسا تەقلیدیەکانی رێزمان تێکدەدات، بەڵام لە چوارچێوەی داهێناندا ئەم کارە ئەنجام دەدا، نەک لە چوارچێوەی ناشیرینکردنی زماندا.

## ژێدەرەکان:

– محمد معتصم، بنية السرد العربى/ من مساءلة الواقع الى سؤال المصير (الدار العربية للعلوم ناشرون ش.م. ل، الطبعة الاولى ٢٠١٠).

– جان جاك لوسركل، عنف اللغة، ت: محمد بدوي (المنظمة العربية للترجمة،الطبعة الاولى: بيروت،مايو ٢٠٠٥– الطبعة الثانية: بيروت، ايلول ٢٠٠٦).

– اليبزاث ديل، موسوعة المصطلح النقدي: الحبكة، ت: عبدالواحد لؤلؤة (دار لحرية للطباعة – بغداد ١٩٨١).

– القصة الرواية المؤلف/ دراسات في نظرية الانواع الادبية، ت: د. خيري دومة (دار شرقيات للنشر و التوزيع ١٩٩٧).


– رولان بارت، التحليل النصي، ت: عبدالكبير الشرقاوي (دار التكوين ٢٠٠٩).

– طرائق تحليل السرد الادبي / دراسات (منشورات اتحاد كتاب المغرب، الطبعة الاولى: الرباط ١٩٩٢).

– هەندێک بابەت و گوتار لە بارەی رۆمانەوە لە ئەنتەرنێت.

# چەند بەشێک لە نامەیەک کە دەبوو بنووسرێت

ئاسۆ مەعروف



**بۆ برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک شێرکۆ:**

ڕۆژباش، پڕبەدڵ لە ئامێزت دەگرم و ئەملاوئەولات ماچ دەکەم. هیوام هەردەم ساغ و سەلامەتیتانە. برای بەڕێزم: باوەڕم پێبکە ماوەیەکی زۆرە دەمەوێت نامەیەکی ڕێز و خۆشەویستی و بە ئەمەکیت بۆ بنووسم و هەر ناگەمە ئەنجام، وەنەبێ نامەکەش نەنووسم. ئەوە چەندان جارە نامە دەنووسم و دڵم خۆشە کە دەینێرم. دواتر کە پێیدا دەچمەوە پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم: نامەیەک بۆ شێرکۆ

بنوسرێت ده‌بێت زۆر ئاستی له‌مه‌ به‌رزتر بێت و په‌شیمان ده‌بمه‌وه‌، جارێک نییه‌ و دوان نییه‌ و سیان نییه‌. تۆ بڵێی بتوانم ئه‌م نامه‌یه‌شت بۆ بنێرم، دوودڵی رێگه‌م لێ نه‌گرێت؟ با بزانین ئه‌نجام چی ده‌بێت؟!

دوێنێ ماڵ چۆڵ و من ته‌نیا. نازانم خه‌و بوو یان ئاگا، خه‌یاڵ بوو یان راست، ویژدانم هاته‌ ده‌نگ لێم: تۆ ٤٠ ساڵه‌ ئه‌م شاعیره‌ شیعرت بۆ ده‌نوسێت و تۆش بێباک. کانییه‌کی ساردی هه‌میشه‌ ئاوداره‌ و به‌رده‌وام له‌م هه‌موو ساڵه‌ی ته‌مه‌نتدا له‌ ئاوی ساردی ده‌خۆیته‌وه‌ و رۆژێکی گه‌شی هه‌میشه‌ هه‌ڵاتووی بیروهۆش و جوانییه‌ بۆت و به‌رده‌وام رووناکی و خۆشی لێهه‌ڵه‌هێنجی و که‌چی تۆش بێده‌نگ. خۆ تۆ ئه‌و رۆژه‌ خۆت وتت، ئه‌و فێری خۆشی له‌ چێژی جوانی زمان و خۆشه‌ویستی ئه‌وی کردی، ده‌ سوپاسێ، ده‌ پێزانینێ، تۆ هه‌ر هیچ، بێنمه‌ک! هه‌سته‌ نامه‌یه‌کی بۆ بنوسه‌ و خۆشه‌ویستی و پێزانینی خۆت ئاشکرا بکه‌.

– ئاخر ویژدان، ویژدانت بێت، تۆ خۆت ئاگات لێیه‌ من دوێنێ نامه‌ی هه‌زاره‌مینم بۆ ئه‌و نوسی. ئێ، چیبکه‌م، خۆ هه‌ر نوسینی نامه‌که‌ مه‌رج نییه‌ خۆ ده‌بێت نامه‌که‌ به‌که‌ڵکی ئه‌وه‌ بێت که‌ بخوێنرێته‌وه‌ و ده‌ماری گرژ نه‌کات.

ویژدان: ئه‌م جاره‌یان جیاوازه‌، سێ رۆژه‌ ئه‌و شیعرت بۆ ده‌خوێنێته‌وه‌ و گه‌شکه‌ت پێ ده‌کات و له‌ خۆشیا نازانی چی بکه‌ی. ئێ جیاوازی چییه‌، چ له‌ ته‌له‌فزیۆندا ئه‌و کۆڕ بگرێ یان له‌ هه‌ر شوێنێکی تر، گرنگ ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و، ئه‌و شاکاره‌ی نوسیوه‌ و له‌م خزمه‌تکردنه‌ مه‌زنانه‌ی خۆی هه‌ر به‌رده‌وامه‌. من وه‌کو ویژدان، خۆ من هه‌ر له‌ شیعریش تێناگه‌م، باوه‌ڕبکه‌ ئه‌م جاره‌یان ویژدانی منیشی جوڵاند. دوای ئه‌وه‌ تۆ ئه‌وه‌ نزیکه‌ی سیانزه‌ ساڵه‌ نامه‌ت بۆ نه‌نوسیوه‌. له‌بیرتدێ چه‌ند خێرا وه‌ڵامی دایته‌وه‌ و چی بۆ نوسیبووی. وا من ده‌قی وه‌ڵامه‌که‌ی ئه‌وت بۆ ده‌خوێنمه‌وه‌:

"راسته‌ ئێمه‌ یه‌کترمان نه‌بینیوه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌تا شیعر وه‌ک پردی خۆشه‌ویستی و دۆستایه‌تی به‌یه‌کمانه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێت. ئه‌وه‌ی راستیبێ ئێمه‌ ئیتر چاره‌نوسمان بووه‌ به‌ چاره‌نوسی شیعر و له‌ یه‌کتر جوێ نابینه‌وه‌. وه‌ک ده‌زانن ته‌مه‌نێکی دورودرێژه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌م بارانه‌دا باریوین و له‌گه‌ڵ ئه‌م گه‌رده‌لوله‌دا گێژده‌خۆین. له‌ هه‌وڵدان نه‌که‌وتوین و دنیای شیعریش ئه‌وه‌نده‌ به‌رین و به‌رفراوانه‌ تخووبه‌کانی نادیارن. ئه‌وه‌ی ئێمه‌مانانیش کردومانه‌، دڵۆپێکه‌ له‌ ده‌ریا. من هیوام وایه‌، ئیتر نه‌وه‌کانی دوای ئێمه‌ خه‌رمانی تازه‌تر بخه‌نه‌ سه‌ر ئه‌زمونه‌ ناته‌واوه‌کانی دوای ئێمه‌ و دنیای جوانتر له‌م جیهانه‌دا بدۆزنه‌وه‌"

من: باشه‌، به‌ڵام به‌ مه‌رجێ که‌ تۆش له‌مه‌ولا ئه‌وه‌نده‌ دڵت ناسک نه‌بێت و وڕکم لێ نه‌گری. تۆ ده‌زانی له‌سه‌ر ئه‌و جوته‌ کۆتره‌باریکه‌یه‌ی له‌ باڵکۆنه‌که‌مان تازه‌ به‌ تازه‌

هێلانەیان دانابوو چیت پێکردم؟ حەوت مانگ منت کرد بە پاسەوان بە دیاریانەوە، تا لە هێلکەکردن و هێلکەتروکان و جوقان و گەورەبونیان بیان پارێزم. حەوت مانگ باڵکۆنەکەمانت لێ حەرامکردین، بۆ جەنابی کۆترە باریکەکانی تۆ! یان لەسەر ئەو شارە مێروولەیەی باخەکەمان کە منداڵەکانم بێئاگا تێکیاندا، چۆن هاوارت لێهەستا، واتلێکردم ئێستەش لێیان نەبرمەوە.

ئەی لەدوای ١٧ی شوبات و ١٩ی نیسان چیت پێ نەکردم؟ بەڵام خۆت ئاگات لێبوو من زمانم لاڵ و بیرم پەرت و مێشکم وەستا!

مەرجەکەی ترم ئەوەیە کە شێرکۆ رێگەم بدات شیعرەکانی خۆی ناوئاخنی ئەم نامەیە بکەم بۆ ئەوەی یادگارەکانی بیربهێنمەوە و خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات. هیوادارم کاک شێرکۆ بەمە رازیبێ و لێمان زویرنەبێت!

ویـژدان: باشە، بەڵام خۆ دڵناسکی منیش بەدەست خۆم نییە لەبەر ئەوە سەددەرسەد، بەڵێن نادەم.

***

کاک شێرکۆ، تکایە! لێم مەگرە، چیبێت لە تۆ شاراوەبێت، نابێ لێتبشارمەوە، ماوەی چەندساڵێک بوو گومانێکی لەعنەتی یەخەی گرتبووم، زوو زوو پرسیاری لێ دەکردم، دەیوت: تۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵە دەروێش ئاسا شیعری ئەم شاعیرەت دەخوێندەوە و دەتوت گوایا ئەو فێری خۆشەویستی وشەی کوردیی کردووی، یارمەتی داویت لە بەهێزکردنی گیانی خۆشەیستی نیشتیمان، ئەی ماوەیەکە بۆ ئەم بولبولە خۆشخوانە زوو زوو لە ئاست ئەم هەموو دەستنوێژەی لە نیشتیمان دەشکێت، ئەم هەموو گوناهەی لە نیشتیمان دەکرێت، نایەتە زمان؟!

....

***

ئۆخەی دوا پەیامبەری شیعری نوێی کوردی، ئۆخەی. ئەم ئێوارەیە ١٧/ تەمووزی/٢٠١١، هەموو دیوانەکانت دەخەمەوە سەر مێزەکەم و دەچمە خەڵوەتی شیعرەکانتەوە...

کاکە شێرکۆ توخوا کە چامەکەت دەخوێندەوە، وات هەست نەدەکرد هەموو هاوڕێیانی کاروانی ئەدەب و شیعری کوردی لەوێن؟ کۆڕە ئەدیبەکەی جارانە و هەموو بە سەرسامییەوە گوێت لێ دەگرن؟ کە تەواوبوی، من خۆم بینیم هەموویان فرمێسک لە چاو، هەستاون و بەیەکەوە چەپڵەت بۆ لێ دەدەن. هەر بۆیە لە خۆشیدا

نەتدەزانی چی بڵێی، چی بکەی. ئەوە بوو چوی بۆ لایان و یەکەیەکە لە ئامێزت دەگرتن و ماچت دەکردن و ئەوانیش بە هەمان شێوە. توخوا، وانەبوو؟!

بەڵێ، وایە، ناوەرۆکی شیعرەکانت زۆر دڵتەنگن، زۆر غەمبارن، زۆر رەشبینن و بەڕاستی کارەساتە. تۆ کە خۆت باوکێکی بە ئەمەک بووی و نیشتیمان خوێنە و لە دەمارەکانی جەستەتدا خولدەخوات، دەزانی چەند گوناحە بە نیشتیمان بڵێی "باوکێکی گەوج". دیارە لاری و لۆری و خواروخێچی و چەوتی و ناحەقیت زۆر بینیوە و ئەم راستیە هەر لەخۆتەوە ناڵێی!

جگەلەوەش دیارە کە پێش هەموو شتێ تۆ راستگۆی لەگەڵ هۆش و بیر و هزری خۆتدا. ئەم راستگۆییە گرنگە. تۆ خۆت دەزانی کە، ئەمەیە کە پێنوسی دەربارەی پارە و ماڵ و دەسەڵاتداران لە پێنوسی "باخەڵێکی ئەمین" جیادەکاتەوە. ئەمەیە شاعیری میللی و شاعیری بازرگانی وشە و شایەر جیادەکاتەوە لە یەکتر.

بە چامەکەی ئەم سێ رۆژەتا (رۆژی ٦ تا ٨ی تەمووزی ٢٠١١) وا هەست دەکەم، لە دڵی خۆتدا بڵێی، خۆزگایە ئاوازدانەر بوومایە و "ناڵەی بێکاری" گۆرانم بکردایە بە سروودی نیشتیمانی. بە چامەکەی ئەم سێ رۆژەتا وا هەست دەکەم ئازارەکانی نیشتیمانت زۆرتر بووە و پڕبەدڵ حەزدەکەی چامەکەی نالی بچڕی:

**زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ!**
**ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم خطور!**
**لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ رەنگە بێ بە ئاو و با چاوا بکا عبور!**

یان وەک جاران بڵێیت:

**«دەستم برد بۆ چڵی دارێ**
**لە تاو ئازار لق داچڵەکی**
**کە دەستم برد بۆ لقەکە**
**ناوقەدی دار کەوتە هاوار**
**کە باوەشم کرد بە قەد دا**
**خاک لەرییەوە لە ژێر پێمدا بەرد ناڵاندی**
**ئەمجارەیان کە دانەویم خۆڵم هەڵگرت**
**گشت کوردستان زریکاندی»**

...

***

کاک شێرکۆ، ئەو کاتانەی شیعرەکانی تۆ خەریکی باڵەفڕەبوون لە ئاسمانی شینی ئەدەبدا، ئێمەی منداڵی زیت و بە ئاگا، خەریکی چاوشارکێبووین لەگەڵ شیعرەکانی تۆدا. بەڵام براوە هەمیشە ئێمەبووین نەک شیعرەکانی تۆ. لەهەر شوێنێ خۆیان بشاردایەتەوە، ئەماندۆزینەوە. لەهەر گۆڤارێ یان رۆژنامەیەک بڵاوتبکردایەتەوە، ئێمە بە قێچی دەرمان دەهێنا یان بەدەستوخەتی خۆمان دەماننوسییەوە. خۆ ئەو کاتانە ئینتەرنێت نەبوو، لە بیرتدێ کە لەسەر چاپکەرێک مرۆڤ لە سێدارە دەدرا؟! مەکتەب بە مەکتەب، پۆل بە پۆل، گەڕەک بە گەڕەک، دەستاودەستمان پێدەکرد و دەمانخوێندەوە. لەبەر ئەوە سەرسام مەبە کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم. ئەم "خۆشەویستیە کلۆبەفرەکەیە و خەولاوەتەوە و گەورەبووە".

هەڵبەتە ئەم خۆسەویستی شیعر و ئەدەبە رێکەوت نەبوو. کاکی خۆشەویستم کاک حسێن گیان، کەشکۆڵێکی هەبوو، شیعرێکی زۆری تیا نوسیبووەوە. لەم دیوانەوە فێری خوێندنەوەی شیعر بووم. بەیانیان، هەندێجاریش شەوان شیعرم دەخوێندەوە. رەنگە ئەم کەشکۆڵە شڕە یەکەم پردی نێوان تۆ و من بووبێت، چونکە تا ئەو کاتانەش بەرهەمەکانی شاعیرە سەربەرزەکانمان چاپ نەکرابوون و شیعرەکان دەستاودەست دەکران. بە تایبەتی شیعرەکانی مامۆستا گۆران. ئیتر من لەوکاتەوە خۆسەویستی شیعر و ئەدەب چووە دڵمەوە. جگە لەوەش هەم کاک حسێنم، چ باوکم (یادی بەخێر) بە شێوەی لاواندنەوە شیعری مەحوی و نالی و مەولەوی و حەمدی و ئەوانیتریان دەچڕیەوە، بەتایبەتی بەیانیان و شەوان.

***

ئەوکاتانەی دنیا بێدەنگە و تەنیام، زۆرجار مەلی خەیاڵم دەداتە شەقەی باڵ، دەفڕی لەهەر هەوارێ نەرمەنسێن بێت، لای هەر کەسەی خۆشمویستبێت لەوێ لادەدات، لای ئەوان دەبێ بە میوان. دەمێ سەردانی گردی سەیوان بۆلای ئارامگا و مەزاری ئازیزان یان مامۆستا خۆشەویست و دڵسۆزەکانم: مامۆستا رەشید و مامۆستا عیرفان و مامۆستا جەمیل و مامۆستا مەسیح ئەسکەندەر (خوالێخۆشبوو و خۆشەویستم) و مامۆستا ئەوڕەحمان و مامۆستا قادر و مامۆستا رەئوف و... دەکات، دەمێکیتر سەردانی بنەماڵە و بەتایبەت کاک حسێن گیان و هاوڕێیانی منداڵیم و منداڵانی گەڕەک و... دەمێکیتر، ئەم مەلە بزێوە ناسرەوێت و دەفڕێ و دەفڕێ بۆ کۆڵان و مەکتەب و بازاڕ و دواتر بۆ بنکە

ئەدەبیەکان و ئەو بنکانەی کە تۆ و هاوەڵەکانت ناو بە ناو لەژێر سێبەری چەقۆ و ئەشکەنجە و سیخوڕ و کوشتندا، کۆڕی هۆنراوە و وێژەتان تیادا دەبەست و ئاپۆرای ئەو شارەتان دەهەژان. لەوێ لادەدات و لەسەر سنەوبەرەکەی دەنیشێتەوە. لە مەل و خەیاڵ دەردەچێت و وادەزانم خەو دەبینم. هەر لە خەوەکەدا ترس دامدەگرێ، ترسێکی زۆر: تۆ بڵێی ئەم ئێوارەیەمان لێتێکنەدەن و لەبەرچاومان ئەم خۆشەویستە ئەویندارانەمان زنجیر نەکەن؟ تۆ بڵێیَ؟! هەر لە خەوەکەیا، دەڵێم خوایە گیان خەبەرم نەبێتەوە، بەڵکو ئەگەر تۆزێکیشبێت، گوێم لە ئەحمەد هەردی و کاک شێرکۆ و کاکەی فەلاح و حەسیب قەرەداغی و شاکیر فەتاح و حەمەی مەلاکەریم و لەتیف هەڵمەت و حەمەی حەمەباقی و کەمال میراودەلی و ئەوانیتری خۆشەویستانم بگرم. ئەحمەد هەردی مژدەی ئەوەی درکان کە ئەو تازەبەتازە شیعرەکەی "فاتیمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانییە: پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانیە"ی دوای دەیان ساڵ چاوەنواڕی تەواو کردووە و دەیەوێت بۆمان بخوێنێتەوە. بەڵام ئەفسوس لەم کاتەدا منداڵەکەم خۆی دەکات بە ژووردا، بابە، بابە چی هەیە بیخۆم، دەبێت زوو بڕۆمەوە بۆ قوتابخانە.

کاک شێرکۆ ئێوە ڕۆژانە هیوا و ورە و ژیانبەخش و ڕەنگ و دەنگی ئازادی بوون.

«دەبێت لەناو ئەم تەندووری خوێنە شێتە و لەبەردەمی ئەم گەرداوە چەمووشەدا، شیعر چی بکات؟! دەبێ وشە بچێت بۆ کوێ و ببێت بە چی؟ دەبێت وشە بچێت بۆ کوێ؟ ئەگەر دەبێت بە پەپولە، هەر بە هاڵاوێ ئەسوتێ!. ئەگەر دەبێت بە باخچەیەک هەر دووکەڵ چاوی کوێر دەکات. ئەگەر دەبێت بە کانییەک هەر بە تەقەیەک کەڕ دەبێت. ئەگەر دەبێت بە بولبولێ، هەر بە گرمەیەک لاڵ دەبێت. ئەم پرشنگە، ئەگەر دەچێتە ژوورەوە و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات، شەوێک ڕەنگی هەڵدەبزڕکێ و دوور لە نیشتیمانی ئاسۆ، لەسەر جێگایەکی شێدار، تەنیا دەمرێت!. ئەم خەیاڵە، ئەگەر خۆی ئەکات بە خەڵوەت، بۆ ئاسمان و جریوەی دوور، ئەوسا تەنها خوا دەیبیستێ و خەڵک نایبیستێ. ئەم سترانە! ئەگەر لێوی خۆی بدوورێت، لێوی قەڵبەزە و شەپۆل و دەمی دەریاچەش دەدوورێت! ئەم ئازارە، ئەگەر تێکەڵ بە گڵ نەبێت، گوڵەگەنم چۆن بزانێت ژانی ئەوە؟! ئەم فڕینە، ئەگەر نەبێت بە تەتەری خۆشەویستی، عەشق بە چیدا بزانێت، باڵی ئەوە؟! ئەم ئاوە، گەر زەوی لە زمانی نەگات و ڕەگ نەیەوێت و دارستان گوێی لێ ڕانەگرێت و بەرد بە هاژەی هەڵنەپەڕێت و گژوگیا نەیخوێننەوە و زیخ و چەو نەینووسنەوە

و مێرگەکانیش ماچی نەکەن، بۆچی ببێت؟!! من شیعرم کرد بە خڕکە بەردی سەنگەرێ، تا مردن بگێڕمەوە و مانگ نەکوژرێ. رێگا نەبوو... من شیعرم کرد بە خڕکە بەردی سەنگەرێ، کە لەوێوە ئازادییشم تەقە لە مردن بکات و سەری تاریکی هەڵگرێ!...»

هەتا ئەم دەورەم نەبینی، واتا ساڵانی دوای رزگاری عێراق ٢٠٠٣، ئەوەی بە خەیاڵمدا نەدەهات ئەوەبوو کە کەسێک هەبێت لەم کوردستانە ئەو رۆژگارە رەشانەی بیربچێتەوە. بەڵام ئەفسوس!

***

....

کاکە شێرکۆ، تۆ و شیعر و شاعیران، تۆ و ناڵەی جودایی و هێمن و ئازادیخوای کوردن ئێمە و هەردی و مەم و زینی خانی و شەڕی بەردەرکی سەرا و هیوا مەگری و بەستەی نەبەز و گۆران و تۆ و ئەیوەتەنی باوکت و تۆ و "بۆ تاجیری شەڕ"ی قانیع تۆ و عەمبەرخاتون و تۆ و حەبیبە و تۆ و نالی و چامەکەی سالم و تۆ و فاتیمە دووچاوی مەستت و رازی تەنیایی تۆ و ئەیرەقیبی دڵدار و خۆشمدەوێ ولاتەکەمی کاکەی فەلاح و تۆ... تۆ و تۆ و تۆ... جیاناکرێتەوە، تۆ تازە لەگەڵ شیعردا ئاوێتە بوویت و رزگاریت نییە. ئەگەر وانییە توخوا توانیووتە تاقە رۆژێک بێ خوێندنەوەی یان گوێگرتن لە شیعرێ، یادی شاعیرێک یان نوسینی شیعرێک بەسەربەریت؟

...

کاک شێرکۆ تۆ هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە کاڵای ئاسنینت لەپێکرد بۆ پاراستنی ئەم پیرە زمانە. بەڵام بڵێین چی، تۆ و هاورێکانت دروستی دەکەن و هەوڵێکی راستگۆ و یاسایەکی تایبەتی نییە کە بەپێی ئەو یاسایە تێک نەدرێت. ئاخر کاک شێرکۆ زمانێ هەوڵنەدرێت بە رێکوپێکی بنوسرێت و قسەی پێ بکرێت، کەی توانای پێشکەوتن و نەشونما و گەشەسەندنی هەیە؟

کاک شێرکۆ دەڵێن لە فەرەنسا یاسایەک هەیە بۆ پاراستنی زمانی فەرەنسی. بۆ نمونە ئەگەر وەزیرێک یان فەرمانبەرێک یان هەرکەسێکیکە، لە تەلەفزیۆندا قسەبکات و فەرەنسیەکەی شەقوشڕبێت و وشەی بیانی زۆر تێهەڵکێش بکات، ئەوا ئەو یاسایەی بەسەردا دەسەپێنن و سزای خۆی وەردەگرێت (بۆ نمونە لە پۆستەکەی خۆی دووری دەخەنەوە؟)، وەکو ئەوەی بڵێن زمانی فەرەنسی لە مەترسی لەناوچوندا بێت! ئەو زمانەی کە جگە لە فەرەنسا خۆی، لایەکی گەورە

لە ئەفریقا، کەنەدا قسەی پێ دەکات و لە هەزارەها زانکۆی جیهاندا دەخوێندرێت.

ئەی زمانی کوردی، کە سەدان ساڵە سەر و گوێ دەکرێت و فەرامۆش دەکرێت و بگرە دژایەتییەکی دڕندانە دەکرێت، چ یاسایەک دەیپارێزێت. لە ماوەی حوکمڕانی کوردیدا، چەند خزمەتکراوە، بۆ نموونە ئنستیتوتەکانی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدانی پەڕاوەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکانی خوێندن، کەناڵێکی ئاسمانی تەلەفزیۆنی تایبەت بۆ منداڵ،...هتد. بۆ دەبێت زمانی کوردی دوای ١٩ ساڵ فەرمانڕەوایی کوردی هەر هەتیوەکەی جارانبێ، تەنیا و تەنیا، بۆ؟!

***

کاک شێرکۆ حـەزدەکـەم باسی شەهید کاک سەلاحی حاجی رەفیق (سەلاحی موهەندیس)ت بۆ بکەم. کاک سەلاح، یەک پارچە ئازایەتی و پاکیی بوو، خۆشەویستی گەڕەک و شار بوو. یەکسەر دوای خوێندنەکەی لە زانکۆی تەکنەلۆجیا، دەبێت بە پێشمەرگە لە شارباژێڕ.

چەند مانگێک پێش ئەوەی شەهید بکرێت، خۆی و هاوڕێکانی هێرشیان کردە سەر هێزی ئەمن و حکومەت لە گەڕەکی ئێمە (گۆیژە، کە لەناو شاردایە) راویاننان بەرەو مۆڵگاکانیان. شەوێکیان هات بۆماڵی ئێمە، وتی دەنگۆیەکمان پێگەیشتووە، کە ئەو دراوسێیەی ئەوبەرتان "ئەمنە"، رێگەم بدەن با دادگای گەلی بەسەردا بسەپێنم. کە بۆمان باسکرد کە ئەویش ئاوارایە و لە زێدی خۆی دەرکراوە و دەکرێت بە زۆر کرابێت بە "ئەمن"، ئەو زۆر بێوەیە، هەرچۆنێبێ قایلمان کرد، کە هیچی لێ نەکات. وتی، باشە بەلام توخوا پێی بڵێن کە لە ژێر چاودێریماندایە، با ئەویش ئاگای لەخۆیبێت!

کاک سەلاح لە هیچی کەم نەبوو، تەنها خەمی کوردستانەکەی نەبێت.

***

ئەو رۆژە ویژدانم پێیوتم، راستە تۆ سەرۆک نیت و کەسێکی زۆر ئاساییت، بەلام هەر چاکەیەک بۆتکرا بیکە، خۆت گێل مەکە، گوێچکەت مەگرە، چاوت مەنوقێنە. منیش بەوم وت: بەلام ئەو چاکەیەی من دەیکەم، ئەو کاریگەریەی نییە، بەردێ لە رێگایەکا لادەبەم، ناوبژی شەڕێکی ناوبازاڕ یان گەڕەکی خۆمان دەکەم... ئینجا ئەمانە کوا دەتوانن هیچ بگۆڕن، ئینجا ئەمان چین؟! بەلام من ئەگەر سەرۆکی وڵات بومایە، هەر بە دوو قسەی خۆش، یان هەر بە تێکەڵی ئەو خەڵکە رەش و رووتە، گوێگرتن لە ئازارەکانیان،... دەمتوانی زۆر دڵی خەڵک

خۆشبکەم، ژیانی زۆر کەس رزگار کەم!

ویژدان وتی سەری پلەوپایە مەکە، هەموو شتێک لە بچوکەوە دەست پێ دەکات، ئەگەر چاکەی بچوکت پێنەکرا، ئەوە هی گەورەشت پێناکرێت!

کاک شێرکۆ گیان تۆش پێتوانییە کە ئەمە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بگونجێت؟

***

کاکە شێرکۆ: تۆ، وەکو کوڕی بە ئەمەکی میللەت و نیشتیمان، حەزناکەی چامەکەت لەبەر یەک چاوی کامێرای تەلەفزیۆنی پێشکەش بکەیت، بەڵکو، وەکو جاری جاران حەزدەکەی لەبەردەمی شەیدایانی ئەدەبی بەرزت ئاپورای خەڵک، بچڕی. بەڵام ئاخ بۆ لەژێر زەمینێکدا؟! شاعیری میللی، شاعیری گەل چۆن دەبێت لە میللەتەکەی دابڕێنرێت؟ ئەمە گوناهـ نییە دەکرێت؟

ئایا کێشەکە چییە؟ هۆڵ نییە کە تۆ شیعرەکانت بۆ شەیدایانی شیعری بەرزت بخوێنیتەوە؟ یانەکو چامەکەیان بە دڵ نییە و بگرە پڕە لە بەزاندنی هێڵە سوورەکان!، مەترسە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی؟! نەبوونی هۆڵێک گرنگ نییە، ئەوە تۆ و ئەوە کارێزی وەستا شەریف. ئەوە باوکت نەبوو چامەی "بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم، بە نان و جلوبەرگی خۆم..." بەرامبەر بە ئەدمۆندز وت؟ بەڵام لەوە دەچێت بەزاندنی هێڵە سوورەکان! زیادتر نیگەرانی کردبن.

کاک شێرکۆ داوای لێبوردن دەکەم:

– کە ئەگەر نامەکەم لە ئاستی ئاراستەکردندا نەبێت بۆ تۆ، یان هەڵەی تێدابێت. دەبوایە پەلەم بکردایە لە ناردنیا، نەدابا چارەنووسی ئەمیش ببێت بە هەزار نامەکەی پێشوم.

– کە زۆر درێژەم پێدا، دەردی دڵم زۆر هەڵڕشت... ببورە، تکایە.

– دڵنیام زۆرکەسی تر هەبن وەکو من حەزبکەن نامەت بۆ بنێرن و زات ناکەن، یان هەر لەبەر هەر هۆیەک بێت دەینوسن، بەڵام نایگەیەننە دەستت. هەرچەندە ئەمە نامەی تایبەتی منە، بەڵام حەزدەکەم بەناوی ئەو کەسانەشەوە بەردەوام، هیواداری ژیانێکی خۆش و تەندروست باشت بۆ بخوازم، جارێکیتر لە ئامێزت دەگرم، خوات لەگەڵ...

ئەڵمانیا ١٦ تەمووزی ٢٠١١

# تیشکێک بۆ سەر ڕۆمانی "پێشمەرگە"




**ڕەوەند حەمە جەزا**

وەک ئاشکرایە کە هونەری ڕۆماننووسین لەناو گەلانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، زۆر لە دوای ئەوروپاوە سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، ئەگەر باس لە سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەوڵەکانی (عەرەبی شەمۆ) لەناو کوردەکانی یەکێتی سۆڤییەت، کە ساڵی (١٩٣٥) ڕۆمانی (شڤانی کورد)ی بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو و بە پیتی لاتینی نووسراوە. دواتریش چەند هەوڵێک هەبوون بۆ پەرەپێدانی. ئەوەی ئێمە لێرەدا لەسەری دەدوێین، باسکردنە لە یەکەم ڕۆمانی کوردی کە بە شێوەزاری کرمانجی خواروو و بە ئەلفوبێی کـــــوردی نووسراوە، کە ئەویش: ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی (د.ڕەحیمی قازی)یە، لە ساڵی (١٩٦٠) لە بەغداد چاپ کراوە، بە یەکەم ڕۆمانی کوردی دادەنرێت لە پێش ڕۆمانی (ژانی گەل)ی (برایم ئەحمەد)ەوە، لە ساڵی(٢٠١٠)دا، لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بۆ جاری چوارەم چاپکراوەتەوە،

کە نووسینەکەی بە قەبارەیەکی بچووک نووسراوە و لە قەبارەی لاپەڕەی بچووکدایە و لە دووتوێی (١١٨) لاپەڕەدا چاپ کراوە، هەمیشە خوێنەری ئەم کتێبە هەوڵدەدات بزانێت ڕووداوەکانی دواتر چی ڕوودەدەن و بە تامەزرۆییەوە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە خوێنەر ئەو پێشکییە دەخوێنێتەوە کە (د.ڕەحیمی قازی) خۆی بۆی نووسیوە، لەدوای ئەوەش دەزگای ئاراس دوو نووسینی پڕ بایەخی لەدوای پێشەکییەکەوە بڵاوکردووەتەوە، کە ئەویش نووسراوێکی سێ لاپەڕەیی پرۆفیسۆر (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ە، کە تێیدا د.عیزەدین باس لەوە دەکات کە ئەم چیرۆکە هاوشێوەی داستانەکانی (دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دمدم و خانزاد و شەریف...)، جێگەی خۆیان لە خانەی نووسراوخانەدا دەگرێت. دواتر شاهیدی ئەوە بۆ ئەم دەقە دەدات کە توانیویەتی کۆمەڵێک ڕووداوی ئەو سەردەم و شوێنەمان بۆ باس بکات و ئەم دەقەش دەخاتە خانەی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی) و دەیکات بە دەستەخوشکی دەقە هەرە مەزنەکانی نووسەرانی ئەم ڕێبازە وەک نووسینەکانی (مەکسیم گۆرکی). هەرچەندە (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) ئەم دەقە دەخاتە خانەی ئەدەبیاتی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی)یەوە، بەڵام بە بۆچوونی من دەتوانین بەم دەقە بڵێین دەقێکی (ڕیالیزمی) و بەس، چونکە ڕیالیزمی سۆشیالیستی زیاتر باس لە مافی جوتیار و هەوڵی جوتیار دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، بەڵام ئەوەی لەم دەقەدا دەیبینین تەنها باسی جوتیار و دەرەبەگ نییە! بەڵکو باس لە کۆمەڵە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد و بۆ نموونە کۆمەڵەی (ژ.ک) دەبینین، کە دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمەی ئێران شۆڕش دەکەن، کە ئەم بابەتە گەورەترە لە باسکردنی کێشەی نێوان دەرەبەگ و جوتیار، هەروەها باس لە چیرۆکی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و پاک دەبینین، کە ئەمەش کەمتر لەو دەقانەدا دەبینرێت کە لە خانەی (ڕیالیزمی سۆشیالیست)دا دەنووسرێن، ئەمە جگە لەو بەیتە فۆلکلۆرییانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون.

پاشان نووسراوێکی دوو لاپەڕەیی، چیرۆکنووسی گەورە کورد(حەسەن قزڵجی) لەدوای پێشەکییەکەوە هەیە، کە تێیدا باس لە زمانی نەتەوەی کورد دەکات کە لەڕووی ژانری چیرۆکەوە زمانێکی هەژارە، کە ئەمەش چەند هۆی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها لە نووسینەکەیدا زیاتر لە سەر کەسایەتی (د.ڕەحیمی قازی) قسە دەکات و دەقەکە جێدەهێڵێت بۆ خوێنەر، لە کۆتاییدا پێی وایە کە ئەم دەقە خشتێکی گرنگە لە بنیاتنانی کۆشکی ئەدەبی کوردیدا و خزمەتێکی گەورە بە زمان و مێژووی نەتەوەکەمان دەکات. لەدوای خوێندنەوەی ئەم پێشەکییانە و

ئەو باسکردنەی هەردوو نووسەر لەسەر ئەم دەقە بڕواناکەم کە خوێنەر بتوانێت واز لە دەقەکە بهێنێت و نەیخوێنێتەوە*.

## شوناسی دەقەکە:

ئەم دەقەی (د. رەحیمی قازی)، وەک هەریەکە لە دەقەکانی (مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف و لەخەومای جەمیل سائیب)، کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژانری چیرۆک و رۆمانی کوردییەوە نووسراون تائێستا رووننەبووەتەوە کە ئایا ئەم دەقە سەر بە کام یەک لە ژانرە ئەدەبییە نووسراوەکانی وەک (چیرۆک، رۆمان، نۆڤلێت...) و بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر شوناسی دەقەکە، هەرچەندە کە لەسەر بەرگی کتێبەکە شوناسی رۆمان دراوە بەم دەقە، بەڵام هەر پاش خوێندنەوەی دەقەکە خوێنەر تێدەگات کە ناتوانرێت ئەمە لە خانەی رۆماندا دابنێت، چونکە هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە لەو پێشەکییەی (د. رەحیمی قازی) کە خۆی بۆ چاپی دووەمی دەقەکەی نووسیوە، دەقەکەی خۆی بە چیرۆک ناو دەبات، هەروەها (د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و حەسەنی قزڵجی)ش، شوناسی چیرۆک بە دەقەکە دەدەن، بەڵام نازانرێت کە دەزگای ئاراس بە چی پێوەرێک شوناسی رۆمانی بە دەقەکە داوە؟! هەروەها ئەگەر لەڕووی ژمارەی کارەکتەر و رووداو و گرێچنی دەقەکە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دەقە زیاتر لە (کورتە رۆمان)، واتا نۆڤلێتەوە نزیکترە وەک لە رۆمان، بەڵام ئەم دەقە لە نێوەندی رۆشنبیری و لای خوێنەران هەر بە رۆمان ناسراوە، لە کتێبی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیشدا وەک یەکەم رۆمانی کوردی باسکراوە. کە بە شێوەزاری کرمانجی خواروو و بە ئەلفوبێی کوردی نووسرابێت.

## پێشمەرگە لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا:

ئەم رۆمانە بەشێوەیەک گێڕراوەتەوە کە خوێنەر زۆربەی کات هەست بەوە ناکات کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە چیرۆکە، بەڵکو واهەست دەکات کە جۆرێکە لە یاداشتنامە و بیرەوەری خودی نووسەر، چونکە زۆر بەجوانی کات و شوێنی رووداوەکان دیاری کراوە، هەر لەیەکەم وشەوە دەزانیت کات کەیە و شوێنەکە کوێیە، چونکە چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات "زستانی کوردستانە" دواتریش ناو دێیەکان و ناوی کارەکتەرەکانی هەمووی کوردین، لە هەمان کاتیشدا چیرۆکەکە بە چەندین رووداو بەرهەمی خەیاڵی نووسەرە دەقەکە دەوڵەمەندکراوە. کە ئەویش هەر رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردییە. هێندە

ڕووداوەکان بە دەستپاکییەوە گێڕراونەتەوە کە دەڵێی نووسەر ڕاپۆرتێکی دەربارەی حاڵ و گوزەرانی دانیشتووانی ئەو بەشەی کوردستانمان بۆ بەیان دەکات، جا چ دەربـارەی ژیانی گوندنشینان و حاڵ و گوزەرانیان بەدەست ئاغاوە، یان خۆشەویستی پاکی گەنجانی کورد، دواتریش بەشێوەیەکی زۆر ڕەوان باس لە خەباتی کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەکات وەک کۆمەڵەی (ژ.ک)، دواتریش باس لە بڵاوکراوە ڕۆشنبیرییەکان دەکات کە ئەمانە هەموویان لە واقیعدا هەن، نەک بەرهەمی خەیاڵی نووسەر، نووسەر زۆر واقیعییانە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، وەک مێژوونووسێک بەرواری ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٤٤-دا ئیتر کۆمەڵەی (ژ.ک) باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو"[١] ل١٠٥، بەڵام لە هەمووی زیاتر ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە (د. ڕەحیمی قازی) لە دەقەکەیدا بە ئاشکرا باس لە ڕۆڵی شاعیری پایە بڵندی کورد (هێمن ) دەکات، وەک چۆن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا باسکراوە (د. ڕەحیمی قازی) دەڵێت: "ئەو لاوە هۆنەری تازە پێگەیشتوو، بەڵام مەشوور و بەناوبانگی کوردستان، محەمەد ئەمینی شەیخولئیسلام بوو کە لە پاش ئەوەی بوو بە ئەندامی کۆمەڵە نێوی (هێمن)یان پێدابوو". ل٩٤، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە هیچ یەکێک لە هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە نەمرەی جێگە نەکردووەتەوە لە بەرهەمەکەیدا، لەکاتێکدا کە هێمن لەو کاتەدا چەندین شیعری جوانی نیشتمانی هەبووە.

واتا ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەم دەقە بڕوانین، دەبینین هێندە نزیکە لە واقیعەوە کە لە چیرۆک ناچێت، بەڵام بەهۆی تەکنیکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بەرهەمێکی ئەدەبی سەر بە ژانری چیرۆک دەخوێنینەوە.

### گرنگی ڕۆمانی پێشمەرگە لە نێوەندە ئەدەبییەکاندا:

لەنێو ئەو بابەتە ڕەخنەیی و کتێبانەی کە لەسەر چیرۆک و ڕۆمانە کوردییەکان خوێندوومنەتەوە، زۆر سەرنجم داوە، بەڵام شتێکی وام بەرچاو نەکەوتووە لەسەر ئەم دەقە، کە بەڕاستی شایەنی تێڕامان و لەسەر نووسینە، چونکە زۆر بەجوانی باس لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد دەکات، کە ڕووداوەکانی نێو ئەم دەقە زۆر لەو ڕووداوانەوە نزیکە کە مێژوونووسان بۆمان دەگێڕنەوە، چونکە نووسەر خۆی لە ڕووداوەکاندا بەشداری کردووە و لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بووە، بۆیە لە خەباتی ئەو ساڵانەی کورد

دەدوێت[٢]. ئەمە لە لایەک و لەلایەکی دیکەیشەوە گرنگیدانی (د. ڕەحیمی قازی) یە بە لایەنی زمانەوانی و فەرهەنگی وشە کوردییەکان، وەک لەو پەرەگرافەدا کە باس لە دۆزینەوەی ناوێک دەکات بۆ "پێشمەرگە" کە هێمنی شاعیر کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە، هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زمانناس و پسپۆڕانی زمانی کوردی بۆ دۆزینەوەی وشەیەک، کە دەیانەوێت وشەیەک بدۆزنەوە کە لە بەرامبەر وشەی "سەرباز و نیزامی و عەسکەر و مجاهید"د، بەکاریبهێنن، بەڵام لەنێو هەموو پسپۆڕان و شارەزایان کەسیان ناتوانن وشەیەک بدۆزنەوە و ماندوو دەبن، بەڵام ئەو پیاوەی کە لەوێ خزمەت دەکات پیاوێکی پیرە، پرسیاریان لێدەکات ئەوە بۆچی وا ماندوو و بێتاقەتن و بەدەست چییەوە داماون؟ ئەوانیش حاڵەکەی بۆ باس دەکەن، پیاوە پیرەکەش پێشنیاری وشەی "پێشمەرگە"یان بۆ دەکات ل٩٥، کە لێرەدا دەتوانین دوو خوێندنەوە بۆ ئەم دیالۆگە بکەین، ئەویش ئەوەیە:

یەکەم: گرنگیدانی نووسەر بۆ وشە و فەرهەنگی کوردی و وازهێنانی کوردبووە لە وشەی عەرەبی و فارسی و گەڕانەوە بۆ وشەی کوردی پەتی.

دووەم: لێرەوە نووسەر پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکات کە بۆ ساغکردنەوەی کەلەپوور و فەرهەنگی لەبن نەهاتووی نەتەوەکەمان بە تایبەتی لەڕووی وشە و زاراوەی پەتییەوە کەسانی بە ئەزموون و بەتەمەن پشتگوێ نەخرێن و پرسیان پێ بکرێت و داوای کۆمەکیان لێبکرێت.

هەروەها نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەدا لە کاتی یەکگرتنی پێشمەرگەکاندا و لە کۆبوونەوەکانی شەوانیاندا لە کاتی گاڵتەو جەفەنگدا، نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە کە هەریەکەیان لە شارێکەوە هاتوون لە زاری ئەم کارەکتەرانەوە چەند دێڕێک لە زاراوەی هەموو ناوچەکانی کوردستانمان بۆ دەخاتە ڕوو. کە زمانناس و لیژنەکانی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی دەتوانن سوودی لێ ببینن ئەگەر ڕۆژێک هەوڵدرا بۆ دروستکردنی زمانێکی نەتەوەیی و یەکگرتوو بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستان، یان هیچ نەبێت بۆ ئەو پارچەیەی کە ئازادە، چونکە شێوازی قسەکردنی زۆربەی شارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدایە.

**لایەنی هونەری دەقەکە:**

ئەم دەقە وەک هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبی لە سەروو ڕەخنەوە نییە، هەرچەندە نووسەری دەقەکە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بێت و ئامۆزای

سەرۆک کۆماری مەهاباد (پێشەوا قازی محەمەد) بوویێت، بەڵام سەروکاری ئێمە لەگەڵ دەقەکەدایە، نەک خاوەن دەقەکە و دەمانەوێت بە تەرازووی هونەر پێوانەی بکەین.

ئەگەر سەرەتا لە ناوی دەقەکە وردبینەوە کە (پێشمەرگە)یە، دەبینین کە ناوەکە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە ناونیشانێکی سەرکەوتووی پێ دیاری دەکرێت، ناونیشانەکەی سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ناوەکە ناوێکی زۆر سادەیە. بەپێی ئەو بۆچوونەی (ئیبراهیمی یونسی) کە لە کتێبی (هونەری چیرۆکنووسی)دا، باس لە ناونیشانی لاواز و ناونیشانی سەرکەوتوو دەکات، یەکێک لە نیشانەکانی ناونیشانی لاواز ئەوەیە کە ناونیشانەکە ناوی یەکێک لە کارەکتەرەکان بێت، یان ناوێکی سادەی زۆر بەکارهاتووی ناو خەڵک بێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی خوێنەر راناکێشێت و خوێنەر کەمەندکێش ناکات بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە(٣).

ئەگەر باس لە ناوەرۆکی دەقەکە بکەین وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زیاتر لە راپۆرتێک دەچێت کە دژی ئەو جەور و ستەمە کە ئاغا بە خەڵکی گوندنشین و دەسەڵاتی شاهەنشای بە دانیشتووانی ئەو بەشەی کوردستانی دەکات، هێندە لە رۆمان ناچێت، چونکە وەک لە پێناسەیەکی رۆماندا هاتووە کە دەگوترێت "رۆمان واتا گێڕانەوە"، بەڵام گێڕانەوە لەم دەقەدا زۆر لاوازن، چونکە گرێچن (PLOT) لەم دەقەدا لاوازە و دەتوانین بڵێین هەندێک لە رووداوەکان بەشێوەیەکی زۆر سادە روو دەدەن و ئەنجامی رووداوەکانیش بەهەمان شێوە لاوازە، بۆ نموونە رووداوی گرتنی (مرۆت ) لەلایەن (مینە ئاغا)وە، کە بەشێوەیەکی کتوپڕ رووداوەکە روو دەدات، هەروەهـا رووداوی کوشتنەکەی (مینە ئاغا) لەلایەن (شێرکۆ و پیرۆت)ەوە، کە بەشێوەیەکی زۆر سادە مینە ئاغا دەگرن و هەڵیدەواسن.

گرفتێکی دیکەی دەقەکە لەڕووی هونەرییەوە ئەوەیە، کە زۆر نزیکە لە واقیعەوە کە باشترین نموونە ناو و رۆڵی (هێمن)ی شاعیرە لە دەقەکەدا، کە بەڕاستی ئەمەش لە بەهای هونەری دەقەکە کەم دەکاتەوە، چونکە دەقەکە شوناسی رۆمانی هەڵگرتووە. بە بڕوای رەخنەگر (حەمە سەعید حەسەن) کە لەم بارەیەوە دەڵێت: "رۆماننووس رووداومان بۆ ناگێڕێتەوە، رووداومان بۆ دەخولقێنێت، ئاخر ئەرکی ئەوە نییە کە رووداوی راستەقینەوەمان بۆ بگێڕێتەوە ئەرکی ئەوەیە ئەو وەهمەمان لەکن دروست بکات ئەوەی بۆمان دەگێڕێتەوە رووداوی راستەقینەیە"(٤).

پێموایە لەپاڵ ئەو باس و پیاهەڵدانەی هێمنی شاعیردا دەبوو یەکێک لە شیعرە نیشتمانییەکانی شاعیری دابنایە لەو دەقەدا، چونکە تا ئەوکات هێمنی شاعیر چەندین دەقی جوانی نیشتمانی نووسیبوو. وەک دەقی (کوردم ئەمن) کە لە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی، کە بەڕاستی زۆر لەگەڵ ناوەڕۆک و پەیامی ڕۆمانەکەدا دەگونجێت، کە هێمنی شاعیر دەڵێت:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن**
**ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم**
**ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**(٥)

**سەرچاوە و پەراوێز:**

*- بۆ خوێندنەوەی پێشەکی و وتارەکانی (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و حەسەن قزڵجی) بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای ڕۆمانەکە.

١- د. ڕەحیمی قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە، ل١٠٥، دەزگای چاپی ئاراس، چاپی چوارەم.

٢- زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی، بەشی ئەدەب، ل١٨٦.

٣- ئارام سدیق، ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا، ل١١٢، چاپخانەی کاردۆ.

٤- حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، ل٣٩. دەزگای چاپی ئاراس.

٥- مامۆستا هێمنی موکریانی، دیوانی هێمن، ل٨٩، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم.

دەق

| | |
|---|---|
| ٢ × هـ | **عەباس عەبدوڵڵا یووسف** |
| هێر شمیدتی گۆڵفەر | **ئازاد ئەحمەد** |
| دەقی تەمەن | **ناڵە حەسەن** |
| خەیاڵ کێشان | **رۆژ هەڵەبجەیی** |
| چەند شیعرێکی کورت | **پەری شێخ ساڵح** |
| خوێندنەوەی ئەم نووسینە بە پەنجا هەزار دینارە | **ئاریان ئەبوبەکر** |
| رێی هات و نەهاتی چاوەکانت | **د. لەتیف هەڤرێست** |
| تابلۆیەک لەناو خوناوەکانی چاوی تۆدا | **ئەحمەد قادر سەعید** |
| چەند چیرۆکێکی کورت | **هێمن عوسمان عەبدوڵڵا** |
| شاری قەلا | **فەرهاد چۆمانی** |
| ئەوەی ناکرێ بکرێ، دەکرێ بکرێ | **لەتیف فاتح فەرەج** |
| دیدار لەگەڵ ناڵە حەسەن | **سازدانی: فەهمی نەبی** |

# ٢ × هـ

عەباس عەبدوڵڵا یووسف



-١-

چاوەڕوانی گۆدۆ بووم ١٣ گۆدۆ هاتن:
یەکەم بە بازنگێک
دووەم بە رنگێک
سێیەم بە چەنگێک
چوارەم بە خەدەنگێک
پێنجەم بە بەنگێک
شەشەم بە قرژانگێک
حەوتەم بە چلچەنگێک
هەشتەم بە سنگێک
نۆیەم بە سپرنگێک
دەیەم بە سلنگێک
یازدەم بە کوڵنگێک
دوازدەم بە پونگێک
سێزدەم بە زەنگێک
هەریەک لەمانە بە جۆرە:

حەنگێک... دەنگێک... رەنگێک... سەنگێک... شەنگێک... جەفەنگێک
تاک تاک دژ بە پەنهان، ئامادەن بۆ جەنگێک
تاکگۆدۆ لێرە نەما، لەوانەیە لە بوون سڕابێتەوە
فرەگۆدۆ جێیان گرتەوە و
لە دیمۆکراتاوەی جیهانی سەردەم
سپیکۆتر ئاسمانی پۆشیوە (ئەگەر... نەپێکرێن!)
هەر یەکەیان هاوخەسڵەتی تاکگۆدۆی پیکیتن
سەرباریش و پێیانەوە ناچارین گۆدۆزادە هەیە
کە گۆدۆزادە هەبێ، پیکیتزادەش هەر هەیە
گۆدۆ لە پیکیتە یان پیکیت لە گۆدۆیە... یا هەردووکیان لە نازانم کێ...؟
پیکیتزادەیێ شانۆنامەیەک دەنووسێت
ها ئەمەتا ناونیشانەکەیەتی:
گۆدۆ بە کاتی دەمژمێرێکی ناگۆدۆیانە چاوەڕوانی ئێمەی ئادەمیزاد
دەکات، تا چارەنووسێکی بژێوانەی بۆ دیار بکەین وەک: خانەنشینی یان
دژەیوب ئان هاویووبی، دوایانیش... هتدنووسی.

-٢-

بیناسازی ئەندازیار کە بە فەرمی راسپێردرا شێتخانەیەک نەخشەساز بکات
واقی وڕما، سەری سوڕما
ئەمەو بۆ ئەو بونیادە... چ بچمێکی بداتێ؟!
قەمبورەی نۆتردام لەبارە، ناشرینترین بچمە و بەسۆزترین ئاشقی دنیایە
بۆ ئەو بونیادە... چ زارێکی بداتێ؟!
زارێک... خوێواو لە دەریا بخواتەوە و شیرناو بتفێنتە ناو کانی و رووباران
بۆ ئەو بونیادە... چ گوێیەکی بداتێ؟!
گوێیەک ئەژنەفتەی ساتەکانی بەڕووەکبوونی دنکەنۆک
بۆ ئەو بونیادە... چ چاوێکی بداتێ؟!
چاوێک، خۆزانە کەی دەبێتە ئی مێشولان یا ئاژەڵان یان باڵندان و
کەیش دەبێتە چاوی ماددەیەکی بێڕوح
بۆ ئەو بونیادە... چ لووتێکی بداتێ؟!
لووتێک، لێرەوە بۆنی وردترین زینداوەی ناخی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی بکات
بۆ ئەو بونیادە... چ قژێکی بداتێ؟!
پێکنووساوەی پرچی بەبڕینچووی ئافرەتانی یاخیبووی کوردەواری

بۆ ئەو بونیادە... چ چارپەلێکی بداتێ؟!
بۆ ئەو بونیادە... سێپەل گونجاوترە
هاوپەیکەری ڕەوڕەوەی سێ پێچکەدارینەی مندالانە
لە شوێنێک بەرەو شوێنێکی تر بیگوازێتەوە
ساتمەش کات دەگرێ، جنێوی خەنداوی دەدات و هەڵدەستێتەوە
بۆ ئەو بونیادە... چ بەژنێکی بداتێ؟!
دیناسۆرانی...؟ عووجانی...؟ سیمرخانی...؟
وابێ، ئەو بونیادە تا کەشکەشانی فەلەک بڵند دەبێ...!
بێسنوور دەڕوا، درێژ و بڵند، پانیەکەشی هەروا...!
پاش کەم تێفکرینێک و خێرا خوراندنی سەر بە نینۆکی پەنجە
پاش کەم گەڕانێک، بەدەوری سەکۆیەک لەشێوەی نیشانەی پرسیار
ئەم بەژن و سێپەل و قژ و لووت و چاو و گێ و زار و بچمە
تەنیا بونیادە، ئەی چ دەروونێک بداتە ئەو بونیادە؟!
لەمیان هەڵوەستەیە:
بێ شێتەکەی ناوەوەی خۆمان ناتوانین بژین
بڵێ هەموو شێتێک ئاقڵە و منیش؟!
بڵێ شێتخانە ئاقڵخانەیە، ئێمەش؟!
فڕۆکەی جەنگی زۆر مەراقی بوردومانی:
ئاودەسخانە و پاچەخانە و پۆستەخانە و تەمبەڵخانە و تیاترۆخانە و
حەپسخانە و خەستەخانە و خمخانە و دەرمانخانە و زبڵخانە و ساواخانە و
سکرابخانە و شێتخانە و عەنتیکەخانە و فشەخانە و قەحپەخانە و قەسابخانە
و قەشمەرخانە و گۆڕخانە و هەتیوخانەیە
زەویلەرزەش ڕەچاوی هاودەروونی خۆی دەکات
شێتخانە دەبوێرێ و لەوانی تر دەدات
لەوانەیە پرۆژەکەم کورتە بکات
خۆم دەرچووی کۆلێژی شێتناسی نیم
گوێشم لێبووە دایکم (ڕەحمەتی خوای لێبێ) چەند جارە دەیوت
هاوسەرەکەشم بەردەوام ڕوو خەندۆکە
لە منی هەمیشە ڕوو گرینۆک دەنوارێت و بۆم دەڵێتەوە:
شێت وەلینە.
بڵێ من هەوبم؟!

ئەوبم، فەنتازترین نهۆمگەی سەردەمم بنیادناوە
ناوخان و دەرخان وەک یەکە
شێتیش منتۆیە... هۆش و بنهۆشی هەر یەکە
هۆش و بنهۆشی هەموومان جێگۆڕکێ دەکەن
شێت بە سیپاڵەوە، فەیلەسووف بە گۆپاڵەوە، رووبەڕوو دێنە سەر نەخشە
سیپاڵدار جیهانییە، گۆپاڵدار نیمچەیە
شێت لەکن یەک بن، قدیلانەی تۆپی زەمین دەکەن و
ئاسمان دێتە خەندە
هەر یەکیش لەوان تەنیا بێ، جیاکارێک دەکا:
کردنەوەی شیشبەندەی دڕندەی کێوی بەرەو دڕندەی بازاڕ
نەشبن هەرهەنە، بۆیان لەناو سۆپەرمێشکەکان بگەڕێ
دەشپرسرێ: کامەیان شێتترن، رۆژهەڵاتی یا رۆژاوایی؟
شێتیی درمدارە و لە مرۆڤەوەش دەپەڕێتە ناو بەگیان و بێگیان
شێتە و لە نووبەیان دا خۆی شێتر دەکات
چەنە لە هۆنراوەی قامووس دەوەشێتەوە:
مریشکەشێت/ لمەشێت/ قومەشێت/ گونەپشیلەشێت/ تەرەکتەرەشێت/
یادەشێت/ ژانەشێت/ ئێرەقەشێت/ ئێراقەشێت/ مانگەشێت/ مانگاشێت/
رۆحەشێت/ کلیلەشێت/ بۆقەشێت/ تەنانەت (شێتەشێت)یش
بە دالغەیێکی چەقدار دەیدرکێنێ:
شەیدا و شێت/ شڕ و شێت/ شوور و شێت/ مێت و شێت/ وێت و شێت/
هەرە ئاقڵ داوای لێکرد سۆپەرهۆشەکەی بە شێتییەکەی بگۆڕتەوە، قایل نەبوو
شاشێت وشیاری کرد:
شاهۆشی بیناساز کەرستەکەت کلاسیکییە، نوێتری کە
لە بیرت بێ، ژوورێکم بۆ بکەیت: ئاوێنەدار و دەنگدار
من بەخوو خۆدووم و لە ١٠٠٪ خۆدووم
من لە شێتییەوە دەسم پێکرد گەیشتمە پۆپهۆش
شێت بچێتە ناویەوە هۆشمەند دەردەچێ، کێ دەڵێ پێیخۆشە؟!
پاش شێتی لەناو منداڵدانە و جارێ نەزایراوە
لە بانی سەرەوە، لە رۆخ مانگدا
هۆشمەندێک بەرەو خوار پاڵی پێوە دەنێت

**(راپۆرتی پۆلیس دەنووسێت: بیناساز هەر تەنیا خۆی بوو، لەسەرڕا کەوت)**
**لە خوارەوەش شێت دەیگرنەوە**
**حەشامەتێکی وەستاو دەسترێنن:**
**جیهان شێتمەندە**
**حەشامەتێکی سەر نشتک، بۆیان دەدەنگێنن:**
**جیهان شێتمەندە... شێتمەندە... شێتمەندە... شێتمەندە**

***

* د × ە= (د) کورتکراوەی دووە، (ە)یش کورتکراوەی هۆنراوەیە.
* ئەومنتۆ= لێکدراوەی ئەو. من. تۆ.
* ئێرەق= ئەندامی نێرینەیە، مانای تریشی هەیە.
* ئیمەش= ئی ئێمە، هینی ئێمەش.
* بازنگ= بازن.
* پۆپهۆش= ئەوپەڕی هۆش.
* چەنگ= ئامرازێکی مۆسیقایە.
* چلچەنگ= چلچنگ. فاق. تەڵە. چەنگاڵ.
* حەنگ= حنگ، خۆپێوەنان، لێژەناندن، کەسی زیاتر جلپۆش بێ، ئەندامی نێرینەی خۆی لە پاشۆڵی کەسێکی دی بخشێنێ. جاران بەمەبەستی یاری ئەم حنگ و حنگحنگانێیە لەناو منداڵانی هەراش و هەرزەکار ئەنجام دەدرا و هەندێجار لێیان دەبێتە شەڕ.
* خەدەنگ= تیر، دارێکە تیری لێ دروست دەکرێ.
* دەدەنگێنن= بۆی دەسێننەوە. لەدووی دەڵێنەوە.
* دژەیوب، هاوەیوب= یان دژئەیووب، کەسێکە زۆر بێئارامە و پێچەوانەی ئەیووبە هاوەئەیوب کەسێکە هاوڕەفتار و خەسڵەتی ئەیوبە. ئەیووب پێغەمبەر.
* دەسترێنن= ستران دەبێژن.
* دوایانیش= دوا (یان)یش.
* دیموکراتاوە...= دیموکراتاباد، شارگەلێکن لە شارەکانی ئێستای دونیا، سیستمی دیموکراتی پەیڕەو دەکەن.
* رنگ= ring زاراوەیەکی پاسکلە، بە رەسەن ئینگلیزییە، بەشێکی گرنگی تایەی پاسکلە، بە چووپ و بەرگە چووپ دەورە دراوە. بۆ ئۆتومبێلیش بەکاردێت.
* سنگ= توولێکی ئاسنە یان دارە، لە سەرێک نووکێکی تیژی هەیە.

* شاشێت= هەرە شێت.
* صورما= سورما لێرە، پیتی (ص) پەسند دەکەین.
* شەنگ= شنگ، هێز. وزە. تاقەت.
* شێتمەند= هەم شێتە و هەم ئاقڵە.
* عووجانی= بەشێوەی عووج، (عووج)یش: عوج بن عنق، عناق: نەفرەجایەکی ئەفسانەی عیبری و عەرەبییە، کە دەچێتە ناو دەریا، ئاو تا سەر چۆکی دێت، جا بەدەست نەهەنگ یا ماسی گەورە لەناو دەگرێ، بڵندی دەکات و بە تینی هەتاو دەیبرژێنێ و دەیخوات. ئەفسانەیێکی تر دەگێڕێتەوە: گەفی لە خەڵکی گوندێکی عێراقی کردبوو پۆشاکێکی بۆ بدروون، ئەگەرنا بە میزێک دەیانخنکێنێ. لە حەکایەتی کوردەواریدا بە (عوجبین عەلاق یا عەلەق) (حوجبین حەلەق) بیستراوە.
* قەمبورەی نۆتردام= ناونیشانی رۆمانێکە ئی نووسەری گەورەی فەڕەنسا ڤکتۆر هیگۆیە.
(١٨٠٢–١٨٨٥) پوختەکەی زۆر بە کورتی: شاکەسی رۆمانەکە، پشکۆمێکی دەعەجانییە ناوی کوازیمۆدۆیە. زەنگلێدەری کاتدرائیای نۆتەردامە. حەز لە کچێکی سەماکاری شازدە ساڵی دەکات ناوی ئەزمیراڵدایە، ئەم کچە بەڕەسەن فەڕەنسییە و منداڵێکی زۆر جوانە، کە قەرەج دێنە شار دەیرفێنن و لەلای خۆیان گەورە دەبێت و فێرە رەوتی ژیانیان دەبێت، دایکی وا دەزانێ قەرەج کوشتوویانە، کوازیمۆدۆ بەشداری (ئاهەنگی قەشمەران) دەکات و دەبێتە سەر دەستەیان، لەم ئاهەنگەدا ئەزمیراڵدا بەسەمای خۆی دەبێتە دڵکێشی پیاوان، لەدوا دیمەن بەهۆی تاکە پێڵاوەکەی، دایک ئەزمیرالدا دەناستەوە.
* کات= کوتکراوەی بکات.
* گۆدۆ= ناکەسی شانۆنامەی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا، ئەم چیرۆکە سامۆئێل بیکیت Samuel
Bechett نووسیویەتی و باس لە دوو کەسی لات دەکات، لەپێناو دۆزینەوەی واتایەک بۆ ژیانیان چاوەڕوانی گۆدۆ دەکەن، گۆدۆش نایەت. گۆدۆ بە گەلێ واتا لێکدراوەتەوە. لەوانە:
رزگارێکی خواییە و رۆژی لە رۆژان دێت و ئاوڕ لە کێشە و ئازاریان دەدات. هەروەها من لێکدانەوەیەکی تایبەتم هەیە، ئەلێرەدا ئاماژەی پێدەدەم: ئەم شانۆنامەیە رەنگدانەوەی جەنگی ساردە و بە مەبەستێکی ئاراستەکراوەی بنهۆش، گۆدۆ سمبوڵی دەسەڵاتی پرۆلیتاریایە. بیکیت بە(ب)ە لای ئێمە بە (پ) لەسەر زار خۆشترە.

* گونەپشیلە= گونەسە، ڕووەکێکی کوردستانییە دوو بست یا کەمتر بڵند دەبێ، لە زەوی دێمەکار دەڕوێ و بەرێکی خڕ دەدات وەک گونەپشیلەیە.

* لم . قوم= لەزۆربەی ناوچەکانی هەولێر لم بەمانای لیم و لیتە دێت. قوم مانای (رمل –sand).

* نشتک= کورسی.

* نهۆمگە= فرەنهۆم. ئەپارتمان. عمارە.

* هتدنووسی= نووسینەوەی هەتادوایی. کەسێکی گەردوونییە و درێژە بە (هتد) دەدات.



# هێر شمیدتی گۆڵفەر



ئازاد ئەحمەد

بەیانیان زوو، بە ترەینەری سپی و شۆرتێکی خاکییەوە، لە (هیتن پارک) سەگە ئەڵمانییەکەی ئەگەڕێنێ و بە تەنیا یاریی گۆڵف ئەکات. پاشان لەسەر سەکۆیەکدا، لەژێر برژانگە بژ و سپییەکانییەوە، چاو بە سەردێڕەکانی رۆژنامەی Daily Mirror-دا ئەخشێنێ، بۆ هەواڵێکی خۆی ئەگەڕێ. وێنەیەکی ساڵانی چلی ئەفسەرێکی نازی، لەگەڵ سەردێڕی: "دواجار، دەستگیر کرا"، دڵی میستەر سمیپ، یان هێر شمیدت (ناوە راستەقینەکەی) دائەخورپێنێ.

شەوان؛ بێجامە خەت خەتەکانی کامپی ئاوشڤیتز، هۆڵی پڕ لە پێڵاوی کەڵەکەکراو، دووکەڵی سووتانگەکان؛ ئەبن بە تریشقە و زرمە لە خەونەکانی هەڵئەسێنن. پاش نیوەشەوان، لەناو باوڵێکی کۆنی ژێر سیسەمەکەیدا، جلێکی گێستاپۆی بە دیقەتەوە قەدکراو دەرئەهێنێ و لەبەر ئاوێنەیەکی زلدا ئەستێرەکانی لە یەخەی ئەنێ. سمێڵێکی کورت بە لێویەوە ئەنووسێنێ و دەستی راستی هەڵئەبڕێ: "هایل هیتلەر"!

ئەم بەیانییە، لەسەر داوای دراوسێکان، پۆلیسی گرەیتەر مانچستەر دەرگای فلاتەکەیان بە سلیندەر شکاند. هێر شمیدتی هەشتاو کسور ساڵە لەسەر قەنەفەدا ملی لار بووبۆوە. پەرداخی ویسکییە رژاوەکەی دەستی توند گوشیبوو. سەگەکەی بە نووزەوە دەست و پەنجەی ئەلستەوە. لە تەلەڤزیۆنی پلازمای شاشە ٤٢-دا ئەکتەرێکی کۆمێدی و دەنگی پێکەنینی جەماوەر. کەس نەیزانی هێر شمیدت لە کەیەوە گیانی لەدەست داوە. کەس نەیزانی هێر شمیدت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، سیناگۆگی بەسەر خێزانە

**جووەکاندا ئەڕووخاند. فەرمانی ئەدایە تیمی ئیعدام و فیشەکی بەزەیی ئەنا بە نێوچەوانی کوژراوەکانەوە. کەس نەیزانی.**
**کەسیش نازانێ، هەرگیز.**

## ئێوارەیەک لەگەڵ ئەدیب نادردا لە سۆهۆ

**لە چاینا تاونی لەندەن،**
**کچێکی punkی قژ شین و سووری نێو جووت کەوان، بە نەخشەیەکی زل و کۆڵەپشتێکی درێژکۆلە و هێدفۆنێکی پەمەیی؛ بازنەیەکی سووری بەدەوری سۆهۆدا کێشابوو.**
**وتم؛ لە لەیدی گاگا ئەچێت.**
**بە خەیاڵ، جلەکانیم یەک یەک لەبەر داکەند. پشتی تێکردین و بەڕووتی، بەرەو سۆهۆ خوار بووەوە.**
**قەیرە کچانی جامخانە، وەک ئەوەی دوایین رۆژی جیهان بێ، بە پێکەنین و زەردەخەنەی دەسکرد و چرچولۆچی لاچاوەوە، نمایشی ئالۆش ئەکەن.**
**لەسەر کێکی لەدایکبوون؛ نەقشی ئەندامی نێرینە.**
**لەودیو پەردەی زەنگیانەی درێژ و دەنک زلەوە، لەسەر شاشەیەکی بەرزدا فیلمی کامەسوترا...**
**کچە پەنکەکەی چاینا تاون، لەبەر جامخانەی کۆگایەکدا ئەڕوانێتە خۆی:**
**"لەیدی گاگا؟"**
**ماما میا!**
**لە ناوەڕاستی شەقامدا؛ کامێرامان و تاقمی فیلم، لەسەر سکەدا پاڵ بە کامیراوە ئەنێن.**
**لەیدی گاگا، بە دوو چاوی پڵینگەوە، جووت کەوانەکەی ئەخات و پۆنچۆ کورتەکەی لەقەد کورسیی سەر شۆستەی بارێک دا هەڵئەواسێ. فیشکەیەکی بۆ ئەکات کەڵبەکانی دەرئەکەون، لە لاملی کوڕە هاوڕێکەشیدا؛ دوو کونی سوور.**

# کۆیلەی ژێر ئۆقیانووس

**دوو سەدەیە؛ لە قوولایی نووتەکی ئۆقیانووسدا راکشاوم، قەرش کەڵبە لە رانم گیر ئەکا و وردە ماسی لەدەوری ئەندامی زاوزێم دا ئاپۆرە ئەبەستن، لە دەممەوە دێنە ژووریٚ، لە چاومەوە ئەچنە دەریٚ. یارام نییە گوریسی تۆڕی پڕ لە بەرد لە قاچم بکەمەوە. چاوەڕێم پەریی دەریا، بە خەندەوە، قورسایی ئاو لەسەر سینگم لاباو بەرزم بکاتەوە. زەوی وەرگەڕیٚ و ئۆقیانووس بڕژێتە بۆشایی ئاسمان.**

**سەمای ژنانی نیمچە رووتی گوندەکەمان. غاردان بەپێی پەتی لەسەر لمی قرچاو. زایەڵەی رەزمی ئەو تەپڵانەی پڵینگمان پیٚ ئەتۆقاند، خورپە ئەخەنە دڵی ئیسفەنجیم.**

**بە رمێکی درێژەوە خەریکی راوە گامێش بووم، لەپڕا تۆڕێکی ناو خۆڵ و خاشاک بەرز بووەوە و تا ترۆپکی درەختێک هەڵیبڕیم. بە کەلەپچە و زنجیر پەلکێش کرامە ناو کەشتییەکی چارۆکەدار. پاش دوو مانگ گەشتی دەریایی، لە چەقی ئۆقیانووسدا لە درندە سپییەکان یاخی بووین. لە کەشتییەوە هەڵیان دام، شاقووڵی بەرەو قوولایی. شڵپەی ئاو و پەلەقاژەم هەناوی ئۆقیانووسی گەڵدڕی، سوێراو گەرووی پڕ کردم و هەناسەی لیٚ بڕیم. کەشتی و چارۆکەکانی لە ژوور سەرما ئەلەرینەوە...**

**رەنگە ئێستا مانگ قڵیشابیٚ، خۆر بووبێتە پشکۆیەکی خامۆش،کیشوەرەکان نوقمی ئاو بن، مرۆڤ قڕی تیٚ کەوتبیٚ.**

**دوو سەدەیە؛ تەکان ئەدەم سەرئاو بکەوم، پڕ بە سییەکانم هەوا هەڵمژم، پیٚ بنێمەوە سەر زەوی و لەژێر تیشکی خۆر، یان باران، تێر غار بدەم.**

بەریتانیا
ئابی ٢٠١٢

# دەقی تەمەن

ناڵە حەسەن

## بەشی یەکەم

-١-

من کەسێکم
ژمارەی تاکم لە ژمارەی جووت
خۆشتر دەوێ
تاک تاک تاک
تک تک تک
تۆ تۆ تۆ
تۆی تاک و تەنیا
تۆ تا ئەبەد تۆ

-٢-

من ماڵم لە شووشەیە و
بەردیش
لە ماڵی خەڵکانی تر دەگرم
سەیرەکە لەوەدایە
من بە منداڵیش وابووم

بەردم لە رێبواران دەگرت
شووشەی
پەنجەرەی ماڵانم دەشکاند
هێلانەی چۆلەکەکانم تێکدەدا
بەردم دەگرتە
ماڵی رەشەبا و برووسکە و تۆفان
تەنانەت
بەردم لە ماڵی خوداش دەگرت



-٣-

من لە تەیراوە لەدایک بووم
لەنێو شیعرەکانیشم
بە زمانی تەیران دەدوێم
رەزی ئومێدەکانیشم پڕن لە ترێ
حەزم لە دەنگی تەمبور و تاریش نییە
لە تاریکیش
روانینەکانم تیژتر دەبن
تاهەتاش
نابمە تەتەری
هیچ تەور بەدەستێک

-٤-

من ئێستا لە گەڕەکی نائومێدیدا دەژیم
بە کەلوپەلەکانی عەشق ماڵێکم پێکهێناوە
لە ژوورێکدا تابلۆی دۆڕانەکانی خۆمم هەڵواسیوە
لە ژوورێکی تر، تابلۆی ترس و نیگەرانییەکانم
لە ژوورێکی تر، تابلۆکانی مردنم
لە ژوورێکی تر، تابلۆکانی تەنیاییم
لە دوواهەمین ژووریش وا خەریکم
هێدی هێدی
تابلۆکانی خۆکوشتنم هەڵدەواسم

-٥-

لەنێو خەڵوەتگەی ژینی من
ژنێک سەرسامە بە پەنجەکانم
ژنێک سەرسامە بە قژی خاوم
ژنێک سەرسامە بە سمێڵی سوورم
ژنێک سەرسامە بە نیگاکانم
ژنێک سەرسامە بە شیعرەکانم
سەیرەکە لەوەدایە
لەنێو ئەو هەموو ژنە سەرسامانەم
منیش سەرسامم بە خۆم
هەرخۆم و هەر خۆم و هەر خۆم
خۆمی تاک و تەنیا
خۆم تا ئەبەد خۆم

-٦-

من وام
هەموو شەوێ لە ئامێزی
کچێکی گاوردام
کەچی وا تازە بە تازە
(شێخی سەنعانەکانی لای خۆمان
خەریکن و دەیانەوێ
بۆ کچانی گاور لە ئیسلام وەرگەڕێن)




-٧-

من سەردەمانێک
وامدەزانی
بەهەشت لەژێر پێیەکانی دایکم نا
بەهەشت لەژێر پێیەکانی مندایە
دواتر هەر خۆم

تەنیا و تەنیا و تەنیا
خۆم لەنێو
رووبەرە قووڵ قووڵەکانی
دۆزەخ بینییەوە

-٨-

من وام
ئەو ژنەی خۆشم دەوێ
چاوەکانی لە گەڵاو
لێوەکانی لە ئاوریشم و
مەمکەکانی لە هەور و
پەراسووەکانی لە با و
پەنجەکانی لە گیا و
ئەنگوستیلەکەی لە سەدەف و
ملوانکەکەی لە رەیحانە و
حەزە ئیرۆسییەکانیشی لە ئاگرن



-٩-

هەر ئەو ژنە
هەموو شەوێک
دێتە نێو خەونەکانی من
باڵای بەرزە وەک پنجەگیا
دڵی نەرمە وەکو بەرد
قژی رەشە وەکو لم
چاوەکانی سەوزن وەکو مانگ
خەیاڵەکانیشی سپین وەکو خەڵووز

-١٠-

من وام
گەر عەشق لە من بستێننەوە
لە تیاترۆخانەکاندا بەدوای مندا بگەڕێن

گەر ژنەکەم لە من بستێننەوە
لە ئەشکەوتەکاندا بەدوای مندا بگەڕێن
گەر دایکم لە من بستێننەوە
لە گەرەکی گەڵایە چاوڕەشەکاندا بەدوای مندا بگەڕێن
گەر قەڵەم لە من بستێننەوە
لە بیابانەکاندا بەدوای مندا بگەڕێن
بەڵام،
گەر شیعر لە من بستێننەوە
ماڵێکم نابێت بۆ ژیان و
لە گۆڕستانەکاندا بەدوای مندا بگەڕێن



-١١-

لەنێو دەفتەری بیرەوەرییەکانی من
ژنێک ژنێتی خۆی تیرۆر دەکات
ژیان ژان دەیگرێ و
نیشتیمانیش پڕ دەبێت لە بۆنی بخوور
ژنێکی تر دڵی شاعیرێک دەشکێنێت
ژیان بێهوودە و هەڵوەدا دەسووڕێتەوە و
نیشتیمانیش پڕ دەبێت لە بورکان
ژنێکی تر یاخی دەبێت
لە هەموو ئایدیۆلۆژیاکان و ئیزمەکان
ژیانیش کەمانچەکەی دەخاتە سەرشانی و
لاوکی عەشق و بەختەوەری دەژەنێ و
نیشتیمانیش پڕ دەبێت لە گوڵ


-١٢-

من وام
بە کانی هیچ قەدەرێک
تێنوێتی خۆم ناشکێنم و
ئاویش بە هیچ ئاگرێکدا ناکەم
ئاخر من هەمیشە

لەسەر پشتی شەپۆڵەکان
بۆ ئاگر دەڕوانم
زۆرجارانیش
لەنێو بڵێسەکانی ئاگر رادەکشێم و
شیعر
بۆ شەپۆڵە پرشنگییەکان و
بۆ بارانە پاییزییەکان دەنووسم

-١٣-

من لە هیچ کەسێکی تر ناچم
لە خۆم نەبێت
بۆیە
لە نێوان من و نووسەرێکی خۆفرۆش
قەڵەمێکی سەرکەش هەیە
لەنێوان من و سەرکردەیەکی درۆزن
نیشتیمانێکی بریندار هەیە
لەنێوان من و ژنە عاشقێکی دۆڕاو
خەونێکی سپی سپی هەیە...!



-١٤-

من درێژکراوەی
ئەو رۆژگارە ساکارانەم
کە لەبەر سێبەری
کەلاوەیەکی گەڕەکەکەمان
لەگەڵ کچانی دراوسێ
ساپساپانێمان بە ساتەکانی تەمەنمان دەکرد
خەمە خۆڵەمێشییەکانیشمان بەبا دەدا
بۆیە ئێستا
بووم بە کەسێکی ئیرۆسی و
خەونە سوریالییەکانیشم پڕن لە سێو

-١٥-

**من وام**
**لەوەتەی هەم**
**فڕینە ڕۆمانسییەکانم**
**لەنێو تەمێکی سپی کۆتاییان دێ**
**ژووانە شەو درەنگانەکانم**
**بە نەزیفبوون کۆتاییان دێ**
**ساڵەکانی نێو سەدەکانی غوربەتم**
**بە ئاوسبوون کۆتاییان دێ**
**هەموو قەسیدە درێژەکانم**
**بە زەردەخەنەیەکی منداڵیم کۆتاییان دێ**
**لاوکی بە عاشقبوونەکانم**
**بە شێتبوون کۆتاییان دێ**
**بەڵام تا ئێستا**
**ئەو هاوکێشەیەم بۆ شی نەبۆتەوە**
**کە دوادێڕەکانی**
**ڕۆمانەکەی تەمەنی (ناڵە حەسەن)**
**بە کام ئافات و**
**بە کام میلۆدی و**
**بە کام حیکایەت کۆتایی دێ...!**

تەمموزی ٢٠١٢

**دەقی تەمەن...**

دەقێکی کراوەیە، کراوە بە مانای تەواو نەبووە و تەواویش نابێت. دەقێکە لەگەڵ تەمەنی شاعیردایە، واتە تا شاعیر لە ژیاندا بێت، ئەم دەقەش بەردەوامی دەبێت. شاعیر لەم دەقەدا، منی خۆی دەنووسێتەوە، منی خۆی لەسەرووی هەموو منەکانی دەوروبەر دەبینێت. پەیوەندی ئەو منە بە ناوەوە و دەرەوەی خۆی ڕەسم دەکات. منی شاعیر ڕۆحێکە تژیە لە نەرجسییەت، نەرجسییەتێکی ڕەها کە لە پشتی هەر بەهایەکی مرۆیی ئەم ڕۆحە نەرجسییەتە ئامادەیی هەیە، ئامانجی شاعیریش لە نەخشاندنی ئەم ڕۆحە نەرجسییە ئەوەیە، کە بوونی خۆی

وەک مرۆڤ وەک پیرۆزترین بەها کە شایستە بە هەموو بەختەوەرییەک و جوانییەکە پێشان بدات. شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت بە رۆحێکی دیکارتیانە بڵێت (من شیعر دەنووسم، کەواتە من هەم...!) شاعیر لەڕێگەی شیعرەوە مەبەستییەتی بوونی خۆی وەک بوونێکی پیرۆز سەیر بکات، دەیەوێت بڵێت ئازادی و هەموو چەمکەکانی تر، تووڕەهاترین شتگەلێکن گەر مرۆڤ مومارەسەیان نەکات... شاعیر لە پانتایی ئەم دەقە بە هیچ ئاراستەیەکی دیاریکراو رێ ناکات، لە هەمانکات وەک رۆحێکی سەرکەش و یاخی، دەکرێت هەر ئاراستەیەک بگرێتە بەر. هەروەها شاعیر خۆی نابەستێتەوە بە چرکەساتێکی دیاریکراوی زەمەن، واتە زەمەن پێکهاتەیەکی ناکاریگەرە لەنێو رووبەری دەقدا. شاعیر هەموو ئەو گۆشە و رووداو و مەراقانە دەنووسێتەوە کە گەریگەری راستەوخۆیان لەسەر باری دەروونی و لەسەر خەون و خەیاڵ و پێکهاتە رۆحی و غەریزەیی و پێکهاتە بایۆلۆژییەکانی بوونی ئەودا هەیە. هەموو ئەو گۆشە و رووداوانەی رووبەری بیرەوەرییەکانی ئەویان رەنگرێژکردووە. راستە شاعیر لە دەقی تەمەن خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام ئەم دەقە جێگای ئۆتۆبایۆگرافیش ناگرێتەوە، واتە شاعیر نایەوێت سەرتاپای ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە.

ناڵە حەسەن
ئۆگەستی ٢٠١٢



# خەیاڵ کێشان

ڕۆژ هەڵەبجەیی



(١)

**کە بەهار پاپپی کێشا...**
**بەفر کە کاسکێتی لووتکەی چیاکانە،**
**نووچ دەدا...**
**پێدەشت جووتێک پێڵاوی سەوز،**
**لەپێ دەکا..!!**

(٢)

**شەڕ بۆ هەمیشە،**
**لە پێکەنینی گوڵێکدا هەیە...**
**ئاشتی بۆ هەمیشە،**
**لە ئاوسبوونی تفەنگ...!!**

(٣)

**پەنجەرە لە دڵی من دەکا،**
**بینین کەڵەکە دەکا و خۆی نابینێ...**
**تەفسیر بۆ هەموو باڵەکان دەکاو**
**بەڵام هەرگیز نافڕێ...**

(٤)

چڵەگیایەک زۆر خەمناک بوو،
(با) گۆرانی بۆ وت
گوێی لێ نەبوو...
ئاو شنەشن ماچی کرد،
گوێی لێ نەبوو...
کە خاک گریا و باوەشی کرد،
چڵەگیا بووە کچێکی عاشق...!!!

(٥)

بەهار پەڕەسێلکە دەچنێ...
ئاو لە درۆکانی سەراب دەبورێ...
سیاسەت بەهار و پەڕەسێلکە و
ئاو و سەراب،
بە درۆکانی دەکڕێ...!!

(٦)

ئەو دەمەی چاوەڕوانیم ونکرا...
خەمم چووە کۆڵان و نەهاتەوە...
تازە چاوەڕوانیم خەمێکە وەنەوز دەدا...!!

(٧)

کەلافاوی ڕەشەبا دێ،
گوڵی باخچەکەمان بەبێ ورتە
خەویان لێ دەکەوێ...!!

(٨)

هەور بە باڵی (با) فڕین حەشار ئەدا،
لەژێر کراسەکەی باران...
بیابان تەنها خەونێکی،
قاچاخی هەیە، بۆ فڕین
نیشتمانێک لە ئاوی شین...!!!

(٩)

ئەنفال کاولبوونی دارستانە،
بەچۆڵی...
ئەمەباڵندەیەک وتی...



ئەنفال قڕکردنی پێکەنینە،
لە ئاسمان...
ئەمە فریشتەیەک نالاّندی...

(١٠)

ئەو کاتەی بەیەکجاری،
شەپۆلی نیگەرانیم خامۆش دەبێ و
تەنیاییم تەریق دەبێتەوە لەهۆشم،
کە دەستم لوول بووە،
لە چمکی کراسەکەی دایکم...!!

(١١)

کە گۆچانێک یاخی دەبێ،
هەموو درەختەکان دەسووتێنێ و
پیری راو دەنێ...



کە ژنێکیش یاخی دەبێ،
هەموو فرمێسکەکانی دەخاتە
ناو جانتاکەی شانی و
تەنهایی دەفرۆشێ،
بۆ مەعشوقێک...!!

(١٢)

(با) پێلاّوی نییە،
سەر لەهەموو شوێنێک دەدا...
خۆر قاچی نییە،
دڵی هەموو دیوارێک دەگەڕێ...
ئاو دەستی نییە،
رەگی هەموو درەختەکان،
دەچنێ لە گۆرەوی سپی...!!

(١٣)

عاشق هیچ شتێک نابینێ،
بێجگە مەعشوقی...
رێبوار هیچ شتێک نابینێ،
بێجگە دووڕیانی...

شاعیر هیچ شتێک نابینێ،
بێجگە نیشتمانێک لە تەنیایی...!!

(١٤)

من دەزانم ڕۆژێک دادێ،
هەموو درەختەکان،
لە جەنگی جەنگەڵستان هەڵدێن،
بەرەو شەقامەکان هەنگاو دەنێن...
هەنگاوەکانیش بە مەرەکەبی سێبەر،
زاخاو دەدرێن...
ئەمە ئەدرەسێکە سەر
بە ڕێکخراوی شارستانی...!!

(١٥)

هەرکاتێک تفەنگ،
قژی شانە کرد بە گوللە...
رق و کینە هێرش دەکا...
باخچە لەشنیان دەکەوێ،
منداڵ بەردەبێتەوە لە کۆلارە...
باڵندە نیشتنەوەی،
لەسەر مەوداکانی مەرگە...!!!

(١٦)

چرا وتەیەک دەچرپێنێ،
بە گوێی دیوارا...
گەر تاریکی نەبێ،
نرخی من چی دەبێ؟؟
منیش دەڵێم: گەر کوردستانم نەبێ
قەرەجبوونی من لە کوێ هەڕاج دەکرێ...؟!



سلێمانی
٢٠١٢/٨/٣

# چەند
# شیعرێکی
# کورت

پەری شێخ ساڵح

دەمەوێت
دەستێکم لەسەر شانت بێت و
بە دەستەکەی ترم
دەستت بگرم
بەدەوری تۆدا بخولێمەوە و
سەمایەکی سپیت بۆبچنم
***
کە پێت دەگەم
ژیانم لەخەو هەڵدەستێ
خۆری پەنجەم و
مانگی باخچەکە مو
ئەستێرەی ئاسمانی ژوورەکەم
هەموویان بێدار دەبنەوە
***



بەر لەسپێدە
کۆترە بچکۆلەکەی رۆحم
لەخەو هەڵدەستێ
چرای سەر درەختی
ماڵەکەی ئەوبەر
دادەگیرسێنێ

***

لەنێوان
من و تۆدا
رووبارێکی لێڵ
لە گریان تێپەڕی

***

لەژێر بارانێکی
زۆر و
چەترێکی هاوبەشدا
تا ئەوپەڕی بێدەنگی
رێمان بڕی

***


چاوەکانت شینن
بۆ من بەڕەشی
دەبینی؟

***

تەزبێحێک
لەنێو پەنجەکانیدا
دەلەرزێ
رەنگبێ بۆ رەگی درەختێکم
شیفا بنێرێ

***

ئەوە (با)
بۆ شەرم ناکا
هەر کە دەمبینێ




بەپەناگوێمدا دەچرپێنێ و
ماچم دەکا
***
دوو خۆری ساردی هەڵقرچاو
دوو ئەفسانەی ماندوو
وەکو بورکانی دامرکاو
لە شەوی ئێمەدا
بڵێسە دەدەن
***
رەنگە رۆژێک
بڕیار بدەم
دڵم لە لوتکەیەک
هەڵدەمە خوارەوە
***
دوێنێ شەو
کە نیگامان یەکانگیربۆوە
رۆحم بە رەنگی بێڕەنگیت
خۆی رەنگرێژکرد
***
ئەمشەو
بەناو هەناسەی تۆدا
بەرەو ماڵ شۆڕدەبمەوە
***
ئەم دڕکە
چنگی لە گەردنم نابێتەوە
زۆر دەمێکە لەسەر رۆحم
شەرابی دیوەخانەکەی (ئیبلیس)
دەخواتەوە
***



سێبەر تیشکی نییە
کەچی
خۆر ئیرەیی پێدەبات!!

***

بە کلیلێکی رۆحیی
دەرگای دڵمت کلۆمداوە
ئەی لەوە ناترسی
رۆژێک لەپڕ کلیلەکە
یاخی بێت و
ئیتر دەرگای دڵم نەکاتەوە؟



***

خەیاڵم
شاردنەوەی منداڵیمە
لە دەستی گەورەیم

***

ئێستا
رۆحم وەنەوز دەدات
لەنێوان
پەنجەکانی دەستتدا
جاران
رۆحم تەنیاتر بوو لە خۆی
بێڕەنگی لە رەنگی خۆی هەڵکێشابوو

# خوێندنەوەی ئەم نووسینە
# بە پەنجا هەزار دینارە

ئاریان ئەبوبەکر

ئەم نووسینە شیعر نییە
ئەم نووسینە چیرۆک نییە
ئەم نووسینە رۆمان نییە
ئەم نووسینە نوکتە نییە
ئەم نووسینە وشەیە

- پێش خوێندنەوەی ئەم نووسینە پەنجا هەزار دینار لە گیرفانت دەربێنە، چونکە خوێندنەوەی ئەم نووسینە بە پارەیە (تەنانەت بۆ تۆش)
- تکایە هەموو ئەم نووسینە بخوێنەرەوە
نووسینەکە
لەنێوان دوو کەوانەدا نووسیم سفر

-٠-

نووسیم
لێم بپرسە پێم بڵێ
- لەم نووسینەدا گرنگترین وشە کامەیە؟؟؟

-١-

(باشترین نووسینی من ئەم سێ رستەیەیە)
...............
...............
...............

-٢-

(یەک تێبینی گرنگ)

ئەگەر دەتەوێت باشترین و زۆر باشترین نووسینی من بخوێنیتەوە

برۆ نووسینی (١٠٠٪ پەشیمانم) بخوێنەرەوە

-٣-

(جێگا گرتن)

٠،١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩

سفر، یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ

-٤-

(بۆشایی)

وتم

ئەم دوو بۆشاییە بە یەک وشە پڕبکەرەوە

(...............)

(...........................)

-٥-

(هەواڵەکان)

لە پێشبڕکێی بێزارترین مرۆڤدا من پلەی یەکەمم وەرگرت

-٦-

(سبەینێ)

کارێک مەکە سبەینێ لێی پەشیمان بیت

کارێک بکە سبەینێت بۆ خۆش بکات

من ئامۆژگاری کەس ناکەم مەبەستم خۆمە

ئەمەوێت سبەینێم باشتربێت لە ئێستام

-٧-

(ملیۆنێک جار سوپاس)
هەر مرۆڤ دێت و قاچ دەنێت بە زەویدا
ئەگەر زەوی بوومایە
ئەوکات دەمزانی کە قاچپێدانان چەند قورس و چەند بە ئازارە
وا پێویست دەکات رۆژی ملیۆنێک جار سوپاسی زەوی بکەم
ئەگەر مریشک بوومایە، دەنووکم لەو مرۆڤانە دەدا
کە هێلکە و رۆن دروست دەکەن و نایخۆن و فڕێی دەدەن
مرۆڤ نازانێت کرداری هێلکەکردن چەند قورسە
مرۆڤ لەوە تێدەگات کە مێرووله زۆر جوانە ئەگەر قاچی پیادا نەنێیت؟
کرمی فەریکەنۆک چەند لەسەرخۆ دەڕوات کە سەیری دەکەین
ئەگەر مێش بوومایە، ئەو کات دەمزانی کە گوو خۆراکێکی چەند خۆشە
بیرم کەوتەوە پاشان نووسیم

-٨-

(من)
من ناتوانم دڵم بە کۆکردنەوەی پارە خۆش بێت
بەڵام دەشزانم ئەگەر کرێی پاسم پێ نەبێت دەبێت بەپێ بگەڕێمەوە
جار هەبووە گیرفانم پڕبووە لە پارە و دڵم پڕ بووە لە خەفەت
جار هەبووە گیرفانم پڕنەبووە لە پارەو دڵم پڕ نەبووە لە خەفەت
جار هەبووە دڵم پڕ پڕ بووە لە خۆشی و گیرفانم هەر نەبووە

-٩-

(من)
من لەم قەرەباڵغییەدا تەنیایی لێم دەدات
تەنیای دەعمم لەگەڵ دەکات هەر وەک چۆن ئۆتۆمۆبێلێک لە
ئۆتۆمۆبێلێک دەدات لەوپەڕی خێراییدا
لەم قەرەباڵغییەدا تەنیایی پیامدا دەکێشێت
هەروەک چۆن کەسێک بە هەموو هێزی لە کەسێکی تر دەدات
من لەم قەرەباڵغییەدا تەنیایی لێم دەدات
هەروەک چۆن ساروخ لێت بدات

هەروەک چۆن فیشەک لێت بدات
هەروەک چۆن قیتار لێت بدات
هەروەک چۆن وشە لێت بدات
هاوڕێیەکم زۆر جار لەسەر تەنیای ئەو دێڕانەی دەوت

-١٠-

(من)
من چێژ لە تەنیایم وەردەگرم
ئەگەر دەتوانیت بەجێم بهێڵە
من چێژ لە تەنیایم وەردەگرم
ئەم قەرەباڵغییە سەرم دێنێتە ئێش
ناچارم حەبێکی سەر ئێشە بخۆم
قەرەباڵغی ئەوە نییە چواردەورت پڕبێت لە خەڵک
هاوڕێیەکم زۆرجار لەسەر تەنیایی ئەو دێڕانەی دەوت



-١١-

(هەزار کەس)
هەزار کەس وەستاون
دەڵێم کێ دڵی خۆشە دەست هەڵبڕێت
یەک مرۆڤ دەست هەڵدەبڕێت
بۆ جاری دووەم
دەڵێم کێ دڵی ناخۆشە دەست هەڵبڕێت
یەک کەس دەست هەڵدەبڕێت
سەیر دەکەم هیچ کەس لێرە نییە
هەردوو جارەکە من بووم کە دەستم هەڵبڕیبوو

-١٢-

(من نەبووم)
ئەو شیعرانەی کە بڵاوم کردنەوە من نەم نووسیبون، شیعری من نەبوون
ئەو تابلۆیانەی کە نمایشم کردن من دروستم نەکردبوون تابلۆی من نەبوون

ئەو گۆرانییانەی کە بە دەنگی من گوێت لێبوون دەنگی من نەبوون،
گۆرانی من نەبوون
ئەو مۆسقایانەی کە من عەزفم کردن من نەم نووسیبون
ئەی (خودا) بم گەڕێنەرەوە بۆ ئەو ساتانەی کە هیچ شتێکم تێدا ئەنجام
نەداوە

-١٣-

(کیلۆ)
خەفەتەکانم دەکێشم یەک ملیۆن و نیو تەن دەبێت
خۆشییەکانم دەکێشم، تەرازووەکە دەشکێت
پێم وابێت تەرازووەکە لە توانایدا نییە شتی وا کەم بکێشێت
یان شتی کێش زۆری وا بکێشێت

-١٤-

(مرۆڤ)
مرۆڤ بە هیچ شتێک تێر ناخوات
بە بەردەوامی شتی دەوێت
مرۆڤ خراپ سەری لێ تێکچووە
هەر دەزانێت خۆراک بخوات و گوو بکات و سێکس بکات
عاتیفە کەم کەم بۆتەوە

-١٥-

(من)
رووانینم لە پەنجەرەی نووسینەوە ناگاتە جێ
من چی دەڵێم و هاوڕێکەم چۆن تێدەگەیت، هاوڕێکەم لێم تێناگەیت

-١٦-

(عەمەلیات)
ئەخلاق بە وشە، بە هەڵە عەمەلیاتی بۆ ناکرێت
ئەخلاق ئەخلاقە

-١٧-

(گووڵ)

من گووڵ نیم، من گووش نیم
کەواتە من هیچیان نیم
پاشان لە دوو کەوانەدا نووسیم

-١٨-

(کات)

کات زۆر گرنگە
چیت هەیە لە کەمترین کاتدا پێم بڵێ
هەوڵبدە زۆرترین چاکە لە کەمترین کاتدا بکەیت
یان هەوڵبدە لە زۆرترین کاتدا هیچ خراپەیەک نەکەیت
باش

-١٩-

(تۆم خۆشدەوێت)

ئەگەر بڵێم تۆم زۆر زۆر خۆشدەوێت درۆ دەکەم
ئەگەر بڵێم تۆ زۆر زۆر گرنگیت لەلام درۆ دەکەم
چونکە
من (خودا)م لە هەموو شتێک خۆشتردەوێت
لە لای من (خودا) لە هەموو شتێک گرنگترە

-٢٠-

(پێم ناخۆشە مرۆڤ ئازار بدرێت)

بێهێز بووم
کەوتم چەناگەم دای بە سووچی شەقامەکەدا
چیمەنتۆ رەنگ رەساسییەکە بە سوور خوێناوی بوو
ئەو هەواڵە زۆر ناخۆش بوو کە تۆ پێت وتم
کاری تێکردم و بێهێز بووم کەوتم
پێم ناخۆشە مرۆڤ ئازار بدرێت
هاوارم دەکرد

**بە دەنگی بەرز**
**کاتژمێرە هەڵواسراوەکە لە بەرزی دەنگم دەکەوێتە سەر قەراغی قەنەفەکە و ناشکێت**
**کات هەر بەردەوامە ئەگەر من نەشزانم کاتژمێر چەندە**
**هاوارم دەکرد، دەمقیژاند**
**دراوسێ کۆنەکەمان کە ئێستا باریان کردووە و لە شارێکی تر دەژین**
**دەیزانی بۆ دەقیژێنم**
**چونکە پێم ناخۆشە مرۆڤ ئازار بدرێت**

-٢١-

**(قتوویەک معەلەبات پڕ لە وشە)**
**لە ناویدا ئەمانە هەبوون**
**وشەی پێڵاو بزمار لاپتۆپ...**
**لەناو قتووەکەدا شەبەکەی ئینتەرنێت هەبوو، ئیمەیلێکم بۆ ناردیت**
**نازانم پێت گەیشت یان نا**
**نازانم تۆ بۆ وەڵامی ئیمەیڵ و نامە و تەلەفون و سڵاو و چۆنی و چاکی من نادەیتەوە**
**لە سوچێکی قتووەکەدا قتوویەک هەبوو دەجولایەوە**
**لەناو قتووە جوڵاوەکەدا مانگایەک هەبوو، مانگاکە سکی هەبوو**
**واتە لەناو قتووەکەدا دوو مانگا هەبوون**
**لەسەر قتووەکە وێنەی قتوویەک هەبوو**
**لێی نووسرابوو تکایە دوای بەکارهێنان قتووە بە تاڵەکە بخەرە تەنەکەی خۆڵەوە**
**باش**

-٢٢-

**(پەنجا هەزار دینارەکان)**
**ئەو پارەیەی کە بەهۆی ئەم نووسینەوە پێم دەگات**
**نیوەی دەکەم بە خێر و نیوەکەی تری بۆ من**

-٢٣-

(ئامۆژگاریم بکە)
هەستت چۆنە؟
کاتێک کە کەسێک لەبرساندا دەمرێت و تۆش ئەوەندەت خواردووە
خەریکە دەڕشێیتەوە
لێم بپرسە
بڵێ: گوڵ جوانە یان مرۆڤ
دەڵێم: مرۆڤ
ناکرێت مرۆڤ بکرێت بە دەرگا، مرۆڤ دەتوانێت دەرگا دروست بکات
ناکرێت مرۆڤ بکرێت بە کلیل، مرۆڤ دەتوانێت کلیل بەکاربهێنێت
مرۆڤ زۆر گرنگە
لێم بپرسە و پێم بڵێ: خانوو گرنگە یان مرۆڤ
دەڵێم: مرۆڤ
مرۆڤ لە سەیارە و لە پارەش گرنگترە
لێم بپرسە پێم بڵێ گرنگترین خۆزگەت چییە؟
دەڵێم گرنگترین خۆزگەم ئەوەیە کە (خودا) لێم رازی بێت و لە تاوانەکانم
خۆش ببێت
پرسیارم لێبکە، لێم بپرسە بڵی
ئێوە خانووەکەتان چەند ژوورە؟
چەندەها مرۆڤ لەبەر بێ جێگایی لە شەقامەکاندا دەخەون
تۆ هەفتەی چەند کیلۆ گۆشت دەخۆیت؟
چەندەها مرۆڤ لەبەر بێ خۆراکی مردن
پرسیارەکان بوەستێنە
رۆژێکیان گوێم لێبوو
کەسێک وتی
لە یەک ژەمدا بیستونۆ شیش گۆشتم خوارد بە سیویەک نانی بازاڕییەوە
لەگەڵ حەوت سوراحی ئاوی سارددا.
بەردەوام بە، لێم بپرسە پێم بڵێ:
مانگ بەو جوانییەوە بە ئاسمانەوە
چۆن دەبێت شەوی دوو سێ جار سەیری نەکەین
تۆ بیرت لەوە کردۆتەوە زەوی چەند جوانە، خۆر چەند گرنگە

لێم بپرسە پێم بڵێ: دڵت خۆشە؟
دەڵێم لەو کاتەوەی کە مرۆڤم دڵم خۆش نەبووە
گاڵتەدەکەم ئەمە موبالەغەیەکی زۆر گەورەیە
پرسیارم لێبکە، پێم بلێ؟
خراپترین شت ئەوەیە مرۆڤ ببێت بە بکوژ
هەر پرسیارم لێبکە بڵێ:
کە ئاوەکەم خواردەوە دەبە بەتاڵەکە دەکەمە تەنەکەی خۆڵەوە و لەملا و لا
فرێی نادەم
پێم بڵێ:
بەم هەموو عاتیفەیەوە جارجار پێم وایە دڵرەقم
کە بەکتریایەک دەمرێت من خەفەتی پێ دەخۆم
بەم هەموو خەمەوە
کە یەکێک پەرداخێک دەشکێنێت یان هەرشتێک دەشکێت یان هەر
شتێک روو دەدات
ئەگەر یەک جار بە من بڵێن: ئەوە تۆ شکاندت؟
وا دەزانم من بووم پێدەچێت بڵێم: بەڵێ من شکاندم
هەرچەندە منیش نەبووبێتم
پێم بڵێ تۆ تا ئێستا چوویت بۆ گۆڕستان؟
ئەو شوێنەی پڕە لە مرۆڤی مردوو
کە دەڕۆیت بۆ ئەو شوێنە هەستێکی سەیرت دەبێت
من نازانم باسی ئەو هەستانە بکەم
بەڵام رۆژێک دێت منیش دەمرم
لەسەر لافیتەیەکی رەش ناوم بە خەتاتی دەنووسرێت
رۆژێک دێت دەمرم و دەخرێمە ژێر خۆڵەوە
لە یەکێک لە گۆڕستانەکاندا
تکایە ئەگەر توانیت دوعام بۆ بکە
ئێستا پرسیارم لێبکە پێم بڵێ:
پێش مردنت
چۆن هەناسە دەدەیت؟
چ قسەیەک دەکەیت؟
بۆ کوێ دەڕۆیت؟



چۆن دەبیت؟
بیری کام ڕۆژ دەکەیت؟
ڕۆژێک زۆرە
مرۆڤ دەتوانێت لە یەک ڕۆژدا زۆر کاری باش بکات
مرۆڤ دەتوانێت لە کەمترین کاتدا باشە بکات
پرسیارم لێبکە پێم بڵێ
تۆ تا ئێستا چەند جار گریاویت؟
پێویستە مرۆڤ هەندێک عاتفی بێت
پێویستە مرۆڤ کەمێک بگری
ئەم هەموو باڵندەیە مردن
ئەم هەموو مرۆڤە کوژران
ئەم هەموو مرۆڤە لەبرسا وشکبوونەوە
ئەم هەموو مرۆڤە لەخەفەتدا دڵیان تەقی
ئەم هەموو مرۆڤە لەناو بێ جێگایدا مردن
بیرت نەچێت مرۆڤ دەمرێت
ڕۆژێک دێت
دەڵێن فلان کەس مردووە
ئیتر من شێتتر دەبم هەر خەفەت دەخۆم بە نهێنی دەگریم
بیرمە ڕۆژێک دێت منیش دەمرم
ڕۆژێک دێت تۆش دەمریت
ڕۆژانە مرۆڤ دەمرێت
هەموو هەفتەیەک مرۆڤ دەمرێت
هەموو کاتژمێرێک مرۆڤ دەمرێت
هەموو چرکەیەک مرۆڤ دەمرێت
هەفتەیەک
چرکەیەک
ڕۆژێک
نازانمساڵێک دێت منی تێدا دەمرم
ئەی (خودا) لێت دەپاڕێمەوە پێش مردنم لە خراپییەکانم خۆش بە
هێشتا نەمردووم
چەند ڕۆژێکی تر دکتۆراکەم تەواو دەکەم

به شەش حەوت شەهادەوە هەر دڵم خۆش نییە
بە نیازم هاوین لە کەنەدا بەسەر بەرم، بەڵام وابزانم پەشیمان دەبمەوە و
دەگەڕێمەوە بۆ سوید دەڵێم: ماوەیەکی زۆرە لە فەرەنسام
لەپڕدا خەبەرم دەبێتەوە
کەچی هەموو شەوێک خەو بە سلێمانییەوە دەبینم
زۆر بیری بیرکردنەوەکانم دەکەم
ئەگەر لە تەیارەدا جێگام ببێتەوە
بەناو خۆمدا سەفەرێک دەکەم
تەیارەیەک بەو تایە زلانەوە هاتۆتە ناو سێبەرەکەمەوە
مرۆڤێک بەو هەموو خەونەوە هاتۆتە زاکیرەمەوە
لەوبەری شەقامەکەوە پێم دەڵێیت: باش بە
کە پێم دەڵێن: باش بە زۆرم پێخۆشە
باش بە ئامۆژگارییەکی زۆر باشە
ئادەی ئێستا پێم بڵێرەوە باش بە (باش بە)
منیش دەڵم باش
دڵم ئێشێت
زۆر خەمی ئەوەمە فریا نەکەوم باش ببم
زۆر خەمی ئەوەمە فریا نەکەوم کاری باش بکەم
سەیرێکی تەمەنم دەکەم
بیری ئەوەم دەکەوێتەوە کە مردن بە تەمەن نییە
لوتم دەخورێت
مێشوولەیەک لەسەر لوتم نیشتۆتەوە و لەناکاو دەفڕێت
مێرووڵەیەک شتێکی هەڵگرتووە نازانم خوێیە یان شەکر
گوڵێک لەناو کونە بلۆکێکدا رواوە
نازانم بلۆک جوانە ئینجانە بێت یان نا
لە دوورەوە دەنگی ئیسعاف دێت
واتە کەسێک نەخۆشە
خەفەت دەخۆم
ئۆتۆمبێلێک بە خێرایی بە تەنیشتمدا دەڕوات
دەست دەبەم بۆ سمێڵم و منداڵیمم بیر دەکەوێتەوە
هەنگاو دەنێم لە سێبەرەکەمدا دیارە کە من گەورە بووم

لووتم پڕ بووە لە چڵم
چڵم منداڵیمم بیر دەخاتەوە
ئەو چڵمەی منداڵی ئەم چڵمەی ئێستا نییە
ئەو گریانەی منداڵی ئەم گریانەی ئێستا نییە
من دڵم پڕە پێم وایە خەریکە دەگریم
گوێم لێیە منداڵێک لە پشتمەوە
بە دایکی دەڵێت:
دایکە گیان بای دووسەد و پەنجا دینار پاقلەم بۆ بکڕە
ئەم رستەیە منداڵیم بیر دەخاتەوە
ئەو کاتە باوی ئەم پارەیە نەبوو
ئێستا پاقلە تامێکی تری هەیە کە لەگەڵ دایکمدا نیم
ئێستا بازاڕ ناو نراوە سۆپەرمارکێت
من کە تەمەنم شەست حەفتاساڵە
حەزم لە خۆراکی ناو قووتوو نییە
پاقلە وا خۆشە بکرێتە ناو کاغەزەوە
پاقلە وا خۆشە دایکت بۆم بکڕێت
جەژنانە وا خۆشە باوکت پێت بدات
بەردەوام پرسیارم لێبکە و پێم بڵێ
جاران قژم رەش رەش بوو
وەک قیر رەش بوو
ئێستا سپی سپی بوو



پرسیارم لێبکە پێم بڵێ: چی دەکەیت ئێستا
دەڵێم: دەنووسم
پرسیارم لێبکە
پرسیارێکی ترم لێبکە
پێم بڵێ:
گوێم لێتە قسەم بۆ بکە منیش شتەکان دەژمێرم
شتەکان دەژمێرم
بۆ نموونە
تا ئێستا دوو سێ رەزی شەش حەوت دۆنمی میوەت خواردووە
چەندین مەرەزە برنجت بە کولاوی و بە شۆربایی خواردووە

پڕ چەندین کێڵگە پەتاتە و سێوی بن ئەرز و چەنەوەرت خواردووە
تا ئێستا نیو دەریا زیاتر ئاوت خواردۆتەوە
نیو ئۆقیانووس ئاوت سەرف کردووە بۆ خۆشتن
بە لایەنی کەمەوە هەزار مریشک و پێنجسەد مەڕ و مالاّتت بە برژاوی و بە
کولاّوی خواردووە
مرۆڤ شت زۆر دەخوات
تا ئێستا دووسێ فەردە گوڵەبەڕۆژەت خواردووە
مرۆڤ شت زۆر دەخوات
مرۆڤ ئەو هەموو گووەی کرد
مرۆڤ سەر زەوی پڕکرد لە گوو
مرۆڤ شت زۆر دەخوات
گوڵەبەڕۆژە دەخوات بنێشت دەجوێت
میوەکان دەکات بە شەربەت
مرۆڤ زوو زوو شت دەخوات
لە هەمان کاتدا مرۆڤ هەیە لەبەر بێئاوی دەخنکێت
لە هەمان کاتدا مرۆڤ هەیە لەبەر برسییەتی لە برسا دەمرێت
لە هەمان کاتدا مرۆڤ هەیە حەز بە خواردنی شلە و برنجێکی سادە
دەکات، بەلاّم لەبەر بێ پارەیی نایخوات
مرۆڤ نابێت بیری بچێتەوە کە یارمەتی مرۆڤ بدات
تۆ پێم دەڵێیت:
تکایە یارمەتی ئەو مرۆڤە بدە
تکایە یارمەتی ئەو مرۆڤە بدە، ئەگەر برسییەتی ئەگەر پێویستی بە هەر
هاوکارییەکە تکایە بە پێی توانات یارمەتی بدە
پێویست دەکات مرۆڤ یارمەتی مرۆڤ بدات
پێویست دەکات
کە میوەمان خوارد
پێویست دەکات
کە چێشتمان خوارد
کە گوڵەبەڕۆژەمان خوارد
پێویست دەکات کە هەر شتێکمان خوارد سوپاسی (خودا) بکەین
پێوست دەکات لە هەموو کاتێکدا سوپاسی (خودا) بکەین

پێویست دەکات ئەو کاتەی کە شت دەخۆین
ئەو کاتەی کە شت ناخۆین
ئەو کاتەی کە دەڕۆین
ئەو کاتەی کە ناڕۆین
ئەو کاتەی کە خەوتووین
ئەو کاتەی کە نەخەوتووین
هەموو کاتێک پێویستە سوپاسی (خودا) بکەین
(خودا)یە سوپاس بۆ هەموو ئەم شتانە
پرسیارم لێبکە
من بە راستی حەز بە خواردنی کاهوو دەکەم
زۆرم پێخۆشە باوکم کە لە بازاڕ گەڕایەوە قەڕنابیتمان بۆ بێنێت
زۆرم پێخۆشە بۆ ئەم زستانە دایکم مرەبای هەرمێ و هەنجیرمان بۆ
دروست بکات
پرسیارم لێبکە
پێم بڵێ: رۆژێک
رۆژێک من زۆر بێزار بووم خەریک بوو تفێک بکەم
تاقەتم نەبوو تفەکە رۆ بکەم
تفەکەمم قووت دایەوە
تۆ لەوبەری شەقامەکەوە بە تەلەفۆن پێت وتم
بێزار مەبە چەندەها کەس هەن لە تۆ بێزارترن
چەندەها کەس هەن خەفەتیان لە تۆ زۆرترە
مرۆڤ دەبێت خۆڕاگر بێت
منیش وتم: باش.
گوێم لێتە
ئامۆژگاریم بکە
دامبنیشێنە و راستەوخۆ پێم بڵێ: ئامۆژگاریت دەکەم
ئامۆژگاریم بکە و لێم توڕە ببە
هەر چۆنێک بووە ئامۆژگاریم بکە
بە نامە
بە ئیمەیڵ
بە دەستنووس

به گۆرانی
به نووسین
به هەرشتێکی تربێت ئامۆژگاریم بکه
ئامۆژگاریم بکه و پێم بڵێ: مرۆڤ دەتوانێت باش بێت
پێم بڵێ: خۆراکی حەرام، نەخواردنی باشتره
پێم بڵێ: فڕینی حەرام، نەفڕینی باشتره
گوڵی حەرام هیچ جوان نییه
سێکسی حەرام، نەکردنی خۆشتره
پارەی حەرام، بێ پاره بیت باشتره
قسەکردنی حەرام، قسەنەکردنی باشتره
هەموو شتێکی حەرام خراپه.

- پێویسته هەمیشه گرنگترین وشەت له بیربێت.
باش
- ئەو پەنجا هەزار دینارەی که سەرەتا له گیرفانت دەرت هێنا هەڵیبگرەوه
بۆ خۆت
ئەوه دیاری منه بۆ تۆ.
باش
..........

-٢٤-

(تەواو)
ئەم نووسینه تەواو بوو بڕۆ به لای ئیشوکارتەوه



# ڕێی هات و نەهاتی چاوەکانت

د. لەتیف هەڤرێست

**ئەی شۆخەژنی باڵاقەشەنگ**
**کاتێ گەشتی ڕێی نەهاتی چاوەکانت ئەگرمە بەر**
**وا تێ نەگەیت نەهاتمە**
**نەک هەر برژانگ، نەک پەرچەمی وەک شەوەزەنگ**
**بکەی بە قەڵای سەختی جەنگ**
**بەڵکو ئەگەر**
**بەربەستی سەر ڕووباری فرمێسکەکانت**
**بە کەللەسەر هەڵچنرابێت**
**بۆ گەیشتن بەو لێوانەت**
**ئەوسا گەرمەی خەباتمە**

*******

**کاتێ قژی هەتاو ئەڕنم**
**با باوەڕی ئەهریمەنی تاریکەشەو پشتئەستوور بێت**
**من دژواری ڕۆشنایی نیم**
**بەڵکو ویست و مەبەستی من**
**ماچی ورشەی پشکۆیەکە لە لێوی ئەو،**
**ئەو خەونەی دیم**
**بۆی سەلماندم،**
**ئەستێرەکان، بە باکتریای جریوە- جریوەی وشەکانیان**
**سنگی هەوری بێ بارانی بە خۆر دوژمن**



ئەکەن کون کون،
کەواتە رووی هەتاوی من
بە بێژنگی ئەو ناگیرێ

***

کاتێ بنێشتی ژانەکان
لەناو دەمی زامەکانا
قەوچەی گریان
ئەدەن بە گوێی گولەکانا
با لێت روون بێت، ئازارەکان
یاخی ئەبن
لە دەست ئازاری ژانەکان

***

خۆر کەژاوەی دەنگی خوایە
ژان تامەزرۆی باوەشی تۆی لە دڵدایە
دڵی منیش دیدەگای زامی بڕوایە
لەناو کوورەی هەر چاوێکما
تیشکی خۆری بیروباوەڕ زۆر شەیدایە
بۆ باوەشی ئەو سەنگەرەی
لە دەروونیا کەللەسەری ئادەمیزاد
چاو ئەبڕێتە بەنرخترین سەرمایە

***

لە فەرهەنگی وشەکانا
هیوا و ئاوات دوو دڵدارن
لە پەیوەستی خواستەکانا
مارەبڕی دادگای شارن
بەڵام لەلای ئێمەی مرۆڤ
دوو دژوارن
خوێن لە کاسەی سەری یەکا
ئەکەن بە گەرووی نەمانا
بە قورتمی ورتەی وشە بێ رازەکانا

***

**ئاوات نامەی پەیامبەری هەستەکانە**
**ئاوات گەرووی پێکەنینی بەستەکانە**
**ئاوات بەزمی گوێی ڤیۆلینی مەستەکانە**
**ئاوات بنکەی شێتبگری نەستەکانە**
**بەڵام هیوا**
**ژاڵەی رۆژگاری تەمەنە**
**لە ئاهەنگی ناسۆری بێ ئارامیدا**
**چەپەرێکی زورناژەنە**
**کەچی هێشتا ویستی ئارام**
**بۆ جێژووان، بۆ گەیشتن بە تۆی ئاوات**
**هیوا ئەکا بە مەنزڵگا**

ڤیەننا- ئوتریش (نەمسا)

## وڵات

لەساڵی ١٩٩١ لە شاری ڤیەننای پایتەختی ئوتریش (نەمسا) ئاهەنگێکی رەسمی دەوڵەتی ئوتریش سازکرا بۆ پشتگیری لە گەلی کورد و دژایەتی بەکۆمەڵ - رەدوونانی میللەتی کورد لەلایەن رژێمی ئەوسای عێراقەوە. لەو ئاهەنگەدا سەرۆک کۆماری ئێستای ئوتریش هاینتز فیشەر (کە ئەوسەردەمە هێشتا سەرۆک کۆمار نەبوو، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمانی ئوتردش بوو)، وتارێکی بەسۆزی بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد خوێندەوە و ئاهەنگەکەی کردەوە. منیش لەو ئاهەنگەدا ئەم شیعرەم بە زمانی ئەڵمانی خوێندەوە. پاشان تەرجومەم کرد بۆ کوردی. ئێستاش دەمەوێت کە خوێنەرانی گۆڤاری هەنار و ئەدەبدۆستانی کوردیش لەو دەقە بێبەری نەبن و بیخوێننەوە.

**لێیان پرسیم، کە خەڵکی کوێم؟**
**وتم کوردم**
**کورد؟!!!... کورد**
**پرسیار، سەرسام**

دووبارە خۆی هاویشتەوە ناو گوێی مەرام
کورد چیە؟... ئایینە یان خێڵ؟
تیرەیە، یان دەستە و هۆزەک؟
وتیان خەڵکی کام وڵاتی؟
کامە دەوڵەت،
کام حوکومەت هینی تۆیە؟
لەسەر نەخشە، کام سنووری سیاسی
دەوری خاکی تۆی داوە؟
ئاڵاکەتان شێوەی چۆنە؟
وەڵام مردوو،
وەک دەنگێکی شەرابردوو
بەڵام خەون زیت و زیندوو
- وڵاتەکەم "کوردیا"یە
پایتەختەکەی "کوردۆپۆلیس"
وڵاتەکەم کۆئاوێتەی بەفر و چیایە
پەرستگایە بۆ ئاشتییەک
بە دەروازەی رووی مێژوودا لە خاچ دراو
ئاڵاکەی سوورێکی خوێنباو
لە ناوەندیا
کۆترێکی سپی ئاشتی
چڵێ سونبول لە دەنووکیا،
وڵاتەکەم بێ سووپایە
چوون گەلەکەی شەڕخوا نییە
وڵاتەکەم "کوردیا"یە
پایتەختەکەی "کوردۆپۆلیس"



ڤیەننا- ئەیلوول ۱۹۹۰

# تابلۆیەک لەناو خوناوەکانی چاوی تۆدا



ئەحمەد قادر سەعید

-١-

قەتیسمانی دوا دڵۆپی ئەوخوناوانەی لە چاوانتدا دادەبارین و بەریان بە بینایت دەگرت، وای لە هەستی دەروونم کرد، بەبێدەنگی لەگەڵیاندا بێتەدوان. هەستی دەروونم لەم دواندنەدا نیازی وابوو چیرۆکی ئەم قەتیسمان و داباریني خوناوانە بنووسێتەوە و هێدی هێدی بەر بەلافاوی دابارینیان بگرێت و هێرشیان هێور بکاتەوە، تا لەدواییدا باسی ئەو ئەندێشانەی لە بازنەی چاوتدا ببوونە مرواری و خۆیان نیشانی هەستی پڕ لە حەسرەتم دەدا و بەناو قوڵایی رۆحمدا رۆدەچوون، لەناو ناخمدا تۆماریان بکات، کە دڵنیام بە تۆمارکردنیان یادەکان دەبنە دیرۆکی ئەو ئەوینەی خۆسووتان دەکاتە پلەیەک لە پلەکانی قوربانیدان. لە ساتەوەختی دواندنی لافاوی خوناوی چاوەکانت و بیرکردنەوەی هەستی دەروون لە تۆمارکردن و یاداشتکردنی هۆکارەکانیان، لە بیناییمدا لافاوی خوناو پانتایی چاوەکانتی دەتەنی و تادەهات لە سەرەڕێژ بوون نزیک دەبوونە. وەک ئەوەی هەستیان کردبێ کە دەروون پێنووسی تۆمارکردنی بەدەستەوە گرتووە

و نووکی خامەی خستۆتە سەر لاپەڕەکانی تۆمارگا و نووسینەوەیانی دەست پێکردووە و دوای نووسینەوەشیان، یاداشتەکان دەخاتە ناو هەگبەی یادگارەکانی رۆژانی تەمەنەوە و هەرلەوێشدا دەیان پارێزێ. لە تێڕامانی ئەم هەستەدا خوناوەکان خەریک بوون قەبارەی چاوت بەجێبهێڵن و لەسەر گۆنای ئاڵی ئەو ساتەدا دوا پەیڤی خۆیان ئاراستەی چاوانت بکەن، بەڵام بەر لەم ئاراستەکردنە، ئاوا لەگەڵ هەستی دەروونی پڕ لە تاسەی مندا کەوتنە دوان:

-"ئەوە سەرەتای ئەو چرکەساتانەن کە گیان تیایدا دەبێ بە دەواری ئەوینێکی مەزن و لە دەشتی بژوێنی هیوادا، هەگبەی سەفەری دوورودرێژی ئەم رێبازە دەکاتەوە و دەواری ئومێدی لێ هەڵدەدات، هەتا دوای پشوودان و حەسانەوە بەسەر باڵی "شنەبا"دا خۆی بۆ گەشتی گەیشتن بە مرازەکان ئامادە بکات. ئەوەتا هەر لە سونگەی ئەو حەسرەتەوەیە چاوەکانم نمایشی ئەو دابارینی خوناوانەیان دەست پێکردووەو هەر ئەو نمایشە کارامەیەشە سیمای منیان کردووە بە کارەکتەرێکی بەئەزموون و لەسەر سەکۆی شانۆی ژیاندا بەو تەرزە کارامەیی خۆی دەسەلمێنێ".

لەپاڵ دابارینی هەر دەنکە خوناوێکدا چاوەکانت روویان لە ئاسۆی روانینی چاوەکانی من دەکرد و لەگەڵ هەستی سەرسامیدا دادەکەونە دوان و پێیان دەگوت:

-"من کە لە هەناسەی گوڵ ناسکترم، پێت سەیر نەبێ کە خوناوەکانم لەو هەنسکانە سەرچاوەیان گرتبێ کە پەپوولە لە حەسرەت وەرینی گەڵاکانی گوڵی دوا رۆژەکانی بەهاردا دایاندەبارێنێ. کێ خوناوی چاوەکانی پەپوولەی دیوە لەو کاتەدا کە هون هون لە بەرامبەر باڵای گوڵدا دەوەرن و خەم بۆ ئەو لێکدابرانە دەخۆن کە لەنێوانیان دێتە ئاراوە، لەکاتێکدا لەوەش دڵنیایە کە تەمەن رێی پێنادات لە وەرزێکی نوێدا باوەش بۆ لەئامێزگرتنی گوڵی تامەزرۆی حەزی بکاتەوە و لەباوەشی گەرمیدا پشوویەک بدات و سەرخەوێک بشکێنی و خەونی وەنەوشەیی تێدا ببینێ. پەپوولە حەزدەکات هەر لە ساتی لەباوەشگرتن و خەون بینیندا خوناوەکانی ببن بە هەڕژنی باران و داباڕێنە سەردەشت و دوندی فراوانی ئەو ئەوینەی ساڵانە بەدوای پێ گەیشتنیدا وێڵە و هەگبەی چاوەڕوانی بۆ لەکۆڵ ناوە، لە کاتێکدا لەوە بەئاگایە کە تەمەنی بەیەکگەیشتنەکەی لە چەند رۆژێک زیاتر بڕ ناکات، بەڵام دڵخۆشە کە لەو ساتە کەمەی بە ئامێزی شاد دەبێ و ئەو ئارامییە دەچنێتەوە کە لە وەرزی سەرماوسۆڵەدا خۆی لێ ونکردووە. ئەوهیوای وایە لە سونگەی ئەم لەئامێزگرتنەدا تەلاری عەشقیان بەرزبکاتەوە،

تا کۆرپەی ئاواتی چاوەڕوانکراوی لەدایک ببێ و بەتاسەوە لەئامێزی بگرێ و لەناو لانکەی نازی خۆیدا رایژەنێ و هەر خۆشی پەروەردەی بکات و لەناو نازی خۆشەویستیدا هێلانەی ئومێدی بۆ دامەزرێنێ، بەڵکو چاوی کۆرپەی حەزی بگەشێتەوە و خەونە پەپوولەییەکانی کانی بێنەدی".

-٢-

دابارانی ئەو خوناوانەی لە چاوانی تۆدا دادەبارین بەخێرایی لەسەر سفرەی ئیحساسی مندا چەندین پرسیاریان رادەنا، نهێنی بوونی ئەوینێکی مەزنیان ئاشکرا دەکرد، کە رۆژانێک لەناو تێڕوانینەکانی دەروونتدا خۆیان حەشاردابوو و لەو ساتەی ئێستادا لەگەڵ تۆیەکی گەورەتر لەو لەمپەرانەی زەمەن هێنابوونییە ناودنیا تایبەتییەکەتەوە و کردبوونی بەربەست و رووناکی چاوی ئەوینتیان لێڵ دەکرد، لەگەڵ منێکی گیرۆدەی ناو لافاوی خوناو کەوتبوونە ململانێیەکی سەختەوە، بەڵام هەستی وەڵامدانەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە دابارینی بەخوڕی ئەو خوناوانە راڤەن بۆ عەشقێک لە دڵدا نەمری بەباڵای بڕاوە و لە دەروونتدا تواوەتەوە و بە من و بە تۆ و بە هەموو دنیا را دەگەنێ کە ئەوین ئازارێکە بە ئێش، بەڵام کاتێک لەگەڵ فرمێسکەکانی چاو و حوزنەکای زەمەندا ئاوێتە دەبێ، چەندین تابلۆی نەمر بەرهەم دەهێنێ. ئەم تابلۆی خەم و ژانەش کە ئێستا لە دابارینی خوناوەکانی چاوی تۆدا خۆی دەنوێنێ، لە ئەنجامی هەمان خەم لەدایک بووە و دەروون بەدیارییەوە چەندان شەونخوونی کردووە. هەتا لەناو دنیای فراوانی ئەودیو روانین و لە چاوان نەدیودا بووە بە بەشێک لە بونیادی تۆ و ئەوەتا بەچاوی خۆت دەیبینی چۆن خوناو لەناو مێرگی تاسە و خۆزگەکانتدا گەشە دەکات.

تۆ لەگەڵ ئەندێشەکانی رۆحدا ئاوێتەی یەکتر ببوون و منیش بە ئاراستەی دابارینی خوناوی چاوەکانی تۆ بینابیم کردبووە روانگە تا لەو رێڕەوە ناسک و هەستیارەدا پێت بڵێم:

-"دوودڵ مەبە، یادەکان زۆر بەسوێن، بۆیە ئەم لافاوی خوناوەیان کردووە بەو تابلۆ پڕ لە ئەفسوونەی هەست لە ئاست مەزنیدا دەستەودامان وەستاوە و لەگەڵ خەندەکانی خۆنواندن و نمایشکردنیدا وەکو گوڵێکی پاراو گەشە دەکات. ئەوە ئەو تابلۆیەیە کە من بەچاوی دڵ دەیبینم و لە هێڵکارییەکانی دامەزراندنیدا رۆحم سەرمەستانە بەشداری دەکات".

چاوم لێتە تۆ ئێستا وەک هونەرمەند جووڵە بە رەنگەکانی ناوتابلۆکە دەکەی

و دەتەوێ بە داباریني هەر دڵۆپێکیان دیمەنێک بنەخشێنی کە لە رەنگی باڵەکانی پەپوولە بچێت و باس لەو قەتیسمانانە بکات کە لەوساتە وەختەدا دادەبارێنە سەر گۆنای ئاڵ و بەرە و نزارەکانی روو دەخزێن و هێمن هێمن بەرەو دامێن رێ دەکەن و دەبنە هەوێنی وەدیهاتنی ئەو حەزانەی لەناو تابلۆی چاوەڕوانکراودا چاو دەکەنەوە، ئەوەتا چاوەکانت هەرچی توانای خۆیانە لە داباریني خوناودا خستوویانەتە کار، بەڵکو لەپێشبرکێی نمایشی ئیحساسدا تۆ بکەن بە خەجەکەی سیامەند و پەندێکت لە خەزاڵەکەی شۆرە لاس پێ ببەخشن تا بەرزترین پلە لەقوربانیدان بەدەست بهێنی. تۆ دڵنیای کە گەیشتن بەم پلەیە بێ شەونخوونی و ئازار چەشتن نایەتە دی، ئەم تابلۆی خوناو و پەپوولەش بەشێکە لەو ئازار چەشتنەی کە لە ئەنجامی تێکەڵی رەنگەکانی سرووشت و هەناسەگەرمەکانی لەهۆشخۆچوون و نیگا وردەکانی ئەوینداران بە دیدێت کە پڕیەتی لە پڕوشەی گوڵ و بارانی بەهاری حەز و شنەبای دامێنی چیای سەرکەشی ئەوین و بریسکەی کانی روونی ئاوات و ئارەقەی سەر گۆنای شەرم و ئارەزووی منداڵانەی لەئامێزگرتن و خەونی وەدیهاتووی رۆژانی پڕ لە قوربانیدان و سەمای پەپوولەی بەردەم رووناکی چرای لەخۆبردن و خۆسووتان.

-٣-

من لەوکاتەی لە بەرامبەر تۆ و لەناو تابلۆی خوناوی خەیاڵدا بەمەندی وەستابووم، هەستە خەماوییەکانت لە دنیای ئەودیوی هۆشەوە لێم نزیک بوونەوە گوێم لێبوو بەئەسپایی دەیان گوت:

-"تۆ لەگەڵ نیگای خوناوەکانی چاوەکانی مندا دەدوێی یان دەتەوێ بەو هەستانەی لە سەرابدا نغرۆ بوون، ئازار بە رۆحم بگەیەنی و چێژ لەو هەنسکانە وەربگری کە بێ پەروا وەکو لافاو چاو دایاندەبارێنێ، ئەرێ بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئازاری رۆح چەندە بەئێش بێ لەناخدا چ چێژێکی ئەفسووناوی دەرژێنێتە ناو گیان و خەونە سەوزەکانی بەیەکگەیشتن بەرهەم دەهێنێ و لە ئەنجامدا دەبێ بەو نەمرییەی لەناو دووتوێی تۆمارگەی یادا بە زێڕاوی خوناوی چاو تۆمار دەکرێ، بۆیە هەمیشە لە بریسکانەوەدا زێڕینی دەنوێنێ.".

من لەگەڵ وشەی بەئێشدا کەوتمە ناو تۆڕی ئەو داوە ئاڵۆزەی بەئاسانی دەرچوونی لێ نەدەکرا. منێک کە تا ئەو ساتەوەختەش نە بوومەتە مایەی ئازاردانی دڵی کەس، بۆچی وا بەخێرایی ئەم پرسیارە چرپڕە خۆی لە ئەوکی ماندووت دەرهاویشت و خزایە ناو ستێری ئەو خوناوانەی لەم ساتەدا لە کانی

روونی چاوانتەوە جۆگەلە دەبەستن و دەڕژێنە ناو حەسرەتەکانە زەمەنی سەراب و لەوێوە بەرەو دوامەنزڵگای یادە شیرینەکان دەکەونە ڕێ.

لەناو ئەو تۆڕی بێئاگاییە ئاڵۆزەدا ئەو دیمەنە لە دەروونمدا بەر جەستە بوو، کە تۆ دەتەوێ بە پەنهانی چەردێک لە هەستە پەنگخواردووەکانت کۆبکەیەوە و شەوارەیەکی بە دەنگ و دەفی بۆ ئامادە بکەی و ئەویندارانی بانگهێشت بکەی و لە حەوتەم شەودا لە پاڵ لاوک و حەیران و گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەواندا بانگی ناولێنان بەگوێی کۆرپەی لەدایکبووی خوناوەکانت ئاراستەی زەمەن بکەی و ناوی بنێن کۆرپەی حەز. تۆ تا ئەو کاتە بەدوای ناوەکەیدا دەگەڕای و لەبەر مەزنی خەم و تامەزرۆی لەئامێزگرتنی خوناودا بۆت نەدەکرا ناوێک بە بالآیدا ببڕی، کە دڵت بیخوازێت و رۆحت پێی ئاسوو دەبێ. ئاخۆ دەبی ئەم کۆرپەی حەزە لە سینەشدا هەر بەو ناوە بانگ بکرێت و بەزمانی ئەوین مەلآشووی هەڵبدەرێتەوە و لەدوا رۆژدا کە زمانی دەپژێ و دەکەوێتە سەرپێ، دەبێ گوڵێک لە یەخەی بدرێت، بەرامەکەی هەوێن بێ بۆ ئەو نەمرییەی لە چاوی حەبیبەکەی نالیدا بەدیدەکرێت و لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنێ. دەبێ هەر وابێ، چما ئەوە ئەو کۆرپەیە نییە کە چاوی بە تیشکی خۆر و گوێی بەخوڕەی چەم و هەناسەی بۆنی مێخەک و بالآی بە شنەبای ناو سرووشتی بژوێنی عەشق، گەشەی کردووە و بۆتە بەشێک لەو بونیادە مەزنەی لەناو هەگبەی خەمەکانی تۆدا هەڵگیراوە.

تۆ ویستت ئەم بێدەنگییەی لەو کاتەدا هاتە پێش، بشکێنی. ئاراستەی دواندنەکەت کە بەرەو دنیای خۆسووتان وەرچەرخاند و منیش کە دەمێک بوو بۆ دەرفەتی لەم جۆرە دەگەڕام، لە ساتەوەختێکی ئاوادا هاتمە ناو بوارەکە و تۆ گۆمی مەندی بێدەنگییەکەت، شڵەقاند و گوتت:

–"تۆ لەو بوارە بێدەنگییەی مندا دەتەوێ ئەوەم پێ بڵێی ئارامی بکەمە ئەو هەوێنەی ئاراستەکانی خۆسووتان دەستنیشان دەکات، بەڵام ئەدی لەوە بێئاگای کە پاڵەپەستۆی دەروون کاتێک هێرش دەکاتە سەر جەستەی ماندوو، ئەوە بیرکردنەوە خۆی دەدا بەدەستەوە و دنیا پانوبەرینەکەی عەشقدا ئارام دەگرێ. ئەوە تەنها منم ئەو قسە پەنهانانە بە تۆ دەڵێم. دەی کێ هەیە وەک من لە رازی پەنهانی ئەوینی پەپوولە و گوڵ بگات و سەرەداوە ئاڵۆزەکانی ئەو دوو ئەویندارە لەیەکتری جیابکاتەوە کە خۆم بەشێک نەبم لە عەشقێکی هاوتای ئەوان؟"

ئەم هەستەت لە دەروونی مندا بوو بە زادەی ئەو بیرە فراوانەی لەگەڵ رۆحمدا ئاوێتە بوو و بەناو نهێنییەکانی لەدایکبوونی کۆرپەی تابلۆی خوناودا

شۆڕبۆوە. لەناو ناخی ئەم شۆڕبوونەوەیەدا لەگەڵ هەستی دڵنیابووندا کەوتە دوان، تۆ گوتت:

-"من ئێستا لەناو تابلۆی خوناودا بەرەو ئاسۆی ژووان بوومەتە، باڵندەیەکی بەرزەفڕ و بەنیازی راموسانی گەردنی خۆر بەرەو نێوەندی ئاسمان لە شەققەی باڵم داوە. تا لە بوومەلێڵی بەیانییەکدا لەدوای راموسانی گەردنی کێلی ئاسۆوە، تاڵی زێڕینی کەزییەکانی بهۆنمەوە و کامە تاڵ لە هەمووان دڵگیرترە بدەم لە بەرۆکی شنەبای سەحەر و لەدواییدا بەپێ دەشتاندا بێمەوە، تا دەگەمەوە ناو ئەو باوەشەی بۆ من بۆتە هێلانە و ئارامیم پێدەبەخشێ".

تۆ بە زمانی رۆح ئەوەت بە من گوت و منیش بەهەمان زمان وەڵامم دایەوە و گوتم:

-"تۆ راست دەکەی، چونکە بەو لەخۆبووردنەت گیانێک بەرهەم دەهێنێ دەم بەپێکەنین، هێلانەیەک چێدەکەیت گەرم. تۆ بوویتە گڕاوی ئەویندارێک لە قوربانیادانا بێوێنە و ئامێزی گەرمی بۆ تۆ بۆتە وڵاتی ئارام و بارگەی حەزت بێ سڵەمینەوە لەوێدا واڵا دەکەیەوە... دڵنیام ئەوێ وڵاتی بوون و مانەوەی تۆیە و بوون و مانەوەی تۆ بەو وڵاتەوە بەندە".

ئەمە دوا لاپەڕەی ئەو حەزە بوو لەم کاتە بێدارەدا بەرەوڕووی دەروونم کرایەوە. بۆیە منیش وەک جەستە و دەروون دەمەوێ ئێستا لەناو دووتوێی ئەم دوا لاپەڕەیەدا ئەم چەند وشانە تۆمار بکەم کە لەوەدەمەدا بە تۆیان دەڵێم:

تۆ گیانێکی لێوانلێو لە رووناکی و لە بەردەم ئەو ساتانەی هەڵەکانی ژیان رەت دەکەنەوە سەربەرز وەستاوی و دەتەوێ لەناو گیانێکی نەمردا تەمەن رادەستی ئەو عەشقە بکەیت، کە لافاوی خوناوەکانی کردە تابلۆیەکی مەزنی وا، کە هەر دەم لە سینەدا بە چاوی گەشەوە بۆ داهاتوو دەڕوانێت و لە ناخیشدا دەبی بە تابلۆیەکی باڵابڵند و گیانێکی بەرجەستەکراو لەناو عەشقێکی ئەبەدییدا.

-٤-

-"من لاپەڕەیەکم لە مێژووی سەروەریی، کەسێکم گەورەتر لە داخران، کراوەتر لە شەرمی تەرەبوون، خودی خۆم عەشقێکم بێگەرد. فراوانی فەزایەکم تا چاو بڕکات دوور، مەلێکم لە کەناری ئارامیدا گۆشکراو، ورەیەکم نەفرەت لە ماندووبوون دەکات، حەزێکم پڕیەتی لە دڵنیایی، گیانێکی تواوەم لەناو رۆحێکی زیندوودا، من هەنگاو بەهەنگاوبەرەو رووی دەچم، ئەویش دێ و هەرگیز رێی پڕ لە هەوراز و نشێو ماندووی ناکات و لە هاتن پەشیمانی ناکاتەوە".

تۆ بەهەمان دواندنی پێشوو ئەم پەیڤانەت ئاراستەی دەروونم کرد و منیش تا چیدی نەکەومە ناو دەریای خۆ لەیادچوونەوەوە پێم گوتی:

-"ئێستاکاتی ئەوەهاتووە دوا دیمەنی ناو تابلۆکە بنەخشێنی و دوایین رەنگ بخەیتە سەر نووکی خامەت و ئەو رەنگە شینە کاڵەی کە لە رەنگی ئاسمانت خواستۆتەوە، بکەیتە قردێلە و لە تەوێڵی ئەو پەپوولەی بدەی کە بەتاسەوە لە تاڵەکانی خۆر دەروانێ و هێدی هێدی بەرەو ناو ئامێزی گوڵی بەیان باڵە بچووکەکانی خستۆتەکار و رەنگە دوای کەمێکی تر هێلانەی ئامێزی گەرمی گوڵی بەهار چاوەکانی پێ لێکبنێ و ئارامی پێ ببەخشێ و زۆر نەبا خەوی لێبکەوێ. ئەو کاتەی کە پەپوولە لە راموسانی گەردنی گوڵی جوان گەیشتە دواپلەکانی چێژوەرگرتن و دڵنیابوون. ئەوە ئەو کاتەیە کە خەونی ئەوینداری تۆش هاتۆتە دی و گەواهیش باڵای بڵندی ئەو خوناوانەن کە بەتاسەوە لەناو گەواڵە هەوری بەهاری چاوەکانتدا دادەبارێن و خەندە دەخەنە سەر لێوەکانی تابلۆکە و ئەویندار ی بەرووی سرووشتدا دەبەخشنەوە.

سلێمانی
کانوونی یەکەمی ٢٠١١

# چەند چیرۆکێکی کورت

هێمن عوسمان عەبدوڵڵا

## خۆکوشتن لەپێناو مانەوەدا

بێزارم، بێ حەوسەڵەم، بەڕاستی ئەم ژیانە بێزارکەرە، من دەمەوێ خۆم بکوژم، دڵنیابە هەر ئەوکارەش دەکەم.

بەڵام تکایە... پرسیاری وام لێ مەکە و مەڵێ بۆ خۆت دەکوژی.

– باشە ئەوە ناڵێم... تۆ ئەوەندە بێزاریت بڕۆ لە باڵەخانەیەکەوە خۆت فڕێبدەخوارێ.

+ پێدەچێ دەستم، قاچم، یان سەرم بشکێ و نەمرم، درووستتر بڵێم خۆفڕێدانە خوارێ لە باڵەخانەوە گرەنتی مردنم ناداتێ.

– خۆت بخنکێنە.

+ دەبێ سێ رۆژ نان نەخۆم، چونکە گەر نان بخۆیت و خۆت بە گوریسێک بخنکێنی، خۆت پیس دەکەیت، بەمەیش خۆم ناکوژم، چونکە بەرگەی سێ رۆژ برسێتی ناگرم.

- گوللەیەک بەسەری خۆتەوە بنێ و دەمودەست گیانت دەردەچێ.

+ لەڕاستیدا ئەمەیش ناکەم، چونکە دەڵێن گولله ئازاری زۆرە.

- پەرداخێک ژەهر بخۆرەوە.

+ ژەهر تاڵە نایخۆمەوە.

- سەرت بە دیواردا بکێشە.

+ دەنگی دێت و دواتر هەموو دێنە ژوورەکەم ئەوکات هەوڵەکەم پووچ دەبێتەوە.

- با رۆژێک کەس لەماڵەوە نەبێت ئەوکارە بکە.

+ هەرگیز ناوێرم بەتەنیا لە ماڵەوەبم.

- چەند لیترێک بەنزین بەخۆتدا بکە، پاشان ئاگر لەخۆت بەربدە.

+ ناوێرم.

- چەقۆ... چەقۆ باشترین شتە، راست لەسەر دڵتی بچقێنە.

+وای لە چەقۆ وای، بەمنداڵی پێیان دەگوتم ئەگەر هاروهاج بیت بە چەقۆ گونت دەبڕین، لەوکاتەوە لە چەقۆ دەترسێم و ناوێرم بەلاچاویش تەماشای بکەم.

- لەسەر شەقامێک خۆت بەژێر ئوتومیلەوە بکە.

+ ئەوەش نا، چونکە ئەگەر هات و من ئەوکارەم کرد، ئەوە ئوتومبیلەکە لەناکاو ئیسۆپێک دەکات و سەرنیشەکانی سەریان بەجامەکەدە دا بۆی هەیە یەکێکیان بمرێت، منیش حەز ناکەم ببمە هۆکاری مردنی هیچ کەسێک.

- خۆت مەکوژە.

+ دڵنیابە خۆم دەکوژم.

- رێگەکانی خۆکوژیم پێ وتیت و لە هەموویان دەترسیت، مانای وایە تۆ مرۆڤێکی گەمژە و بێ جورئەتیت، ناتوانی خۆت بکوژی، خۆکوشتن ئیرادەی فرە بەهێزی دەوێ و هەموو کەس ئەو ئیرادەیەی نییە، بۆیە باشتر وایە بیری خۆکوژی لەناو سەرت دەربکەیت و رۆژێک کە خۆر لەسەر سەرت وەستاوە تەماشای سێبەرەکەت بکەی، بەخۆت بڵێی من هەرخۆم نیم سێبەرەکەیشم بەشێکە لەمن، بۆیە باشترە وایە خۆم نەکوژم.

## بمنێژن

پێنج ڕۆژە لە پردێکەوە کە بەرزاییەکەی سێسەد پێیە فڕێدراومەتە خوارێ، هیچ کەس نازانێت مردووم، لێ ناهەقیان نییە نەزانن، چونکە وا فڕێدراوم نەتوانم بکوژەکانم بدۆزمەوە، لە پەسێوێکدام بەئاسانی نادۆزرێمەوە، گەر لەسەرەوە تەماشا بکەیت هیچ شتێک لەخوارەوە نابینی، نازانیت کەسێک هەیە و مردووە، جەستەم بۆگەنێکی پیسی لێدێ، ڕۆژانە چەند هاولاتی بەسەر ئەم پردەدا گوزەر بکات، بۆگەنی پیسی من دەچێتە کەپوویەوە و لەبەرخۆیەوە دەڵێت "عەجەب چ بۆنێکی پیسە... دەبێ ژێر ئەم پردە چەند ڕۆژ بێت سەگی تێدا تۆپیبێت!"

من گوێم لە هەموویانە، بە هەنگاو هەڵهێنانیان دەزانم ئەوانە کێن و، دەزانم چ دەڵێن، لەڕاستیدا من بۆخۆیشم هێندیک جار لە بۆنی خۆم جاڕس دەبم، بەجۆرێک بۆنی خۆم بەسەرمدا دێت دەست بۆ کەپووم دەبەم توانام نییە، دەڵێم عەجەب بۆنی من لە بۆنی لاکە تۆپیوو گەنترە، دروست نییە پێنج ڕۆژ، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس نەیانزانیبێت، من لێرە مـردووم، بە دەنگێکی بڵندا داوا لە هاولاتی گورزەکەری سەرپردەکە دەکەم "هێی... من لێرەم... کەس هەیە گوێی لێمبـێ"... پاتەی دەکەمەوە "هێی کەس هەیە لێرە مۆبیلێکم بداتێ زەنگ بۆ پۆلیس دەکەم... دەڵێم من مردووم وەرن بمەن هەرجەستەم ماوە با نەبێتە خۆراکی باڵندە".

مردووەکان بەدبەخترین مرۆڤن، کەس گوێیان لێناگرێ.

## جەنگ

جەنگ کۆتایی هاتبوو، ئەمیش بەچاوی پڕ لەفرمێسک و گەرووی پڕ لە حەزێک بۆ هاوارکردن، خەریکی کۆکردنەوەی لاشەی سەربازە کوژراوەکانی هاوڕێی بوو، ئەفسەرەکە هاتە لای و پێی گوت: "سەرباز ئیدی ئەمە جەنگە، جەنگ گەمەیەکە وەک تۆپی پێ، گەر گۆڵ نەکەیت گۆڵت لێ دەکەن، ئێمە گۆڵکەرمان نەبوو، بۆیە ئەم جەنگەمان دۆڕاند" بەدەم ڕاکێشانی سەربازێکی کوژراوەوە

وتی: "جەنابی ئەفسەر جەنگ و گەمەی تۆپی پێ جودایە، لە جەنگ بردنەوە و سەرکەوتن هەیە، وەلێ گەمەی تۆپی پێ بردنەوە و سەرکەوتنی هەیە، بەڵام تۆ لە گەمەی تۆپی پێدا دەتوانیت بەرانبەربیت، لە جەنگدا بەرانبەربوون نییە، یان دۆڕان، یان سەرکەوتن".

## هاوڕێم نیگەران مەبە

سەرم دەسوڕێ و هێندێکیش قورس بووە، چاوەکانم بەرز نابنەوە، هێجگار هێجگار ماندووم، نائاسایی برسیمە و چەند رۆژێکە دڵۆپێک ئاو بەر گەدەم نەکەوتووە، ئاگر لە ماڵمان نییە و دینارێکم پێ نییە تا چارەسەری نەخۆشی دایکمی پێ بکەم، قسەی پیرەپاوێکم دێتەوە یاد دەیگوت "زەندگی سەختە"بەخۆم دەڵێم "هەرچەند سەخت بێ، دەبێ لەگەڵی بجەنگم، کەس لەخۆم بەرینتر نابیمەوە پاڵەوانی ئەم جەنگە بێ، هەردەبێ خۆم بم "ئەمانەی گوت چاوەڕێ بوو هاوڕێکەی کە لە گەڵی ڕێی دەبڕی شتێک بڵێ، کە زانیی بێ وەڵامە دیسان دەستی بەقسان کردەوە و وتی "چوومەوە دەبێ چەند رۆژێک دەرگا لەسەرخۆم دابخەم، نەهێڵم کەس سەردانم بکا، ئەگەر دایکیشم مرد نەیەنە ژوورەکەم و پێم مەڵێن، تەواو ماندوو بووم، ئەو رستەیە دروست نییە کە دەڵێ "دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە"، ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێ من هەر ماندووم.

دەبێ کۆتایی بەمە بهێنم.

هاوڕێکەی لە ناوەڕاستی قسەکانی رایگرت و گوتی "دەتەوێ لەمە زێدەترچی بڵێی؟ ئەمە ژیانە و هەر بەم چەشنەیە، دەبێ لەگەڵی هەڵبکەی ئەم قسانە بەجۆرێک دەکەیت نیازی خۆکوشتنت هەیە؟

زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی "نا هاوڕێم، ماندووم، چونکە چلوهەشت کاتژمێرە بێ پشوو کاردەکەم، دەبێ بڕۆمەوە و چلوهەشت کاتژمێری دیکە بنووم، مەترسە خۆم ناکوژم".

# مردن بۆ هیچ کەس نییە

سپێدان لە زەردەی خۆر کەوتنەوە تا زەردەی ئاوابوونی خۆری ئێوارە، دووپاچ و دووخاکەناز و دووگۆڕهەڵکەنی کەمەندکێشی خۆی دەکرد، بۆئەوەی باشترین شوێن بدۆزێتەوە و گۆڕێکی قەشەنگی هەبێ، هەرکەس لێی دەپرسی بۆ ئەوکارە دەکەیت دەیگوت: "من دەمەوێ گەورەیی و بچووکی گۆڕەکەم بەکەیفی خۆم بێت، بەویستی خۆم ئەمدیو ئەودیو بکەم، پاڵبکەوم، هەستمەوە، ئەوەی پێم خۆشە ئەوەبێت، دواجار بەکەیفی خۆم خۆڵ بکەن بەسەرمدا"، رۆژانە ئەم کارەی پاتە دەکردەوە و شوێن بۆ مردنی بەم مەرجانە دەست نەدەکەوت.



# شاری قەڵا

فەرهاد چۆمانی

وەک ئەوەی بتەوێ شتێک بڵێی ئاوڕێک دەدەیتەوە، بەڵام دەمت دادەپچکوڕی و هیچ ناڵێیت، پیشێک دەخۆیتەوە و دەڕۆی. من؛ ناحاڵی چاودەبڕمە ڕێڕۆینت و لەبن لێوەوە دەڵێم "برادەر..." منیش لەوە زیاتر ناتوانم هیچ بڵێم و دەڕۆم.

تێماوم نازانم کامەمان پشتی لەوی دیکە کرد، بەڵام دەزانم ئەو رووبەڕەنگترە لەمن کاتێک پشتمان لەیەکترییە و بە پێچەوانەی ڕێگای یەکتر هەنگاو دەنێین.

مانگەشەوە، دڵم بەوە خۆشە ئاسمانێک هاوبەشمانە و هەیوەشەو ژێرپێی هەردووکمان تریفەبار دەکات، وەسوەسەیەک خەریکە دەمخاتە نێو گێژەنی ترسێکی لەنوێهاتیی، هەستدەکەم تارماییەک بەدوامەوەیە، لە چرپەی پێ هەڵێنانییەوە هەست بە توندی دەستەکانی دەکەم کە بۆمنی مشتکردوون، لە هانکەهانکی هەناسەیشییەوە تامەزرۆیی راونان و کوشتنی خۆم بەڵەد دەبم.

راوم دەنێ، وەک رەشەبا لەدووی من هەڵیکردووە، هێندی رادەکەم ئەو هەر دێت و بەتین و تاوتر بەدوام دەکەوێ، وەکئەوەی بەشێک بێت لەخۆم، وەکی شەیتانە نەیارەکەی ناخی خۆم بێت و دەدونیا بەربووبێت رێنمام دەکات.

مەحکومم بە هەڵهاتنێکی ئەبەدی.. لە ئەزەلەوە تا عەدەم، رێگام تادێ

سەختترە، زۆنگ و چەپەر و زێقەت پێشگیریم دەکەن، دەکەومە نێو رەوێک شەمشەمەکوێرە، باڵەفرکێ دەکەن و خۆیان دەکێشن بە دەموچاوم، بەو قاچە رنۆکن و پێستە شۆڕبووەوەیان خۆیان بە چەناگەمەوە هەڵدەواسن و دەجیکێنن، منیش وەک ئەوەی نیازم بێت بفڕم دەستەکانم لەهەوادا دەجوڵێنم و بەدەوری سەرم باڵدەدەم، پێیەکانم بەدوومدا نایەن، تۆمەز لە زۆنگ و مێرگەلانێک چەقیوم، هەر چۆنێکە دەربازێک دەدۆزمەوە، لقی دارێکە ئەو دەربازەم، کە لەوەدەچێت دەستێکی بەفریاهاتیی بێت و درختەکە بۆ منی راداشتبێت.

تاریکی دارستان قانگم دەدات، وەختە بڵێم سەدەیەک بەشی دەرچوونم ناکات لەم زوڵمەتە. هێشتا تارماییەکە نایەوێ بسرەوێ کە شلَپ... دەکەومە گۆمێکەوە، گۆمێک کە ختووکەم دەدات، پێمدا هەڵدەگژێت و هەستدەکەم هەموو لەشم دەرزیئاژن دەبێت، شەپۆل دەدەم من.. گۆمەکە نا، گۆمەکە لە شەپۆل کەوتووە، سەرشارە بە زێروو، ئاها.. کەوتوومەتە نێو گۆمێک زێروو کە خەریکی خوێنمژینمە، لەو تەنگەتاوی و ئازاری دەرزی ئاژنبوونەدا بیر دەکەمەوە داخۆ دەمەویست چی بڵێم کاتێک وتم " برادەر...."؟ لە بیر کەوتووم، تۆ بڵێی شتێکم هەبووبێت بۆ وتن؟ نازانم، ئەوەش نازانم چۆن دەربازێکیتر هانام دەبێت لەم گۆمی زێرووەدا قوتارم بکات

.

.

...

ئێسکەکانم لەبەر تینی گەرمای ئەم دوا نیوەڕۆ نەفرەتییە بریسکەیان دێت، تا ئەوکاتەی بەتەواوی هاتمەوە هۆش خۆم هەستم بە دەنوکی داڵێکی کەلاکخۆر دەکرد لەسەر سنگم، دواتر گوێم لەپێڕەوتی کەسێک بوو کە تا دەهات لێم دووردەکەوتەوە، بیرم کردەوە داڵە کەلاکخۆرەکەی سەر سنگم هەمان مرۆڤبێت کە خەریکە دوور دەکەوێتەوە.! چاوەکانم لەبەر تینی گەرما دەکزێنەوە و ناتوانم هەڵیانهێنم، دەستەکانم بەسەر سنگمدا دەهێنم وەکی پەنجەکانم رۆبچنە قەفەسی کەوێکەوە؛ رۆدەچن. هەست بەئازارێکی توند دەکەم لە گەروومدا، دەستم دەخەمە ملم؛ کۆتەرێک ئێسک ماوەتەوە. لەبەر گەرما وەختە بڕوا بهێنم ئەو دەربازەی لە گۆمی پڕ لە زێروو هاتۆتە هانام بە دۆزەخی سپاردووم، بەلام نا؛ چاو دەکەمەوە (یان من پێڵوم نەماوە) و دەبینم لەکوچەیەکی شار کەوتووم و قەلایەک بەسەرسەرمەوە لەسەر تەپۆلکەیەکەوە دیارە ... "شاری قەلا!" ئا ئەوێیە..

دەیناسمەوە، بەوە نییە ئێستا لە ئێسکەپەیکەرێک پتر نیم، خۆ چ نەبێت چاوەکانم لەنێو ئەم کەللەسەرە ناوبۆش و بێ رووپۆشەدا دەبینن، بەڵام سەیرم لێدێ چۆنە زێروەکان چاوێکمیان نەخواردووە؟ بیردەکەمەوە؛" بینینیش سزایەکی ترە!"

هەڵدەستمەوە؛ چەندی هەنگاو دەنێم نزیکتر گوێم لە هەناسەی تارماییە وەدوکەوتەکەی خۆمە، گوێم لە دەنگێکی دیکەشە، دەیانیتریش .. هەزاران دەنگن کە ژاوەژاوێکیان دروستکردووە بۆ ئەوەی کەس گوێی لە هەزاران دەنگی دیکە نەبێت، هەزاران کوچە و پێڕێ و تەنگەرێیان راداشتوون تاکو تەمەنی چ کەس بەشی پێدا گوزەربوونیان نەکات و هەزاران رێگای دیکە نەگرنەبەر. شارێک کە لە ترسی شارانی دیکە گەورە دەبێ، بۆ ئەوە گەورە دەبێ دەروازەکان تاکو قیامەت دوورەدەست بکات لەشارییەکان، دەنگەکان لە تەنیشت منەوە دەبیسترێن و چ کەس دیار نییە. دەمەوێ تێبگەم، زمانیان بەڵەد نیم، سەرم دەکێشم بە دیواری کۆنە قەڵا وەختە کەللەسەرم بەربێتەوە و خاش بێت، نێوچاوانم درز دەبات و دوو پەنجەی دەستێکم هەڵدەوەرن، هاوار لە دەنگەکان دەکەم، بەڵام دەنگی خۆم نابیستم. دەنگەکان نا روونتر، بەڵام بەرزتر دێنە گوێم، دوو پەنجەم دەخەمە کونی گوێمەوە دێتەوە بیرم کە؛ دوو پەنجەی دەستێکم پەلدران و پەنجەی دەستەکەی تریشم بە شوێن پەڕی گوێمدا دەچێتە چاڵی گوێمەوە، لەگەڵ بەکەللەدا چوونی ئەنگوستێکم شەمشەمەکوێرەیەک لە کەللەسەرمدا باڵەفرکێ دەکات و لەچاڵی چاوی چەپمەوە دەفرێت.

دێتەوە بیرم؛ سێوێک بوو گەورەتر لە چنگۆڵەی منداڵانەم، دەبوو بێت و بیفرێنێت بۆ ئەوەی گەمەکە دەستپێبکات، کۆڵانە و کۆڵان رایدەکرد، (جارێک پیاوێک دەیگوت؛ قەدەری ئێمە هەر وابووە یان دەبێ وەدوو سێو بکەوین، یان راومان بنێت) ئەوکات وەدوو سێوێک کەوتبووم، لە لاکۆڵانێکی بنبەستدا لە ژێر سایپتەی گەورێک بەهەناسەبڕکێوە سێوەکەی دەخوارد و پێدەکەنی، منیش دەستم خستبوونە سەر ئەژنۆکانم و بەدەم هانکە هانکی ماندووبوونەوە لێیەوە رامابووم، لەوە دەچوو من چاوەدێری چۆنیەتی خواردنی سێوەکەی بکەم نەک لێی وەربگرمەوە.

ئێستاش بۆنی سێو دێت... "پێدەچێت ئەم شارە شەرم لە بۆنی سێو نەکات"

تا دێ لە دەنگەکان نزیکتر دەبمەوە، دەنگی مرۆڤ لە هەمەچەشنی ئاستی دەنگیدا، دەنگ دێت گڕ و ناخ لەرزێن، دەنگ دێ چریک و گوێ زیککەر، بەڵام هیچ مرۆڤێک دیار نییە. تۆ بڵێی ویستبێتم چی بڵێم کە وتم "برادەر..."؟ نازانم

با بەنێوانی ئێسکەکانمدا گڤەی دێت، لەوەتی راونراومەتە ئەمشارە سەرما ناخی قەسراندووم و بەدەم راکردنەوە هەر جارە و تیزماڵێک ئێسکم لێدەبێتەوە...

بیر لە ئادەم دەکەمەوە، یان بیری لێناکەمەوە؛ راستتر لەخۆمدا ئادەمێک دەبینم، ئادەمێکی درەنگکەوتە و بە جێماو لە مرۆڤەکان، لەگەڵ هەر هەنگاوێک تیزماڵێک ئێسکم لێدەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە حەوا... چیرۆکی ئادەمبوو هەڵەتە بوونی ئێمە، ئەو سێوەکەی خوارد کەچی من ترۆ کرام، ئەوەتا من هەر دەڕۆم و تیزماڵی ئێسکم لێ دەبنەوە و چ حەوایەک نایەتە بوون!

دەوەستم و چاو لە دەروازەیەک دەگێڕم بەڵکو لە دوورایییەکانی ئەم کوچە و شەقامە زۆرو زەبەندانە هەبێت و لەم دەنگانە قوتارم بکات... بەڵام.......

دەنگێک دەبیستم؛ «مردن هەبوو، چیتر نەما! تەنها شیبایەک نەبێت، کە لە دوورانی دوورەوە بەسەر ئەم شارەی ئێمەدا کە لە گوڵ رەنگینترە هەڵدەکات» دەنگێکی تر ئەم دەنگ خامۆش دەکات؛ «خۆر لێرەوە هەڵدێ، ئاوابوونی مردنیش هەر لێرەیە» دەنگێکی تر وەک ئەوەی حاڵی بە قاقاکێشانێکی شەرمهێنەوە گرتبێت؛ «ئەمە دونیای بیرکردنەوەی ئێمەیە.. خۆیەتی! ئەم شارە خەیاڵەکانی ئێمەیە لە بەرجەستەییدا.. خواستی ئێمەیە شێوەی بەم کوچە و کۆڵان و مرۆڤانەوە گرتووە.. ئا ئەمە خۆیەتی.. دونیای ئێمە و کەسیتر نا.. » دەنگی گۆرانییەک دێت، لەوە دەچێت لە سەر ریتمی ئەو بایە کۆک کرابێت کە دەنگی یەکەم بەیانی هەڵکردنی دەدا، هەزاران دەنگ .. «وەرەوە بۆی، توت، زەنگی تەلەفۆن، دەنگی بانگکردن بۆ کۆڵانێکی سەیر، دەنگی پێڕەوت، غلۆربوونەوەی تەنەکە، قریوەی ژنان و دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر.... » پێدەچێت کەوتم بە مەیدانی جەنگ و تێکچڕژانی دەنگەکان بەریەککەوتنی شمشێر و رەزمی قسەکردنەکان وێرغەکردنی ئەسپی سواران بێت.

ساتێک دواتر وەک ئەوەی لە مەیدانی واتەواتی شارییە ونەکان رامکردبێت؛ لە ناو پاسێکدام. گارەی مریشکێک دێت کە ناوە ناوە وەک ئەوەی بیەوێ خۆی قوتار بکات باڵەفرکێ دەکات، هەست دەکەم تارماییە وەدوکەوتەکەی خۆیشم هەر لەوێ؛ لەریزی دواوە و لەو شوێنەی گارەی مریشکەکەی لێوە دێت؛ دانیشتبێت، بۆنێکی قورس لە تەنیشتمەوە دێت کە بۆشایی کەللەی سەر و ناو سنگمی پڕ کردووە، ئەگەر بمەوێ لە رێگەی بۆنەکەوە وێنای کەسێک بکەم؛ پیاوێکی کورتەبنە بۆیمباغێکی نارنجی ئەستوور و پانکەڵەی بەستووە و چاکەت و پانتەڵۆنێکی نیلی لەبەر کردووە کە باخەڵی چاکەتەکەی لەبەر دوگمەدانی

هەڵدەوراوە، جانتایەکی باریکەڵەی لە کۆش ناوە و پرچی بەجۆرێک بەلادا هێناوە وایکردووە کەمێک خوار بێتە بەرچاو، هەروەها ئەوەشم دێتە بەرچاو کە لەخۆڕا و بەبێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو بزەی سمێڵەکانی دێت، دەنگی ژنێک دێت کە نازانم بۆچی وا هەست دەکەم ژنێکی ریوەڵەی زراڤە و شیمانە دەکەم بیناسم؛ «هەمووماڵەکانی قەڵایان راپێچکرد، وەک پووش بە بایانداین و پرێسکەکانیان ئاخنینە پیکابێکەوە». دەنگی ئامێرێک هەرجارە و لە گۆشەیەکی پاسەکەوە دەبیستم.

هاوکات واتە واتی دەنگی دوو پیاو دێتە گوێم کە باس لە رووداوێک دەکەن، پێدەچێت زووتر لەوە بەرباسیان خستبێت کە من گوێم لە دەنگیانە؛

« دەستێکی ژێربەژێرە، فەرمانکرا دەستنیشانی چەند ماڵێک بکەین کە گومان هەبووە شەوانە تێیدا کۆببنەوە».

«لە قەڵا؟»

«بەڵێ لەوێ، مەگەر کوێی دیکە؟! من چەندێکە باسی ئەوێت بۆ دەکەم... تۆ گوێت نەگرتووە؟!»

«ببورە، گوێم لێتە، بەڵام جوڵەی ئەم پیاوە گوماناوی دێتە بەرچاوم».

نەمدەبینی پەنجەی ئاماژەی بۆ کام پیاوە درێژ کردووە تا بزانم لەگەڵ کێیەتی، بەڵام بەپێی خشپە و هەناسەسواری و شنەکردنی بۆنەکە بێت (کە مەزندە دەکەم لە ئەنجامی جوڵەی بەردەوامەوە بێت)، مەبەستی پیاوە بۆیمباخ نارنجیەکەی تەنیشت من بێت.

«دەی خۆ هەموویان وا دێنە بەرچاو کە خەریکی کارێکی گرنگ بن، وازی لێبێنە باسەکەم تەواو بکەم؛ باسی چیم دەکرد! ئا.. وتم دەستنیشانی چەند ماڵێکمان کرد، بەڵام ئەو دەمەی لێیان وەژوور کەوتین هیچکەسمان نەبینی، ئا ئا لە زووەوە چاودێری خانووەکە کرا، من و سیانزە پیاوی دیکەیان دانا چاودێری هاتوچۆی پاسارییەکانیش بکەین، هەر من دەزانم ئەو چاوزیتانە چ مرۆڤێکن! پێدەچێت هەر بەکاری چاودێری بێن، بەڵام هیچ کەسێکمان نەبینی!...».

دەنگی گوللەیەک کەشی ناوپاسەکەی شێواند، من سەرم لەسەر تیزماڵی ئێسکی رانەکانم دانا و چاوەکانم بە ئێسکی سەر ئەژنۆکانم داپۆشین، مریشکەکە کەوتەوە باڵەفرکێی سەرشێتانە و خۆکێشان بە شوشەی پەنجەرەکان، پاسەکە بەلاشیپانی رێگاکەوە گیرسایەوە و لەنێو تۆزو دوکەڵ و قیژەی سەرنشینەکانی وەستا... تا ئەو کات هەر وا سەرم لەکۆشنابوو، سەرنشینەکانی دیکە وێدەچوو هەر کەلێنێک بۆ خۆهەڵدانە دەرەوەی پاسە بە دەرگا بزانن وەک مریشکەکە

دەنگی خۆکێشانیان بە پەنجەرەکانی پاسەکە دەهات و لێبڕاوانە دەیانقیژاند « ئەها خوێن.. خوێن..» وام دەزانی گوللەکە بەر من کەوتووە و هەموو ئەو دەنگانەی تا ئەوسا دەمبیستن دەنگی دونیای ئەودیون.. هەستمکرد بەرەو دەرەوە بەکێش دەکرێم، ئەم هەستەیشم ئۆخژنێکی دەدایەوە دڵم کە ئەم دەنگانەی دەیانبیستم دەنگی دونیای ئەودیو نین و هێشتا «زیندووم!».

هانکەهانکی راکردنی پیاوێک دەبیستم، بەردەوامیش لەگەڵ رەزمی دڵەکوتە و هەناسەبڕکێکانی کە لە پێچیدەیی کۆڵانێکەوە راستەڕێی سەر شەقامەکە دەبێت؛ هەڵدەبەزمەوە. هێشتا سەرم پڕە لە هەمان ئەو بۆنەی لەناو پاسەکە توشی سەرەگێژەی کردبووم.... لەخۆم دێمە دەرەوە و لەوبەر ئەو شەقامەی پیاوە کورتەبنەکەی لێوە رادەکات دەوەستم و ئەم دیمەنە دێنمە بەرچاوم و وێنای خۆم بەسەرپشتی پیاوە کورتەبنەکەوە دەکەم... بەوەدا توانای جوڵەی قۆڵ و باسکی راستم نییە وا شیمانە دەکەم رۆچوبێتە پشتملی چاکەتەکەیەوە و لەسەر پشتیەوە هەڵدەبەزمەوە.... شەرم لە خۆم دەکەم! بەڵام تازە درەنگە بۆ هەستی شکۆمەندی کە ئەم شەرم و حاڵەی ئێستا تێیدام هەپرووتی کردووە.

***

نازانم چەندساڵ بەسەر رووداوی کوشتنی ناو پاسەکە تێپەڕیوە، بەڵام لەو رۆژەوەی کەبەسەر پشتی ئەوەوە هاتمە ماڵەکەی لەنێو چەندان کەلوپەلی ئەنتیکی وەک؛ سەری بەوری ئەلاسکایی، عاجی فیلی ئیندۆنیسی، پارچەیەک زیوی پەیکەری دیکتاتۆرێکی کەوتوو، لقی دارێکی پێچخواردووی سەمەرە، بەردێکی سووری نەخشین، ددانی ئاژەڵێک کە هەرجارە و سەربووردێکی هەیە.. دەژیم، هەموو ئەمانە لە رووگەی پەنجەرەیەکی واڵا دانراون کە زۆرترین دیمەنی شاری قەڵاـی لێوە دیارە و لە ژوورەوەش لە پاڵ ریزی درێژی ئەو کەنەفە و مێز و کورسییەدان کە ناوەناوە بەناوی "کۆبوونەوەی دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان" یان "کۆبوونەوەی تیمی نهێنی پاراستنی ئاسایشی حزب" یان "گرووپی رێکخەری بۆنەکان" ژوورەکە پڕ دەکەن لە دەنگە دەنگ و روون نییە باسی چی دەکەن، لە راستیدا لە بنەڕەتەوە وێناچێ باسێکیان هەبێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەری.. لەهەموو ئەم کۆبوونەوانەشدا دەبیستم کە پیاوە کورتەبنەکە بەرپرسی یەکەمە.

ئەو رۆژەی گەییشتینەوە ماڵی پیاوە کورتەبنەکە، یەکەم دەنگ بیستم دەنگی ژنێک بوو کە لە رەزمی دەنگییەوە دەمزانی ژنێکی منداڵکارە، سەرشێت و

رامنەبووە. دەیویست بەزووی لە هەموو شتێک تێبگات، لێبڕاوانە؛ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی کابرا کورتەبنەکەی بێت پرسیاری دەکرد؛ «بەرنامەکەتان تۆمار کرد؟ باسی چیت کرد؟ باسی هاوسەرگیرییەکەشمانت کرد؟».. دەتریقایەوە و دەیگوت؛ «وای گەر دەزانن هاوسەر نین و بە پارە ماوەیەک لات دەمێنمەوە پێستمان دەکەن بە دەهۆڵی هاندانی خەڵکی لێمان!».

بۆ شەو تەلەفزیۆن داگیرسا، من دوای ئەوەی کەوتمە شاری قەڵا یەکەمجار بوو مرۆڤ ببینمەوە.. تەنیا دەمتوانی مرۆڤ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینم، هەندێک مرۆڤێکی جیاواز و تۆکمە، قسەزان و بێهەڵە، کە دەڵێم قسەزان دەبێ ئەوەش بڵێم مەبەستم لە قسەزانی ڕەوانگوفتارییە، چونکە لەوەتی لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەمرۆڤ شادبوومەتەوە گرینگ نییە چی دەڵێن، گرینگ ئەوەیە ئەوەی دەیڵێن ڕەوان و بێگرێ دەیگەیەننە پایان!

کوڕێکی باریک و بنێس، ئەگەرچی هەوڵی دەدا هێندەی دەتوانێ خۆی زیرەک نیشان بدات، بەڵام هێشتا نەیدەتوانی ساویلکەییەکەی بشارێتەوە؛ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ڕەسمی حزب دەرکەوت. دوای ئەوەی تێمابوو بەکامە ناونیشان میوانەکەی بناسێنێ، لەوکاتەدا پیاوێکی گرگنی گۆشتن، لەنێو چاکەت و پانتەڵۆنێکی شین و بۆینباغێکی نارنجی دەرکەوت، هەر وەک ئەوەی لەناو پاسەکە لەرێگای ئەو بۆنەی لێی دەهات، هێنابووە بەرچاوم؛ بەهەمانشێوە پرچی بەجۆرێک بەلادا هێناوە وایکردووە کەمێک خوار بێتە بەرچاو. بەخەندەیەکی پان و بێهۆ جارێک دەیڕوانییە چاوەکانم و جارێکیش تیزە نیگایەکی بۆ کوڕەی پێشکەشکار دەکرد، کە خەریکبوو دەیگوت ئێستا بینەری ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی بەرێزیان دەبین...... پاشان دیمەنەکە گوێزرایەوە و لە دیمەنی دواتردا کابرای کورتەبنە لەنێو پاسەکە دانیشتبوو، لە تەنیشتییەوە چاوم لەخۆم گێڕا، بەڵام ئەوەی دیاربوو من نەبووم! کەسێکی تر بوو کە رووخساری بە جۆرێک بۆ پەنجەرەی پاسەکە وەرچەرخاندبوو ئەستەم بوو بیبینم. ئەوسا لەزۆر شت تێگەیشتم: بۆم دەرکەوت دەنگی ئەو ئامێرەی هەرجارە و لە گۆشەیەکی پاسەکە دەهات، چی بوو، زانیم بۆچی من جگە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن مرۆڤ لە هیچ کوێیەکی تر نابینم، لێکدانەوەم وابوو کە تەلەفزیۆنیش هەموو مرۆڤێک نیشان نادات، ئەوەی دەردەکەوێ تارمایی مرۆڤیمانە نەک خودی ئێمە بە سیما و رووخسارمانەوە، ئەوەی منیش بۆچی مرۆڤەکان نابینم ئەوەیش دیارە هەر روونە، بەڵام ئەوەی هێشتا لام روون نەبوو کوشتنەکە بوو، چۆن روویدا؟ بۆچی


ڕووداوی کوشتنەکەش پیشان نەدرا؟ هیچ وەڵامێکم چنگ نەدەکەوت. لەکۆتایی بەرنامەکە کە من وای بۆ دەچم لە دەموساتی ڕووداوی کوشتنەکە دابێت، وێنەی کابرا کورتەبنەکەیان لەتافی لاوی و سەردەمی خەبات و بەرخودانداا نیشان دەدا و لە کۆتاییدا لەوە پەڕی ویقار و سەرکەشیدا وێنەکەی بۆ چەند ساتێک وا مایەوە...


دوای قەیرێ، کوڕێکی دیکە هات، ئەمیش وێدەچوو تووشی هەمان دەردی کوڕە باریک و بنێسەکە بووبێت، بە دەنگێکی نێر و گڕدراو کە وێدەچوو بەزۆر ئاستی دەنگ و سۆزەکەی ڕاگرتبێت؛ هەواڵی کوشتنی کارمەندێکی هێزی پاراستنی ئاسایشی نهێنی «بەدەستی ڕەشی نەیارانی ئەزموونە پێشەکەوتووەکەمان!» لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەناو یەکێک لە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیدا؛ ڕاگەیاند. لەگەڵ بەردەوامی هەواڵپێدانەکەدا؛ ئاماژەی بە زۆربوونی ئەمجۆرە کوشتنە ناگەهانە دەکرد و ژمارەی کوژراوەکانی بە نزیککراوی بە بیست و سێ کەس کە لە نێویاندا چواریان ژنبوون؛ خەملاند.. هاوکات لەگەڵ ئەم زانیاریانەیدا دیمەنی بەخاکسپاردنی کوژراوەکە نیشان دەدرا، کابرا کورتەبنەکە لەنزیک گۆڕەکەیەوە قۆڵەکانی تێکهاڵاندبوون و جارجارە سەری هەڵدەبڕی و سەیرێکی ئەوانیتری دەکرد، لەوەی دەکرد بەهرەی چۆنیەتی خەمباری و تازیەباریان لێوە فێربێت.

ساڵێک لەمەوبەر، لەدەمی کۆبوونەوەی دەستەی "گرووپی ڕێکخەری بۆنەکان" کابرا کورتەبنەکە بە ئەندامەکانی دەگوت؛ «هەڤاڵان! ئەگەرچی هیچکات پێمخۆش نییە وێنای مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازانەی خۆم لەبەرچاوی هیچکام لەئێوە بشێوێنم، بەڵام هەندێکجار دێمە سەر ئەو بڕوایەی دەستخۆشی لەو دەستە ڕەشە بکەم کە کارمەندەکانی ئاسایشی لەمەڕ خۆمان دەکوژن، هاوڕێیان کوشتنی ئەوان سزایەکی خوداییە کە بەهۆی گوێنەدان بەپاراستنی نهێنییەوە دەیانگرێتەوە. هەر ئەم کارمەندەی بەم دواییانە شەهیدبوو نموونەیەکی بەرچاوە کە بووە قوربانی دەمە شڕ و زمانە درێژەکەی خۆی! من زانیاری درووستم هەیە کە لەو ڕۆژەی لەناو پاسەکەدا کوژراوە باسی نۆبەتگیری و شەوانی چاودێرکردنی ماڵەکانی کردووە. ئەمە ئەڵێم وەک هۆشدارییەک بەڵکو ئێوە لەبەرچاوی بگرن... سوپاس بۆ ئامادەبوونتان» بەر لەوەی بڵاوەی لێبکەن و بڕۆن منداڵێکی هەڕاش و بزۆز کە ئەگەر کەمێک بەچاوی گریمانەیی بیخەینە تەمەنەوە ڕێک دەچێتەوە سەر هەمان بیچمی باوکە کورتەبنەکەی و دەبێتە

بەرپرسی کۆبوونەوەکانی سبەی ڕۆژێ؛ شتێکی تیژ و سوژنئاسای ڕۆبردە ئەو تاکە چاوەمەوە کە شەمشەمەکوێرەکان نەیانخواردبوو. لەو ڕۆژەوە من بیناییم لەدەستداوە، بەڵام بەردەوام هەمان ئەو شتانە ڕوودەدەنەوە کە لەڕۆژی ڕووداوی ناو پاسەکەوە ڕوودەدەن، هەمان دەنگ دەبیستمەوە، تەنێ دەنگی ئەو ژنانە دەگۆڕێ کە کرێهاوسەری پیاوە کورتەبنەکەن و لەگەڵ دەنگ گۆڕانیشیان ژمارەیەکی دیکەی کوشتنی ژنان سەرباری ئەو ئامارانە دەبێت کە بێژەرە دەنگ گڕدارەکە دەیانخوێنێتەوە. وا هەست دەکەم ئێستا بزانم کە دەمەویست چی بڵێم کاتێک وتم "برادەر...".

Ferhad.du@gmail.com





شانۆنامە

# ئەوەی ناکرێ بکرێ، دەکرێ بکرێ

لەتیف فاتح فەرەج

تەختەی شانۆ دوو بەشە، فایبەر، یان ئاوێنە، یان پەردە کردوویەتی بە دوو کەرتەوە:

لە دیوی یەکەم، سێ کەس سەرقاڵی ئەوەن دیکۆری شانۆ دادەنێن و لەبەر خۆیانەوە قسە دەکەن و چەکوش و وێنە و پەیژە و شتێکی دیکەیان بەدەستەوەیە:

**کەسی یەکەم**: بەڕاستی کاتەکەمان زۆر درەنگ کرد پێویستە بە خێرای کارەکان بکەین.

**کەسی یەکەم**: بەڕاستی کاتەکەمان زۆر درەنگ کرد، پێویستە بەخێرایی ئەم کارە بکەین.

**کەسی دووەم**: بەڵام بەردەوام هێزێک ڕێگرە لەبەردەمماندا.

**کەسی سێیەم**: ناکرێ کۆڵ بدەین، پێویستە ئێمە ئەم شانۆگەرییە پێشکەش بکەین.

**کەسی یەکەم:** دیواربەندێکی بەدەستەوەیە لێی نووسراوە ((شانۆ قوتابخانەی گەلە)) دەیەوێ لە شوێنێ هەڵیواسێ.

***

**دیوی دووەم:** سێ کەس وێنە لە دیوارەکان دەکەنەوە و شتەکان دەشێوێنن.

کەسی یەکەم تابلۆیەک لە دیوارەکە دەکاتەوە، لێی نووسراوە ((شانۆ قوتابخانەی گەلە)).

پێدەکەنێت، دەیانەوێ بەم قسە قۆڕانە خەڵکی فریو بدەن، دیوار بەندەکە دەکوتێ بەزەویدا.

**کەسی دووەم:** ناکرێ بهێڵین ئەم شانۆیە پێشکەش بکرێت، شانۆی چی و تەڕەماشی چی، ئەوانە قسەی هەلەق و مەلەق دەکەن.

**کەسی سێیەم:** شانۆ... شانۆ، توو دینتان شانۆ شتە؟! شتەکان تێکدەدەن:

**دیوی یەکەم:**

**کەسی یەکەم:** جەنەڕاڵ پێویستە ئێمە پڕۆڤە بکەین.

**کەسی دووەم:** بەڵام ڕووناکییەکەیان شێواندووە و مۆسیقاشیان تێکداوە.

**کەسی سێیەم:** ئەوان دەیانەوێ ئێمە خۆمان بدەین بەدەستەوە، بەردەوام سەرقاڵن.

**کەسی یەکەم:** جەنەڕاڵ پڕۆڤە پێویستی بە ئێمەیە وەک مرۆڤ، نەک شتەکانی دیکە.

**دیوی دووەم:**

**کەسی یەکەم:** جەنەڕاڵ پڕۆڤەی چی. جەنەڕاڵ پڕۆڤە بۆئەوەی مێشکمان تێکبدەن؟

**کەسی دووەم:** جەنەڕاڵ ئێمە ناهێڵین ئەم پڕۆڤەیە بکرێت.

**دیوی یەکەم:**

**کەسی دووەم:** دەبێ بکرێ

**دیوی دووەم:**

**کەسی دووەم:** نابێ

لوت دەنەن بە لوتی یەکەوە، دەکرێ، ناکرێ، ناکرێ، دەکرێ، لەوسەری شانۆوە بۆ ئەو سەری شانۆ دەچن.

**کەسی سێیەم:** دیوی یەکەم

بەڕێزان. ئێوە کە میوانی ئازیزی ئێمەن ئاگادارن کە ئەوەتەی دنیا دنیایە و مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەوییە بە دووی بوونی خۆیدا وێڵە، چاکە و خراپە،

جەنگ و ئاشتی، خێر و شەڕ بەردەوامە.

**دیوی دووەم:**

کەسی سێیەم: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمە حەکایەتێکی ساردوسڕە، کێ دەڵێ چاکە لە بنەڕەتدا خەراپە و خێر لە ڕاستیا شەڕ و ئاشتی لە ناوەڕۆکدا جەنگ نییە. پێوەر چییە بۆ ئەوانەی کە داوای ئاشتی دەکەن، ئامرازەکانی جەنگ دەخەنە گەڕ.

**دیوی یەکەم:**

**کەسی سێیەم:** ئەمە حەکایەتێکی پڕوپووچە و بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، هەردوودیو ڕووبەڕووی یەک دەوەستن.

**کەسی یەکەم:** دیوی دووەم:

بەڵگەتان چییە بۆ تۆمەتبارکردنی ئێمە، هەر ئەوەی نامانەوێ کەس فریوتان بخوات.

**دیوی یەکەم: کەسی یەکەم:**

ئەم شانۆگەرییە دەبێ بەردەوام بێت.

ئەوانی دیوی دووەم پێدەکەنن.

**کەسی دووەم: دیوی دووەم:**

شانۆگەرییە ڕاستییەکە هەرئەوەیە کە هەمیشە بەردەوامە لەنێو بازاڕ، لەنێو ماڵەکاندا، لە شوێنە ئایینییەکان، لەنێو کاناڵەکانی تیڤیدا، کێ دان بەوی دیکەدا دەنێ، تەنانەت گوتاربێژی دوو مزگەوتیش بە یەک جۆر لە ئایین نادوێن.

دیوی یەکەم: کەسی سێیەم:

ئەمە تەقەلایەکە بۆئەوەی هیچ مانایەک بۆ جوانی نەمێنێتەوە، هیچ مانایەک بۆ ژیان نەمێنێتەوە، وەک یەک لێکردنی شتەکان تێکدانی بەردەوامی ژیانە.

**دیوی دووەم:** کەسی سێیەم:

ئەمانە دەیانەوێت لە ڕێگەی دابەشکارییەکەی خۆیانەوە، هەموو شتەکان بەپێی خواستی خۆیان دابەش بکەن.

**دیوی یەکەم: کەسی سێیەم:**

ئەوە ئێوەن.

**دیوی دووەم: کەسی سێیەم:**

نەخێر ئێوەن.

دیسان ئەم گفتوگۆیە درێژە دەکێشێ.

**کەسی یەکەم:** دیوی یەکەم:

ئەگەر بڕیارە ئەم شانۆیە پێشکەش بکەین، پێویستە شوێنێکی دیکە بدۆزینەوە.

**کەسی دووەم**: **دیوی یەکەم:**

بــەڵام ئێمە نامانەوێت خۆمان بدەین بەدەستەوە، ئەمە جۆرێکە لە خۆبەدەستەوەدان.

**کەسی یەکەم: دیوی یەکەم:**

نا، وانییە.

**کەسی دووەم**: با، وایە.

خەریکە لێک تووڕە دەبن، وانییە، وایە.

**دیوی دووەم:**

کەسەکان باوەش دەکەن بەیەکدا و وەک بڵێی دۆخەکەیان زۆر بەدڵ بێ و هەڵدەپەڕن و هەڵدەبەزنەوە.

کەسی سێیەم: دیوی یەکەم:

بە تورەیی، ئەوە ئێوە دەتانەوێ چی بکەن، ئەوان هەر ئەمەیان دەوێت، دەیانەوێ ئێمە تێک بەربدەن و شانۆکە بشێوێنن، بۆیە پێویستە بەردەوامبین و کۆڵ نەدەین... دەیەوێ هاوڕێکانی هێور بکاتەوە، هاوڕێکانی تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن و ئامێز دەکەن بەیەکترا.

**دیوی دووەم:**

لەم دۆخە زۆر تووڕەن.

**کەسی یەکەم**: ناکرێ بهێڵین ئەم شانۆیە پێشکەش بکرێت.

**دیوی یەکەم**

**کەسی یەکەم**: ئێستا ئێمە دەمانەوێ شانۆیەکەتان پێشکەش بکەین.

**دیوی یەکەم**:

**کەسی دووەم**: بە بڕوای من، باشترە پشوویەک بە ئێوە بدەین، پاش ئەوەی بەبێ هۆ لەگەڵ خۆمان ماندوومان کردن.

**دیووی دووەم**: کەسی یەکەم:

ئێمە بڕیارمان داوە هەرگیز ڕێگە بە نمایشکردنی ئەم شانۆییە نەدەین.

**دیووی یەکەم: کەسی دووەم:**

پشوویەکی کەم و شانۆییەکەتان پێشکەش دەکەین.



# ناڵە حەسەن و دەقی تەمەن

**سازدانی: فەهمی نەبی**



**ماوەیەکی زۆرە من خوێنەری دەقە شیعرییەکانی (ناڵە حەسەن)م، هەمیشە بە دەنگێکی جیاوازم زانیوە، چونکە زۆرتر لە هەر شاعیرێک توانیویەتی رەسمی واقیعی ژیانی خۆی لەنێو شیعرەکانی نیشان بدات. ئەوەش هۆکارێکی کاریگەرە کە من هەمیشە وەک پێوانەی راستەقینەی نووسینەوەی خود تەماشای دەکەم. لە فەیسبووک هەمیشە دوای هەواڵپرسین، پرسیاری دەقی نوێم لێکردووە. ئەمجارەیان دەقێکی نوێی بۆ ناردم (من... دەقی تەمەن) هەر ئەوکات دوای خوێندنەوە نووقمی گفتوگۆیەکی زۆر بووین، بۆیە بڕیارمان دا لە دەرفەتێکی نزیکتر قسەی زیاتری لەسەر بکەین، دوای ئاڵوگۆڕی چەند پرسیارێک کە لەلام دروست ببوو، ئەم گفتوگۆیەی لێهاتە بەرهەم کە ئێوە دەیخوێننەوە.**

**بۆچی ئەم هەوڵەی خۆتت ناو ناوە (دەقی تەمەن)...؟ یان لە دەرەوەی ئەم ناونیشانە و روونکردنەوەکە بۆ دەقەکە... تۆ ئەمە بە مانیفێستی شیعری خۆتی دەزانیت..؟**

لە سەرەتای شیعرەکەمەوە تا کۆتاییەکەی هەستم دەکرد لە نێو ئەتمۆسفیرێکی شیعری جیاوازدام، هەستم دەکرد سەرسامانە خۆم رەسم دەکەم و لەگەڵ خۆمدا دەدوێم، بە تایبەت دوای تەواوبوونی شیعرەکە کە ناوم نا (من)... هەستم دەکرد لەو شیعرە بەدەر لە جیاوازییەکانی زمان و ستایل ناتوانم دوا دێڕی بۆ بنووسم، یان دوا نوختەی بۆ دابنێم، واتە دەقێکە کراوەیە و تەواو نابێت، نەک بە بەشێک یان بە دووان دەقێکە، تا ئەبەد دەکرێت بەشەکانی یەک بەدوای یەکدا بێن... دوای رامان و وردبوونەوەیەکی زۆر، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە چ سایکۆلۆژیەتی دەقەکە چ بارە زمانەوانییەکەی چ ستایل و شێوازی نووسینەکەی ئەوە دەخوازێت ئەم دەقە ناوێکی تایبەتی لێبنێم و وەک تەجروبەیەکی شیعری نوێ رایبگەیەنم... لەسەرەتا بیرم کردەوە ناوی بنێم (دەقی ژیان)، بەڵام لەگەڵ ئەم ناوە رووبەڕووی کۆمەڵێک ئیشکالیاتی تر دەبووم کە نەمدەویست لێیان نزیک ببمەوە. دواجار بەوە گەیشتم ناوی بنێم (دەقی تەمەن). دەربارەی ئەوەش کە ئایا ئەم روونکردنەوەی نووسیومە بە مانیفێستی شیعری خۆمی دەزانم، من دەڵێم نەخێر، دیارە ئەم روونکردنەوەیە بەشی تری بەدوادا دێت تا دەبێت بە مانیفێستێکی گونجاو بۆ دەقی تەمەن، بەڵام هەرگیز من ئەوە بە مانیفێستی شیعری خۆم نازانم، چونکە من پێموایە، من لە ئاستێکی فراوانتر لە چوارچێوەی مانیفێستێکی دیاریکراو ئیش لەسەر شیعرەکانم دەکەم، من بە ستایلی جۆراوجۆر دەنووسم ناتوانم لەنێو ستایلێکی دیاریکراو خۆم و هەوڵەکانی خۆم بەر تەسک بکەمەوە، دەکرێت ئەوە مانیفێستێک بێت بۆ یەکێک لە هەوڵەکانم، واتە مانیفێستێک بێت تەنها بۆ (دەقی تەمەن) و هیچی تر.

**ئایا لە هەموو شیعرێک شاعیر خۆی نانووسێتەوە، یان ئیش لەسەر خۆی ناکات، مەبەستمە بڵێم جیاوازی ئەم شیعرەت لەگەڵ شیعرەکانی ترت لە کوێدایە، یان ئێمە بۆ خۆمان بنووسینەوە لەکاتێکدا وەزیفەی نووسینەوەی شتەکانی تر تەواو نەبووە؟**

بێگومان منیش دەڵێم لە هەموو شیعرێک شاعیر هەوڵدەدا خۆی بنووسێتەوە، بەڵام لەو شیعرە نووسینەوەی خود جیاوازە، شاعیر لەم دەقەدا بەشێوەیەکی زۆر چڕ ئیش لەسەر خۆی دەکات، تەرکیزی زۆر دەکاتە سەر ناوەوەی خۆی

غەریزەکانی خۆی باری دەروونی خۆی خەون و خەیاڵ و ئومێدەکانی خۆی تەنانەت نهێنییەکان و شتە تایبەتییەکانی خۆی، یان پەیوەندی خۆی بە دەرەوە و بە چەمکەکانی تر، بۆ نموونە دەربارەی عەشق، شاعیر لەم دەقەدا بە نێو بەرینایی رووبەری عەشق سەفەر ناکات! لەنێو ئەو رووبەرە دەمێنێتەوە کە پەیوەندی بە خۆی، هەیە واتە تەنها دۆڕانەکان یان فڕینەکانی خۆی لەنێو رووبەری عەشق دەنووسێتەوە، واتە (هەر خۆیی و هەر خۆیی و هەر خۆی)، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم شیعرە... جیاوازییەکی تر، هەر بەناوەکەوە دیارە (دەقی تەمەن) دەقێکە تەواو نابێت و لەگەڵ تەمەنی شاعیردایە، هەروەکو گوتم ناتوانم دوا دێڕ و دوا نوختەی دیاری بکەم... مەرگی شاعیر دەبێتە دوا دێڕ و دوا نوختەی ئەم دەقە...! ئەمەش لە هیچ دەقێکی تری خۆم، یان لە هیچ دەقی هیچ شاعیرێکی تر ئەمەم نەبینیوە، یان ئەو بارە نەرجسییەتەی شاعیر کە منی خۆی لە سەرووی منەکانی تر دەبینێت، یان ئەو بوونە نەرجسییەی خۆی بە بوونێکی پیرۆز وەسف دەکات! دەربارەی ئەوەش ئێمە بۆ خۆمان بنووسینەوە، لەکاتێکدا وەزیفەی نووسێنەوەی شتەکانی تر تەواو نەبووە، من بە دڵنیاییەوە دەڵێم شتەکانی تر تەواو نابن، حیکایەتی شتەکانی تر و حیکایەتی ژیان حیکایەتێکی بەردەوامە. جا بۆئەوەی لە خۆمان و شتەکانی تر تێبگەین، دەبێت لەسەرەتادا خۆمان بنووسینەوە و پەیوەندی خۆشمان بە شتەکانی تر رەسم بکەین، کە ئەمەش وەزیفەی نووسینە و شیعریش زۆر تایبەتمەندانە ئیش لەسەر ئەمە دەکات.

**لە روونکردنەوەکەتدا نووسیوتە (شاعیر لەم دەقە منی خۆی لە سەرووی هەموو منەکانی دەوروبەر دەبینێت)، لە پشتی ئەم دەربڕینەت دەتەوێت چیمان پێ بڵێیت؟**

دەمەوێت بڵێم ئەو رۆژگارە بەسەر چووە بڵێین (کوردم و ناتوێمەوە ناتوێمەوە...!) رۆژگارە سەختەکان بەسەرچوون و ئێمەش نەتواینەوە... دەمەوێت بپرسم ئێستا چۆن لە خۆمان و بوونمان دەڕوانین؟ چ ئاست و تەوەقوعێکمان هەیە بۆ خۆمان و بۆ ژیانمان، دەمەوێت بزانم لەم دەورانی دوای پۆستمۆدێنیزم و لەنێو ئەم هەراو زەنای تەکنۆلۆژیایە خۆمان لە کوێی هاوکێشەکان دەبینین...؟ شاعیر لەم دەقەدا، بە دیدێکی مۆدێرنەوە، منی خۆی لە ئاستێکی بەرز دەبینێت هێندە بەرز تا ئاستی ئەوەی هەموو خۆشییەک و بەختەوەرییەک و جوانییەکی ژیان بۆ خۆی بە رەوا دەبینێت، لەهەمان کات، خوازیارە هەر تاکێکی کۆمەڵگاکەی لەم ئاستە بەرزە بۆ خۆی و ژیان بڕوانێت، پێی وایە وەکو کورد کاتی دەست ماچکردن و چەمانەوە بۆ بەرامبەر بەسەرچووە...! تاکی کورد لە بەرزترین

ئاست تا نزمترین، هەر جێگاو ڕێگایەک و هـەر پلەوپایەکی بەرپرسیارێتی هەبێت، دەبێت خۆی لەم ئاستە بەرزەدا ببینێت، بەتایبەت لە بەرامبەر ئەوانی تر. یان پێویستە تاکی کورد دەستبەرداری ئەم ڕۆحـە شەرمنۆکی و خەجولییە ڕۆژهەڵاتییە بێت وا خەریکە ڕۆح و بوون و خەونەکانمان وێران دەکات.

**تۆ بەم دەقـە دەتەوێت تەجاوزی قۆناغی جیلی پێش خۆت بکەیت؟**

من ناتوانم بڵێم بۆ ئەم مەبەستە ئـەم دەقــەم نووسیوە، بــەڵام ئەگەر شتێکی لەم بابەتەم کردبێت ئەوە مایەی خۆشحاڵیمە. دیـارە ئـەوە مافی هەر نووسەرێکە کە بەم ئومێدەوە بنووسێت، دیارە ئەم مافەش لە خۆم ناسێنمەوە، بــەڵام داهێنان لای من شتێکی لەوە گەورەترە بە خاتری تێپەڕاندنی نەوەی پێش خۆمان، یان بۆ ئەم مەبەستە بنووسین... حەقیقەتێک هەیە دەمەوێت ئەوە زۆر بە راشکاوی بڵێم من لەو ڕۆژەوەی دەستم داوەتە قەڵەم خەمی داهێنان یەکێک بووە لە خەمە هەرە گەورەکانم... لە پرۆسەی نووسینمدا من هەمیشە هەوڵم داوە کۆپی هیچ کەسێک نەبم، دەنگێکی جیاواز بم و لە هیچ کەسێکی تر نەچم، ئەوەشم لەنێو دەقەکە بە ئاشکرا راگەیاندووە کە دەڵێم (من لە هیچ کەسێکی تر ناچم لە خۆم نەبێت...).

**بە بڕوای من داهێنان و نوێبوونەوە پەیوەندی بە تەمەن و کتێب و هیچ قۆناغێکەوە نییە، یان لە هەر چرکەساتێکی تەمەن کەسێک بیەوێت داهێنان بکات ئەوە هیچ جێگای ئەسەف و غەدر نییە بە پێچەوانەوە، جێگای ئیفتخار و مایەی شادومانی و پێشوازییە..**

**نووسینەوەی (من) لە قۆناغێکی وەک ئێستا کە خودانی چەندین کتێبی شیعریت، غەدر نییە لە رابردوویەک کە رۆیی و نەتنووسینەوە، یان ئەوە کاملبوونی ئێستایە؟**

بە بڕوای من داهێنان و نوێبوونەوە پەیوەندی بە تەمەن و کتێب و هیچ قۆناغێکەوە نییە، یان لە هەر چرکەساتێکی تەمەن کەسێک بیەوێت داهێنان بکات ئەوە هیچ جێگای ئەسەف و غەدر نییە بە پێچەوانەوە، جێگای ئیفتخار و مایەی شادومانی و پێشوازییە... من چی بکەم خۆزگە دە ساڵ بەر لە ئێستا ئەم دەقەم دەنووسی!

**ئەم دەقە لەگەڵ تەمەنت دایە و لە هەمانکاتیش دەتەوێت لە نووسینی شیعرەکانی ترت بەردەوام بیت. مەبەستمە بڵێم، ئەم تەجروبە شیعرییە تازەیەت هیچ لایەنێکی نێگەتیڤی لەسەر پڕۆژە شیعرییە ئاساییەکانت نابێت، یان بە مانایەکی تر، هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم شیعرەکانی ترت دروست ناکات؟**

ڕێک وایە ئەم دەقە لەگەڵ تەمەنمدایە، دەشمەوێت لە نووسینی شیعرەکانی ترم بەردەوام بم، بەڵام دەربارەی لایەنی نێگەتیڤی ئەم تەجروبەیەم ئەوەی تا ئێستا بینیبێتم، یان هەستم پێی کردبێت ئەوەیە، پڕۆسەی نووسینی شیعرەکانی ترم هێواشتر دەکات، چونکە ئەم دەقەش بە ئەندازەی خۆی کاتی لێم دەوێت و دەبێت ئەم ئیعترافەش بکەم من کەسێکم کەم دەنووسم هەر دەقێکی شیعریم دوو مانگ تا سێ مانگ دەخایەنێت، ئەگەر زیاتریش نەبێت. خاڵێکی تر، لەم سێ چوار مانگەی دوایی واتە لە سەرەتای بەشی یەکەمی دەقی تەمەن تا ئێستا (چونکە ئێستا لە بەشی دووەمی ئەم دەقەدا ئیش دەکەم)، یەک دووجار خەیاڵێکی نوێی شیعریم تواندووەتەوە لەنێو ئەم دەقەدا، واتە لەگەڵ خەیاڵە نوێکەم بەردەوام نەبووم تا بیکەم بە شیعرێکی سەربەخۆ. من پێموایە بەرچاوترین لایەنی نێگەتیڤی ئەم تەجروبەیەم لەم خاڵەدایە، بەڵام بەپێی توانام هەوڵدەدەم کاریگەرییەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بن.

**بە بۆچونی من (نەرجسییەت)ی تۆ لەم دەقەدا لەوپەڕی قووڵیدایە... ئایا نووسینەوەی (ئەو) کۆتاییهات، مەبەستمە کەسی دووەمی تاک کاراکتەرێکی ئامادەیە لەنێو دەقەکانی تۆدا!**

ئەو بوونە نەرجسییەی من لە هەموو شیعرەکانی تریشمدا هەر هەبووە و ئەگەر لەم دەقەمدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی، یان وەکو تۆ دەڵێی لەوپەڕی قووڵیدایە،

من لەم حەقیقەتەی خۆم راناکەم هۆکارەکانیش چ لە روونکردنەوەکەم و چ لە پرسیارەکانی پێشووتر وەڵامم داوەتەوە، بە پێویستی نازانم لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە، دەربارەی چیرۆکی من لەگەڵ (ئەو) هەرگیز کۆتایی پێ نەهاتووە ئەو لە دەقەکانی تر و لەو دەقەش هەر لە گەڵمدایە... ئەوەتا لەسەرەتای دەقەکەدا دەڵێم...

تاک تاک تاک
تک تک تک
تۆ تۆ تۆ/ تۆ تا ئەبەد تۆ
یان لە بەشی دووەمی ئەم دەقەدا لە شوێنێکدا دەڵێم...
من حەزدەکەم هەموو ژیان لەنێو تۆدا بتوێتەوە
تۆش لەنێو من
من حەزدەکەم تۆ لە هەموو مەخلوقاتێک ئاسوودەتر بیت
منیش لە تۆ...!

ئەوەتا دەبینین لەو دەقەش ئەو هەر لەگەڵمایە، (ئەو) هێندە مەحبوب و ئازیزە تا ئەو ئاستەی دەمەوێت ژیان لەنێو ئەودا بتوێتەوە یان دەخوازم لە هەموو مەخلوقاتێک ئاسوودەتر بیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واز لە رۆحە نەرجسییەتەکەی خۆم ناهێنم و دەمەوێت (ئەو)یش لەنێو مندا بتوێتەوە، یان دەمەوێت لە ئەو ئاسوودەتر بم، بەڵام لەنێو ئەم دەقە پەیوەندی من لەگەڵ ئەو لە ئاستێکی تردایە، لەگەڵ ئەو لە عەشقدام لە ژوواندام لە هەمانکاتدا لە ململانێیەکی سەخت و دژواریشدام، عەشق لەم دەقەدا لەپێناو مانەوە نییە، بەڵکو لەپێناو جوانکردن و بە ئیرۆسیکردنی ژیان و لەپێناو بەها مرۆییەکانە.

**رەهەندەکانی کەسایەتی لە دیدی فرۆیدەوە (ئەو، من، منی باڵا)یە من لەبەردەم بە کۆمەڵایەتیبوونی تاک و تێگەیشتنی دەرەوە و ناوەوە لە بەرامبەر منی باڵا کە هەمیشە خۆی لە سەرەوەی هەرەمی کەسایەتی دەبینێتەوە ئەو دەقە لەسەر نەخشەی (من)دا لەکوێوەی نەرجسییەتی تۆدایە؟**

من-ی دەقی تەمەن، (من)ێکی باڵایە و لە ئاستێکی بەرز دەڕوانێت، شانازی و ئیفتخارێکی بێ وێنە بەو منە و بە بوونی خۆی دەکات، ئەو منە منی شاعیرە، ئەم شانازی و بەرز روانینەش بەهۆی نووسینی شیعرەوەیە، وەک لە روونکردنەوەکەدا هاتووە (من شیعر دەنووسم کەواتە من هەم). شاعیر لێرەدا (من)ێکی داهێنەر و خالیقە، شتەکان وەقسە دەهێنێت و رۆحیان دەخاتە بەر. بۆیە

ئەم دەقە لەگەڵ
تەمەنمدایە،
دەشمەوێت
لە نووسینی
شیعرەکانی ترم
بەردەوام بم، بەڵام
دەربارەی لایەنی
نێگەتیڤی ئەم
تەجروبەیەم ئەوەی
تا ئێستا بینیبێتم،
یان هەستم پێی
کردبێت ئەوەیە،
پرۆسەی نووسینی
شیعرەکانی ترم
هێواشتر دەکات

شاعیر داوا دەکات بوونێکی رەها بێت و خاوەن هەموو مافێک و ئازادییەک بێت، بەڵام ئەو دیدگا و تیۆرەی فرۆید بۆ کەسایەتی و ناسینی سروشتی مرۆڤ و هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی، کە بۆ ئەم مەبەستە مێشکی مرۆڤی دابەشکردووە بۆ سێ بەش ئەویش (من، منی باڵا، ئەو) هەریەک لەم بەشانە لە کەسێکی ئاسایی و تەندروست دەبێت لە هاوسەنگییەکی گونجاودا بن، چونکە ناهاوسەنگی و نارێکی لە هەریەکێک لەم بەشانە، دەبێتە هۆی نارێکی باری دەروونی و لێکەوتنەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی. هەریەک لەم بەشانەش بۆ نموونە: ئەو (ئێد) بەر لە هەموو بەشەکانی تر، لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپە لەدایک دەبێت، تەواو لەنێو رووبەری نەستیدایە، واتە رووبـــەری بێئاگایی و لاشعووری، لەژێر کۆنترۆلی پرێنسیپی دەروون و هەست و ئارەزووەکانیدایە، بە هیچ شێوەیەک نە لەگەڵ واقیعی دەرەوە رووبەڕووە، نە گوێی بە هیچ فەرمانێک دەدات. شاعیر چ لە شیعرەکانی تری چ لە دەقی تەمەن خۆی زۆر بۆ بێئاگایی شل دەکات، واتە توانا و خەیاڵ و رەفتار و بیرکردنەوەکانی لەژێر کۆنترۆڵی (ئەو... ئێد)دایە... ئەو منە باڵایەی دەقی تەمەن بە ئاراستە و تەوژمی (ئەو) کار دەکـات، بۆیە تەنها گوێ بە خواست و غەریزەکانی خۆی دەدات و ئیش

لەسەر چەمکە ئیرۆسییەکان دەکات، یان منی خۆی لە سەرووی هەموو منەکانی تر دەبینێت و دەڵێت (هەر خۆم و هەر خۆم و هەر خۆم... خۆمی تاک و تەنیا... خۆم تا ئەبەد خۆم...!). کرۆکی نەرجسییەتەکەش ئەلێرەدایە.

**مەبەستت لەوە چییە کە دەڵێی شاعیر خۆی نابەستێتەوە بە چرکەساتێکی دیاریکراو، یان زەمەن پێکهاتەیەکی ناکاریگەرە لە نێو رووبەری دەقدا؟**

مەبەستم ئەوەیە و دەمەوێت بڵێم، راستە شاعیر لەم دەقە خۆی دەنووسێتەوە و هەموو تەرکیز و خەیاڵەکانی لەسەر خۆیەتی، بەڵام ئەمە بە مانای نووسینەوەی ژیاننامە نییە تا لە منداڵییەوە دەست پێ بکات و ئینجا هەرزەکاری و لاوێتی و تا کۆتایی... بەڵام لە دەقی تەمەن، زەمەن یان کات بەم ئاراستە رێکە ناڕوات... من وای دەبینم وەک چۆن لە کرداری زاوزێ لە کاتی توانەوەدا بە ملیۆن سپێرم دەرژێت، بەڵام خێراترینیان خۆی دەگەیەنێتە هێلکەکە و کرداری پیتان روودەدات. ئەمەش بەهەمانشێوە، لەکۆی کۆمەڵێک رووداو و بیرەوەری کامەیان کاریگەری زیاتر بێت، ئەمیان خۆی دەگەیەنێتە هێلکۆکەی خەیاڵی شاعیر و خەیاڵی شاعیر ئاوس دەکات... بۆیە پەیوەندی بە زەمەنەوە نییە و زەمەن پێکهاتەیەکی ناکاریگەرە.

**ئەم دەقە لە قاڵبــی پۆستەرە شیعرە، نووسینەوەی (من) هەروا بەردەوام دەبێت یان نەفەسی درێژ و شێوازی پێشتریشت بەکاردەهێنیت..؟**

راستییەکەی نامەوێت یان بە گونجاوی نابینم شێواز و فۆرمێکی دیاریکراو بۆ ئەم دەقەم دابنێم... من پێمباشە وەک چۆن دەقەکە کراوەیە و بەردەوام دەبێت، ئاواش فۆرم و شێوازێکی کراوەی هەبێت. راستە بەشی یەکەم و تەنانەت بەشی دووەمیش لە شێوەی کۆپلە کۆپلە کەتۆ پێی دەڵیی پۆستەرە شیعر دەڕوا، بەڵام من ئەوە نازانم و بۆم رۆشن نییە لە داهاتوودا بە چ زمانێک و بە چ فۆڕمێک درێژە بەم دەقەم دەدەم، ئیتر سڵاو لە داهێنان.


# وەرگێڕان

## وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| شیعر گوتن ئەزموونێکی شیرینە | **عەلی ئیسماعیل نژاد** |
| لەنێوان تاقیکردنەوە و هەڵبژاردندا | **فاروق جەمیل کەریم** |
| لە کۆمەڵەی: باخچەی سەدە-وە | **عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە** |
| لوورە | **موکەڕەم رەشید تاڵەبانی** |

# شیعر گوتن ئەزموونێکی شیرینە[١]

و. لە فارسییەوە: عەلی ئیسماعیل نژاد





سیلڤیا پلات (Sylvia Plath) شاعیر، ڕۆماننووس، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوانی ئامریکایی لەدایکبووی ٢٧ ئۆکتۆبەری ١٩٣٢، ئەو پتر بە شاعیر ناوبانگی دەرکردووە. پلات پێنج دیوانە شیعری هەیە، کە بریتین لە:

-کلۆسۆس و شیعرەکانیتر(١٩٦٠)

-ئاسک (١٩٦٥)

-تێپەڕبوون لە ئاو (١٩٧١).

-دارە زستانییەکان (١٩٧٢).

-کۆی شیعرەکان (١٩٨١).

پلات چوار دەفتەرە شیعری لەپاش خۆی چاپبووە و تەنیا یەکێکیان بە سەرینی خۆی چاپکراوە.

سیلویا پلات لە ۱۹٦۳ رۆمانێکی چاپ دەبێت بەناوی "بڵقی شووشەیی" رۆمانەکە لەراستیدا ژیاننامەی کەسێکە کە تووشی خەمۆکی هاتووە، ئەو رۆمانە یەکەمجار بە ناوی خوازیاری ویکتۆریا لۆکاس بڵاوبووەتەوە لە ساڵی ۱۹۸۲ تد هیوز مێردی پلات دەفتەری بیرەوەرییەکانی پلاتی وەک کتێبێک بڵاوکردەوە، ئەو دەفتەرە ژیانی رۆژانەی پلات لە تەمەنی ۱۱ ساڵییەوە لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەو نووسراوانەی کە هی دوایین رۆژەکانی ژیانی سیلویا پلاتە، بڵاونەبوونەوە، پلات لە ژوئن ۱۹٥٦ لەگەڵ تد هیوز شاعیری بەناوبانگی ئینگلیس زەماوەند دەکات هیوز و پلات دوو منداڵیان دەبێت. پلات لە ۱۱ فێبریواری ساڵی ۱۹٦۳ بە گاز خۆی کوشت.

ئەو پێشترش لە ساڵی ۱۹٥۳ کاتێ کە بیستبووی ناتوانێت بەشدار بێت لە وانەی "فێرکاری نووسەر" کە مامۆستاکەی فرانک ئۆکانێر بوو، جارێکی تر ویستبووی خۆی بکوژێت.

ئەو وتوێژە ساڵێک بەر لە خۆکوشتنی سیلویا پلات، پترار هەواڵنێری بی بی سی لەگەڵی کردووە، ئەو وتوێژە لە پاش بڵاوبوونەوەی دەفتەرە شیعری یەکەمی سیلویا پلات لەگەڵیدا کراووە[۲].

**چ هۆکارێک بوو بەهۆی ئەوەی ئێوە ببن بە شاعیر؟**

نازانم چی بووە هۆکاری ئەوەی کە من شیعر بڵێم زۆر بە منداڵی شیعرم نووسیوە، پێم وابیە حەزم لە شیعری منداڵان بوو لاموابوو کە دەکرێت منیش وەک ئەو شیعرانە بڵێم یەکەم شیعرم یانی یەکەم شیعری بڵاوکراوەم کە نووسیم هەشت ساڵان بووم، ئەو شیعرە لە "بۆستن تراولێر" چاپ بووە، پێموایە لەپاش ئەوەش بوو کە شاعیرییم کردە پێشەی خۆم.

**لەو کاتەدا چ جۆرە شیعرێکتان دەنووسی؟**

پێموایە سەبارەت بە سرووشت: باڵندە، زەردەواڵە، بەهار، پاییز و زەریا... سەبارەت بە زۆر شت ئەو شتانەی بۆ کەسێک کە ئێستا ئەزموونی شاعیریی نییە وەک خەڵاتێکی خودایی وایە، پێم وابیە هاتنەوەی بەهار، تریفەی مانگ، تروسکەی ئەستێرە، بارینی بەفر و... بۆ یارمەتی بە منداڵان و شاعیرانی گەنج وەک خەڵاتێک وایە.

**ئێستا، بەتێپەڕبوونی چەند ساڵ، وەک شاعیرێک دەتوانن باسی ئەوە بکەن کە شتێکی تریش بووە کە شوێنەواری لەسەر ئێوە هەبێت و سەرنجتان راکێشێت، ئەو شتانە کە هەست بکەن دەبێت شیعریان بۆ بنووسیت؟**

لەوانەیە ئەوە هۆکارێکی ئەمریکایی بێت: من لەو شتەی کە پێموا بوو دەستکەوتێکی گەورەیە، زۆریش خۆشحاڵ بووم دەستکەوتێک کە بە ئاگاداری و خوێندنەوە لە ژیانی "رابێرت لوول" بە دەستم هێنا؛ ئاوڕدانەوەیەکی خێراو ورووژێنەر لە ئەزموونێکی پڕسۆز جدیی و تایبەت؛ پێموایە جۆرێک تابۆیە. بۆ وێنە شیعری "رابێرت لوول" سەبارەت بە ئەزموونەکانی لە نەخۆشخانەی دەروونی، بۆ من زۆر سەرسووڕهێنەر بوو. هەست دەکەم ئەو بابەتە تایبەت و تابۆکراوانە، لە شیعری ئەمڕۆی ئامریکادا زۆر هاتوونە گۆڕێ.

بەتایبەت پێموایە ئان سکستۆن کە سەبارەت بە هەستی دایکانە شیعر دەنووسێت؛ ئەویش ئەو دایکەی کە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، ژنێکی زۆر هەستیار و بەسۆزە و شیعرەکانی زۆر هونەرمەندانەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە جۆرێک شۆڕبوونەوەن بۆ قوڵایی سۆز و دەروون، پێموایە شتی تازەیان هێناوەتە ئاراوە و زۆر ورووژێنەرن.

**ئێستا وەک شاعیرێک وەک کەسێک کە ئەزموونی ژیانت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و بەریتانیاش هەیە، ئێستا ئێوە ئەمریکاییەکن..**

ئەو پێگەیە باش نییە، بەڵام قەبووڵی دەکەم.

**ئەگەر هەر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆین ئێوە هۆگریتان بۆ کام لا پترە ئەمریکا، یان ئەوروپا؟**

لەڕاستیدا هەتا ئەو جێیەی کە پەیوەندی هەیە بە زمانەوە، من ئەمریکاییم، من زاراوەم ئەمریکاییە، من ئەمریکاییەکی نەریتیم، لەوانەیە ئەوە یەکێک بێت لە هۆکارەکان، کە من لە بەریتانیا ماومەوە هەتا ئەو جێیەی لە پەیوەندی بە حەز و سەلیقەوە بێت، من پەنجا ساڵ لەدوام، دەبێت بڵێم ئەو شاعیرانەی کە بۆ من ورووژێنەرن، شاعیرانی ئەمریکایین، ڕێژەی ئەو شاعیرە ئینگلیزانەی کە چێژ لە شیعرەکانیان ببینم، زۆر کەمە.

**مەبەست ئەوەیە شیعری ئینگلیز لەچاو شیعری ئەمریکا لەدواترە؟**

نا، بەڵام شیعری ئینگلیز جەغزی تایبەتی خۆی هەیە. ئاڵواز، رەخنەگری

ئینگلیزی لە وتارێکدا باسی بابەتە مەترسییەکانی رەوشت و ئەخلاق لە بەریتانیا دەکات، بابەتێکی زۆر بەجێیە و زۆریش راستە، بەڵام لێت ناشارمەوە من زۆر پابەندی رەوشت و ئەخلاق نیم و هەست دەکەم کە ئەخلاق و رەوشت جەغزت بۆ دیاریی دەکەن و بینت دەگرێت.

جوانکاریی و رازاندنەوەی لە رادەبەدەر کە لە هەموو شوێنێکی ئینگلیز بەدی دەکرێت، زۆر لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە کە هەستی پێ دەکرێت.

**ئێوە پێتان وایە بە گشتی ئەو شتەی کە بە ئەدەبیاتی ئینگلیزی ناوی دەرکردووە، هەر کاری ئەو شاعیرانەیە کە بە دڵ و گیان قورسایی ئەدەبیاتی ئینگلیزیان لەکۆڵ ناوە؟**

بەڵێ، بەڵام لەوە زیاتر هاوڕا نیم لە گەڵتدا. دەزانم ئەمە هەر ئەو باسەیە کە ئەو کاتەی لە زانکۆی کەمبرێج دەمخوێند، رووبەڕووی دەبوومەوە، ئەوکات زۆرجار ژن و کچی جەحێڵ کە تووشم دەهاتن، لێیان دەپرسیم:

تۆ چۆن غیرەتی ئەوە دەکەیت دەست بدەیتە قەڵەم، چۆن دەوێری شیعر بڵاوبکەیتەوە؛ ئەو پرسیارانە هۆی ئەوە بوو کە پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی شیعر، رەخنەی زۆر بەرەو رووی شاعیرەکە دەبووەوە.

لەبیرمە لەوەی کە کەسێک بڵێت: من شیعرەکانم وەک "جان دان" دەست پێدەکەم، بەڵام هەوڵ نادەم کە وەکو "جان دان" تەواوی بکەم. زۆر دەترسام.

هەر بەو هۆیەشەوە من لە سەرەتادا هەستم دەکرد ئەدەبیاتی ئینگلیز بە هەموو قورسایییەکەیەوە هاتووەتە کۆڵی من، پێموایە ئەو پێداگرییە زۆرەی کە لە زانکۆکانی ئینگلیز لەسەر رەخنەی پراکتیکی دەکرێن، زۆر رێگرە.

لە ئەمریکا ئێمە لە زانکۆکان چ دەخوێنین؟ ئێمە لە تی ئێس ئێلیۆت، دایلین تامس، یتز را دەست پێدەکەین من لەو باوەڕەدام هەر بەو هۆکارەیە، کە چوونە زانکۆ لە ئەمریکا بۆ شاعیرانی گەنج -ئەو گەنجانەی شیعر دەڵێن- بە قەت ئینگلیز ئاستەم و دژوار نییە.

**ئێوە دەڵێن من ئەمریکاییم، کەچی کاتێ من شیعرەکانتان وەک شیعری "باوک" دەبیستم کە باسی داخائۆ، ئاشویتس و مین کمپ دەکات، هەست دەکەم ئەو شیعرە شیعری کەسێکی ئامریکایی نییە، چونکە لە ئەمریکا ئەو بابەتانە و ئەو شوێنانە هێندە گرینگ نین، گرینگ هەن؟**

لەڕاستیدا ئێوە پێتان وایە من بە رەچەڵەک ئەمریکاییم، بەڵام من بەڕەچەڵەک

نەمسایی –ئەڵمانیم، بۆیە پەیوەندی من لەگەڵ ئۆردۆگای کاری زۆرەملێ و ئەو بابەتانەدا تەنیا پەیوەندیی هەست و سۆزە، لەگەڵ ئەوەشدا من کەسێکی سیاسیم، بۆیە دەتوانم هەست بکەم کە ئەو ڕووداوانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت.

**ئێوە وەک شاعێرێک، تێگەیشتوویەکی مێژوویی قوڵ و بەرینتان هەیە.**

من مێژوونووس نیم، بەڵام خوێندنەوەی مێژوو بۆ من زۆر چێژ و خۆشی تێدایە. ئێستا زۆر کتێبی مێژوویی دەخوێنمەوە. لە ئێستادا زۆر هۆگری ناپلیۆن پۆناپارتم، زۆر هۆگری ئاگاداریم لە شەڕ و پێکدادانەکان، ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە فەرەنساوە هەیە، شەڕی یەکەمی جیهانی و لەو جۆرە بابەتانە، پێموایە هەتا دێت پتر من هۆگریم بۆ مێژوو دەبێت و دڵنیاشم کە من ئێستا لاوێکی تەمەن بیست ساڵان نیم.

**ئایا ئێوە شیعرەکانتان پتر لەوەی کە لە ژیانی تایبەتی خۆتانەوە هەڵقوڵابن، لە کتێبەکانەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

نانا هیچ وانییە، پێموایە شیعرەکانم ڕاستەوخۆ لە ئەزموون و هەست و سۆزی منەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە من ناتوانم لەگەڵ ئەو هاوارانەی کە لە دڵەوە هەڵدەستێت و باسی ژان و برک دەکات، هاوڕێ بم.

من باوەرم وایە کە مرۆڤ دەبێت ئەزموونەکانی لەژێر ڕکێفی خۆیدابێت و شارەزایانە بتوانێت لە کاتی پێویستدا بەکاریان بێنێت.

تەنانەت ئەزموونی بەترسی وەک شێتی و ئەشکەنجە و ئەزموونی لەو بابەتانەش مرۆڤەکان دەبێت بتوانن ئەو ئەزموونانە زۆر بە ئاگاداری و زیرەکانە و بەشێوەیەکی شارەزایانە بەکاری بێنن.

پێموایە ئەو ئەزموونانە زۆر گرنگن، بەڵام ئەو ئەزموونانە وەک ئەزموونی ئاوێنە، یان کامێرای وێنەگرتن نیین، بەڵکو ئەو ئەزموونانە ئەزموونێکن کە پەیوەندییان بە فیز و دەماری و تەنانەت نارسیستیشەوە هەیە. پێموایە ئەو ئەزموونانە دەبێت پەیوەندی بە بابەتی گرنگترەوە هەبێت، وەکو: داخائۆ، هیرۆشیما و شتی لەو بابەتە.

**واتا دەبێت لە پشت هەر سۆزێکەوە، جۆرێک نەزمی تاکەکەسی هەبێت؟**

من بەڕاست وا بیردەکەمەوە کەسێکی زانستی و ڕەخسانی هەلی وا کە بتوانی بڕوانامەی بەرز لە زانکۆ وەرگریت و ببیتە مامۆستای زانکۆ و هەموو ئەو شتانە

بە دڵنیاییەوە لە دەروونی مندا نەزم دروست دەکات، هەڵبەت هەتا ئەو ڕێژەیەی کە ڕچان و کۆنەپەرەستی لێنەکەوێتەوە.

**لەو شاعیرانەی کە کاریگەرییان لەسەر شیعری ئێوە هەبووە، کامیانتان لە هەمووان بۆ گرینگترە؟**

لە چەند کەسێک دەرنەدەچوون، لەڕاستیدا دیتنەوەی شوێنپێی شوێنەواری کەسانی تر، زۆر دژوارە. کاتێک خوێندکار بووم شاعیرانی وەکو دایلین تامس، پتز و تەنانەت ئاودن تووشی سەرسوڕمانیان دەکردم، ئاودن زۆر کاریگەری لەسەر من هەبوو، هەر شیعرێک کە دەمگوت لەژێر کاریگەری ئەودا بووم لە دواییدا دیسان چوومەوە رابردوو، بۆ وێنە دەستمکرد بە خوێندنەوەی بلێک، رەنگە زۆر بێ رەوشتانە بێت ئەگەر بڵێم دەکرێت کەسێک لەژێر کاریگەری شکسپیردابێت، شکسپیر تەنیا دەکرێت بیخوێنیتەوە و هەر ئەوەندە.

**کە شیعرەکانی ئێوە دەخوێنرێتەوە، زۆر زوو تایبەتمەندییەکانی هەست پێ دەکرێت. دوو تایبەتمەندی سەرەکییان هەیە کە زۆر زوو خۆیان دەدەن بەدەستەوە، یەکیان روو راستی و ئەویتریش شوێنەواری شیعرەکانە لەسەر خوێنەر، پێشموایە ئەو دوو تایبەتمەندییە بە شێوەیەک، شوێنەواریان لەسەر یەک هەیە. ئێستا ئەو پرسیارەکەیە، ئایا ئێوە بە ئەنقەست شیعرەکانتان وا دەهۆننەوە کە کاتێ بە دەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە، هەم روون و هەمیش شوێنەواریان هەیە؟**

من لە شیعرە سەرەتاییەکانمدا ئەو کارانەم نەکردووە، بۆ وێنە یەکەم کتێبم ناکرێت بە دەنگی بەرز بخوێنرێتەوە، من ئەو شیعرانەم وا نەنووسیوە کە بکرێت بە دەنگی بەرز بخوێنریتەوە، ئەو شیعرانە بە تەواوی خۆیین و لەڕاستیدا شۆڕبوونەوەیەکە بۆ ناخ و دەروون، بەڵام ئەو شیعرانە کە ئێستا خوێندمەوە، زۆر تازەن، ئەوانەم تازە گوتووە، ئەوانم بۆ خۆم نووسیوە؛ یانی لەگەڵ خۆم دواوم و پێشم وایە لە رەوتی گەشەی شیعری مندا کارێکی تەواو نوێن. روو راستی ئەو شیعرانە لەڕاستیدا لەوەوە دێت کە من ئەو شیعرانەم بە دەنگی بەرز بۆ خۆم گوتووە.

**ئێوە پێتانوایە کە ئەوە تایبەتمەندی شیعرێکی باشە؛ شیعرێکی باش دەبێت ئەو تایبەتمەندیی هەبێت کە بە دەنگی بەرز و بەسۆز بخوێنرێتەوە؟**

ئێستا وا هەست دەکەم کە پێشکەوتی شیعری دەنگ- ئەو شیعرانەی کە لە

کاتی خوێندنەوەیان بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و روانگەی شاعیر دەردەخەن - کارێکی سەرسامە، بۆ من زۆر بە چێژە لە لایەکەوە ئەوە جۆرێک گەڕانەوەیە، وانییە؟

**گەڕانەوە بۆ رۆڵی شاعیر لە رابردوودا، کە بریتی بوو لە ئاخاوتن بۆ خەڵکی رەشۆکی، یانی شیعر خوێندنەوە بە دەنگ، بۆ خەڵک.**

یان سروود خوێندنەوە بۆ خەڵک؟

تەواو راستە، سروود خوێندنەوە بە دەنگ بۆ خەڵک.

**جارێ با هێندێ شیعر بنێینە لاوە، شتێک هەیە کە حەزت لێی بووبێت سەبارەت بەو شتە بنووسی، یان نووسیبێتت؟**

لەڕاستیدا من لە رابردووشدا زۆر هۆگری نەسر (پەخشان) بووم. لە مێردمنداڵیمدا چیرۆکەکانم چاپکرد و بڵاوم کردنەوە.

هەمیشە حەزم لەوە بوو کە چیرۆک بنووسم، دڵم بە رۆماننووسینیشەوە بوو، بەڵام ئێستا دەکرێت بڵێم گەیشتوومە تەمەنێک کە ئەزموونێکم سەریەک ناوە، هەست دەکەم پتر دڵم بە پەخشانەوەیە، بەتایبەت رۆمان.

**من هەست دەکەم کە لە رۆماندا تۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە رۆژدا مرۆڤ بەکاریان دێنێت و لەبەر دەستێتی، دەتوانی کەڵکیان لێ وەرگری، وەکو فڵچەی ددان شتن، بەڵام لە شیعردا وانییە؟**

من هەست دەکەم کە شیعر جەغزێکی تایبەتی هەیە، بازنەیەکە و بەسەرتدا دەسەپێت، تەکووزبوون جۆرێک دیکتاتۆرییەتە، تۆ دەبێت لە جەغزێکدا کە ئەو دیکتاتۆرییەتە بۆت دیاری دەکات هەتا دوور برۆی ئەویش زوو دەبێت ئەو رێگەیە ببڕی، بازنەیەک کە ناچاری لە زۆر شت ورد نەبییەوە تێیدا و من دڵەڕاوکەی ئەوەم هەیە.

من ژنێکم و شیعرە کورتەکانم وەک: لیرز و پنتایزم خۆش دەوێت.

هەستم کردووە کە لە رۆماندا هەلی باشتر هەیە بۆئەوەی بە وردی باسی گێرە و کێشەکانی ژیان بکەی.

رەنگە ئەو لایەنە لە ژیان کە پتر سۆز و هەست لەخۆ دەگرێت بە رۆمان جوان دەرنەبڕدرێت، بەڵام بەگشتی ئەگەر هەموو ژیان لەچاو بگری لە رۆماندا هەلی باشتر هەیە بۆ دەربڕین، هەر بۆیە پتر هۆگری رۆمانم.

**بە شێوەیەک دەکرێت بڵێین ئەوە هەر روانگەی دکتۆر جانسۆنە وا نییە؟ بە تایبەتی لەو جێگەی کە دەڵێن: "هێندێ شت هەن کە دەکرێت لە شیعردا باسیان بکەیت، بەڵام هێندێ شت هەن کە شیعر ناتوانێت باسیان بکات".**

بەڵی وایە! وەکو شاعیرێک دەبێت بڵێم دەکرێت هەموو شتێک بێنیتە ناو شیعرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش من ناتوانم "فلْچەی ددان" بێنمە ناو شیعرەوە... بەڕاست ناتوانم.

**ئێوە پتر هاتوچۆتان لەگەڵ کێیە، پتر لەگەڵ نووسەر و شاعیر هاتوچۆ دەکەن؟**

پزیشک، مافناس و پزشکی ژن و هەر کەسێکی ترم پێ باشترە لە نووسەر، من پێموایە شاعیر و نووسەر زۆر لەخۆبایی و خۆهەڵکێشن. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی شاعیر و نووسەرانم خۆش دەوێن. لەڕاستیشدا بەرێکەوت زۆربەی هاوڕێیانی من نووسەر و هونەرمەندن، بەڵام من کەسی پسپۆڕ و شارەزای زانستی کە تەجرەبەی بەکردەوەی هەیە، پتر بە دڵە؛ یانی ئەو کەسانی کە دەتوانن شتێکم فێرکەن بۆ وێنە بۆت بگێرمەوە کە مامانی خۆماڵییەکەمان فێری کردم کە چۆن مێش هەنگوین بەخێو دەکرێت. ئەو هیچیش لە شیعرەکانی من حاڵی نابێت، بەڵام من خۆشم دەوێت.

لەوانەیە بتوانم بڵێم کە پتر لە هەموو شاعیرێک لەنێو هاوڕێکانمدا کەشتییەوانێکە. دەنا کەس هەیە کە شتی زۆر تایبەت دەزانن سەبارەت بە وەرزش، دەنا دۆستم هەیە کە دەزانێت چۆن دەکرێت نەشتەرگەریی لەسەر کەسێک بکەیت، بۆ من ئەو کەسانە کە پسپۆڕی کاری پراکتیکن زۆر خۆشەویستن، بەڵام کەسی شاعیر، حەزی لە ژیانە. من هەمیشە کەسێکم خۆشدەوێت کە بتوانێت کاری پراکتیکم فێربکات.

**پێتخۆش بوو لەباتی شاعیر چ کارە بیت، قەت خەفەتت بۆ کارێک خواردووە کە نەتکردبێت؟**

پێموایە ئەگەر زەختم لەسەر بوایە کە کارێک بکەم، دەبوومە پزیشک، لەو بڕوایەدام کە ئەو کارە رێک بە پێچەوانەی نووسەرییە.

کە گەنج بووم زۆربەی هاوڕێکانم پزیشک بوون حەزم دەکرد جلی پۆیشکیم لە بەردا بێت و بچم چاو لەو منداڵانە بکەم کە تازە لە دایک ببوون. ئەو دیارییانەی کە بۆیان دێنان، بەڵام قەت نەمتوانی ئەو نەزم و پرەنسیپەی کە بۆ بوون بە پزیشکێک پێویستە هەم بێت. ئەوەش پارادۆکسێکە.

پزیشک کەسێکە کە لەگەڵ ئەزموونە مرۆڤییەکان پەیوەندی هەیە، دەتوانێت ژیانی مرۆڤێک رزگار بکات. چاکیکاتەوە و یارمەتی بدات. پێموایە ئەو شتەی کە لەڕابردوو زۆر خەمی من بوو، هەر ئەوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە رەنگە بڵێم هەر ئەوەی کە من دەتوانم سەبارەت بە پزیشک بنووسم، خۆشحاڵترم هەتا ئەوەی کە خۆم پزیشکێک بم.

**بەڵام ئەوکارەی خۆت، شیعرگوتن دەڵێم، شتێکە کە لە ژیانتدا بۆت خۆش بووە، وانییە؟**

پێم وانییە بێ شیعرنووسین بمتوانیایە بژیم، شیعر بۆ من وەکو نانی شەوێ وایە. شیعر بڕبڕەی ژیانمە کاتێ شیعر دەڵێم هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم.

**کاتێک شیعر دەنووسیت سەرەتای رێگایەکت دەستپێکردووە کە کۆتاییەکەی جۆرێک شاعیربوونە، شاعیرێک کە بەگشتی لە شاعیرەکانی تر ناچێت.**

بەڵام پێموایە ئەزموونی شیعرگوتن ئەزموونێکی شیرینە.

**پەراوێز:**


١- ئەو وتووێژە کە لە گۆڤاری شوکران بە زمانی فارسی بڵاوبووەتەوە، وەرگێڕی فارسییەکەی زیادین تۆرابی-یە و لە فارسیشەوە کراوەتە کوردی.

٢- بەشی پێشەکی وتوێژەکە کە باسی ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر دەکات، نووسراوەی وەرگێڕی زمانی کوردییە و بە پشتبەستن بە سەرچاوەی جوداواز نووسراوە.

**سەرچاوە:**

مجلە شوکران

# لەنێوان تاقیکردنەوە و هەڵبژاردندا





**نووسینی: پاولۆ کۆیلۆ**
**و. لە عەرەبییەوە: فاروق جەمیل کەریم**

**لەنێوان تاقیکردنەوە و هەڵبژاردندا**

هەمووومان لایەنێکی باشمان هەیە، راستگۆیی سەرباری هەڵەکانمان... جیهانی دەوروبەریشمان وەک ئاوێنەیەک دەمێنێتەوە کە رووی خۆمانی تێدا دەبینینەوە.

شێخی سۆفیگەری (ئەبو محەمەد جەریری) وا راهاتبوو کە دەیوت: "لە دیندا دە گەنجینە هەن کە دەوڵەمەندمان دەکەن، پێنجیان پەنهانن، پێنجیشیان بینراون. هەموو ئەوانەی رێچکەی رووحانی دەگرنەبەر دەبێت لەمبارەیەوە بەئاگابن".

هەرچی گەنجینە پەنهانەکانە بریتین لە: توانای ئەوەی کە راستگۆ بیت، کەمییماڵی دنیا، سادەیی لە پۆشاکو پابەندبوون بە پۆشتەییەوە، هاوسەنگی لەپێناو خۆپاراستن لە پێکادان لەگەڵ ئەوانی تردا، هەبوونی ورەی تەواو بۆ بەرگەگرتنی نەهامەتییەکان".

لەپێشەوەی گەنجینە بینراوەکانیشەوە: دۆزینەوەی خۆشەویستی باڵا، پاشان بێدارکردنەوەی ئارەزوو بەئاراستەی یەکگرتن لەگەڵ ئەو خۆشەویستییە، ژیریی بۆ درککردن بە هەڵەکانت، هوشیاریی بەرامبەر ژیان، سوپاسگوزاری لەسەر نیعمەتەکان.

ئەمەش سێ چیرۆکە لەبارەی کۆششی رۆحییەوە:

**وەڵامی راست**

مامۆستایەک و قوتابییەکانی لەمیانی رێکردنیان بەناو گوندێکدا قسەیان لەبارەی موعجیزە خوداییەکانەوە دەکرد، لەو ساتەدا باران دایکرد، بە راکردن بەرەو کوخێکی نزیکیان چوون، تا خۆیان حەشاربدەن. هەر کە مامۆستاکە گەیشتە کوخەکە بە قوتابییەکانی وت: "رێگەتان دەدەم بچنە کوخەکەوە بەمەرجێک وەڵامی راستم بدەنێ". لەوکاتەدا قوتابییەکان لە دەرەوەی کوخەکەو لەبەر بارانەکە وەستابوون بەوپەڕی شڵەژانەوە، لەناخیانەوە پرسیار گینگڵی دەدا لەبارەی چۆنییەتی رازیکردنی مامۆستاکەیان بە باشترین شێواز.

قوتابییەکان لەسەرمادا هەڵدەلەرزین، بەڵام نەیانتوانی بگەنە وەڵامێکی دروست بۆ پرسیاری مامۆستاکە. دواجار پاش نزیکەی دوو سەعات وەستان لەبەر رێژنەی باراندا، یەکێکیان وتی: "گەورەم تۆ هیچ پرسیارێکت لێ نەکردووین لەراستیدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لێرەدا وەستاوین وەک ئەوەی شێت بووبین، هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیارەکە بدۆزینەوە، مانای چییە ئێمە بەدوای چەند گرفتێکی دیاریکراودا دەگەڕێین لەکاتێکدا تۆ هیچ کێشەیەکت نەخستووەتەڕوو بۆمان؟".

مامۆستاکە بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە بۆ قوتابییەکان، وتی: "پیرۆزباییتان لێدەکەم، ئەمە وەڵامە راستەکەیە لەبارەی ئەم دۆخەی خۆمان لەبەردەمیدا دەبینینەوە".

**دوور لە هەموو چاوێک**

شێخی سۆفیگەری (جونەید بەغدادی) قوتابییەکی هەبوو کە لەناو هەموو موریدەکانیدا پێی باشتر بوو، ئەمەش موریدەکانی تری بێزار کردبوو، بۆیە رۆژێک سکاڵای خۆیان لای شێخی بەغدادی کردو بەبێزارییەوە وتیان: "تاقیکردنەوەیەکمان بۆ دابنێ، هەرکەس سەرکەوتوو بوو ئەوە دەبێتە باشترین موریدت".

شێخ رازی بوو، داوایکرد ٢٠ باڵندە بێنن، هەر باڵندەیەکی دایە دەستی قوتابییەکو پێی وتن: "باشترین مورید ئەوەیە کە باڵندەکەی دەستی لەشوێنێکدا

بکوژێت کەس چاوی لێ نەبێت".

هەر موریدێک بەڕێکەوتن تا بگەنە شوێنێک کە کەس پێی نەگات، سەیر لەوەدا بوو هەموویان ئەوەیان کرد کە لێیان داواکرابوو، تەنها موریدە باشەکەی شێخ باڵندەکەی بەزیندوویی گێڕایەوە. لێرەدا شێخی بەغدادی لێی پرسی: "بۆچی فەرمانەکەمت جێبەجێ نەکرد؟" لە وەڵامدا وتی: "لەبەرئەوەی تۆ وتت دەبێت لەشوێنێکدا باڵندەکە بکوژیت کەس نەتوانێت بمبینێت، بەڵام بۆ هەر شوێنێک دەچووم خوا چاوی لێم بووا!".

شێخیش وتی: "من تاکەکەس بووم کە مەبەستی خۆمم دەزانی".

گەڕان بەدوای خراپەدا

کریشنا بڕیاریدا هاوڵاتییەکانی تاقی بکاتەوە. (دوریودانا)ی بانگکرد کە پادشایەک بوو ناسراو بوو بە دڵڕەقییەکەی، ئینجا داوای لێکرد بەناو شانشینەکەدا بگەڕێت تا پیاوێکی باشو راستگۆ دەدۆزێتەوە. ئەویش بەدرێژایی ساڵێکی تەواو گەڕا، پاشان گەڕایەوە بۆ لای کریشناو پێیوت: "لە شانشینەکەمدا گەڕام بەدوای پیاوێکی باشو راستگۆدا، بەڵام نەمتوانی کەسێک بدۆزمەوە کە ئەو سیفەتانەی تێدابێت، هەموویان خۆپەرستو خراپن".

ئینجا کریشنا پادشایەکی تری بەناوی (داماراجا)ی بانگکرد کە وەک پیاوێکی خواناس ناسرابوو، داوای لێکرد کێوماڵی شانشینەکە بکات تا پیاوێکی خراپی تەڵەکەباز دەدۆزێتەوە. داماراجا دوو ساڵی تەواو لەو پێناوەدا سووڕایەوە، لەکۆتاییدا چووە لای کریشناو پێیوت: "داوای لێبوردنت لێدەکەم، چونکە نەمتوانی تاکە کەسێکی تەواو خراپو تەڵەکەباز بدۆزمەوە. سەرباری هەڵەکانیان کەچی هەموویان لایەنێکی باشی راستگۆییان تێدایە".

دوای ئەوە کریشنا وتی: "جیهان ئاوێنەیەکە وێنەی رووخساری خۆمان پیشان دەداتەوە".

**دەربارەی نووسەرو پابەندبوونی**

هەندێک کتێب هانمان دەدەن خەون ببینین، هەندێکیشیان واقیع دەگوازنەوە، بەڵام کەس ناتوانێت هەڵبێت لە گرنگترین شت لای نووسەر کە ئەمانەتە.

لە ٢٩ی مایسی ٢٠٠٢ پێش چەند سەعاتێک لە تەواوکردنی کتێبە تازەکەم چووم بۆ ئەشکەوتی (لۆرد) لە فەرەنسا بۆ پڕکردنی چەند گالۆنێک لە ئاوی نافوورە سیحرییەکەی ئەو شوێنە. هەر کە چوومە نێو زەویی کڵێساکەوە پیرەمێردێک لێم نزیکبووەوە کە تەمەنی حەفتا ساڵێک دەبوو، پێیوتم: "دەزانی

کتومت لە پاوڵۆ کۆیلۆ دەچیت؟"، وەڵامم دایەوە: "پاوڵۆ کۆیلۆم".

پیرەمێردەکە باوەشی پێدا کردم و هاوسەرەکەی و نەوەکەی پێناساندم، ئینجا لەبارەی بایەخی کتێبەکانم لەژیانیدا قسەی بۆکردم، لەدواییدا وتی: "کتێبەکانت وام لێدەکەن خەون ببینم".

چەند جارێک ئەم رستەیەم گوێ لێبوو، هەموو جارێکیش هەستم بە دڵخۆشی دەکرد، بەڵام لەو ساتەدا حەپەسابووم کە دەمزانی چیرۆکی "یانزە خولەک" باسی بابەتێکی هەستیارو ئازاراوی و بەشۆک دەکات. ئەویش ئەو رێگایەیە کە خانمێکی بەرازیلی نالەبار، دەیگرێتەبەر لەپێناو دیداری رۆحی دا.

بەرەو نافوورەکە سەرکەوتم، گاڵۆنەکانم پڕکرد لە ئاو، ئینجا گەڕامەوەو پرسیاری شوێنی نیشتەجێبوونی پیرەمێردەکەم کرد، کە بۆم دەرکەوت لە باکووری فەرەنسا لەنزیک بەلجیکا نیشتەجێیە، ناوەکەیم تۆمارکرد.

کتومت لەو ساتەدا بڕیارمدا ئەو کتێبەی پێشکەش بکەم کە خەریک بوو تەواوم دەکرد، پیرەمێردەکە ناوی (مۆریس گرافلینس) بوو. هەستم بە پابەندییەک کرد بەرامبەر خۆی و هاوسەرەکەی و نەوەکەی، هەروەها بەرامبەر بە خۆیشم، ئەویش بەقسەکردن لەبارەی ئەوەی سەرقاڵی کردووم نەک ئەوەی کە هەمووان خوازیارن گوێیان لێبێت.

هەندێک کتێب هانمان دەدەن خەون ببینین، هەندێکیشیان واقیع دەگوازنەوە، بەڵام کەس ناتوانێت هەڵبێت لە گرنگترین شت لای نووسەر کە ئەمانەتە بەرامبەر نووسینەکانی. نووسین دەربارەی سێکس بۆ من کۆششێک بوو کە لە گەنجیمەوە لەمێشکمدا گینگڵی دەدا، کاتێک شۆڕش، زنجیرەیەک رەفتاری هاوچەرخی لەمبارەیەوە بەخۆوەبینی کە هەندێکجار خەریک بوو سەلیقەی گشتی تێپەڕێنێت.

دوای ئەو ساڵانە کە ساڵانی شێتی بوون، بە ماوەیەکی پارێزگاردا گوزەرمان کرد، لەگەڵ هاتنی نەخۆشییە کوشندەکاندا، هەروەها لەرێی دووبارە و چەندبارەکردنەوەی ئەو پرسیارەوە: "بەڵام ئایا سێکس ئەو بایەخەی هەیە؟".

خەڵک لە جیهانێک رەفتاری یەکگرتوودا دەژین، بەوپێیەی کۆمەڵە پێوەرێک هەن بۆ جوانی و باشی و ژیری و لێهاتوویی، هەروەها پێیانوایە نموونە بۆ هەموو شتێک هەیە، بە رەچاوکردنی ئەو نموونانەش لە زیان پارێزراون.

لەبەر ئەو هۆکارە خەڵک پێوەریان هەیە بۆ سێکس کە ئەویش لە واقیعدا زنجیرەیەک درۆیە... بەرەنجامی راستەوخۆی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم شێوازی رەفتارکردنە وای لە ملیۆنەها کەس کردووە دووچاری شکست و خەمۆکی و گوناه ببن، لەمەیشەوە هەمووان تووشی لادانی ئاکاری بوون. باشە بۆچی بەم

شێوەیە رەفتار دەکەین بەرامبەر شتێکی هێندە گرنگی لەم جۆرە؟

بەهەمان شێواز نووسەر هەرگیز ئەو رێرەوە نازانێت کە کتێبەکەی پێدا دەڕوات، لەبەرئەوە رێگە دەدات نووسینەکانی بەئاراستەی چاوەڕواننەکراودا پەرش و بڵاوببنەوە. خەڵکیش هەروەها پێویستیان بەوەیە لەنێو ناچونیەکییەکانیاندا بژین، تەنانەت لە گۆڕەپانەکانیشدا بەو هەموو شەرمەندەیی و هەستیارییەوە وەک سێکس و خۆشەویستی. ئەو پیاوەی دەیەوێت بەدرێژایی کات لەسەر تاکە ریتمێک بڕوات، ئەمڕۆ ناچاردەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە دوێنێ باوەڕی پێی بووە، ناچاردەبێت بەردەوام کاربکات بۆ گونجاندنی بۆینباخەکەی لەگەڵ گۆڕەوییەکانیدا: ئایا شتێک هەیە لەمە زیاتر مایەی هەراسانی بێت؟

پێویستە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئاکاری سێکسیدا لەسەر بنەمای "پێوەرەکان" کۆشش بکات، بەبێ ئەوەی رێز لە جیاوازییە کەسییەکان بگرێت. یەکێک لەجوانترین دروشمەکان لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتییەوە "سرردی ئیزیس"ە کە لەناوچەی (نجع حمادی) لە صەعیدی میسر دۆزراوەتەوەو پسپۆران مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ هەردوو سەدەی سێیەم و چوارەمی پێش زایین:

لەبەرئەوەی من یەکەمین و دواییینم
من پیرۆزو پیسم
من داوێن پیس و بێگەردم
من ژنم من پاکیزەم
من دایکم من کچم
هەردوو باڵی دایکمم
نەزۆکم، منداڵم زۆرن
من ژنم، من قەیرەم
ئەو زەیستانەم کە هەرگیز منداڵم نابێت
من ژنم.. من مێردم
پیاو لەمندا ئەوەیە کە دروستی کردووم
من دایکی باوکمم
من خوشکی مێردەکەمم
ئەو کوڕی بێزراوی منە
بەردەوام رێزم لێ دەگرێت
چونکە کۆکەرەوەی سەرشۆڕی و سەربەرزیم

## ڕۆژێکی یەنایەری ٢٠٠٥

زۆرجار نزیکەی ١٢ سەعات کاردەکەم، بەڵام ئەمڕۆ شتێک نییە بیکەم.. هاوڕێیشم نییە، من یەکێکم لە بەناوبانگترین نووسەرانی جیهان، کەچی بەتەنیا دانیشتووم و زەنگی تەلەفۆنەکەیشم لێنادات.

ئەو ڕۆژە بارانێکی بەخوڕ باری، پلەی گەرما گەیشتە ٣ پلەی سەدی، بڕیارمدا پیاسەیەک بکەم بەپێ. وا هەست دەکەم ئەگەر واز لە ڕێکردنی ڕۆژانە بێنم ناتوانم کار بکەم، بەڵام (با)کەی ئەو ڕۆژە زریان بوو، بۆیە دوای دە دەقیقە گەڕامەوە بۆ نێو ئۆتۆمبیلەکە.

لە پۆستەکەدا ڕۆژنامەیەکم هەڵگرت شتێکی ئەوتۆی گرنگم تێدا نەبینی جگە لەو بابەتانەی ڕۆژنامەنووسان بڕیاریان داوە کە دەبێت بیزانن و بەدواداچوونیان بۆ بکەن و هەڵوێستیان لەبارەیانەوە هەبێت.

ئینجا دەگەڕێمەوە بۆ لای کۆمپیوتەرەکە بۆ خوێندنەوەی ئیمەیلەکانم، شتێکی تازە نابینم جگە لە هەندێک (بڕیار)ی گرنگ، کە دەتوانم دواتریش بێت سەیریان بکەم.

هەوڵدەدەم هەندێک یاریی تیروکەوان بکەم، بەڵام بایەکە هێشتا بەهێزە، لەبەرئەوە یارییەکەشم پێناکرێت. کۆتاییم هێنابوو بە نووسینی کتێبە نیو ساڵییەکەم، کە ئەمجارە ناوم لێناوە "دیار - بینراو"، هێشتا چەند هەفتەیەکی ماوە بڵاوببێتەوە. هەروەها ئەو ستوونانەشم تەواوکردووە کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها ئەو نەشرە هەواڵییەش کە لە پەیجە ئەلیکترۆنییەکەم بڵاوی دەکەمەوە.

پشکنینی پزیشکیم بۆ گەدەم کرد.. هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نییە، بەڕاستی ترساندبوومیان دەربارەی چاندنی بۆری لەنێو گەروومدا، بەڵام دەرکەوت هیچ مەترسییەک لەئارادا نییە.

چووم بۆ لای پزیشکی ددان. دواجاریش بە پۆستەی خێرا بلیتی گەشتی داهاتووم پێگەیشت کە ماوەیەکی زۆری دەویست پێش گەیشتنی. هەندێک ئیشی سبەینێشم هەبوو، بەڵام هەر دوێنێ بەشێکیانم تەواوکرد، بەڵام ئەمڕۆ بەتەواوەتی شتێک نییە خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم!

ئەمە دەمترسێنێت: ئایا پێویست نییە شتێک بکەم؟ ئەگەر دەمانەوێت کارێک بدۆزینەوە، ئەوە پێویستمان بە بەرخودانی زۆر نییە، بەردەوام پرۆژە هەن پێویستیان بە پەرەپێدانە، گڵۆپەکان پێویستیان بە گۆڕینە، گەڵا وشکبووە

وەریوەکان پێویستیان بە گسکدانە، کتێبەکان پێویستیان بە ڕێکخستنەوەیە، فایلەکانی نێو کۆمپیوتەر، پێویستیان بە ڕێکخستنە... تاد. بەڵام چۆن رووبەڕووی بۆشاییەکی تەواو دەبینەوە؟

کلێتەیەکم لەسەر کرد، جلێکی گەرمم پۆشی و رینکۆتێکیشم لەبەرکرد، ئینجا دەرچووم بۆ باخچەکە. بەم جۆرە دەتوانم بەرگەی سەرما بگرم، بەدرێژایی چوار تا پێنج سەعاتی داهاتوو. لەسەر چیمەنە تەڕەکە دانیشتم و دەستمکرد بە دانانی لیستێک لەوەی لەمێشکمدایە:

١- تکاکردنم سوودی نییە، لەم ساتەدا هەموان سەرقاڵن و کاری خۆیان دەکەن. وەڵامی خۆم دەدەمەوەو دەڵێم: "منیش رۆژانە نزیکەی دوانزە سەعات کاردەکەم، بەڵام ئەمڕۆ وا ڕێککەوتووە کە کارێک نییە بیکەم".

٢- هاوڕێم نییە، ئەوە منم تەنیام! من یەکێکم لە بەناوبانگترین نووسەرانی جیهان و لێرەدا بەتەنیا دانیشتووم، زەنگی تەلەفۆنەکەیشم لێنادات!

وەڵامی خۆم دەدەمەوەو دەڵێم: "بێگومان هاوڕێم هەیە، بەڵام دەزانن چۆن ڕێزی پێویستی گۆشەگیریم دەگرن کاتێک لەنێو ئاشە دێرینەکەدام لە سانت مارتن لە فەرەنسا".

٣- دەبێت بڕۆم و هەندێک لەزگە بکڕم. بەڵێ یەکسەر بیرم کەوتەوە دوێنی لەزگەکان تەواو بوون، بەڵام بۆچی سواری ئۆتۆمبیلەکە نەبم و لێخوڕم تا نزیکترین شارۆچکە؟ ئەم بیرۆکەیە رامدەگرێت. بۆچی لەم شوێنەدا ماومەتەوە بەبێ ئەوەی کارێک بکەم؟ کارەکە ئەوەندە قورسە؟

چەند بیرۆکەیەک بە ئەندێشەمدا دێن و دەچن: ئەو هاوڕێیانەی دوودڵن لەو شتانەی هێشتا روویان نەداوە، ئەو زانیاریانەی دەزانن چۆن هەموو چرکەیەکی ژیانیان پڕدەکەن لە ئەرکی ئەوتۆ کە لای من بێبەهان، ئەو قسانەی هیچ مانەیەکیان نییە، هەروەها کێ داهێنان لە کارێکدا دەکات بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئیشەکەی؟

ئەو فەرمانبەرانەی ترس دایگرتوون، چونکە ئەمڕۆ شتێکی گرنگیان نەکردووە بۆ بەدیهێنانی، ئەمە مانای وایە لەئێستاوە هیچ سوودێکیان نییە، ئەو

دایکانەی دەناڵێنن لەبەرئەوەی ڕۆڵەکانیان لەماڵ دەرچوون، ئەو قوتابیانەی خۆیان ماندوودەکەن لەگەڵ قوتابخانە و تێکست و تاقیکردنەوەکاندا.

جەنگێکی درێژخایەنو توند دژی خۆم بەرپادەکەم بۆ ئەوەی نەوەستمو بڕۆم لە پەڕاوگەکە لەزگە بکرم.

ڕاڕاییەکە تادێت زیاتر دەبێت، بەڵام سوورم لەسەر مانەوە لەم شوێنەدا بەبێ ئەوەی شتێک بکەم، چەند سەعاتێک وادەبم. وردەوردە هەستی ڕاڕاییم دەڕەوێتەوەو دەگۆڕێت بۆ ڕامانو ئومێد، دەستدەکەم بە گوێگرتن لە ڕۆحم. پەرۆش بوو بۆ قسەکردن لەگەڵمدا، بەڵام من هەمیشە سەرقاڵم.

بایەکە هێشتا لە گوڕی خۆی نەکەوتووە، هەست بە ساردیی کەشەکە دەکەم، وادیارە سبەی پێویستم بە کڕینی هەندێک لەزگە دەبێت.

تائێستا هیچ کارێکم نەکردووە، لەکاتێکدا گرنگترین شت دەکەم لەژیانی مرۆڤدا: گوێ لەوە دەگرم کە پێویستە لەخۆمەوە گوێبیستی بم.

### دۆزەخ لە شارستانییەکاندا

لای زۆربەی شارستانییەکان شتێک هەیە پێی دەڵێن "شوێنی سزاوەرگرتن" کە ڕۆح تیایدا بە نەمری دەمێنێتەوەو سزادەدرێت بەهۆی ئەنجامدانی تاوان دژی کۆمەڵگە. "وادیارە هەموو شتێک لە ڕێی پێوەرەکانی کۆمەڵگەوە سەیردەکرێت نەک پێوەرەکانی تاک". هەر شارستانییەکیش تێڕوانینی تایبەتی خۆی لەبارەی سەرزەمینی ئەو سزایە پەرەپێداوە. لەوانەیە دوورترین کەناری ڕووبارێک بێت، کە سەگێکی سێ سەر پاسەوانێتی و ڕێگە نادات کەس لێی دەربچێت، لەوانەشە دامێنی چیایەک بێت کە لەژێر سەنگە بێشومارەکەیدا ڕۆحەکان دەهاڕێت.

ژان پۆل سارتەر لە شانۆییەکی بەناوبانگیدا دەڵێت: دۆزەخ بریتییە لەوانیتر. هەروەها خۆرخی لویس بۆرخیس لە قەسیدەیەکیدا وەسفێکی ناوازەی ئەوە دەکات کە لەدوای کۆتاییهاتنی ژیانمان چاوەڕوانمان دەکات، کە ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەیە. بەپێی گۆشەنیگا و لێکدانەوەی خەڵکانێکی دیاریکراو

دەشێت خۆشحاڵی بێت، چونکە بۆی هەیە رووبەڕووبوونەوەکە بینینی کەسێک بێت خۆشت دەوێت، لەکاتێکدا دەشێت بۆ کەسانی تر دۆزەخ بێت بەوپێیەی ناچاردەبن لەبەردەم دەموچاوی کەسێکدا دانیشن کە زیانیان پێگەیاندووە بەبێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو.

کاریگەرترین وەسفی جێی بایەخ ئەوەیە کە لە کتێبی عەرەبیدا هاتووە، تیایدا دەڵێت کاتێک رۆح لە جەستە جیادەبێتەوە دەڕوات تا خۆی دەبینێتەوە، بەناچاری دەبێت بەسەر رێگایەکدا بڕوات، هەروەک دەزانین ئەویش پردێکی باریکە وەک لێواری چەقۆ، بەهەشت کەوتووەتە لای راستیەوە، لای چەپیشی زنجیرەیەک بازنەیە کە سەردەکێشێت بەرەو تاریکی لەناخی زەویدا.

پێش ئەوەی لە پردەکە بپەڕێتەوە "کتێبەکە بەوردی روونی ناکاتەوە پردەکە بۆکوێ دەچێت؟"، دەبێت هەرکەسێک هەموو کردەوە باشەکانی بخرێتە دەستی راستییەوە، لەبەرامبەریشدا خراپەکانی بخرێتە دەستی چەپیەوە، واتە لاسەنگی لەنێوان چاکە و خراپەدا مانای کەوتنی کەسەکەیە بەلای ئەو کردەوانەی کە لەسەر زەویدا زیاتر کردوونی.

ترادیسیۆنە فیکرییەکانی مەسیحیەتیش باس لە شوێنێک دەکەن کە دەنگی جیرەی ددانی تێدایە. لای ترادیسیۆنە فیکرییەکانی جولەکەیش دۆزەخ بەوجۆرە وەسف کراوە کە ئەشکەوتێکە تەنها جێی ژمارەیەکی دیاریکراو رۆحی تێدادەبێتەوە، رۆژێکیش دێت ئەو دۆزەخە پڕدەبێتو کۆتایی بە جیهان دێت.

ئیسلامیش بەڕوونی باسی ئاگرێک دەکات کە خەڵکی گوناهکاری تێدا دەمێنێتەوە.

لە ئینسایکلۆپیدیای ئاینەکاندا هاتووە: لەسەردەمی مەسیحدا چەند رەوتێکی فیکری جولەکە هەبوون، باسیان لەوەدەکرد رۆحە شەڕخوازەکان دوای مردن سزای خۆیان وەردەگرن لەشوێنێکدا کە پێی دەڵێن (جوهەینە)، ئەویش ناوێکی وەرگیراوە لەشوێنێکی نزیک قودس کە بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆو زبڵ بەکارهێنراوە لەلایەن دانیشتوانی شارۆچکەکانی نزیکیەوە، کەچی لە جوهەینەدا هیچ بیرۆکەیەک نییە لەبارەی سزای ئەبەدییەوە، درێژترین ماوەی سزادان بەسەربردنی ٣٦٥ رۆژە لەو شوێنەدا.

لە ترادیسیۆنە شارستانییەکانی هندۆسیشدا دۆزەخ هەرگیز شوێنێک نییە بۆ سزای هەمیشەیی، چونکە بەپێی ئەو باوەڕە دوای ماوەیەکی دیاریکراو رۆحەکان سەرلەنوێ کۆپی دەبنەوە بۆ ئەوەی باجی گوناهەکانیان بدەن، لەهەمان ئەو شوێنەی کە گوناهەکانیان کردووە، بەگوزارشتێکی تر: لەم جیهانەدا. سەرباری

ئەوەش لانیکەم باسی دوو شوێنی ئەم سزادانە دەکەن کە بە "قولاّییەکانی دۆزەخ" ناسراون.

لە ترادیسیۆنە شارستانییەکانی (بوزی)دا جیاکاری هەیە لەنێوان جۆرەکانی ئەو سزایەی رۆح رووبەڕوویان دەبێتەوە، هەشت جۆری دۆزەخی ئاگرین و هەشت جۆری تری بەستەڵەکی هەن، هەروەها شانشینێک هەیە کە هیچ رۆحێکی تێدا نییە، سزای گەرمای ئاگرو سەرمای بەستەڵەک درابێت، بەڵکو بەدەست برسێتی و تینوێتی بێکۆتاییەوە دەناڵن.

سەرەڕای ئەوە، شتێک هەیە دەکرێت بخرێتە خانەی بەراوردکردنەوە لەگەڵ ئەو هەمەچەشنییە بێشومارەی کە بیری چینی پێیگەیشتووە. ناکۆک لەگەڵ زۆرینەی هەرەزۆری شارستانییەکانی تر کە دۆزەخ وەک شوێنێکی رۆچووی ناخی زەوی وێنادەکات کە هەمیشە بەستراوە بە مردن و بەخاکسپاردن و رزینەوە، چینییەکان لەو باوەڕەدان رۆحە یاخییەکان بە کایەیەکی چیاییدا دەرۆن کە ناسراوە بە "شورا ئاسنینە بچکۆلەکە"، ئەمەش کایەیەکی چیایی تر دەورەی داوە کە ناسراوە بە "شورا مەزنەکە"، لەبۆشایی نێوان ئەم دوو کایە چیاییەدا لانی کەم هەشت جۆر دۆزەخی گەورە هەن هەریەکەیان دەکەوێتە سەر ئەویتریان، هەریەکەشیان زاڵە بەسەر شەش دانەی لەخۆی بچوکتر، هەر شەش دۆزەخێکیش لای خۆیەوە ٥ ملیۆن دۆزەخی تر بەڕێوەدەبات!

چینییەکان لەو باوەڕەدان شەیتانەکان ئەو رۆحانەن کە سزای شایستەی خۆیان وەرگرتووەو ئازاریان چەشتووە، ئێستاش هەوڵی تۆڵەسەندنەوە دەدەن و دەیانەوێت رۆحە تازەکان گیرۆدەی توندترین رەنگەکانی سزا بکەن.

## هاوڕێیان و غەریبان

"لەڕاستیدا هەستێکی سەیرە، هەموو شتێک لەجێی خۆیدایە... خۆزگە بمزانیایە ئەگەر ئێمە کێشەکانی ئێوەمان هەبوایە ئایا لەوکاتەدا هەستم بەوەدەکرد کە بەشێکم لە مرۆڤایەتی؟".

خاتوونە هۆڵەندییەکە

ساڵی ١٩٨٢ سەرەڕای ئەوەی ئیشێکی باشم لەگەڵ کۆمپانیایەکی تۆمارکردنی گۆرانی هەبوو، پارەیەکی زۆرم دەستدەکەوت بەهۆی نووسینی تێکستی گۆرانییەکانەوە، کەچی دڵتەنگ بووم، خراپتر لەوە هەستم بە گوناه دەکرد، چونکە ژیان لەگەڵمدا باش بوو! بۆیە بڕیارمدا دەستبەرداری هەموو شتێک بم و بەسەرانسەری جیهاندا بگەڕێم تا ئەوکاتەی مانایەک دەدۆزمەوە بۆ بوون.

لەنێوەڕاستی ئەو گەڕانانەدا ماوەیەکم لە ئەمستردامی هۆڵەندا بردەسەر، کە ئەوکات سونبولێک بوو بۆ ئازادی رەها بەهەموو مانایەک. لەماوەی مانەوەمدا لەوێ وا راهاتبووم رووم دەکردە (کۆزمۆس) کە یانەیەک بوو ئەو خەڵکانەی تێدا کۆدەبوونەوە کە هەستم بەنزیکایەتی دەکرد لەگەڵیاندا.

شەوێکیان خانمێکی هۆڵەندی لەبارەی بەرازیل و ژیانی لە بەرازیل لێی پرسیم، دەستمکرد بەقسەکردن لەبارەی کێشەکانمانەوە، لەپێشیانەوە ئەو سەرکوتکارییە ئازاردەرەی رژێمی سەربازی دەیکرد، هەروەها ستەمی کۆمەڵایەتی و کەساسی و توندوتیژی، دواتر وتم: "بەڵام تۆ لە باشترین شوێنی سەر زەوی دەژیت، هەست بەچی دەکەیت کە هەموو بەیانییەک لەخەو هەڵدەسیت وەک ئەوەی لە فیردەوسدا بیت؟".

خاتوونی هۆڵەندی ماوەیەک بێدەنگ بوو، پێش ئەوەی وەڵام بداتەوەوە بڵێت: "هەستێکی سەیرە، هەموو شتێک بەتەواوی لەجێی خۆیدایە لێرە، هیچ ئاستەنگ و هیچ هەڵچوونێک لێرە نەماوە، خۆزگە کێشەکانی ئێوەمان هەبوایە، بزانم ئەوکاتە هەستم بەوە دەکرد بەشێکم لە مرۆڤایەتی!".

بەچاوی رۆح

نووسەری ئەرجەنتینی (خۆرخی لویس بۆرخیس) لە تەمەنی هەشتاساڵیدا گەشتێکی بۆ مەکسیک کرد. بڵاوکەرەوەی کتێبەکەی پێی راگەیاندم دوای چەند رۆژێک لە موحازەرەو کۆنفرانس و ئاهەنگی رێزلێنان، (بۆرخیس) داوایکرد کاتی تەواوی بۆ تەرخان بکەن تا سەردانی هەرەمەکانی ئەزیتکی بکات لە یوکاتان.

بڵاوکەرەوە بۆی روونکردەوە کە ئەم گەشتە تاقەتپڕوکێنە پێویستی بە بەکرێگرتنی فڕۆکەیەک و ئۆتۆمبیلێکی جێبە بۆ گەیشتن بەو شوێنە، کەچی بۆرخیس سووربوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی، سەرەنجام هەموو شتێک رێکخراو بۆرخیس دەیتوانی بڕوات بۆ ئۆکسمال.

دوای رۆژێکی تاقەتپڕوکێن، بۆرخیس لەگەڵ خۆرئاوادا گەیشتە شوێنی مەبەست، ئینجا بەرامبەر ئەو هەرەمە دانیشت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یانزەهەم، بەبێ ئەوەی یەک قسە لەدەمی بێتەدەر نیو سەعات لەوێدا مایەوە، دواجار هەستاو ستایشی ئەوانەی کرد کە لە دەوری بوون، وتی: "سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە و بۆ ئەم دیمەنە سروشتییەی کە لەبیرناچێتەوە".

هەروەک هەموومان دەزانین بۆرخیس نابینا بوو، بەڵام ئەمە رێی لە رۆحی نەگرت درک بە هەموو ئەو شتانە بکات کە لە دەوروبەری بوون!

**لەچیاکانی برینێ دا**

دوای دەستپێکردنی کتێبی (کیمیاگەر) ناچاربووم ماوەیەک لە دەرەوەی بەرازیل ببەمەسەر، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی کتێبەکەدا بڵاوکەرەوەکە لەوکاتەدا زۆر پەرۆش نەبوو، بەردەوام نیگەران بووم بۆ دۆخی وڵاتەکەم.

رۆژێکی قەشەنگ لە دێرێکی چیای برێنێدا تێکستێکی هەڵکۆڵراوم لەسەر دیوارەکە بینی، بەدڵنیاییەوە پەیامێک بوو بۆ من جێهێڵرابوو! لەنێو دەفتەری گەشتەکانمدا نووسیمەوەو هەموو بەیانییەک رستەکانیم دەوتەوە، وردەوردە زەینم رۆشن بووەوەو دواجار توانیم چێژ لە گەشتەکەم ببینم.

ئەوەی لەو دێرە بچووکەدا نووسرابوو: "بەڕاستی ئەگەر منداڵێک بوویتایە لەبری ئەوەی نیگەرانی شتێک بیت کە ناتوانیت بیکەیت دەبوو شتێک لە بێدەنگی دروست بکەیت، چاو ببڕیتە سروشت و ئاسمان و مێژوو. ئەگەر بەڕاستی منداڵ بویتایە ئەوا لەم ساتەدا گۆرانیت بۆ شتەکانی دەوروبەرت دەوت، کاتێکیش لە شڵەژان و ترس و پرسیارە بێ سوودەکان رزگارت دەبوو، ئەوا کاتەکەت بە چاوەڕوانی بە مەراق و ئارامگرتنەوە تەرخان دەکرد بۆ پێشکەشکردنی ئەو شتانەی کە ئەم هەموو خۆشەویستییەت لێ بەرهەمهێناوە".

**سەرچاوە:**
www.paulocoelhoblog.com

# لە کۆمەڵەی: باخچەی سەدە–وە
# دەمامکی گابریل گارسیا مارکیز



**محەمەد خزەیر**
**و. لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

هەستم بۆ دوایین کۆپلەی گۆرانیی سەدەی بیستەم، خواستی بۆ ئەندێشەیەکی مرۆیی گەورەتر کردم، کە ئایندەی نادیاری مرۆڤایەتی پرۆگرام بکات، ئەندێشەیەکی ئەفسانەیی خۆش، بە توندی دووکەرتکەر، ئەو لێوانە پێکەوە بنووسێنێت کە بە خۆشەویستییەک دەلەرزن، سات لە دوای سات لە رژێن و ئەندامەکانی تر و بەریەککەوتنەکاندا کەم دەبێتەوە. من لە نێوجەرگەی تەزوو، لەرزینی نزیک لە وەستانی گۆرانیی مرۆڤدا رۆماننووسی کۆلۆمبی گابریل گارسیا مارکیزم هەڵبژاردووە. لەناکاودا ئەم نووسەرە ئەفسانەییە وەک هەڵۆیەکی هیندی لە بەردەممدا دایە شەقەی باڵ و لە زەوی دوورکەوتەوە و حیکایەتخوانێکی بەردینی جێهێشت کە کاسێتێکی بە هێواشی سوڕاوە لە دەروازەی (خانی جیهان) ئاە و ناڵەی دێت.

سەرسوڕمانم هێندەی نەکێشا، ئاخۆ سەرسوڕمانی باخەوانێک لە ئاست داهێنانەکانی مارکیزدا بەردەوام دەبێت، کە بە شێوازی خۆی ریزیان دەکات بۆ نمایشکردنی وێنەگەلێکی دانسقە لە وێنەکانی خۆشەویستی، وێنەکانی بنبڕبوون

و شێوان لە کەش و هەوای یۆتۆپیا دوورەگەکانی تەلاری کۆلۆنیالیزمدا؟

پێدەچێت ئەمە سەرکەتایەکی سەرکەوتوو نەبێت بۆ شێوازی داهێنانی دەمامکی مارکیز، چونکە هەڵبژاردنەکە لە ناهەموارترین بارودۆخی مرۆڤایەتیدا کرا. دیوارێکی درێژی پاشماوەی کارەساتێکی ئەتۆمیم لەبەردەمدا بوو، هیچ ئاماژەیەک نەبوو پێشتر لە پانتایی زەوی و زاری بەردەم ئەو دیوارەدا ژیانێک هەبووبێت، تەنها چەند روخسارێک نەبێت بە هۆکارێک لە هۆکارەکان بوو بوونە وێنە لەسەر دیوارە بە خەڵووز بووەکە. دیوارەکە وەک دەردەکەوت یەکێک لەو پاشماوە کەمانەبوو دەستی کارەساتە ئەتۆمییەکەی لەدوای خۆی جێی هێشتبوون. ئەو روخسارانەی ئەولای دیوارەکەشەوە دوایین رووخسار بوون کارەساتەکەیان بینیبوو. من تەنها دووانیانم ناسییەوە، یەکێکیان رووخساری گۆنتەر گراس و ئەوی تریان مارکیز، درز و قڵیشی دیوارەکە روخسارەکانی تری تێکدابوو و نەدەناسرانەوە. لەکاتێکدا لە رووخساری گۆنتەر گراس ورد دەبوومەوە، دیوارەکە رووخا و هەردوو باڵی مارکیز بە هەوای کپ و بێجووڵەدا بەرزبوونەوە.

دیواری کارەساتەکەیش هەروا هاتە پێش چاوی مارکیز و دڵنیام لەوە، ئەویش چوو تا لە کۆبوونەوەی پشتگیری و هاریکاری لە قوربانیانی هێرۆشیما وتارێک بدات. ئەگەر مارکیز دیوارێکی لەوجۆرەی نەدیتبێت، رەنگە هۆکەی ئەوە بێت لە شانۆی خەیاڵی سێبەردا کە روخسارە شەقاربووەکانی کارەساتەکەی سەدەی بیستەمی لەسەر دیارە بەربەستێکی هاتبێتە بەرچاو، وەک هەمان دیوار لە سێبەری خەیاڵی مندا بوو. دیوار و بەربەستی لەوجۆرەی نێوان هەردوو سەدەی بەردیین و سەدەی ئەتۆمی، دواجار هەر دەڕووخێت و گۆرانیی گاڵتەکاری مرۆڤیش بە مەجازەکانی خۆشەویستیش دەوەستێت و ئاە و ناڵەی مرۆڤە رۆبۆتەکان بە گەمەکردن بە دوگمەکانی پیانۆی ئەتۆمی دەستپێدەکات. شەیتان لە زمانی جەستەوە دادەبەزێت بۆ کینایەکانی رەگەزە تیشکدەرەکان. ترینتی: ناوی کۆدیی تاقیکردنەوەی یەکەمین ئەزموونی ئەتۆمییە. منداڵە بچکۆلەکە: ناوی یەکەمین بۆمبی یۆرانیۆمە لە هێرۆشیما درا. پیاوە قەڵەوەکە: ناوی یەکەمین بۆمبی پلۆتۆنیۆمە لە ناکازاکی درا. چیای ئاسنین: سەنتەری نهێنی ژێرزەمینیی دانانی پلانی هێرشە ستراتیژییەکانە.

هەموو ئەم کینایانە خزابوونە نێو کۆپلەکانی دوایین گۆرانی، تا بە تەعبیرەکانی مایکل جاکسۆن بیکاتە گۆرانییەکی تەزووهێنەر، شین بە ئاوازەکانی رۆحی تۆقیوی دایکێکی بە تەمەنی زنجی لە هارلم. گرووپێکی گەردوونیی پێکهاتوو

له هەموو رەگەزەکانی سەر زەوی ئەم گۆرانییەیان چڕی، کە هیچ ئامێرێکی ئەلیکترۆنییان بەکارنەهێنا، بەڵکو بە شەپۆلی ئەو کاسێتە بەردینە کەوتە ناڵە کە سێ نەوەی رووتوقووتی دوور لەیەک گۆرانییان لەسەر تۆمارکردبوو، دوای ئەوەی ئاوازەکانیان لە ناخی زەوییەوە وەرگرتبوو. ئەوان گوێیان نابوو بە سینگی کوڕی زەوییەوە و ترپەی لاوازی کۆرپەلەی (چیای ئاسن) یان وەک هاژەی کانزاکان هاتە گوێ، کە وردەوردە لە توێکڵی زەوی نزیک دەبووەوە تا بە تەقینەوەیەک لە فەزای فراواندا بیکاتە تۆز و خۆڵ. لە سەدەی بەستەڵەکەوە مرۆڤی خۆر ئەو کۆپلە ئاوازانە دەڵێت کە لە قووڵایی زەوییەوە دێن، لە سەروبەندی سوورانەوەی خاوی کاسێتەکەشدا درزە ئەتۆمییەکەی فراوانتر دەبوو، مرۆڤەکانیش بوون بە دوو قەوارەی گەورە و بچووکەوە. دەنگە هارمۆنیکییەکان پەرشوبڵاو بوون و مەودای نێوان قەوارە و هێماکان فراوانتر بوو. ئەوەی یەکەم گۆرانبێژ بە هەستێکی قووڵی دەزانی و خانەکانی بەسەر سەرسوڕهێنەکانی گەردوون و جوانیی سرووشتدا دەیڕوانی و گەرووی پڕدەکرد لە چرپە نەغمە، لەگەڵ دەنگە زوڵاڵەکانی هاودەمی دەنگی ئەودا کزبوو، وردەوردە دەنگەکانی کرد بە وتنەوەی ئاوازێکی پرۆگرامکراو لە سندووقێکی موزیکیی گەورەدا، کە پەنجەی قەوارە گەورەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، ئەو پەنجانەی لە تەمی تاسێنەری سەر رووباری تایمز و دانووب و ڤۆڵگا و سین و میسیسپی ون دەبوون. ئەو گەمەکردنە بە ئاوازی گەرووە هارمۆنیکییەکان لە گەمەکردنی عەقڵە گەمژەکان دەچوو بە هاوسەنگیی ئەلیکترۆن و پرۆتۆنە هارمۆنیکییەکانی نێو گەردیلەکانی بە هێمنی لە سپێدەی گەردوونی بچووکی خۆیاندا مەلەیان دەکرد... ئیتر ناوکی نێو بەرگەهەوای وێڵاشی گەردیلەکە، گیانلەبەرێکی شێواوی لێکەوتەوە و لەدایکبوونی شەوقێکی ترسناکی دایەوە و بۆن و بەرامەیەکی گێژکەری بڵاوکردەوە، کە هەوربڕەکان و پەیکەری ئازادی و بورجی ئیڤڵ و بۆبۆر و گۆگنهایم و میترۆپۆلیتان و ئارمیتاج و کرملین و کۆشکی سپیی داپۆشی. مناڵێکیش کە ئەزنەکی دا کەوانەکانی سەرکەوتن و مۆنۆمێنتی شەهیدان و پەیکەری مەزنانی شکاند و یۆتۆپیاکانی تۆماس مۆر و فرانسیس بیکۆن و جۆل فێرنی نایە ژێر پێ، شتێکیش وەک شەمشەمەکوێرە لەنێوان دیکۆری فیلمەکانی کۆبۆلا و سپیلبێرگەوە شۆڕ بووەوە، زرنگەیەکی ئاوەژوویش لە نەستی ئەنشتاین و بۆر و هاینزبێرگ و شرۆدنکر و دیراک و ئۆبنهایمەر و فێرمی و دەیان لە درووستکەرانی کۆتایی مێژوو هەڵسا. دوایین کۆپلەی گۆرانییەکە کۆتایی دێت، کۆراڵی ئۆلۆمپیاد کە لەدرزە مەترسیدارەکانی

تویکڵی "لازوردی" هێلکەی زەوییەوە دزە دەکات. ئەوکاتە، وتارەکەی مارکیز کۆتایی دێت و ئەم هەڵۆیەش دەفڕێت و لە تیشکە کوژەرەکان دوور دەکەوێتەوە.

لە شەشی ئابی ١٩٨٦-دا گابریل گارسیا مارکیز لە کۆبوونەوەی یادەوەریی قوربانیانی هیرۆشیمادا وتارێکی خوێندەوە، تیایدا وێنەیەکی تاریکی ئێستا و ئایندەی مرۆڤایەتیی لە سایەی هێزی ئەتۆمیی گەورە هێزاندا خستە بەرچاوی ئامادەبووان و شیمانەکانی دوای کارەساتی ئەتۆمیی هێنایەوە یادیان و باسی لەم شیمانانە کرد: دوای ئەوەی شەوێکی ئەبەدیی بێیادەوەری دێت، تەنها سیسرکەکان دەبنە گەواهیدەری شارستانیی مرۆڤایەتی. مارکیز، لەبەرئەوەی مافی وەئاگاهێنانەوە و پێشنیارکردن و دەستپێشخەری و ئاراستەکردنی وتاری بۆ مرۆڤی ئایندە، یان بۆ ئاژەڵانی ئایندە هەیە، پێش ئەمانەیش لەبەرئەوەی مافی ئەندێشەکردنی هەیە، کۆمەڵێک پرسیاری کرد هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت، کەسیش لە دژی وتارەکەی نەوەستایەوە، چونکە کەس گوێی بە وتاری وەئاگاهێنانەوە نەدەدا، مرۆڤایەتیی لە دەزگا ئومەمییە پڕکراوەکاندا وەک بە رواڵەت دەردەکەوێت خاوەنی یەک ویژدانی یەکگرتووە، لەکاتێکدا لەناوەوە پارچە پارچە دەبێت و لە هەستکردن بە تاوانی کەڕ و لاڵ بوون و بێدەربەستیدا ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێت. ویژدانی جیهانی لە سادەترین دۆخیدا ویژدانێکی ئەفسانەییە، ویژدانی خواوەندێکە بە گۆشەگیریی ئەو شێوێندراوانە سەرفراز دەبێت کە لە قەفەز و ئەشکەوتەکاندا ئازار دەچێژن و ناتوانن چارەنووسیان بگۆڕن و بەرەنگاری ئەو هێزانە ببنەوە کە شێواندوونی. هەر ساتێک بێت مەیموون و گورگ و سیسرک و مشک و دایناسۆرەکان لە سڕ بوونی شەختەیی یەکەمیان دەبووژێنەوە و لە پێشبینیی سەدەی شەختەیی دووەمدا گاڵتە بە گەمژەیی مرۆڤە سەروەرەکان دەکەن. لەو ئایندەیەدا ئاژەڵەکان کاتێک گوێ لە قسەیەکی تۆمارکراو دەگرن لە میمۆرییەکدا کە شەپۆلەکان توڕیان داوەتە کەنار، خۆیان بۆ ناگیرێت و دەدەنە قاقای پێکەنین. ئەو میمۆرییە وێنەی بوونەوەرێکی تێدایە ناوی "مارکیز"ە و شێوێنراوە و کراوە بە مرۆڤێک و مێژووی ئەو ڕۆژەی لێدراوە کە وتارەکەی تێدا خوێندووەتەوە:

"دەبێت ئێستا و لێرەدا پەیمان بدەین بە نەخشەکێشان و درووستکردنی کەشتییەکی یادەوەری بتوانێت لە تۆفانی ئەتۆمیشدا بژی، کەشتییەکە لە شێوەی بوتڵە شووشەیەکی داخراودا بێت بخرێتە نێو زەریاکانی زەمەنەوە، بۆئەوەی مرۆڤایەتیی ئایندە، بەهۆی ئەم گەواهیدانەی ئێمەوە، لەو شتانە تێبگەن و بزانن کە سیسرکەکان ناتوانن بۆیان بگێڕنەوە: بزانن کە لێرە و لە

رابردوویاندا ژیانێکی پیرۆز هەیە، کە هێندەی پێنەچوو تووشی ئازار و مەینەتی هات و ستەم دەستی بەسەرداگرت... بەڵام بشزانن کە ئێمە خۆشەویستیمان ناسیوە و توانیومانە وێنای بەختەوەرییش بکەین. دەبێت مرۆڤایەتیی ئایندە و نەوەکانیان بۆ هەمیشەیی ناوی ئەوانە بزانن کە لەو کارەساتەی بەسەرماندا هات بەرپرسیارن... دەبێت بزانن ئەو بەرپرسانە لەبەردەم سووربوونی ئێمەدا بۆ گەیشتن بە ئاشتی و خواستمان بۆ ژیانێکی ئاسایی چەندە کەڕوکاس بوون، دەبێت مرۆڤی ئایندە، ئامانج لە داهێنانە هەمەجییەکان و سڕینەوەی ژیان لەسەر ئەم گۆی زەویەیان بۆ دەربکەوێت".

ئەمە وتەی گابریل گارسیا مارکیزە، دوایین بوونەوەری ژیر کە پێشبینیی ئایندەیەکی شوومی کرد. ئاژەڵەکان بەدەم فڕێدانی بوتڵە شووشەکەوە بۆ زەوی، دوورگە شەختەییەکە دایانە قاقای پێکەنین.

ئێمەی مرۆڤانی پێشینان، رۆژێک لە رۆژانی ساڵی ١٩٦٢ بە کاریکاتێرێک زۆر پێکەنیین کە دوای قەیرانی مووشەکیی کوبا بڵاوکرایەوە... لەو کاریکاتێرەدا مەیموونێک پرسیار لە هاوڕێکەی دەکات بۆچی زەوی هێندە وێران بووە و ژیان و سەوزایی و تەنانەت ئاژەڵیشی تێدا نەماوە، مەیموونەکەی تر وەڵامی دەداتەوە: ئەوە بەهۆی کابرایەکەوەیە ناوی خرۆشۆفە، کە ئامادە نەبوو دەستبەرداری شکۆمەندیی رووسیایی خۆی بێت و لەسەر داوای کێبەرکێکارێکی ئەمریکیی بە ناوی کینەدییەوە هەندێ لەو مووشەکانە بکشێنێتەوە کە لە دوورگەیەکدا بە ناوی کوباوە بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەمجارەیان کۆمەڵێک بوونەوەری دوورەگ دێنینە پێش چاومان، کە لە بازە بۆماوەییەکان بەرهەم هاتوون و لە مەیموون و سیسرک و مشک و دایناسۆر دەچن و لە بوتڵەکەی مارکیز ورد دەبنەوە، بوتڵەکە کاسێتێکی تێدایە، وتاری کەسێکی لەسەر تۆمارکراوە کە داوا لە هاوبەشەکانی سەر زەویی دەکات میمۆریەکی ئایندەیی درووست بکەن هەواڵی هەموو ئەو پیرۆزیانەیان پێڕابگەیەنێت، کە بە نەمانی خۆیان ئەوانیش نەمان. دوای هەر سووڕانێکی کاسێتەکە هەموو بوونەوەرە دوورەگەکان دەدەنە قاقای پێکەنین و (وەک پێشینانە ژیرەکان دەڵێن) لەتاو پێکەنین لەسەر پشت لێیدەکەون.

مارکیزی پیرە هەڵۆی بەرزەفڕ، تەقینەوە تۆپەڵە ئاگرینەکەی بینی کە لە زەوییەوە بەرز دەبووەوە و لەوەدابوو بگاتە باڵەکانی ئەو، لە تاو ئەم دیمەنە ترسناکەی کە تووشی زەوی دایک هات، دووچاری سەرسامی و شڵەژان هات. مارکیز بەختی هەبوو بەرلەوەی بەر ئەو هەورەگرمەیە بکەوێت، زەوی دایک بەرەو

بەرزی هەڵیدا و ئەویش لە بەرزاییەکی زۆرەوە گوێی لە گرمەکە بوو و تیشکێکی سووتێنەر چاوی تەڵخ کرد. دایکی زەوی پێی وت: "کوڕی خۆم، کوڕە پیرەکەم، بە ناوی مرۆڤایەتیی بێچارەوە دەتشێوێنم و دەتکەم بە هەڵۆ، بەرز بەرەوە و وتارەکەشت لەگەڵ خۆت بەرە، وتارەکەتمان وەک خۆت ویستت تۆمارکردووە و خستوومانەتە بوتڵێکەوە، بەڵام کاتی ئەوەت نییە بیخەیتە دەریاوە، چونکە دوای کارەساتەکە نە دەریا و نە چیا و نە دارستانێک بەدیدەکەیت، نە پەڕەکاغەز و نە قەڵەم و نە ئامێری چاپ ماوە، بەرز بەرەوە بەرلەوەی رۆحت تێکبشکێت و یادەوەرییت بسووتێت، چاوەکانت بکوژێنەوە، کوڕی خۆم هیچ شتێک نامێنێت، کەواتە هەڵۆکەم، دەی بفڕە و هەرگیز مل بەرەو زەوی شۆڕ مەکەرەوە". هەر لەو کاتەدا هەردوو قۆڵی مارکیز بوون بە باڵی هەڵۆ، ئەو پەنجانەیشی جوانترین چیرۆکی پێ نووسین کە بوونە سەری باڵەکان، بوونە پەڕی رەنگاوڕەنگ، بەڵام گەرمیی تەقینەوەکەی پێگەیشت و کاڵیکردنەوە و بەر چاوەکانیشی کەوت و کوژاندنییەوە. مارکیزی هەڵۆ لە ئاسمانەکاندا وێڵ بوو، هێندەی نەبرد باڵەکانی شێوا و وشک هەڵاتن و پەڕەکانی بوونە قامیشی وشک، چنگەکانی شلبوون و بوتڵە شووشەکە بەربووەوە، ئیتر هەڵۆکە هەستی بە کۆتایی کرد، بەڵام بە گوڕێکی خاوی خۆی لە سوڕانەوە بە دەوری زەوی سووتماکدا بەردەوام و پەیوەستیش بوو بەو هەسارەیەی بەجێیهێشتبوو.

کەوتنەخوارەوەی بوتڵە شووشەکە لە چنگی مارکیزەوە بۆ سەر زەوی، چەندین ساڵی خایاند کە لە میانەیدا گۆی زەویی ئاگری تێبەربوو سارد بووبووەوە، (تەقینەوەکە سیستمی زەمەنیی سەر زەوی تێکشاند و تیشکە ئەتۆمییەکانیش هەموو ئاسەوارێکی زمانی پێشووی لە یادەوەرییە نوێکەدا سڕییەوە، بۆیە من لە وەیادهێنانەوەی دەمامکەکەی مارکیزدا ئەو سیستمی گوڕی خودییە بەکاردێنم، کە گەردوون لەبارەی ناو و کردارەکانی رابردووەوە پاراستوونی). لە تاوێرە بەستووەکانەوە ئاو هەڵقوڵی و تێکەڵ بە بارانە ئەتۆمییەکە بوو، ئیتر جارێکی تر دەریاکان درووست بوونەوە و شەپۆلەکان بوتڵەکەی مارکیزیان گەیاندە دەریا و لە دەریاشەوە گەیاندیانە کەنارێکی نەناسراو لەکۆنە هەسارەیەکدا. بوونەوەرە نوێکان (کە رادە و ئاستی پەرەسەندن و تەمەنی سەرهەڵدانیان نازانرێت)، بوتڵەکەیان ئەمدیوو ئەودیو کرد و پێش ئەوەی سەرقاپەکەی هەڵپچڕن، لەو وێنەی مرۆڤە وردبوونەوە کە لەسەری چاپکرابوو، هەر هێندەی هەوای بەرکەوت خۆکردانە کاسێتەکەی ناوی کەوتە ئیش. بوتڵەکە ئامێرێکی تەواوی دەنگی بوو، دەنگی مرۆڤی بە دوایەکدا هاتوو کە لە گوێی بوونەوەرە دووڕەگەکاندا

زۆر نامۆ بوو، بەڵام دواتر دەنگەکەیان هاتەوە یاد و کەوتنە کردنەوەی کۆدی کۆپلەکانی، چونکە وەک مارکیز ئەندێشەی کردووە و وەرگر چەواشە ناکات، ئەم بوونەوەرانە تەنانەت دوای کارەساتە ئەتۆمییەکەیش زۆر لەوە ژیرترن پێشبینیی بکەین و لە مانای وتارەکەی ئەو تێدەگەن (دوای ئەوە کۆدی وتارەکەی مارکیز دەبێتە کلیلی کردنەوەی کۆدی چەندین وتاری تری مرۆڤەکان کە هاوسەردەمی ئەم بوونەوەرانە نەبوون). ئەم بوونەوەرانە نە شەڕەنگێز و نە دووره شەڕیشن و لە ئاژەڵانی دوێنێ کەمتر یان زیاتر رەفتارگۆڕن و بە رەفتاریاندا نازانین چی لەو بوتڵە دەکەن دوای ئەوەی بەتەواوی گوێڕادێری دەبن.

گوێیان لە کاسێتەکە گرت کە شووشەکە چەندینجار دووبارەی کردەوە، دواتر خۆشحاڵ و شادمان بوون، دوای سێیەمین لێدانەوە دایانە قاقای پێکەنین. شێتانە پێکەنین (ئێمە بەو شادیەی ئەوانمان دەگوت شێتی)، کەوتنە هەڵبەز و دابەز و شووشەکەیان دەگرتە یەک. تێگەیشتن لەوەی مرۆڤەکان چەندە بە کێماسی وێنای ئایندەی نوێیان کردووە... هەرگیز سیسرکەکان ناتوانن باس لە ژیانی نوێ بکەن! داهێنانەکان! مرۆڤەکان، ئاخر سوودی ئەو داهێنانە چین مادام خۆتانی تێکشکاند! پێکەنین، دواتر بێدەنگ بوون، کەوتنە گریان (گریانی راستەقینە)... بەڕێزینە، ئێوە چەندە بەستەزمانن. زۆر کەمتان دەزانی. ئەبەدییەت، نادیار، کارەسات، دوارۆژ، هەموو ئەمانە لەدەرەوەی زانست و زانیاریتاندا بوو. تەنها ئەلف و بێیەکتان دەزانی، کە بەم کۆتاییە حەتمییەی گەیاندن. باشتر وابوو لەبارەی ئایندەوە یەک پیتتان نەزانیبا، نە لە قوتابخانە و نە لە کتێبیشدا. دەبوو بتانزانیبا زەوی بۆچی درووستکراوە، خۆر بۆچی هەڵدێت و دواتر ئاوا دەبێت. دەبوو راستیی خودی خۆتان بزانیایە. ئێوە گەردیلەیەکی بچووک بوون لە شلەی ئەو هەقیقەتەدا کە لەبری ئێوە گەردوونی بیرمەندی داپۆشیوە، بەڵام لەڕاستیدا تەنها ساتێکی سەرپێی، تەنها دڵۆپێک بوون لەو شلە بیرمەندەدا، وا بیرتان لە زەمەن دەکردەوە خواوەندە تاوێرێکە و هەرگیز نافەوتێت، لەسەر چیاکان وێنەی روخساری خۆتان هەڵکەند، ئەوەتا ئێستایش خاڵی سفری کەرتبوونە ئەتۆمییەکە ئەو تاکە مانایەشی بەست کە لە سەردەمە زێڕینەکەتاندا بە زەمەنی کۆتایی ناوبراوە. ئای کە گەمژەن! پێمان ناڵێن ئەو سەردەمە زێڕینە کامەیە لە زەمەنە کورتەکاندا شەو و رۆژ باسی دەکەن؟ گەردیلەیەک لە خۆڵەمێش لە چەندەها تەن کانزای بەنرخی زەوی ئێوە بەهادارترە، زەوی ئێوە یان زەوی ئێمە؟ ئای لەم سەیروسەمەرەیە! ئێمەیش هەر لەسەر ئەم زەویەین، بەڵام ئێوە خۆتان بە خەڵکی تایبەت هەڵبژێردراو دانا، گوایە هەرگیز لەناو ناچن و نابێت کەس جێتان بگرێتەوە. ئەم دەنگە دەڵێت ئەوە

زەوییە... زەوی... ئێمە گەرچی باوەڕ بە وتارەکەی ئێوە دەکەین، بەڵام متمانەمان بە زەوی نییە، ئێمە پێشبینین، پێشبینییەک کە رووناداتت... بوونەوەرە نوێکان باوەڕیان بە پێشبینی و داهێنان و زەمەنەکان نییە. بەم تورەهاتانەی رەگەزی ئێوە، رەگەزی بنبڕبووی ئێوە دروستتان کردووە، ناتوانین ئەم ئەفسانانە بهێنینەوە، ئەفسانە وشەیەکە زەنگدانەوەیەکی ئەفسووناویی هەیە. ئێمە بەلای ئێوەوە ئەفسانەی سەرهەڵدانێکی تێکچووی ناتەواوین... ئەمە ئەفسانەکەیە... یان تاکە هەقیقەتە کە دەبێت ئێمە و ئێوەیش بڕوای پێ بکەین... ئەم قسانە لە زاری بچووکترین مەیموونەوە بۆ ئەو بوتڵە شووشەیە کرا، وتارەکەی مارکیزی تیابوو.

دوای ئەوەی زەوی لە پاش کارەساتە ئەتۆمییەکە سارد بووەوە، هێندە کرژبووەوە بە تەواوی کەوتە ژێر ئاو. زیاتر لە دەفرێکی دەمپان دەچوو وەک ئەو دەفرانەی کە لە سێرکەکاندا بە دەست گەمەکارانییەوە لەسەر نووکی دارێک دەسووڕێنرێنەوە، ئاژەڵانیش لەسەر قەراخی بازنەیی ئەو دەفرانە دەژین. بوونەوەرە ئایندەییە مارکیزییەکان لەو سێرکە کۆنەدا شتی زۆریان گرد کردەوە و خستیانە مۆزەخانەی یادگارییەوە... لە هەموویشیان بەهادارتر، بوتڵەکەی مارکیز و شووشەکانی گۆرانی رۆک و فیلمەکانی شاپلن و چەند نموونەیەک لە زۆربگۆییە تۆمارکراوەکانی بەرەی مرۆڤایەتییە، کە دوای کارەساتەکەیش لە ژیاندا مابوون. (وردەوردە ئەم دەنگانە دەچنە نێو دەماخی بوونەوەرە نوێکان و ئەوانیش تووشی لووتبەرزی دەکەن و وێڕای ئەوەی زۆر باشی دەناسن، بە داهێنانی ناودەبەن. مشکەکانی گۆنتەرگراس زۆر ناشیرین نین، بەرازەکانی ئۆروێل لەوانەی کازانۆفا فریودەرترن، تووتییەکان لە گریتا گاربۆ و بریجیت باردۆ و مارلین مۆنرۆ جوانترن؛ سیسرکەکانی کافکا دەنگیان لە مادۆنا خۆشترە، ئەمە شتێکە بەڵگەی ناوێت (بەرازەکان دەپرمێنن و سیسرکەکانیش دەزیکێنن)، بەڵام بوون بە نێرەمووکی زۆر زاووێکەر، تا وای لێهات دوای چەند ساڵێک لە هەسارە کۆنەکەدا جێیان نەدەبووەوە، چونکە لە قاپێکی چێشتخواردن بچووکتربوو. ئەمان تووشی نەخۆشی و پیری و زوو بنبڕبوون نەهاتن، لە گوێگرتن لە دەنگی مکوڕی نێو کاسێتە تۆمارکراوەکان بێزار نەبوون کە پڕن لە سکاڵا.

دەمانەوێت وەک مرۆڤ بمێنینەوە... سێکس بکەین... سەما بکەین... وەک جاران ببینەوە بە دوو رەگەزی نێر و مێ... گەل و نەتەوەکان... جووت هاوسەر... دەمانەوێت بژیین... گۆرانی بڵێین و بنووسین و پارەی حەڵاڵ پەیدابکەین...

دەمانەوێت چەک دروستکەین، بونیادبنێین، برووخێنین، سەفەر بکەین... دەمانەوێت... دەمانەوێت... هێندە نابات هاوار و ناڵە و فوغان بەرز دەبێتەوە... نزای پاڕانەوە تێکەڵ بە دادی پەشیمانبوونەوە و دەنگی خۆشەویستییش تێکەڵ بە هەڕەشە و رق و کینە و خواست و جوداخوازیی ئیتنیکی و رەگەزی دەبێت.

سیسرەکەکان ناخەون، مشکە قژ درێژەکان، مەیموونە رووت و جوانەکان، مارە رەنگاوڕەنگەکان، هەموو ئەو ئاژەڵانەی چارەنووسی خۆیان و مرۆڤیشیان دەزانی، لە ناڵەی کۆراڵەکەدا بەشداربوون و نەغمەی شەیداییان بۆ ژیان وەرگرت، هەرچەند لە تێکەڵبوونی تەواو بە گۆرانیی مرۆڤ دەترسان، ئەمان لە رێگەدان بەرەو (پیرۆزڕاگرتنی) رۆڵە تراژیدییەکانی مێژووی تاکەکانی و چوونە نێو ئەو ئەفسانەیەی باوەڕی بە پیرۆزیی زەوی و پیرۆزی لە بەرزییەکاندا نییە و تەنانەت نازانن ئەم بەرزییانە لە کوێدان، چونکە دەفرەکە بەرەوخوار و بۆ سەرەوە دەیجوولاندن، لە کاتێکدا دوایین کۆپلەی گۆرانییەکەیش بەرز و نزم دەبوو.

لە بەرزاییشدا، مارکیزی پیرە هەڵۆی نابینا، بەردەوام خولی دەخوارد و گۆرانییەکەی دەگەیشتەگوێ و دەیویست وشەکانی بێتەوە یاد، کەسیش گوێی بە داهێنانەکانی خۆشەویستی نەدەدا کە ئەو لە فڕینیدا ئەندێشەی دەکرد و بەرلەوەی لە هەسارەی بنبڕبوو دوور بکەوێتەوە خەڵاتی نۆبڵی پێ وەرگرت.

**سەرچاوە:**

کتێبی (حدیقه الوجوه، أقنعه و حکایات، محمد خضیر)، دار المدی، ٢٠٠٨.

# لووره



## چامە: رۆین ئەلن گینسبێرگ ١٩٩٧-١٩٢٦

**و. لە عەرەبییەوە: موکەڕەم رەشید تاڵەبانی**

**رۆین ئەلن گێنسبیرگ (٣ی حوزەیران ١٩٢٦- ٥ی نیسان ١٩٩٧ز)**

شاعیرێکی ئەمەریکییە بەوە ناسرابوو کە زۆر دژ بە ئـارەزووی عەسکەرتاریاو مادییەت و سەرکۆتکردنی سێکسی بوو، سەرکردەیەکی نـاوداری گرووپی (بێت جەنەریشن) بوو کە گرووپێک لە نووسەرو رۆشنبیرانی لاوی ئەمریکی بوون بەوە ناویان رۆیشتبوو کە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە نووسینەکانیاندا بەرگرییان لە ئازادی تاکە کەسی دەکرد، بەناوبانگترین چامەی ئەم شاعیرە ئەم چامەیەیە کە بە ناوی (لووره) یە و لێرەدا بۆمان کردوون بە کوردی.

گێنسبیرگ ساڵی ١٩٢٦ لە شاری (نیۆ ئارک) لە ویلایەتی (نیۆجێرسی) لەدایک بووە. لە شاری (باترسۆن) لەناو خێزانێکی جوولەکەی بە نژاد رووسیدا پەروەردە بووە، کە هزرو رامیاری و وێژە جێی بایەخی بووە. (نایۆمی) دایکی چالاکوانێکی سیاسی ژمارەیەک رێکخراوی چەپ و ئەندامێکی کارای پارتی کۆمۆنیست بوو، لەکاتێکدا (لویس گێنسبیرگ)ی باوکی پیاوێکی پارێزکاری ئاسایی بوو، بە تەنگی ئەوەوە بوو کوڕەکەی پەروەردەیەکی توندی ئەرسۆزۆکسیانە بکات. گێنسبیرگ تەمەنی منداڵی بە کولەمەرگی بەسەر برد، بۆیە دواتر لە نووسینەکانیدا رەنگی دایەوە، گرنگترین هۆیش لەو رووەوە ئەوە بوو کە دایکی تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بوو ناچاربوو رەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی بکرێت، یەکەمین جار سێ ساڵ لەو نەخۆشخانەیە مایەوە ئەو کاتەی هێشتە گێنسبیرگ هەرزەکار بوو، ئەوەبوو دواتریش لە دوایەمین ساڵانی تەمەنیدا رەوانەی ئەو نەخۆشخانەیە کراو ساڵی ١٩٥٦ هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد. ئەوەیش زۆرتر کەسایەتی ئەم شاعیرەی لەق کردو تووشی گۆشەگیری دەروونی قووڵتری کرد، گێنسبیرگ تا تەمەنی بیست ساڵی هۆمۆ سێکسیواڵیەتییەکەی خۆی لە کەسوکارو هاورێکانی شاردەوە.

گێنسبیرگ بە هۆی باوکییەوە کە شاعیرو مامۆستای وێژەی ئینگلیزی بوو پێی نایە جیهانی شیعرەوە، پاشان لە چوارچێوەی دیدارەکانی لەگەڵ ولیام کارلۆس ولیامز کە نزیک بە فێرگەکەی نیشتەجێ بوو. پاشان لە چلەکاندا، هەندێک لە مامۆستاکانی لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەک: لیۆنێل ترلینگ و مارک ڤان دۆرن، کاریگەری زۆریان لە پێگەیشتن و بەرەوپێشەوچوونی بەهرەی شاعیر هەبوو. هەروەها پێوەندییەکی توندو تۆڵی لە سەردەمی خوێندن لە زانکۆ لەگەڵ نووسەران جاک کیرواک و ولیام س. بۆرافس و نیل کاسادی هەبوو. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانی کەناری رۆژئاوای ویلایەتە یەککگرتووەکان هەبوو وەک: کینت رکسرۆت و گاری سایندەرو مایکل ماکلۆرو گریگۆری کۆرسۆ و لۆرانس فرلنگیتی کە بناغەی بنەڕەتی گرووپی (بێت جەنەرێشن)یان پێکهێنا کە ساڵی ١٩٥٥ لە سان فرانسیسکۆ سەری هەڵداو کاریگەرییەکی زۆری لە رۆشنبیری ئەمریکا کرد. کە بزووتنەوەیەکی دژ بە دەسەلات و سیستمی دەزگایی بوو و بەرگری لە ئازادی تاکە کەسی دەکردو ئەندامەکانی لە نووسینەکانیاندا پەنایان دەبردە

بەر بەکارهێنانی زمانی بازاڕی و بابەتگەلی دەرەوەی مانیفێستی ئەدەبی فەرمییان دەورووژانـد. بڵاوبوونەوەی چامەی (لوورە)ی (گێنسبیرگ) لە ساڵی ١٩٥٦دا شاعیری کردە سەرکردەیەکی ناوداری بزووتنەوەکە، ئەویش لەبەر بەهێزی گاڵتەجاڕییانەی چامەکە، کە تەواو لۆژیکی شۆڕشگێڕانەی ئەو بزووتنەوەیەو ئارەزووی ڕۆمانسیانەی رادیکالیانەی دەردەبڕی.

گرنگترین شاکارەکانی گێنسبیرگ لە شەستەکاندا چامەی (قادیش) بوو، ئەو ناوەیش هێمایەکە بۆ نوێژێکی جووەکان کە بۆ گیانی مردوو ئەنجام دەدرێت. کە لاواندنەوەیەکی شیعرییە سەبارەت بە دایکی لە جیهانی کەلەپووری جوولەکەو ئەزموونی خۆیەوە هەڵیهێنجاوە کە وای لێدەکات بچێتە خانەی شیعری دان پێدانانەوە. هەروەها کۆشیعری (پلانێت نیوز)ی ساڵی ١٩٦٨ی باسی ئەو قۆناغەو پێشهاتە سیاسییەکانی دەکات، تێیدا تیشکی خستووەتە سەر جەنگی ڤێتنام و پیسبوونی ژینگەو جیاوازی رەگەزیی و هەلی سەرکەوتنی مادی و شتی دیکە. چامەکانی شەستەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییانەیە کە لە ئاراستە هزری و روحییەکانییەوە هاتنە ئاراوە کە لە ئاکامی گەشتەکانی بە کیشوەرە جۆراوجۆرەکان بەدی هاتن وەک چوونە سەر ڕێبازی ئایینی بووزی لە ئاکامی گەشتەکەی بۆ هندستان، جگە لەوەیش شیعرەکانی بابەتگەلی مرۆیی کولتوورییان لەخۆگرت کاتێک هەناسەی شیعری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تێکەڵ بە یەکدی کرد.

لەو ماوەیەشدا گێنسبیرگ چەند وانەیەکی لە زانکۆکانی ئەمریکا سەبارەت بە وەرزشی ڕامان بە تایبەتی وەرزشی (شامادا) و گرنگی ئەو وەرزشە وەک شێوازێکی کاریگەر بۆ ڕاچەنینی هوشیاری خودو پەل ڕاکێشانی بەرەو نووسین پێشکەش کرد. بەڵام ڕامان بە تەنیا سەرچاوەی سروشی شیعری نەبوو لای گێنسبیرگ، چونکە ددانی بەوەدا ناوە کە وڕێنەی ئاکامی بەکارهێنانی کەرەستە هۆشبەرەکان کاریگەرییەکی زۆری هەیە، ئەوەیشی درکاندووە کە زۆر لە شیعرەکانی لەوانەیش (قادیش) و دووەمین بەشی (لوورە) لەژێر کاریگەریی ئەو وڕێنەدا نووسراون. چالاکی سیاسییانەی گێنسبیرگ لە شەستەکاندا بووە جێی سەرنجی ناوەندی ڕاگەیاندنی گشتی و بوو بە هۆی ئەوەی چەند جارێک دەستگیر بکرێت. ئەوەبوو بەشداری لە ڕێکخستنی چەند خۆپیشاندانێکی دژ بە جەنگی ڤێتنام، ریکلامی بۆ ستراتیژییەتیک کرد بە ناوی (دەسەڵاتی گوڵ) کە تێیدا خۆپیشاندەران

هەوڵی پتەوکردنی بەهاکانی ئاشتی و خۆشەویستی و لێبوردەیی دەدەن.

لە هەفتاکاندا شیعرەکانی گێنسبیرگ بایەخێکی فرەوانیان بەلای خۆیاندا راکێشا، بە تایبەتی پاش ئەوەی خەڵاتی نیشتمانی نووسەرانی ساڵی ١٩٧٤ی لەبری چامەکانی (ڕووخانی ئەمەریکا، چامەکانی ئەم ویلایەتانە)ی بەرکەوت کە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە. دیوانەکەی (هەناسەی ئەقڵ) کە لە ١٩٧٨دا چاپ و بڵاوبووەتەوە پڕ لە کەشی رامانی روحی و ئایینی بووزی و هەست و نەستی گەرم و گوڕە. لەناو ئەو چامانەشدا چامەیەکی هەیە بە ناوی (پیر مەبە) کە رەخنەگران بە (قادیش)ی دووەمیان داناوە بەڵام ئەم جارەیان بۆ باوکی گوتوویەتی.

زۆربەی شیعرەکانی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا سەبارەت بە هەستی کەمبوونەوەی کات و پیربوونن، بۆیە بە گاڵتەجاڕییەوە باسی ئەو شتانەی کردووە. هەروەها بایەخیشی بە پرسی ژینگەو جەنگی ئەتۆمی و پرسە گەورەکان داوە. تەواوی شاکارەکانی لە ساڵی ١٩٨٤دا چاپ کراون، پاش ئەوانەیش (کفنی سپی) ١٩٨٦ پاشان سڵاوگەلی کۆزمۆپۆلیتانی ١٩٩٤. لێکۆڵینەوەی پتر لە پەنجا نووسەر کە لە شیعرەکانیان کۆڵیوەتەوە. دوو کتێبی گەورە سەبارەت بە ژیانی ساڵی ١٩٨٩و ١٩٩٢ چاپ بوونەو کتێبێک سەبارەت بە شاکارەکانی ساڵی ١٩٩٥ دەرچووە.

گێنسبیرگ وەک وێنەگرێکی فۆتۆگرافی بەهرەمەند ناوی رۆیشتبوو بۆیە دەیان پیشانگەی لە ئەمریکاو ئەوروپا کردەوەو بایەخیشی بە گۆرانی دەداو چەند گۆرانییەکی چڕی لەوانە: سەمای رامان بکە، پاشەرۆکی جگەرەکەت فڕێ بدە، واز لە جگەرەکێشان بێنە بەوانەیش بەشداریی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تلیاک و کەرەستە هۆشبەرەکانی کرد.

لە بەهاری ١٩٩٧دا گێنسبیرگ زانی کە تووشی شێرپەنجەی جەرگ بووە، بۆیە دوازدە کورتە چامەی نووسی و، رۆژی دواتر بێ هۆش کەوت و دوای دوو رۆژ مرد(**).

**دەقی چامەکە**

(١)

باشترین مێشکەلێکم لە نەوەکەی خۆم بینی شێتایەتی تێکی داوون، بە دەستی رووت و رەجاڵییەوە دەناڵێنن و تووشی هستیریا دەبن

بەرەبەیان بە ناو شەقامگەلی رەشپێستاندا بە شەرەشەق خۆ رادەکێشن و بە دوای دەرزییەکی سرکەری توورەدا دەگەڕێن

بە سەری فریشتەییەوە (هیپی)ن [*]، شەیدای بەیەکگەیشتنی دێرینانەی ئاسمانین، بە دەینەمۆی ئەستێرەیی لە بە مەشین کردنی شەو

ئەوانەی بە نەداری و بە شڕو شیتاڵ و بە چاوی پووکەوە واق وڕماو دانیشتوون لە تاریکایی سەرسوڕهێنەرانەی یەکەی نیشتەجێی بێ ئاوی گەرمدا جگەرە دەکێشن کە لە سەرووی شارەکانەوە دەکەوێتە سەر ئاوو لە (جاز) رادەمێنن.

ئەوانەی لە ژێر هێڵی EL ئی ئێڵ [*](ئیلیڤاتید) هێڵی شەمەندەفەر مێشکیان بۆ ئاسمان رووت کردەوەو فریشتە رووناکەکانی ئیسلامیان بینی بە سەر بنمێچی خانووی کرێچییەکانەوە دەهەژینەوە

ئەوانەی بە چاوی پرشنگدارو ساردەوە بە زانکۆکاندا تێپەڕین و تامەزرۆی (ئەرکنساس و تراژیدیای رووناکی ـ بلیک)ن لەناو پسپۆرانی جەنگدا،

ئەوانەی لەبەر شێتییان و لەبەر ئەوەی سروودی ناشیرینیان بە پەنجەرەکانی کەللە سەرەوە هەڵواسی لە ئەکادیمیاکان دەرکران،

ئەوانەی بە جلی ژێرەوەو بێ ریش تاشین خۆیان لە ژوورگەلێکدا گۆشەگیرکرد، سامانەکانی خۆیان لە زبڵدانەکاندا سووتاندو ئەوانەی لەو دیوی دیوارەوە گوێیان لە ترس و تۆقین گرت،

ئەوانەی بە ردێنی تووکە بەر ئاسایان دەستگیرکران لە (لاریدۆ)وە بە پشتوێنێک (ماریوانا)وە بۆ نیویۆرک دەگەڕانەوە،

ئەوانەی لە ئۆتێلەکانی نەداراندا خۆیان گەرم کردەوە یان (تربنتاین) یان لە کووچەکانی بەهەشتدا خواردەوە، لە مردندا، یان شەو لە دوای شەو سینگیان پاک دەکردەوە،

بە خەونگەل، بە تلیاک، بە مۆتەکەگەلی بێدار، دەرمان و ئەلکوول جرت

و فرتی بێ کۆتایی،

شەقامگەلی کوێری بێ وێنە لە هەورگەلێک دەتریشقێنن و برووسکەیەک لە بیناییدا بەرەو هەردوو جەمسەری کەنەداو پاترسۆن دەچێت و جیهانی کاتی متبووی نێوانیان رووناک دەکاتەوە،

درگگەلی (بایۆتی)[*] هەیوانەکان، کازیوەگەلی حەوشەیەکی پشتەوە درەختێکی سەوزی نێژراو، سەرخۆشیی مەی لەسەر سەربانی تەلارەکان، پاڵدانەوەو درێژبوونەوە لەسەر چای، دەسکەرەی فتریناتەکانی بۆ هاژووتنی چێژوەرگرتنێک لە تیشکەکانی گەیاندنەکان کە نیۆنەکانیان رووناکی کردوونەتەوە، هەتاوو مانگێک و لەرینەوەی درەختیانە لە بەرەبەیانی زستانی (برکلین)، تەق و تۆقی بەرمیلگەلی زبڵ و رووناکی میهرەبان موڵکی دانایی و ئەقڵ،

ئەوانەی خۆیان بە زنجیری سەبەوای[*] بەستەوە بۆ سواربوونی کۆتایی نەهاتوو لە (برۆنکس)ی پیرۆزەوە بە بەنزین سڕبووبوون تا لە دەنگی تایەکاندا بە ئاگا هاتنەوە دەماغیان تاریک و لە بروسک و منداڵان بەتاڵ بوون و بە زاری دەرهێنراوەوە دەلەرزین و لە رووناکیی دڵتەنگانەی باخچەی ئاژەڵاندا[*] بێ هێزبوون،

ئەوانەی بە درێژایی شەو نغرۆی رووناکی سەبمەرینی بوون لە قاوەخانەی (بکفۆرد)و بەرز سەرئاو کەوتن و بە درێژایی ئێوارەی بیرە کۆنەساڵەکە لە کۆگەی (فۆگازی) دانیشتن و گوێیان لە وێنەی ئیسرافیل دەگرت لە (گرامافۆن ـ جۆکبۆکس)ی[*] هایدرۆجینی،

ئـەوانـەی بێ راوەسـتـان بۆ مـاوەی حەفتا کاتژمێر قسەیان کرد لە سەیرانگەیەکەوە بۆ ژوورێـک بۆ باڕێک بۆ بیمارگەی (بیلیفۆ) بۆ مۆزەخانەیەک بۆ پردی (برۆکلین)، تابوورێکی بزربووی لایەنگرانی ئەفلاتوون لە کەنارەکانی پەنجەرەکانەوە لە تەلاری ئەمپایەر ستیت و لە مانگەوە بۆ پلەکانی خوارەوەی پێپلکەکانی ئاگرکوژێنەوە بازدەدەن،

مـەلاژوویـان دەتەقێنن هـاواردەکـەن دەرشـێـنـەوەو راستیگەل و بیرەوەریگەل و خوێ و شەق دان لە بیبیلەو شۆک بە کارەبا لە نەخۆشخانە و بەندیخانە و جەنگەیل بە چرپە دەدرکێنن،

پێش چاوخستنگەلی تەواوەتی بۆ حەوت رۆژو حەوت شەو بە چاوی پرشنگدارەوە بەبیرهێنانەوەیەکی رەها بەتاڵ کراونەتەوە، گۆشتی کڵیسێک

لەسەر شۆستە فڕێ دراوە،
ئەوانەی لە (نیۆجەرسی)ی وشک و برینگی بێ شوێندا بزربوون و ڕێگەیەکی کارتی پۆستەی گومان لێکراوی هۆڵی (ئەتلانتیک سیتی)یان لەدوای خۆیان بەجێ هێشت،
بە دەستی ئەرەقی ڕۆژهەڵات و ئێسک شکێنەرێک لە تەنجەو سەرئێشە درێژخایەنەکانی چین لە کاتی خۆدوورخستنەوە لە سڕکەرەکە، لە ژوورێکی دڵتەنگی ڕاخراو لە نیۆیۆرک دەناڵێنن،
ئەوانەی پیاسەیان دەکردو لە نیوە شەودا بەناو هێڵەکانی شەمەندەفەردا دەسووڕانەوەو دەسووڕانەوەو نەیاندەزانی بۆ کوێ بچن و ڕۆیشتن بێ ئەوەی دڵی شکاو لەدوای خۆیان بەجێ بهێڵن،
ئەوانەی جگەرەکانیان لە سندووقەکانی فارگۆنەکاندا فارگۆنەکاندا فارگۆنەکاندا داگیرساند بەناو بەفردا بەرەو کێڵگەی چۆڵ و هۆڵ لە باپیرەی شەومان تەق و تۆقیان بوو،
ئەوانەی پلۆتۆنیۆس و پۆو یۆحەنناى خاچ و تیلیباتیاو کابلا گازێیان خوێند چونکە گەردوون لە کنساس لەبەر پەنجەی پێیاندا خۆڕسکانە جووڵایەوە،
ئەوانەی بە تاک و تەنیایی لە شەقامەکانی ئیداهۆدا بە دوای فریشتەگەلی هندیدا دەگەڕان کە فریشتەی سورپێستەکان بوون،
ئەوانەی بیریان کردەوە کە هەرچۆنێک بووە خۆیان شێتن کاتێک بالتیمۆر لە شاگەشکەیەکدا گەشایەوە لە سەرووی سروشتەوەیە،
ئەوانەی لەگەڵ شۆفێرە چینییەکاندا لە ئۆکلاهۆما خۆیان هاویشتە نێو لیمۆزینەکانەوە بە هاندانی بارانی نیوە شەوێکی زستانەی ژێر ڕووناکی شەقامەکان لە شارۆچکەیەکی بچووک،
ئەوانەی بە ناو هیوستۆندا لە برسانداو گۆشەگیرانە ڕاکشان و بە دوای جازێک یان سێکسێک یان سووپێکدا دەگەڕان و دوای ئیسپانییە بلیمەتەکە کەوتن تا دیالۆگ لەبارەی ئەمریکاو هەمیشەییەوە بکەن، ئەرکێکی نائومێدانەیە، دواجار بە سواری کەشتی بەرەو ئەفریقیا بەڕێ کەوتن،
ئەوانەی لە گڕکانەکانی مەکسیکدا بزربوون و هیچیان بەجێ هێشت تەنیا سێبەری بەدلەیەکی کرێکاران و پشکۆکانی شیعرو خۆڵەمێشەکەی نەبێت لە شیکاگۆی کوانوودا پەرتوبڵاو کراوەتەوە،

ئەوانەی لە کەناری رۆژئاوا(*) دەرکەوتنەوەو بە ردێن و شۆرتەوە بە دوای ئێف .بی. ئایدا(*) دەگەڕێن بە چاوی زەقی ئاشتیخوازانەی دڵگیرەوە لە رووی سێکسەوە بە پێستی گەنم رەنگیان بڵاوکراوەی ئەوتۆ دابەش دەکەن کەس تێیان ناگات،

ئەوانەی بازووی خۆیان بە جگەرە داغکرد بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بە بەربەستی تووتن بۆ خووگرتوویی سەرمایەداری، ئەوانەی نامیلکەی سەرووی کۆمۆنیزمیان لە یوونیۆن سکوێردا(*) دابەش کرد دەگریان و جلەکانیان فرێ دابوو لەکاتێکدا شاورەکانی ئاگەدارکردنەوەی لۆس ئالامۆس دەیانلووراند بۆ ئەوەی بێ دەنگیان بکات، بۆ ئەوە دیانلووراند تا وۆڵ ستریت بێ دەنگ بکەن، هەروەها گەمییەکەی دوورگەی (ستاین)یش لووراندی،

ئەوانەی هێزیان تێدا نەما لە کاتێکدا بە رووتی لە یاریگە سپییەکانی وەرزشدا دەگریان و لە ئاکامی پێکهاتەی ئامێرانەی پێکهاتەکانی دیکەدا دەتۆقین،

ئەوانەی گازیان لە گەردنی پیاوانی ئاسایش گرت و لە ناو ئۆتۆمبیلەکانی پۆلیسدا لە خۆشی چێژدا راچەڵەکین لەبەر ئەوەی هیچ تاوانێکیان نەکردبوو تەنیا نێربازییە سەیرەکانیان نەبێت،

ئەوانەی لەسەر چۆک لەناو (میترۆ)دا لووراندیان و لە بنمیچەوە رایانکێشان لەکاتێکدا بە ئەندامانی زاوزێ و دەستنووسگەل ئاماژەیان دەدا،

ئەوانەی بە خۆیان داوایان کرد سواربووانی ماتۆڕسکلەکان کە پیرۆزییان هەیە بیانگێن و، لە خۆشیاندا هاواریان دەکرد،

ئەوانەی مژییان و ئەو سارۆفە(*) مرۆییە، کەشتیوانانە ، لە دەست لە ملانێی ئەویندارانەی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و کاریبی مژیانیان،

ئەوانەی بەیانیان و ئێواران لە باخچەی گوڵ و گژوگیای سەیرانگە گشتییەکان و گۆڕستانەکاندا جووت بوون و بە خۆڕایی سپێرمەکانیان بۆ هەر کەس بێت و هەر کەسێک بیەوێت پەرتوبڵاو دەکردەوە،

ئەوانەی تا هەتایە تێیان بڕاو دەکۆشان لە قاقای پێکەنین بدەن و بە گریانێک لە پشتەوەی بەربەستێک لە گەرماوێکی تورکیدا کۆتاییان هات کە فریشتە قژ زەردو رووتەکە لەسەردا هات تا بە شمشێرێک کونیان بکات،

ئەوانەی غوڵامە ئاشقەکەیان بۆ هەرسێ پیرەژنە بێ ئابڕووەکانی چارەنووس لەدەست دا، پیرەژنە سەر ماش و برنجە بێ ئابڕووە تاک

چاوەکەی دۆلاری نارەگەز، پیرەژنە سەر ماش و برنجە بێ ئابڕووە کوێرەکەی لە ناو منداڵدانەوە چاو دەقرپێنێت، پیرە ژنە سەر ماش و برنجە بێ ئابڕووە کوێرەکەی کە هیچ شتێک ناکات تەنیا ئەوە نەبێت لەسەر(گوێدرێژەکەی) خۆی دادەنیشێت و دەزووە زێڕینەکانی رۆشنبیری لە تەشیی شارەزا دەقاچێت،

ئەوانەی چێژگەلیان مارە بڕی، لە بوتڵە بیرەیەک، یارێک، پاکەتە جگەرەی مۆمێک تێرنابن و لە قەرەوێڵەکانیان کەوتنە خـوارەوە، تا بە درێژایی زەوینەکە بەردەوام بن تا دابەزینە هەیوانەکەو لەقەد دیوارەکە بێ هۆش کەوتن بە خەوبینینی کونی رەهاو سپێرم تا خۆیان لە دوایەمین فڕێ دانی هۆش دەربازبکەن،

ئەوانەی هەنگوینیان بە هەرامەی یەک ملیۆن کچدا ساوی و لە ئاوابووندا دەلەرزین، بەیانی چاویان سووربوو بەڵام خۆیان بۆ هەنگوین پێدا ساوینی قوونی رۆژهەڵات ئامادەکرد شانەکانیان لەژێر لۆدەکاندا دەبریسکاندەوەو لە دەریاچەکەدا رووت بوون،

ئەوانەی بە کۆلۆرادۆدا لەناو ئۆتۆمبیلی شەوانەی دزراوی بێ شوماردا داوێن پیسییان دەکرد، نیل. کسیدی.، پاڵەوانی نهێنیی ئەم چامانە، ئەدۆنیس دنفەرو نێرینە شادەکەی بۆ یادوەری جووتبوونە بێ شومارەکانی لەگەڵ کیژاندا لە چۆڵەوانی و حەوشەی پشتەوەی چێشتخانەیەک، کورسییە سپرینگدارەکانی سینەما، لەسەر لووتکەی چیاکان لە ئەشکەوتەکاندا یان لەگەڵ کارەکەرە لاوازەکاندا بە هەڵدانەوەی ناپەسەندانەی تەنوورەکانیان لە لاڕێگە بە تایبەتی ئەو نووسراوە نهێنییانەی لە ئاودەستەکانی بەنزینخانەکاندا نووسراون، هەروەها لە کۆڵانەکانی شاری زایەنگەدا،

ئەوانەی سەرلێشێواوانە لە فیلمگەلی فرەوانی ناپەسەنددا بزربوون، لە خەونەکاندا هەژێنران، لە (مانهاتن)ێکی کوتوپڕانەدا بە ئاگە هاتنەوەو، پشوویان دا بۆ ئەوەی لە ژێر زەمینەکانەوە بە واق ورماوی بە شەرابی (تۆکای)ی(*) بێ دڵ و داهۆڵە ئاسنینەکانی سێیەمین شەقام بێنە دەرەوە پاشان بەرەو بازنەو دەزگەکانی بێکاری لەتریان برد،

ئەوانەی بە درێژایی شەو رێیان کردو پێڵاوەکانیان پڕ لە خوێن بوو لەسەر شۆستەکانی بەندەرێک کە بەفر بەستبوونی لە چاوەڕوانی ئەوەی لە رووباری رۆژهەڵاتدا دەرگەیەک بەرەو ژوورێکی پڕ گەرمکەرەوەی هەڵمی

و ئەفیوون بکرێتەوە،

ئەوانەی تەلاری مەزنی خۆکوژییان لە لێوارەکانی (هەدسون) داهێناوە لەچەندین ئەپارتمان پێکهاتوون چوون هەڵدێرگەلێک لەژێر رووناکییە شینەکانی بڕۆجکتەرەکانی سەردەمی جەنگدا هی مانگ، سەریشیان لە بیرچوونەوەدایەو بە چەپکە گوڵ دەڕازێنرێنەوە،

ئەوانەی سووپی باری ئەندێشەیان خوارد یان دەعەجانەیان لە بنەوەی قوڕاوی رووبارەکانی باوری(*) هەرس کرد،

ئەوانەی بۆ رۆمانسی شەقامەکان لە پڕمەی گریانیان داو گالیسکە دەستییەکانیان پڕ لەپیازو میوزیکی خراپ بوو،

ئەوانەی لە ناو چەند سندووقێکدا لە ژێر پردەکە دانیشتن تاریکاییان هەڵدەمژی و، هەڵسانە سەر پێ بۆ ئەوەی لە بەرزیدا هاربسکۆردات(*) دروست بکەن،

ئەوانەی لە شەشەمین نهۆم لە (هارلم) پژمین و لەژێر ئاسمانی بە گڕ تووشبوودا نگینیان لەسەر نراوەو بە زنجیرگەلی پرتەقاڵی لاهووت چوار دەور دراون،

ئەوانەی بە درێژایی شەو چڕنووکیان دەگرت و بڕوایان هەبوو و خۆیان بەسەر سرووتگەلێکی باڵادا دابوو کە لە بەیانی زەرددا تەنیا چەند بڕگەیەکی پووچ بوون،

ئەوانەی چەند ئاژەڵێکی گەنیویان لێنابوو سی و دڵ و پێیەکانیان کردبووە سووپی بۆرشت(*) و بابۆڵەی تۆرتیا(*) و خەونیان بە مەلەکۆتی پاکژەوە دەبینی،

ئەوانەی بە خۆیان خۆیان خستە ژێر کامیۆنەکانی گۆشتەوەو بە دوای هێلکەیەکدا دەگەڕان،

ئەوانەی کاتژمێرەکانیان لە بنمیچەکانەوە فڕێ دا تا لە هەڵبژاردنەکانی هەمیشەییدا لە دەرەوەی کات دەنگ بدەن، بۆیە کاتژمێرەکانی وریاکردنەوە هەموو رۆژێک بە درێژایی دەیەی داهاتوو بەسەر سەریاندا بەربوونەوە،

ئەوانەی سێ جاری لەسەر یەک مەچەکی خۆیان بریندارکردو سەرنەکەوتن، وازیان لە هەوڵدان هێنا بۆیە ناچاربوون دوکانی شوێنەوارگەری بکەنەوە کە بیریان کردەوە بەناو ساڵدا دەچن و لە پڕمەی گریانیان دا،

ئەوانەی بە زیندوویی لەناو فانیلە بێ تاوانەکانیاندا لەسەر مادیسۆن ئیفنیۆ سووتێنران لەناو گیزەی قژی خۆڵەمێشین و تەق و تۆقی بزواوی مۆدە بە هێزە ئاسنینەکەی و قیژەی نترۆگلیسرینی فریشتەگەلی پڕوپاگەندەو گازی ژەهراوی ئازادکراوانی ناڕەسەنی زیرەک، یان لەژێر تاکسییە باڵ شکاوەکانی بۆیەری رەهادا تلێنراونەتەوە،

ئەوانەی لە پردی برۆکلینەوە بازیان دا بەڕاستی ئەمە رووی دا پاشان نەناسراوو بیرکراو بەرەو گێژبوونی تارماییانەی کووچەکانی شارۆچکە چینییەکە رۆیشتن بە سووپ و گالیسکەی منداڵەکانییەوە، تەنانەت بەبێ یەک پەرداخ بیرەی خۆڕاییەوە،

ئەوانەی لە نائومێدییەوە لە پەنجەرەکانیانەوە گۆرانییان چڕی، لە پەنجەرەی سەبەوایەکانەوە کەوتنە خـوارەوەو بازیان دایە رووباری (باسایک)ی پیس و پۆخڵەوە(*)، بەسەر زنجییەکاندا هەستانەوە، بە درێژایی شەقامەکان لە پڕمەی گریانیان دا بەپێی خاوس بەسەر وردە شووشەی بوتڵە مەیەکاندا سەمایان کرد، چەند قەوانێکی جازی ئەڵمانی ساڵانی سییەکانیان شکاند بیری ئەوروپای کۆنیان دەکردەوە، ویسکییەکانیان تەواو کردو لە ئاودەستە خوێناوییەکەدا رشانەوە، ئاهو ناڵەو، دەنگی شاوری زلی هەڵمین لە گوێییاندا دەزرنگایەوە،

ئەوانەی سواری ئۆتۆمبیلەکان بوون و توندو خێرا بە رێگەوبانەکانی رابوردوودا تێیان تەقاندو هەندێکیان بۆ لای هەندێکیان گەشتیان دەکرد لە بێداری ئۆتۆمبیل ـ هاوارو گۆشەگیری بەندیخانە یان بەرگوێ کەوتنی جاز لە بیرمنگهام(*)،

ئەوانەی بەناو وڵاتدا بۆ حەفتاو دوو کاتژمێر لەبەر دران بۆ ئەوەی بزانن ئایە خەونێکم بینیوە یان خەونێکت بینیوە یان خەونێکی بینیوە بۆ ئەوەی هەمیشەیی بدۆزنەوە،

ئەوانەی گەشتیان بۆ دنفەر کرد، ئەوانەی لە دنفەر مردن، ئەوانەی بۆ دنفەر گەڕانەوەو بێ هوودە چاوەڕوان بوون، ئەوانەی لەسەر دنفەر شەوبێداربوون و چینچک رۆنیشتن و لە دنفەر یەک هەڵویست بوون و ئاکام بەجێیان هێشت تا کاتیان دۆزییەوە، ئەوەتە دنفەر بۆ پاڵەوانەکانی خۆی، گۆشەگیرو چۆڵ دەنوێنێت،

ئەوانەی لە کاتدراییەکاندا بێ ئومێدانە لەسەر چۆک کەوتن و بۆ

رزگاربوون و تیشک و هەردوو مەمکی یەکدی نوێژیان دەکرد، تا قژەکەی بۆ تاوێک گیانی رووناک کردەوە،

ئەوانەی هەڵیان کوتایە ناو رێگەوە بەرەو دەرەوەی مێشکیان لە بەندیخانەدا چاوەڕێی تاوانگەلی نەکەردەنی بە سەری زێڕینەوە دەکرد

گۆرانییان چڕی و تەوتەمەکانی راستی لەناو دڵیاندا لاژەی بلووزی بۆ ئەکتراز بوو(*)،

ئەوانەی بۆ مەکسیک گەڕانەوە بۆ ئەوەی خوویەک، یان چیای رۆکی بۆ بوودای بە بەزەیی یان تەنجە بۆ نەوجەوانان یان هێڵە ئاسنینەکانی باشووری باسیفیک بۆ شەمەندەفەری رەش یان هارفارد بۆ نەرسیس بۆ گۆڕستانی وودلۆن بۆ چەپکەگوڵی مردووان بۆ گۆڕ وەبەربهێنن،

ئەوانەی داوای دادگەییکردنی ئەقڵیان کردو رادیۆیان بە تاوانی خەواندنی میگناتیسی تۆمەتبارکردو لەگەڵ شێتایەتی و دەستەکانیان بەجێیان هێشتن و دادوەرەکانیش لەسەر بڕیارێک کۆک نەبوون،

ئەوانەی لەسەر دادیزم وانەبێژەکانی زانکۆی نیۆیۆرکیان بەر زەلاتەی پەتاتە داو ئاکام خۆیان لەسەر پێپلکەکانی گرانیتی نەخۆشخانەی شێتەکان بە سەری تاشراوو وتاری لیبووکەوە پێشکەش کرد، داوای دەرهێنانی دەست بەجێی دەماغیان کرد، ئەوانەی لە جیاتی ئەوە بزرۆکەی ئەنسلینی رەق و متراسۆل و کارەباو شیکاری هیدرۆلی سایکۆلۆژیای شیکاری ئەرکی بینگ بۆنگ و بیرچوونەوەیان پێ بەخشین،

ئەوانەی لەنارەزایی دەربڕینی بێ گاڵتەدا خوانەکەی بینگ بۆنگیان بە تەنیا هیمایەکەوە هەڵەوگێڕکرد، بۆ ماوەیەکی کورت لە نائامادەیی گێلایەتیدا پشوویان دا،

پاش ساڵانێک بە سەر رووتاوییەکی راستەقینەوە جگە بارۆکەیەکی لە خوێن و فرمێسکگەل و پەنجەگەل نەبێت، بۆ کۆتایی روونی شێت گەڕانەوە لە قاوشگەلی شارە شێتەکاندا کە لە رۆژهەڵاتەوەن، هۆڵە هەوا مەییوەکانی بیلگریم ستیت رۆکلاندو گریستۆن، بە دەنگدانەوەکانی گیان دادەمرکێنەوە، رێ دەکەن و لە فرەوانی پەیکەرئاساکانی ئەوین و سەکۆی گۆشەگیری نیوەشەودا تل دەخۆن،

مۆتەکەی خەونی ژیان و، جەستەکان بە هۆی قورسیی مانگەوە بوون بە بەرد،

دواتریش دایک(*) و دوایەمین کتێبی خورافیانە لە پەنجەرەی شوقەکەوە فڕێ دراو، دوایەمین دەرگەیش لە چواری بەیانیدا داخراو دوایەمین تەلەفۆن لێدرا، بەرسڤێک لە قەد دیوارەکە، دوایەمین ژووری بە رایەخ رازێنراو تا دوایەمین پارچەی رایەخی ئەندێشەی بەتاڵ کرا، گوڵێکی کاغەزین لە قەد عاسقی وایەرەکان لە ناو کەنتۆرەکە پێچێنراوە، تەنانەت ئەمەیش ئەندێشاوییە، هیچ شتێک نییە تەنیا وڕینەیەکی کەمی ئاوات بۆخوازراو نەبێت.

ئای، کارل، کە تۆ پارێزراو نەبیت، منیش پارێزراو نیم، ئێستەیش ئەوەتە تۆ بە راستی لە سووپی ئاژەڵیانەی کۆتایی کاتدایت،

ئەوانەی کە بەناو شەقامە سەهۆڵییەکاندا تێیان تەقاند، بە پەرۆشی بەتیشکدانەوەیەکی لەناکاوی کیمیایی بەکارهێنانی پارچەی ناتەواوی کەتەلۆک میترو رووکاری هەژێنەر...،

ئەوەی خەونی بینی و بە هۆی وێنەگەلی تێکەڵاوەوە کەلێنی بەرجەستەیی لە کات و بۆشاییدا دروست کردو، سەرۆکی فریشتەکانی گیانی خستە داوی دوو وێنەی بینراوو فرمانە سەرەتاییەکانی پێکەوە نووساندو ناوو بازی هوشی پێکەوە کۆکردەوەو بە هەستوەری باتر یان منیبۆتنس ئایترنای دیۆس(*) بازی دا

تا دەربڕینەکەو پەخشانی هەژارانەی مرۆیی بخولقێنێتەوەو لە شەرماندا بێزراو بەرانبەر بە تۆ لاڵ و زیرەک و لەرزۆک راوەستێت، بەڵام دانی بەوەدا ناوە لە روحیدایە بۆ ئەوەی لە سەری رووت و بێ کۆتایی لەگەڵ ریتمی هزردا بگونجێت

شێتی نەدارو فریشتەی لە ناو کاتدا دۆڕاو، نەناسراو، بەڵام شتێک لەوێ دادەنێت کە دەشێت بمێنێت بۆ ئەوەی بگوترێت، لە کاتێکی پاش مردن دێت،

لە جل و بەرگی جازی تارماییانەدا زیندووبووەوەو لە سایەی کەرەنای زێڕینی باندەکەدا بەرزبووەوە ژان و فووی لە ئازارەکانی ئەمریکای تامەزرۆی خۆشەویستی دەکرد بە ئەقڵی رووتی بۆ هاواری سەکسیفۆن ئیلی ئیلی لاما لاما ساباقتانی(*) شارەکانی بۆ هەژایەوە تا دەگاتە دوایەمین رادیۆو

دڵی رەهای چامەی ژیان، لە جەستەیان کرابووەوە، بۆ ئەوە دەشێت تا هەزار ساڵ لە ساڵان بخورێت.

(٢)

کام ئەبو هۆلی لە چیمەنتۆو ئەڵەمنیۆم کەللە سەری شەق و پەق کردن و دەماغ و ئەندێشەی هەڵلووشین؟

مۆلۆخ(*)؛ گۆشەگیری؛ پیسایەتی؛ ناشیرینی! بەرمیلی زبڵ و دۆلارگەلێک دەستیان پێ ناگات، مندالگەلێک لەژێر پێپلکەکاندا دەقیژێنن!

کوڕگەل لە سوپاکاندا دەگرین! پیرەمێردگەل لە سەیرانگەکاندا لەپڕمەی گریان دەدەن!

مۆلۆخ! مۆلۆخ! مۆتەکەی مۆلۆخ! مۆلۆخی بێ خۆشەویستی! مۆلۆخی ئەندێشەیی! مۆلۆخی دادوەری ناقۆلای مرۆڤگەل!

مۆلۆخی ئەو بەندیخانەی کە وێنا ناکرێت! مۆلۆخی ئەموستیلەی بێ گیان، هی دوو ئێسکی یەکدی بڕو کۆنگرێسی غەمان! مۆلۆخێک کە تەلارەکانی رۆژی سزادانە! مۆلۆخی بەردی فرەوانی جەنگ! مۆلۆخی ئەو حکوومەتانەی واق وڕماون!

مۆلۆخ کە ئەقڵی ئامێرێکی ساغە! مۆلۆخ کە لە ناو رەگەکانیدا پارە جارییە! مۆلۆخ کە پەنجەکانی دە سوپان! مۆلۆخ کە سینگی دینەمۆیەکی گۆشتی ئادەمیزادخۆرە! مۆلۆخ گوێی گۆڕێکە دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە!

مۆلۆخ کە چاوەکانی هەزار پەنجەرەی کوێرن!

مۆلۆخ کە تەلارە هەوربڕەکانی چوون یەهووگەلی(*) بێ کۆتایی راوەستاون! مۆلۆخ کە کارگەکانی خەون دەبینن و لە تەمدا دەقیرێنن! مۆلۆخ کە دووکەڵدان و ئەنتیناکانی نگین لەسەر شارەکان دەنێن!

مۆلۆخ کە خۆشەویستییەکەی نەوت و بەردگەلی بێ کۆتاییە! مۆلۆخ کە روحی کارەباو بەنقگەلە! مۆلۆخ هەژارییەکەی نیشانەی بلیمەتییە!

مۆلۆخ کە چارەنووسی پەڵە هەورێکی هایدرۆجینی بێ رەگەزە! مۆلۆخ کە ناوەکەی ئەقڵە!

مۆلۆخ کە تەنیا تێیدا رۆدەنیشم! مۆلۆخ کە تێیدا خەون بە فریشتەگەلەوە دەبینم! شێت لە مۆلۆخدا، نێرمژ لە مۆلۆخدا، بێ هەست و نێرەمووک لە مۆلۆخدا!

مۆلۆخ کە هەر لە زووەوە چووە ناو روحمەوە! مۆلۆخ کە من تێیدا

هوشێکی بێ جەستەم!

مۆلۆخ کە لە نەشئە سروشتییەکەم تۆقاندمی! مۆلۆخ کە جێی دەهێڵم! لە مۆلۆخدا لە خەو رادەچەنم ! تیشکێک لە ئاسمانەوە دادەبارێت!

مۆلۆخ! مۆلۆخ! ئەپارتمانگەلی رۆبۆتەکان(*) گەڕەککگەلی نێشتەجێبوونی نەبینراو! گەنجینەی کۆئیسککگەل! سەرمایەدارگەلی کوێر! پیشەسازیگەلی ئیبلیس! نەتەوەگەلی پەراوێزکراو! شێتخانەگەلی دەور قایم کراو! ئەندامگەلی نێرینەی لە گرانیت دروستکراو! بۆمبگەلی قێزەون!

پشتی خۆیان شکاند تا مۆلۆخ بەرەو ئاسمان بەرز بکەنەوە! شۆستەگەل، درەختگەل، رادیۆگەل، تۆنها! تا ئەو شارە بەرەو ئاسمان بەرز بکەنەوە کە لە هەموو شوێنێک لە دەوروبەرمان هەیە!

خەیاڵگەل! پێشبینیگەل! وڕینەگەل! پەرجووگەل! چێژگەل! رووەو خوار بەرەو رووباری ئەمەریکی! خەونگەل! پەرستگەل! پرشنگگەل! ئایینگەل! هەموو باری بەلەمەکە پیسایی بۆگەنە!

دزەکردن! بەناو رووبارەکەدا! راچەڵەکاندن و رووداوگەلی لەخاچدان! رووەو خوارەوە بەرەو لیمشت!

ڕفاندنگەل! دەرکەوتنگەل! نائومێدیگەل! هاوارگەلی ئاژەڵیانەو خۆکوشتنگەلی دە ساڵ!

ئەقڵگەل! ئەوینگەلی نوێ! نەوەیەکی شێت! بۆ خوارەوە بە سەر تاوێری کاتەوە!

پێکەنینێک لەناو رووباردا بە راستی پیرۆزە! هەموویان بینی! چاوە دڕندەییەکان! قیژەی پیرۆز! وتیان خواتان لەگەڵ! لە بنمیچەکەوە! بەرەو گۆشەگیری بازیان دا! دەستیان رادەوەشاند! گوڵیان پێ بوو! بەرەو خوارەوە بۆ ناو رووبار! بۆ ناو شەقام!

(٣)

ئەی کارل سۆلمۆن! من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە تۆ لە من شێت تریت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە هەست دەکەیت هیچ چارەیەک نییە کە تۆ زۆر سەیریت

من لە رۆکلاند لەگەڵتم کە لاسایی شەبەنگی دایکم دەکەیتەوە
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە هەر دوازدە سکرتێرە ئافرەتگەلەکانی خۆت کوشت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم کە بەم تەنزە شاراوەیە پێدەکەنیت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە هەردووکمان لەسەر هەمان ئامێری ناقۆلا دوو نووسەری مەزنین
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە حاڵەتەکەت حاڵەتێکی پەشێوەو لە رادیۆوە راپۆرتێکی لەبارەوە دەخوێنرێتەوە
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە لە چاکەتێکی شێتەکاندا هاوار دەکەیت کە بە راستی خەریکیت یاری بینگ بۆنگ لەگەڵ بزرگەدا دەدۆڕێنیت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە پیانۆی گێل دەژەنیت کە روح بێ تاوان و نەمرەو نابێت بەو رەزیل و سەفیلییە لە خانوویەکی دەوردراوی شێتەکاندا بمرێت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە پەنجا شۆکی کارەبایی دیکە جارێکی دیکە روحت بۆ جەستەی خۆی لە حەجیەوە بۆ خاچێک لە هەڵدێردا ناگێڕێتەوە
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە نۆژدارەکانت بە شێت بوون تۆمەتبار دەکەیت و پلان بۆ شۆڕشی عیبری سۆسیالیستی دژ بە گولگەتای نەتەوەیی فاشیزمی دادەڕێژیت
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە ئاسمانی لۆنگ ئایلاند دادەخەیت و یەسووعی ئادەمیزادی زیندوو لە مەزارگەی سەرووی ئادەمیزادی زیندوو دەکەیتەوە
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە بیست و پێنج هەزار هەڤاڵی شێت هەن بە یەک دەنگ دوابڕگەی سروودی نەتەوەپەرستی دەخوێنن
من لە رۆکلاند لەگەڵتم
کە دەست لە ملی یەکدی دەکەین و لەژێر لێفەکانمانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان ماچ دەکەین ئەو ویلایەتە یەکگرتووانەی بە درێژایی شەو

دەکۆکن و ناهێڵن بنووین
من لە رۆکلاند لەگەڵتم

کە بە شۆکی کارەبایی لە بێ هۆشی بێدار دەبینەوە بە هۆی خودی فڕۆکەکانی روحمانەوە کە لەسەرووی بنمیچەکەوە گوڕەیان دێت، چونکە بۆ ئەوە هاتوون تا بۆمبی فریشتەییانە بەسەر نەخۆشخانەکەدا داباریێنن، رووناک دەکەنەوە، دیواری وەهمی دادەڕووخێن، ئای ئەی هێزە لاوازەکان بەرەو دەرەوە هەڵبێن، ئای ئەی شۆکی بەزەیی بە ئەستێران رازێنراو جەنگی تا هەتایی گەیشتە ئێرە، ئای ئەی سەرکەوتن ژێرکراسەکانت ژ بیر بکە ئەوەتە ئێمە ئازادین

من لە رۆکلاند لەگەڵتم

تۆ لەناو خەنەکانمدا پیاسە دەکەیت، لە گەشتێکی دەریاییەوە دڵۆپە دەکەیت، لەسەر رێگەی خێرا بە ناو ئەمریکادا دەگریت و لە شەوی رۆژئاوادا بەرەو دەرگەی کووخەکەم دێیت.

سان فرانسیسکۆ ١٩٥٥ – ١٩٥٦

سەرگۆن پۆلس کردوویەتی بە عەرەبی.(***)

### پەراوێزو ئاماژە لە لایەن وەرگێڕەوە

(*) هیپی (Hipster) کە پاشتر بوو بە هیپی.

(*) EL واتە Elevated هێڵی ئاسنینی بەرز بە تایبەت لە شیکاگۆ.

(*) بایۆت: جۆرە دڕکێکە لە مەکسیک شین دەبێت.

(*)باخچەی ئاژەڵان: لە برۆکنس، لە نیۆیۆرک.

(*) جۆکبۆکس: گرامافۆن، سندووقی گۆرانی لە قاوەخانەو مەیخانەکان.

(*) کەناری رۆژئاوا: سان فرانسیسکۆ، بەرانبەر بە کەناری رۆژهەڵات: واتە نیۆیۆرک.

(*) ئێف پی ئای: پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکی.

(*) یونیۆن سکوێر لە سانفرانسیسکۆ.

(*) سارۆفیم: چینی فریشتەکان.

(*) مەی تۆکای: هەرزانترین مەیە لە کالیفۆرنیا.

(*) باوری: ناوچەیەکە هەژارو بێ دەرەتانانی نیۆیۆرکی لێ دەژین.

(*) هاربسکۆد: گیتارێکی مۆدیل کۆنە.

(*)بۆرشت: حەڵوایەکی رووسییە، دایکی شاعیر بە خۆی کۆچبەرێکی رووسی بوو.

(*) تۆرتیا: جۆرە شەرابێکی مەکسیکییە.

(*)باسایک: رووبارێکە لە واشنتۆن.

(*) برمنگهام گوندێکە لە کالیفۆرنیا ساڵانە ئاهەنگێکی گەورەی بە ئامێری جاز تێدا ساز دەدرێت.

(*) ئیلکتراز: بەندیخانەیە دوورگەیەکی بەناوبانگە دەکەوێتە دوورگەی کەنداوی سان فرانسیسکۆوە.

(*) دایک: بەڵگەی ئەوەیە کە نەیویستووە ناوی دایکەکە بێنێت.

(*) باتر ئایترنای دیۆس: دەربڕینێکی لاتینییە.

(*) ئیلی ئیلی لاما لاما ساباقتانی: نوێژێکی عیبرانییە.

(*) مۆلۆخ: خواوەندی پارە لای عیبرانییەکان.

(*) رۆبۆتگەل: کۆی رۆبۆتە. هەرچی وشەیەک (گەل) یان (یل)ی لەگەڵ بەکارهاتبوو کۆیە.

(*) یەهووگەل: کۆی (یەهوو)ە. خوێنەریش ئاگەدار دەکەینەوە کە زۆر ناو لە چامەکەدا بەکارهاتوون ناوی شارو شوێن و کەس و شتی دیکەن. هەروەها وەرگێڕانی ئەم چامەیە لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەی و دەقی فارسیشدا بەراورد کراوە.

**سەرچاوە:**

(**) http://en.wikipedia.org/wiki/Allen_Ginsberg

(***) http://www.sudan-forall.org/forum/viwtopic.php

# هونەر

# هونەر

چریکەی زیندوو مامۆستا قادر دیلان — **جەلال هانیسی**

وتوویژ لەگەڵ هادی زیائەدینی پەیکەر ساز — **سازدانی: سارا زینەتی**

گەنجینەی من — **خوێندنەوەی: سیروان رەحیم**

هونەر، حەقیقەت، سیاسەت — **و. سەروەر عومەر**

# چریکەی زیندوو

# مامۆستا قادر دیلان



جەلال هانیسی

هونەری مۆزیک و گۆرانیوتن لە مێژووی کۆن و نوێدا، هونەرێک بووە کە شانبەشانی هونەرەکانی تر و بگرە زیاتریش بەردەوام لە پێشکەوتن و گۆڕاندا بووە.

لە دنیای رۆژاوادا کەسانێکی بلیمەتی وەک: موتزرات، بێتهۆڤێن، هایدێن و باخ، گەنجینەیەکی مەزنیان بۆ جیهانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە و گەلانی جیهانیش شانازیی پێوە دەکەن.

لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمەدا، کەسانێکی وەک: برایانی فەراهانی، ئیقباڵ ئازەر، قەمەرملووک وەزیری، دەروێش خان و عەلی ئەکبەرخانی شەهنازی و ئوم کەلسووم فەرید ئەترەش، عەبدولحەلیم حافز، نازم غەزال، کە خاوەنی یاسا و کیان و دەسەڵات و زمانییەکە بوون بێ ترس و بێ پرس تەنانەت پشتگیریشیان لێ کراوە. گەلێک خزمەتیان بە نەتەوەکەیان کردووە، وەک ئەستێرەی بەرزی

ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی هونەر و موزیکدا دەدرەوشێنەوە.

بەڵام لە کوردستانی داگیرکراوی ئێمەدا، کە خاوەنی دەسەڵات و کیانی سەربەخۆ نەبووە، بەدرێژایی مێژوو هەردەم داگیرکەران بە هەموو هێز و توانای خۆیان بە کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەنفال و کیمیاباران و پەلامار هەوڵی تواندنەوەیان داوین، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە شوناسی کورد بسڕنەوە و لە سایەی ئازادیخوازان و رووناکبیرانەوە سەرەڕای ئاوارەیی و دەربەدەری و ماڵ وێرانی، نەیان هێشتووە ئاواتی شوومی دوژمنی دڵ پڕلەقین بێتە دی.

لەم میانەشدا گەرچی گەلێک بەرهەممان بەتاڵان چوونو فەوتاون، بۆ بەرگری لە بیرۆکەی چەپەڵی دوژمن، گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنانی دڵسۆز و وەفادار بە گەلو نیشتمان، وەک: سەییدعەلی ئەسغەری کوردستانی، کاوێس ئاغا، سێوە، رەسول گەردی، رەشوڵ عەبدوڵا، عەلی مەردان، مەلاکەریم، تایەر تۆفیق، حەسەن زیرەک، محەمەدساڵح دیلان، محەمەدعارفی جزیری، عایشەشان، مریەم خان، مەزهەری خالقی، شڤان پەروەر، مەرزیە فەریقی، عەزیزشارۆخ، نەجمەی غولامی، ناسری رەزازی، عوسمان هەورامی، خلە دەرزی، حەسەن سیساوایی، حەسەن کامکار، قادر دیلان، حەسەن یوسف زەمانی، موجتەبای میرزادە، شەماڵ سائیب، ولیەم یوحەنا، ئەنوەرقەرەداغی و هتد... بە گۆرانی و سروود، قەتاروئەڵاوەیسی، ئای ئای، خاوکەر، یارغەزال، زەردی خەزان، گەریان، لاوک، حەیران و بەیت وسیاچەمانە و... بە گشت هێزوتوانایانەوە زمان و فەرهەنگی گەلە چەوساوەکەیان پاراستووە، هەتا کورد هەبێت ناویان لە مێژووی زێریندا هەر دەدرەوشێتەوە و شانازیان پێوەدەکرێت.

مامۆستا قادر دیلان کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان کە یەکێک لە دەنگخۆشە بە ناوبانگەکانی سەردەمی خۆی بووە، لە رۆژی ١٩٢٨/٥/٢٤ لە گەڕەکی گاوران لە شاری سلێمانی، شاری رووناکبیران و نیشتمانپەروەران، لە بنەماڵەیەکی رووناکبیر و هونەردۆست چاوی بە ژین پشکووت. هەر لە منداڵیدا خولیای مۆسقای کوردی بووە، بەر لەوەی قوتابخانەی ئامادەیی واتە دواناوەندی تەواو بکات، توانی چەند ئامێرێکی وەک شمشاڵ، ساکسیفۆن، عوود، کلارنێت، پاشانیش کەمان فێربووە، بەڵام وەک ژەنیاری کلارنێت ناسرا بوو.

ساڵی ١٩٥٢ بۆ خوێندن دەچێتە بەغدا و لە کۆلێژی ئابووری وەردەگیرێت، بە ژەنینی کلارنێت لە بەشی رادیۆی کوردی بەغدا دەستبەکار دەبێت، هەمیشە یارمەتیدەری ئەو هونەرمەندە کوردانە بووە کە لە رادیۆی بەغدا گۆرانیان تۆمار دەکرد، هاوکات وەک ئاوازدانەرێکیش لە سەرتاسەری کوردستان و عێراقدا

ناوبانگی دەرکرد، بەڵام پاش دوو ساڵ خوێندن بە هۆی نەداری و دەستکورتی بنەماڵەکەی و زیندانی کردنی"مامۆستا محەمەد ساڵح دیلان"ی برای- شاعیر و گۆرانیبێژی گەورە "دەستی لە خوێندن هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی.

مامۆستا قادر دیلان لە ساڵی ١٩٥٦دا لەگەڵ چەند مۆزیکژەنێک تیپی مۆسیقای دیلانیان دامەزراند، دواتر لە سەر خواستی خۆی بۆ ڕێزلێنان لە شاعیری گەورە "مەولەوی تاوەگۆزی" تیپی مۆسیقای دیلانیان کرد بە تیپی مۆسیقای مەولەوی.

ئەندامانی تیپەکە بریتی بوون لە قادر دیلان، بەهجەت ڕەشید سەعاتچی، حاتەم سەعید، مامۆستا ولیەم یوحەنا، نەجات عەبدە، هادی عەنبەر، سەردار ڕەمزی، ئومید مەدحەت و قالە عەروس. بەرهەمە بەناوبانگەکانی تیپەکە بریتی بوون لە، مەولەوی، سکاڵا، گەلاوێژ، فریشتە، ڕاز، هەڵپەڕکێ، سروودی کوردستان، بەهەشتی زەمین، سروودی نەورۆز و هتد... . کۆمەڵێک سروود و ئاواز کە بە ناوی کڵپەی دەروون توماری کردون ئەمانەن:

١ – ئەژدەهاک
٢ – باران باران
٣ – فریشتە
٤ – سەمفۆنیا بۆ گیانی بێکەس
٥ – کڵپەی دەروون
٦ – لاوانەوە بۆ هەڵەبجە
٧ – جوانی بێ ناو

مامۆستا دیلان جیا لە هونەری گۆرانی و مۆزیک لە چەندین شانۆگەریشدا بە شداریی کردووە، لەوانە لە ڕێی نیشتماندا ١٩٤٦، تاوانی چی بوو ١٩٥١، مەم و زین ١٩٥٨، هەروەها لە چەند شانۆگەریدا لە شارەکانی هەولێر و کۆیە، کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٧ ڕۆڵی گێڕاوە، ساڵی ١٩٥٨دا لە چەند شانۆی تریشدا بە شداریی کردووە کە لە شاری هەڵەبجە نمایش کراون.

لە سەرەتای پەنجاکانەوە هەموو ساڵێک جارێک ئاهەنگی لە نەخۆشخانەی سلێمانی سازکردووە بە مەبەستی یارمەتیدان بە نەخۆشە هەژارەکان. جیا لەمانەش لە قوتابخانەکاندا ئاهەنگی مۆسیقای ساز کردووە و داهاتەکەشی بۆ ئەوانە بووە کە تووشی نەخۆشی سیل ببوون.

هەر لە پەنجاکانەوە لە ڕۆژنامەی(ژین) کە مامۆستا "پیرەمێرد" چاپ و بڵاوی دەکردەوە، لە لاپەڕی هونەریدا ستوونێکی هەبوو سەبارەت بە هونەری

مۆسیقای کوردی.

ماموٚستا قادر دیلان، دانەری سروودی هەرمان و بێوێنەی "نەورۆز"ە

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیوبەهاتەوە

لە هۆنراوەی شاعیری بەرزی گەلەکەمان مامۆستا "پیرەمێرد"ە کە بە دەنگە بە سۆزەکەی مامۆستا ساڵح دیلان گەیشتووەتە گوێی هەموو خەڵکی کورد. مامۆستا قادر دیلان لە نووسراوێکدا لە ساڵی ١٩٤٨ زاینی دەنووسێ: "لە شەقامی مەولەوی لەگەڵ کاک ساڵح دیلانی برام تووشی مامۆستا پیرەمێرد هاتین، پاش چاکو خۆشی، فەرمووی کاک قادر شیعرێکی تازەم لەم رۆژانەدا لە سەر نەورۆز نووسیوە، دەتوانیت لە شێوەی سروود ئاوازێکی بۆ دابنێی و کاک ساڵحی برات بە دەنگە خۆشەکەی بیچڕێ؟ خۆشت دەزانی جێژنی نەورۆز نزیک بۆتەوە، دەڵێی چی؟ وتم شیعرەکەت پێیە، پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا سێ چوار جگەرەی تێدا بوو دەری هێناو لە سەر پاکەتەکەی بە خەتی خۆی بۆی نووسیم، منیش پاش دوو رۆژ ئاوازەکەم دانا کاک ساڵحیش خوێندی".

لەساڵی ١٩٦٢ بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بواری مۆزیکدا رووی لە پراگ پایتەختی چیک کرد کە بە زانستێکی نوێترەوە (بگەڕێتەوە) بۆ کوردستان و زیاتر خزمەت بە هونەری میوزیکی نەتەوەکەی بکات، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو تا بێتەوە نیشتمانی خۆشەویستی، هەربۆیە وەسیەت دەکات ئەگەر خۆڵەمێشەکەشم بووە بمبەنەوە بۆ خاکی کوردستان.

ئەم هونەرمەندە گەورەیە بۆ ئۆرکسترای گەورەی جیهان چەند پارچە مارش و مۆزیکی نووسی. لە چیکۆسلۆفاکیای جاران رۆڵێکی رۆشنبیری باشی بینی لە ناساندنی دۆزی کورد بە خەڵکی چیک، پاشان لە بەشی عەرەبی رادیۆ چیک دەستی بەکار کرد، هەندێک بەرهەمیان بۆ تۆمارکرد، لەوانە سروودی دەمی راپەڕین، سەمفۆنیای منداڵان، کاروانسەرا و...

مامۆستا "قادر" لە ناو کورددا یەکەم کەس بووە کە "سەمفۆنی" دارشتوە، دواتر کەسانی تر ئەم رێچکەیان گرتوەتە بەر، وەک مۆئەلفێکی مۆسیقی، کۆمەڵێک هۆنراوە و بابەتی گرنگی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی چیک و لە گۆڤاری (نۆڤی ئۆرییێنت) کە بە شی رۆژهەڵاتناسی زانکۆی کارلۆڤۆ بوو، بڵاو کردووەتەوە. پیادەکردنی شێوازی (جاز میوزیک) لە گۆرانی کوردیدا، شایانی باسە ئەو کاتە تەنها ئەلبومێک کە بەو شێوازە تۆمارکرابوو ئەلبومی (دیارییەک بۆ کوردستان)ی هونەرمەند (قادر دیلان) بوو کە بەشێوەی قەوان لە دەرەوەی


وڵاتەوە نێردرابۆوە بۆ کوردستان و تیپی زانکۆی سلێمانی کەڵکی لەو شێوازە وەرگرت.

لەم دواییانەی تەمەندا ئۆرکسترایەکی کوردیان دامەزراند کە چەند بەرهەمێکی باشیان تۆمار کردوە.

مامۆستا قادردیلان وەک هەڵۆی سەرکەشی کوێستانی کورد لە ئاسمانی بێسنووری گۆرانیو مۆزیکدا هەڵفڕیوە، هونەرمەندێکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز بووە و هیچکات لە یارمەتیدان بە هەژاران درێغی نەکردوە، لە بواری سیاسەتیشدا کارو چالاکی کردوە و ئەندامی حزبی شیوعی عێراق بووە، هەتا دواهەناسەی ژیانی هەر بەو بیرەوە ژیا. مامۆستا قادر دیلان یەکێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی هونەری گۆرانیو مۆزیکو شانۆی کورد، کە مێژوویەکی چەشنی ئەستێرەی گەلاوێژی بۆ خۆی لە مێژووی پڕ لە شانازی گەلی کوردا تۆمارکردووە و هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە.

مامۆستای هونەرمەند، دیلانی مرۆڤدۆست، دیلانی کوردپەروەر و پێشکەوتنخواز، لە ١٩٩٩/٣/١٨، بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە وڵاتی چیک، دوور لە زێدو نیشتمانی، جەلادی مەرگ بە دەسرەی شاراوە، چاوە پڕ لە عیشقو ئەوینە مۆسیقاییەکەی بۆ هەمیشە بەست. پاش چەند ساڵ دواتر لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٠ تەرمەکەی لەلایەن حوکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هێنرایەوە بۆ زێد و نیشتمانەکەی و لە پەنای هونەرمەندان و نیشتمانپەروەرانی وەک: ئەمین زەکی بەگ، حەسیب قەرەداغی، کاکەی فەلاح، مامۆستا گۆران، فایق بێکەس، مامۆستا ساڵح دیلان و دەیان هونەرمەندو ڕۆشنبیری گەلەکەمان لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا.

# وتوویژ لەگەڵ هادی زیائەدینی پەیکەرساز



**سازدانی: سارا زینەتی**

**وەک پرسیاری یەکەم باسی چۆنییەتی دەستبەکاربوونت بکە وەک هونەرمەند و پەیکەرساز؟**

کاری شێوەکاریی وەک پێویستییەک کە بۆ هەر منداڵێک پێش دێت بۆ منیش هاتە پێش و هەر لەو ساتەوە دەستبەرداری نەبووم و درێژەم پێی داوە.

**واتە لە شێوەکارییەوە دەستت پێکردووە**

وەڵام: بەڵێ.

**ئەگەر لە مێژووی پەیکەسازی لە دونیای رۆژئاوا وردبینەوە، پەیکەرسازی لە رۆژئاوادا لە رابردوودا تا رادەیەکی زۆر قەرزداری کڵێسایە، بەڵام بەپێچەوانەوە لای ئێمە بەم شێوەیە نییە، رەنگە لەمپەریش دروستکرابێت لەڕووی ئاینییەوە، ئەم بابەتە چۆن دەبینن؟**

ئەگەر بابەتەکە بە وردی شیبکەینەوە، ناتوانین بڵێین قەرزداری کڵێسا بووە، وشەی "دەسەڵات" بەکار ببەین زۆر باشترە. واتە بە هەمان رادە کە لە کەنیسە کاری پەیکەرسازی بووە، هونەرمەند پێویستی بووە بە لایەنێک پشتیوانی لێبکات، بەتایبەت لە بواری پەیکەرسازیدا. ئێستاش کە سەدەی بیستویەکە هێشتا کەسێکی وەک من پێویستی بە کۆمەڵێک ئیمکانیات، کەرەسە یان شوێن هەیە و ئەمانە تێچووی زۆری دەوێت و پێویستە پشتیوانی بکرێت. ئەو سەردەمە بە دووجۆر کەڵک وەرگیراوە: یەکەم خودی هونەرمەند کەڵکی وەرگرتووە لەو ئیمکانیاتە، ژیانی پێی بەڕێ چووە، خزمەتی هونەرەکەی کردووە و هونەرەکەی پێ پەرە پێداوە, کڵێسا و دەربار و هێزەکانی تریش هاتوون و ئەو شتەی لە زەینیاندا بووە و ویستوویانە پەرەی پێبدەن و ویستوویانە وەک بەهایەک بیخەنە روو، کەڵکی خۆیان وەرگرتووە.

**ئێوە چی، ئێوە وەها پشتیوانییەکتان هەبووە؟**

هەر لە درێژەی پرسیارەکەی خۆتان، دەڵێم ئەگەر کڵێسا پشتیوانی لە پەیکەرسازی کردووە، لە بەرامبەردا ئەو بابەتانەی کە هونەرمەند ویستوویەتی دەبا ئەوەی دروستکردبا، نەک ئەو بابەتەی پەیکەرساز دەیویست. لەڕاستیدا کڵێسا ویستوویەتی پڕووپاگەندە و ریکلام بکات بۆ خۆی. کارم بەوە نییە کە ئەنجامی ئەو بەرهەمە گەورانەی ئێستاکە ئێمە وەک سەرمایەیەک بەکاریان دێنین و چێژی لێوەردەگرین. ئێستا نەک من- نەک تەنها من کە پێشنیار دەکەم بەو کەسانەی کە لە بوارەکەی مندا کاردەکەن- ملکەچبوونی دەوڵەت و دەسەڵات و ئەم شتانە نەبن- سەردەم، سەردەمی ئەوەیە مرۆڤ بەخۆیدا بێتەوە.

**ئەمڕۆ مشت و مڕێکی زۆر لە ئارادایە لەنێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە لە کورستان لە پانتایی ئەدەب و هونەردا. هەروەها باس لە نوێگەری دەکرێت. هەرکام لەم تایبەتمەندییانە لە هونەری پەیکەرسازیدا چۆن دەبینن؟**

من تا رادەیەک روانگەکەم جیاوازە. ناڵێم سەرتر یان نزمترە، من بیر لەم شتانە ناکەمەوە. زۆر حەیفە هونەر لە ئاستی تیۆرییدا دابەزێنیت، هونەر لە ئاستی خانەبەدیکردنیدا لە دەرەوەی خانەبەندی خۆی شتێکی بۆ دیاری بکەیت و ئاستەکەی دابەزێنیت، واتە بڕیاری لەسەر بدەی بەوەی بەمجۆرە کار بکە و بەوجۆرە کار مەکە. جەوهەرەی هونەر یانی بنەمای هونەر لەڕاستیدا ئازادییە. واتە ئەو هونەرمەندەی بە ئازادی ئەو شتەی لە دڵیدایە، ئەو شتەی لە دەرەوە

کاریگەری لەسەر داناوە، ئەو شتە بخاتە روو. بە داخەوە هونەرمەندەکانی ئێمە ئێستا دەستەوەستان چاوەڕێن بەوەی چیان بۆ دیاری دەکەن, لە چۆنییەتی کارکردن، چۆنییەتی هەڵبژاردنی قوتابخانەی هونەری، ستایل و شێوەی کار چییان بۆ دیاری دەکەن. ئەو شتەی باو بێت ئەمان وەک تووتی دەکەونە لاساییکردنەوەی، دەبن بە لاساییکەرەوەی ئەو شتەی بووە بە مۆد. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە چی بووە بە باو؟

ئەم پرسیارەت باوەڕی منیشە، چ شتێک ئێستا باوە؟ چ باوەڕێک دەتوانێت ئەوەندە پەرە بستێنێت لەوپەڕی دنیاوە دەنگەکەی بگاتە ئێمەش. ئەو شتە باوە هێز و دەسەڵاتەکان لە تریبۆنەکانی خۆیانەوە دەتوانن بیگەیەنن بە ئێمە و هەرکەس لە هەر پلەیەکدا، ئەو توانایەی نییە ریکلام و پڕووپاگەندە بکات، تەنها دەسەڵات و زۆردارەکان کە بۆ دەستبەسەرکردنی نەتەوەکان و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان تریبۆنەکانی خۆیان دەخەنە کار لە ئەنجامی ئەمەی کە ئێمە ببین بە شوێنکەوتووی ئەو شتەی کە پێی دەڵێن مۆدێرن، ئەو شتەی پێی دەڵێن پۆست مۆدێرن کەڵک وەردەگرن و ئەم دیاریکردنەش لەڕاستیدا خەیانەتکردنمانە بە ئازادی خۆمان. من بۆ خۆم، هیچ کارم بەم پۆلێنکردنانەوە نییە، (من بۆ خۆم بە دروستی ئاگادارم لەم شتانە کە دێتە پێشەوە، دەزانم مۆدێرن چییە، پۆست مۆدێرن چییە، چی روو دەدات، چ دەنگدانەوەیەکی هەیە لەناو بەرهەمە هونەرییەکاندا)، بەڵام من بۆ خۆم کار دەکەم، من کاریگەری ژینگەکەی خۆمم لەسەرە، ئەو شتانەی لە چواردەورمدا روودەدات، لە ژنەکەمدا، لە منداڵەکەمدا، لە هاوڕێکانمدا، لە دراوسێکەمدا. من بەمانەوە ناوم دەرکرد و ئەو کاتانەی ئەم شتانە دەبێت بە هونەر، ئەمە واتا مۆدێرنبوون، واتە لە سەردەمی مندا روو دەدەن، لە سەردەمێکدان کە من تێیدا دەژیم. هەڵەی ئێمە ئەوەیە مۆدێرنبوون تەنها لە تەکنیکا دەبینین، واتە ئەمایەن پێ گەیاندووین لە رێگای پڕووپاگەندەی خۆیانەوە، مۆدێرنبوون واتا تەکنیکمان نوێ بێت. هونەر تەنها تەکنێک نییە، هونەر ئەو کاریگەرییەیە هونەرمەند لە ژینگەکەی



وەریدەگرێت، ئەو هێمایانەیە کە بە زەینیدا دێن لەو ژینگەیەی کە پەروەردە بووە. ئەم شیکردنەوەیە مۆدێرنبوون و پۆست مۆدێرنبوونیش دەگرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەمە بواری تایبەتی کارکردنی من نییە، بەڵام ئەو سەردەمەی پێی دەوترێت پۆست مۆدێرن، بەئاگا هاتنەوەی جیهانی یەکەمەوە بەمەی کە بە رواڵەت رێزیان لە نەتەوەکانی جیهانی سێیەم نەگرتووە و بەزەییان پێیاندا هاتووەتەوە، ئێستا بێین باس لەمانیش بکەین و بڵێین کە ئەمانیش هونەریان هەیە. بابەتەکە ئەوەندە سادە نییە، هیچکات دەسەڵاتدارەکان دڵسۆزی جیهانی سێیەمییەکان نەبوون و خۆیان تووشی قەیرانێکی هونەرین، بە تایبەت ئەو کاتەی مۆدێرنیزم گەیشتە لوتکە، گەڕانەوە بۆ هونەری جیهانی سێیەم و بۆ ئەو بەها هونەرییانەی بۆ وێنە لەناو مینیاتۆری ئێرانیدا چەند سەدە لەمەوبەر لەلایەن کەسێکەوە وەک هونەر ناسراوە. هونەری ئەفریقا، هونەری ئەو خێڵانەی کە بە رواڵەت لە شارستانییەت بە دوورن و لەلایەن کەسێکەوە وەک هونەر ناسراوە.

**یەکێک لەو پرسانەی کە لە هونەری پەیکەرسازیدا باسی لێدەکرێت، بوونی مۆدێلە، ئێوە چۆن مۆدێل بۆ کارەکانی خۆتان هەڵدەبژێرن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێوە زۆرتر پەیکەرەی ئەو کەسانە درووست دەکەن کە لە دونیادا نەماون وەک: مەستوورە ئەردەڵان، شێخ مەحموود، محەممەد قازی، هەژار و... لەم رووەوە تووشی کێشە نەبوون؟**

هەر ئەم ژوورە، پەیکەرەیەکی تێدایە کە پەیکەرەی عوسمان هەورامییە و لە خوا بەزیاد بێت زیندووە، پەیکەرەی ئاغای یووسف زەمانی تێدایە کە سەرحاڵە و خەریکی کارە، لەو ژوورەی تر پەیکەری یاشار کەمالم دروستکردووە، پەیکەرەی شیرکۆ بێکەسم داناوە، ئەو کەسانەی کە زیندوون، تەنانەت ئیبراهیم یۆنسی بەر لەوەی ماڵئاوایی بکات لە ژیان، رەسمیشم لێ گرت و ناردم بۆی، زۆری پێخۆش بوو. بە پێچەوانەی ئەو شتەی ئێوە باسی دەکەن سەرەتا پەیکەرەی کەسانێکم دروستکرد کە زیندوون بۆئەوەی بزانن کەسانێک هەن قەدریان دەزانن و نەتەوەکەیان رەنگە شتێکی وای لە دەست بەر نەیەت، بەڵام هەموو دەم بەرێزەوە باسیان دەکەن.

زەینی مرۆڤ دەتوانێت سەرتر لە واقع ببینێت لە رێگای شتێکەوە بە ناو هەڵهێنجاندن. هەندێ شت وەک واقع لە بەردەستماندایە، ئێمە دەتوانین لەڕووی ئەوانەوە بەئەنجامێک بگەین و درێژە بە کارەکانمان بدەین. بۆ مەستوورە هەر ئەوە بەسە ئێمە بزانین چۆن ژیاوە. چ کەسێک بووە. کێ بەدەورییەوە بووە.

لە چ باروودۆخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییدا ژیاوە. گرنگتر لەمە بەرهەمەکەیەتی. کاری هونەرمەند خودی هونەرمەندە. هونەرمەند خۆی لەناو بەرهەمی هونەرییدا دەبینێتەوە یان رۆحی خۆی دەکاتە نەو بەرهەمەکەی, ئەمە گەورەترین بیانووە کەسێکی وەک من کەڵکی لێوەردەگرم و پەیکەرەی ئەو کەسانە دروست دەکەم.

**تەکنیک و ستایلی کارەکانت چۆن هەڵدەبژێریت، چی بۆ تۆ دیاری دەکات بەوەی پەیکەرێک بە چ ستایلێک دروست بکەیت؟**

من هەم لە شێوەکاری و هەم لە پەیکەرسازیدا بە یەک رادە کار دەکەم و بۆ هەردووکیشیان باوەڕەم بە شتێک هەیە و بە ئەنجامێک گەیشتووم، ئەویش ئەوەیە کە هونەرمەند دەبێت ئەوەندە ئازار بچێژێت، ئەوەندە عارەق بڕێژێت بۆئەوەی لەگەڵ شیعر و زمانە جیاوازەکاندا ئاشنا بێت، خۆی بە ستایل و فۆڕمێکی تایبەت نەبەستێتەوە. کاتێک بەسەر ئەو تەکنیکەدا زاڵ بوو ئێستا دێینە سەر ئەوەی کە هەر جۆرە ستایل و شێوە و فۆڕمێک فەزا و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. کە شتێکی وابێت، کە وایە ئەو شێوەکارو پەیکەرسازە دەبێت بەسەر هەموویدا زاڵ بێت. بۆ وێنە وەرگێڕێک خۆی نابەستێتەوە بە چەند وشەیەک و من تەنها لەمانە کەڵ وەردەگرم. کە وایە چون من خۆم بابەتی جیاواز کار دەکەم، فەزای جۆراوجۆریش کار دەکەم. من ستایلێکی وشک و رێگایەکی تایبەتم هەڵنەبژاردووە. واتە بە هەموو ستایلەکان کار دەکەم.

**ئێمە لە کۆمەڵێک لەکارەکانی ئێوەدا، بۆ وێنە ئەو پەیکەرانەی لەسەر نووسەران و شاعیران درووستتان کردوون، هونەری ریالیستی و ریالیزمی هونەری دەبینین، لاتان وایە ئێستاش ریالیزم دەتوانێت رەوتی زاڵ بێت لە هونەری پەیکەرسازیدا؟**

ئەمە باسێکی تارادەیەک دوورودرێژە، بەڵام ئەرزشی ئەوەی هەیە شتێک روون بکەمەوە بۆ ژمارەیەک لە هاوکارەکان. ئەویش ئەوەیە ئەو هێز و دەسەڵاتانەی لەسەرەوە باسمان لێکرد بە درێژایی مێژوو هەوڵیان ئەوە بووە شتێک بەناو ریالیزم سەر هەڵنەهێنێت. هەموو دەم هەوڵیانداوە ریالیزم بخنکێنن بەوەی کەس دەنگی نەبیستێت. ریالیزم یانی چی؟ واتە واقعگەرایی. گرێدراو بە حەقیقەت. ئێستا پرسیارێک دەپرسم، حەقیقەت کۆن دەبێت، واقع کۆن دەبێت؟ ئێمە ئێستا لە واقعێکداین دوای کاتژمێرێکی تر ئەم واقعە نامێنێت، بەڵام راستی کۆن نابێت. زۆر ئاسانە. ئەمانە بەگشتی قسەی بێ مانایە.

ریالیزم نوێترین قوتابخانەیە لە مێژووی هونەردا. هاوکارەکانی ئێمە ریالیزم لەگەڵ ناتۆرالیزم بە هەڵە تێدەگەن. ناتۆرالیزم خاڵ بە خاڵ، کتومت، واقع دەکێشێت. ریالیزم حەقیقەت بە وێنا دەکێشێت. واتە دەروونی ئەو شتە دەکێشێت. یەکێک لە مۆدێرنترین بەرهەمەکان کە وەک رەمز و سیمبولی هونەری مۆدێرن ناوی لێدەبرێت، تابلۆی "گرۆنیگا"ی پیکاسۆیە. ئەم کارە ریالیزمترین ئەسەری هونەرییە لە دونیا، بەڵام چی دەکەن؟ بۆ ئەوەی لایەنی ریالیستی بەرهەمەکە سەرکوت بکەن تەنها دەڵێن ئەمە ستایلی کووبیزمە! ستایلێک دێنن و ریکلامی بۆ دەکەن. بەڵێ، ستایلەکەی کووبیزمە، بەڵام بەرهەمێکی هونەری ریالیستییە. من هەموو کارەکانم لە بیرکردنەوەی ریالیستی لە فۆڕمی مۆدێرندا دادەڕێژم.

**ئەگەر بمانەوێت باس لە تایبەتمەندییەکانی هونەری پەیکەرسازی بکەین لە کوردستان، ئاخۆ شتێک هەیە پێی بڵێین هونەری پەیکەرسازی کوردی، ئەگەر هەیە تایبەتمەندییەکانی چین، ئەگەر نییە بۆچی نییە؟**

هەر شتێ، هەر تایبەتمەندییەک، هەر خولقاندنێک، پێویستی بە بەستێن و زەمینەیەک هەیە، پێویستی بە ناسینێک، بە مێژوویەک و رێگایەک هەیە کە لەو رێگایەدا ئارەق رژابێت، رەنج درابێت. ئێمە کەی دەرفەت و مەجالی ئەوەمان بوو. چەند هەزار ساڵ پەیکەرسازیان لێمان حەرام کردووە. راستە پێشتر هەمانبووە، بەر لە ئیسلام، ئەویش شتە هەڵکۆڵراوەکان بووە. نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین زۆر زوو شتێکی تایبەت بە خۆمان هەبێت. ئێمە رێگایەکی زۆر درێژمان لە بەردەستدایە، ئەگەر هەوڵدرێت، ئەگەر کورد لیاقەتی هەبێت، بە شوێن ئەو رێگا دەکەوێت و بە شتێک دەگات بە ناو... ناوەکەی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە شتێک هەبێت بە ناو پەیکەرسازی کوردی.



**ئەو لەمپەرانەی لەبەردەم کارکردنی ئێوەدایە وەک هونەرمەندێکی پەیکەرساز، کامانەن؟**

کاری هونەری بووەتە نەخۆشی بۆ من، نەخۆشییەکی عاشقانە. لە راستییدا ناتوانم کار نەکەم. ئەو عەشقەی لەگەڵیدا ژیاوم وای لێکردووم بەبێ ئەو نەتوانم بژیم. وەک چۆن عاشق و مەعشووقێ شێت دەبن کە لە یەکتر جیاببنەوە. ئەمە گەورەترین هاندەری منە بۆ کارکردن. ئەو کات هەندێ بابەت و هەندێ تێم، هەندێ شت من هەڵیدەبژێرم رەنگە ٩٩٪ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەو شتانەی لە چواردەورم روو دەدات و لە کارەکانمدا رەنگدەداتەوە.

**ئێوە چەند جار سەردانی کوردستانی باشوورتان کردووەو پەیکەرەشتان لەوێ دانراوە. ئاستی پەیکەر سازی لە کوردستانی باشوور چۆن دەبینیت؟**

قسەم زۆرە بۆ وتن. لەڕاستیدا ئەو شتەی کە بایەخی بەرزی هونەری هەبێت کە ئێمە پێی بڵێین هونەرێکی ئاست بەرز، بە داخەوە نیمانە. هەوڵ و تەقەلا زۆرە. ئەمانە هەمووی هەیە، بەڵام جارێ لە ئاستی چاوەڕوانیماندا نییە. من ئەوەی راستی بێت بێ ئەوەی ئێرەیی بە کەس ببەم و بەرچاو تەنگ بم، لەو دیوو یەک پەیکەرسازمان هەیە بە ناوی دارا حەمە سەعی. من هەرکات سەردانی کوردستانی باشوور بکەم، دەڕۆمە لای. دەستی ماچ دەکەم. لەبەرئەوەی یەکێکە لە گەورەترین پەیکەرسازەکانی وڵاتانی دەورووبەری خۆمان. ئیتر کارێکی وام نەدیوە. یان رەنگە من نەمدیوە.

**وەک دوایین پرسیار: هادی زیائەدینی چ پرۆژەیەکی هەیە بۆ داهاتوو، بۆ ئەو پرۆژەی هەڵبژاردووە؟**

پرۆژەکان ئەوەندە زۆرن ئێستا من ناتوانم ناوی ببەم بۆتان، بەڵام نە جێگا و شوێنم هەیە بە داخەوە و نە تەمەنم بڕەکات. بەڕاستی ناتوانم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، تەنها دەتوانم خوا بکات وا بێت کە من بە جورئەتەوە ئاواتەکانم دەڵیم. بەرنامەکانم باس دەکەم. هەر ئەو شتانەی خەڵک حەزی پێدەکەن. بەڕاست من دروشم نادەم، من جیرانەکەی خۆمم بۆ گرینگە، نەک کابرای ئەمریکایی و رەخنەگری فەرەنسایی. من زۆر پەلەم نییە بەوەی کارێک بکەم بۆئەوەی بەڵکو لە دەرەوە لە پێشانگایەکدا داینێن، یان خوێندنەوە بۆ کارەکانم بکەن. گەردنیان ورد بێت، من چۆن کەسوکار و دەورووبەری خۆم فەرامۆش دەکەم. هەستی ئەمان فەرامۆش دەکەم. دەستبەرداری حەز و ویستی ئەمان دەبم بۆئەوەی بزانم رەخنەگرە بیانییەکان چی دەڵێن....




# گەنجینەی من

## فیلمێک بە هێمنی پڕمان دەکات لە رامان و بیرکردنەوە

**خوێندنەوەی: سیروان رەحیم**

**ناوی فیلم: گەنجینەی من**

**ناوی ئۆرژینال:** Or (My Treasure)

**سیناریۆ: کەرەن یادایا، ساری ئەزوز**

**دەرهێنان: کەرەن یادایا**

**کامێرا: لاورەنت برونت**

**جۆری فیلم: دراما**

**شوێنی وێنەگرتن: ئیسرائیل**

**وەڵاتانی بەرهەمهێنەر: ئیسرائیل... فەڕەنسا**

**ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٠٤**

**٩٥ خولەک، ٣٥ملم، رەنگاوڕەنگ**

**زمان: عیبری**



"گەنجینەی من" فیلمەکە خاوەنی دە خەڵاتە، لە نێوانیاندا پێنج خەڵاتی فێستیڤاڵی کان، ساڵی ٢٠٠٤ هەیە. ئاشکرایە هەمیشە خەڵات بردنەوە مەرج نییە بۆ گەورەیی یان گرنگی فیلم، بەڵام لە تەماشاکردنی ئەم فیلمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرهەمەکە ئەو خەڵاتانەی هەروا بە خۆڕایی وەدەست نەخستووە.

فیلمی "گەنجینەی من" باس لە چیرۆکی غەمگینی دایکێکی ئالودە بە لەشفرۆشی و کچە لاوەکەی دەکات. دوو مێینەی تەنها باڵ و بێکەس. دوو مرۆڤی بێ داهات کە رەوشی نالەباری ئابووری و بێکەسی وێرانی کردوون.

لە فیلمەکەدا ئۆر "دانا ئاڤگی ١٩٨٢" کچی روتی-یە "رۆنیت ئەلکابیتز ١٩٦٤". هەردوو خاتوون ئەکتەری بە نێوبانگی بواری کاری سینەمان و ئیسرائیلیین. رۆنیت ئەلکابیتز کە رۆڵی ئەو ژنە لەشفرۆش و بێ دەرەتانەی بەشێوەیەکی نایاب بەرجەستە کردووە، نەک هەر لە بواری سینەمای ئیسرائیلیدا، بەڵکو لە بواری سینەمای فەرەنساییشدا ناسراوە. ناوبراو خاوەنی چەندین خەڵاتی گرنگە.

ئەو خاتوونە لە یەکێک لە هەڤپەیڤینەکانی خۆیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی "یۆرۆ نیوس"دا، سەبارەت بەم فیلمە باس لە شتی سەرنجراکێش دەکات و دەڵێت:

ئێمەی لە وەڵاتی شەڕدا لەدایک بووین، ئەمە شتێکی ئاسان و سادە نییە. پێویستە بەردەوام قسە بکەین. قسەکردن سەبارەت بە لێکگەیشتن و خۆشەویستی. شەڕ هەموو شتەکانی تێکداوە، هەموو بوارەکانی بەشێوەیەکی ترسناک گرتۆتەوە. شەڕ هەموو شتێک وێران دەکات، ئەو خاتوونە سینەماکارە، هەروەها دەڵێت: پاشان ئێمە لە رووبەرێک دەژین، سەرباری گرژ و شەڕ، چەکی ئەتۆم ئامادەیە. لە هەبوونی ئەو چەکەدا هەموو شتەکان لەبەردەم مەترسیی گەورە و لەناوچووندان.

یەکێک لە باندۆرە ترسناکەکانی شەڕ بەسەر کۆمەڵەوە، وێرانکردنی ڕەوشی ئابوورییە. ئەو داتەپینە ترسناکەی ڕەوشی ئابوورییە وا دەکات کە ژنانی وەکو "روتی"، پاڵەوانی فیلمەکە، ببن بە لەشفرۆش. کەسانی وەها ناچارن بژێوی خۆیان دەستەبەر بکەن. یان راست ناچار دەکرێن مل وەبەر ئەو کارەوە بنێن. بێ هیچ ئاماژەپێکردنێک، فیلمەکە لە بنەڕەتدا، دەیەوێت دەست بۆ ئەو بابەتە ببات. شەڕ و وێرانکردنی مرۆڤەکان.

بازرگانەکانی شەڕ هەموو ئەوانە ناچار دەکەن پەنا وەبەر کاری لەو جۆرە ببەن. لەکاتێکدا "روتی" مەبەستێتی بە خزمەتگوزاری و پاککردنەوە داهاتی خۆی و کچەکەی "ئۆر" دابین بکات، بەڵام بێ هوودەیە و بۆی ناچێتە سەر. "روتی" ناتوانێت لەسەر شەقامەکان، لە شوێنی کارکردنی لەشفرۆشان داببڕێت. هەرچەندە لەلایەن کچەکەیەوە هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدرێت و ئەو "ئۆر" بەردەوام دەیەوێت پشتگیری دایکی بکات و لەو تەڵزگەیە دەریبهێنێت، بەڵام بێ ئەنجامە.



کچەکە بەو پەڕی میهرەبانییەوە دەست بە باڵی دایکییەوە دەگرێـت، دەستگرتن لە پای پەڕینەوەی لەو کارەساتەی تێی کەوتووە. هەندێ جار بینەر لەوەیە وا هەست بکات، کە ئەو کچە رۆڵی دایک، لە بواری میهرەبانی و دڵنەواییدا، بۆ دایکی خۆی دەبینێت، بەڵام ئەنجام "ئور" نەک هەر ناتوانێت دایکەکەی لەو بەڵایە رزگار بکات، بەڵکو خۆیشی دەکەوێتە نێو هەمان تەڵزگەی لەشفرۆشییەوە.

دەوروبەر و باری ئابووری و بێ کاری پێکەوە پێکهاتەیەکی قرێژ و تەڵەیەکی ترسناک بەرجەستە دەکەن لە ڕێی ئەو کەنیشکەدا تا ئەویش بخزێتە نێو هەمان کاری لەشفرۆشییەوە. خزانێک کە گەڕانەوە تێیدا نیمچە مەحاڵە.

"ئۆر"ی نازدار و نەونەمام دەکەوێتە بەردەم رەشەبای بێ ئامانی ئەو بازرگانییە پیسە و بەو جۆرە فیلمەکە کۆتایی دێت. کۆتاییەکی غەمگین.

فیلمی "گەنجینەی من"* فیلمێکە بە هێمنی پڕمان دەکات لە رامان و بیرکردنەوە. رامان و بیرکردنەوە

بە ئامانجی چارەنووسی مرۆڤەکان، چارەنووسی ژنە بێ داڵدە و بێ داهاتەکات، با لە وەڵاتێکی بە دەسەڵات و دەوڵەمەندی وەکو ئیسرائیلیشدا بن. مادام شەڕ هەیە و ژەنەراڵ و بازرگانەکانی شەڕ بەردەوام لەسەر پلان و درێژەپێدانی شەڕ و نەخشەکانیان، بۆیە نە لەوێ و نە لە هیچ سەرزەوینێکی تر ئەو دایک و کەنیشکانە لە دڵنیایی و تەناهیدا نین.

کاتێک دایکانی وەک روتی و ئۆر لە ئامێزی دڵنیاییدا دەگیرسێنەوە کە شەڕ کۆتایی پێ بێت و مرۆڤەکان دەست لە یەخەی یەکتر بەردەن.

ئەو دەمەی مرۆڤەکان هۆشیان بەبەردا دێتەوە و ئیتر نەیاری یەکتر ناکەن، ئەو دەمە ئێمە و دایک و خوشکەکانیشمان لە دڵنیاییدا دەبین. بەڵام ئایا ئەو دەمە کەی دێت؟

شایستەی ئاماژەپێدانە کە هەردوو ئەکتەری ئەم فیلمە بەشێوەیەکی باڵا ئەرکی هونەری خۆیان بەجێهێناوە. ئەوان دوور رۆڵیان بەرجەستە کردووە، بە بینینیان، لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو ئازارە قوڵ و گەورەیەی مرۆڤدا دەژین، کە تەنها بە هەستپێکردنی ئیتر هەرگیز لەبیر ناکرێت.



* ئەگەر ناوی فیلمەکە بە زمانی باو و گشتی وەربگێڕین، دەکرێت "ماڵەکەم" ناوێکی شیاو بێت. ئاخر لە وەڵاتی ئێمە زۆرێک لە دایکانی بە کچ و کوڕانی خۆیان دەڵێن: "ماڵەکەم".

# هونەر، حەقیقەت، سیاسەت



## وتاری هارۆڵد پینتەر لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتدا ٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٥

**و. لە فارسییەوە: سەروەر عومەر**

لەساڵی ١٩٥٨دا نووسیم: "سنوورێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەوەی واقیعە و ئەوەی ناواقیعییە بوونی نییە، سەبارەت بە راست و هەڵەش هەر وایە. هەموو شتێک بەناچاری راست یان هەڵە نییە، دەتوانێت هەم راست و هەم هەڵەش بێت".

بە بڕوای من ئەم دەستوورانە هێشتا لەگەڵ ژیریدا ناگونجێن و هێشتاکەش بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لە رێگەی هونەرەوە، بەکاردێن. بەم پێیە وەک نووسەر ئەم دەستوورانەم قبووڵە، بەڵام وەک هاوڵاتییەک ناتوانم. وەک هاوڵاتییەک دەبێت لە خۆم بپرسم چ شتێک دروستە و چ شتێک هەڵەیە؟

حەقیقەت لە درامادا هەمیشە لەبەردەستدا نییە. هیچکات بەڕاستی نایدۆزیتەوە، بەڵام ناشتوانیت دەست لەگەڕان بەدوایدا هەڵگریت. گەڕان بەئاشکرا هێزی بزوێنەری ئەم هەوڵەیە. گەڕان کاری ئێوەیە. زۆرجار لە تاریکیدا رووبەڕووی حەقیقەت دەبیتەوە، بەرامبەری رادەوەستیت، خۆی پێدا دەکێشی، یان شێوە و

وێنەیەک بە پێش چاوتدا تێدەپەڕێت کە وەک حەقیقەت دەردەکەوێت، بێئەوەی تەنانەت تێبگەیت چی بووە، بەڵام واقیع ئەمەیە کە بڕیار نییە هەرگیز شتێک وەک حەقیقەتی یەکتا لە هونەرە دراماتیکییەکاندا بدۆزرێتەوە. حەقیقەتەکان زۆرن. ئەم حەقیقەتانە یەکدی بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگ دەکەن، لەیەک هەڵدێن، دەبنە رەنگدانەوەی یەک، یەک لەبەرچاو ناگرن، سەردەخەنە سەر یەک، لە ئاست یەکدا کوێرن. هەندێکجار هەست دەکەیت بۆ چرکەساتێک حەقیقەتت بەدەستهێناوە، پاشان لەنێوان پەنجەکانتەوە دەخزێت، هەڵدێت و ون دەبێت.

زۆرێـک دەپرسن نمایشنامەکانم چۆن دێنە بوون. ناتوانم بڵێم چۆن. هیچکاتێکیش ناتوانم نمایشنامەکانم کورت بکەمەوە. تەنها دەتوانم بڵێم ئەو شتەی روودەدات ئەمەیە. ئەوەی ئەوان وتیان ئەمەیە، ئەوەی ئەوان کردیان ئەمەیە.

زۆربەی نمایشنامەکان بە یەک دێڕ پێ دەخەنە دونیای بوونەوە، بە وشەیەک و هەندێکجار بە وێنەیەک. زۆرجار یەکسەر وێنەیەک بەدوای ئەو وشەیەدا دێت. دوو دێڕ بە نموونە دەهێنمەوە کە دیارنییە لەکوێوە هاتنە ناو مێشکمەوە، پاشان وێنەیەک هات و منیش بەدوایاندا.

لەم نمایشنامانە یەکێکیان "گەڕانەوە بۆ ماڵەوە" و ئەوی دی "سەردەمە کۆنەکان"ە. یەکەم دێڕی "گەڕانەوە بۆ ماڵەوە" ئەمەیە "مقەستەکەت چی لێکرد؟" و یەکەمین دێڕی "سەردەمە کۆنەکان" ئەم وشەیە: "رەش"

سەبارەت بەمانە هیچ زانیارییەکی دیکەم نەبوو.

سەبارەت بە یەکەمیان دیار بوو کەسێک خەریکبوو بەشوێن مقەستێکدا دەگەڕا و لەو کەسەی داوا دەکردەوە کە پێدەچوو بردبێتی، بەڵام بەجۆرێک دەمزانی ئەو کەسە بەهیچ شێوەیەک نە مقەستەکە و نە ئەوکەسەش کە پرسیاری لێ دەکات بەلایەوە گرنگ نین.

"رەش" بە وەسفی قژی کەسێک تێی دەگەیشتم، قژی ژنێک و وەڵامێک بوو بۆ پرسیارێک. بەهەرحاڵ خۆم بەناچار دەبینی کە بەدوای بابەتەکەدا بڕۆم. ئەمە بەشێوەیەکی وێنەیی رووی دەدا. جووڵەیەکی ئارام لە سێبەرەوە بەرەو ناخی رۆشنایی.

هەمیشە نمایشەکانم بە پێدانی A,B,C بە ناوی کارەکتەرەکانم دەست پێ دەکەم.

لەو نمایشەدا کە بوو بە "گەڕانەوە بۆ ماڵەوە"، پیاوێکم دەبینی دەچووە ناو ژوورێکی سادە و کەم تا زۆر چۆڵەوە و پرسیارێک لە پیاوێکی گەنج دەکات کە لەسەر مۆبیلێکی ناجۆر دانیشتووە و لاپەڕەی پێشبڕکێی ئەسپی رۆژنامەیەک

دەخوێنێتەوە. بەجۆرێک گومانم دەبرد کە "A" باوکە و "B" کوڕییەتی، بەڵام هیچ شتێکم بۆ سەلماندنی ئەمە پێ نەبوو. کەمێک دواتر کاتێک B کە دواتر ناوی بوو بە لینی بە A کە دواتر ناوی بوو بە ماکس دەڵێت بابە. ئەم گومانەم بوو بەڕاستی. "بابە کێشەیەک نییە بابەتی قسەکردنەکەم بگۆڕم؟ دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم. ئەو شێوەی ئێوارە خواردمان ناوی چی بوو؟ چی پێ دەڵێن؟ بۆچی سەگێک ناکڕی؟ بەینی خۆمان بێت تۆ چێشتلێنەری سەگەکانی. وابزانم خواردنی زۆر بۆ سەگەکان ئامادە دەکەیت". کەوابێ ئەگەر B بە A دەڵێت بابە، ڕاست دێتە بەرچاو ئەگەر وای دابنێین ئەوان باوک و کوڕن. سەرەڕای ئەوە دەردەکەوێت ئەو چێشتلێنەرە، بەڵام نەوەک چێشتلێنەرێکی گەورە. ئایا مانای ئەوەبوو دایکێک لە ئارادا نییە؟ نەمدەزانی، بەڵام ئەوکاتە بەخۆم وت ئێمە هیچکات لەسەرەتادا سەبارەت بە سەرئەنجامی کارەکانمان شتێک نازانین.

"ڕەش"، پەنجەرەیەکی گەورە، ئاسمانی خۆر ئاوابوون، پیاوێک بە ناوی A کە دواتر بوو بە دیلی، و ژنێک بەناوی B کە دوایی بوو بە کەیت پەرداخێک شەراب بە دەستییەوە، دانیشتوون. پیاوەکە دەپرسێت "قەڵەو یان لاواز" خەریکن سەبارەت بە کێ قسە دەکەن؟ بەڵام پاشان دەبینم، لەتەنیشت پەنجەرەکەوە ژنێکی دی ڕاوەستاوە C کە دوایی بوو بە ئاننا، لەجێگەیەک ڕووناکی ژوورەکە تەواو جیاواز بوو، پشتی لەوان بوو، بە قژێکی ڕەشەوە.

ساتێکی سەیرە. ساتی بەدیهێنانی ئەو کارەکتەرانەی تا ئەوساتە بوونیان نەبوو، ساتێکی سەیرە. ئەو شتەی بەدوای ئەودا دێت و سەروبنی نییە، نادیارە، تەنانەت وڕێنەیە، هەرچەندە هەندێکجار دەتوانێت وەک هەرەسهێنانی بەفرێک بێت کە نەتوانرێت پێشی پێ بگیرێت. پێگەی نووسەریش سەیرونامۆیە. لە ڕوویەکەوە کارەکتەرەکان خۆشیان ناوێت. لە بەرامبەریدا ڕادەوەستن. ژیان لەگەڵ ئەوان ئاسان نییە، ناساندیان نامومکینە. بەدڵنیاییەوە ناتوانیت ناچاریان بکەیت کارێک بکەن، تا ڕادەیەک گەمەیان لەگەڵ دەکەیت، گەمەیەکی بێکۆتایی مشک و پشیلە. گورگ و شوان. چاوشارکێ، بەڵام دواجار تێ دەگەیت ئەو کارەکتەرانەی هەتن؛ کۆمەڵە مرۆڤێکن لە گۆشت و خوێن. کەسانێکی خاوەن ئیرادە و هەستیارێتی تایبەتی خۆیان، کەسانێکی تێکەڵ لەچەند بەشێک کە تۆ ناتوانیت بیانگۆڕیت، گەمەیان پێ بکەیت یان خواروخێچیان بکەیت. بەم ئەژمارە، زمان لە هونەردا، لە دانوستانێکی چەند لایەنە دەچێت، لمێکی ڕەوان، تەختەی بازهەڵدانی سەر حەوزێکی سەهۆڵبەندان کە سەهۆڵەکەی دەکرێت لە هەرکاتێکدا لە ژێرپێدا، لەژێر پێی نووسەردا ورد ببێت.

بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە وتم، گەڕان بەدوای راستیدا هەرگیز راناوەستێت، پشوو نادات، ناکرێت دوا بخرێت. دەبێت رووبەڕووی بینەوە، رێک هەر لەو جێگەیەدا، لە ناوەندی رووداوەکاندا.

شانۆی سیاسەت کۆمەڵێک پرسی بەتەواوەتی جیاواز پێشکەش دەکات. دەبێت بەهەر نرخێک بووە لە ئامۆژگاری دوور بکەوینەوە. پشتبەستن بە دیارەکان بنەمای کارە. دەبێت رێگە بدرێت کارەکتەرەکان لە هەوای خۆیاندا هەناسە بدەن. نووسەر ناتوانێت ئەوان رام بکات یان بە بەدیهێنانی سەلیقە یان تێگەیشتن یان پێشداوەری خۆی پابەندیان بکات. نووسەر دەبێت ئامادە بێت لە گۆشەگەلی جیاواز و جۆراوجۆرەوە لێیان نزیک بێتەوە. بەبێ هیچ سنووررداری و ئاوارتەیەک لە هەموو دیمەنەکانەوە تەماشایان بکات، غافڵگیریان بکات، رەنگە، جارجار، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم ئازادییە بەوان بدات بەهەمان ئەو رێگەیەدا بڕۆن کە دەیانەوێت. ئەم راسپاردەیە هەمیشە ئیش ناکات و تەنزی سیاسی، هەڵبەتە، بە هیچکام لەم رێسایانەوە نەبەستراوەتەوە. لەڕاستیدا، رێک بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئیش دەکات و ئەمەش هەمان کاری دروستی ئەوە.

پێموابێت لە نمایشنامەی "ئاهەنگی لەدایکبوون"دا بەرلەوەی تێروانینی خۆم لەسەر ملپێکەچکردن چڕبکەمەوە، تەواوی پێڕستی بژاردەکان لە دارستانی چڕوپڕی ئەگەرەکاندا دەخەمە گەڕ.

نمایشنامەی "زمانی کوێستان" هێندە مەیدان بە ئازادی کارکردن نادات. توندوتیژ، کورت و ناشیرین دەمێنێتەوە، بەڵام سەربازان لەم نمایشنامەیەدا دەتوانن کەمێک سەرگەرم بن. مرۆڤ هەندێکجار لەبیری دەچێتەوە ئەشکەنجەدەران زوو حەوسەڵەیان بەسەر دەچێت. بۆئەوەی ورەیان بپارێزن پێویستیان بە کەمێک خەندە هەیە. راستی ئەمەیە کە رووداوەکانی "ئەبوغرێب"یش لە "بەغداد" جەختیان لەسەر کردووەتەوە. "زمانی کوێستان" تەنها بیست خولەک دەخایەنێت، بەڵام دەتوانێت چەندین سەعات، بەدوای یەکدا بەردەوام بێت، هەمان تەرح دووبارە و دووبارە، بەدوای یەکدا چەندین سەعات دووبارە دەبێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە نمایشی "خۆڵەمێش بە خۆڵەمێش" بەڕای من دەڵێی لە ژێر ئاودا روو دەدات ژنێک لە باری نقوومبووندا، دەستی هانا لەدەرەوەی شەپۆلەکان، نقووم دەبێت و لە چاوان ون دەبێت، پێویستی بە فریاکەوتنە، بەڵام کەس نادۆزێتەوە، نە لەسەرەوە و نە لەژێر ئاوەکەدا، تەنها سێبەرەکان دەدۆزێتەوە، رەنگدانەوەکان، نقووم بوون، ژنەکە، پەیکەرێکی ونبوو لە دیمەنی نقوومبوونێکدا، هەڵاتن لە فەرمانی مەرگێک کە بەڕواڵەت تەنها بەوانی دیکە دەبڕێت.

بەڵام بەهەمان شێوە کە ئەوان مردن، ئەویش دەبێت بمرێت.

زمانی سیاسی، بەوشێوەیەی لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە بەکاردێت، پێ ناخاتە نێو ئەم قەڵەمڕەوەوە، لەبەرئەوەی زۆربەی سیاسەتمەداران، لەسەر بنەمای گەواهییە ئامادەکان، حەزیان لە هێز و پاراستنی دەسەڵاتە نەوەک حەقیقەت. بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە، پێویستە خەڵک لە نەفامیدا بمێننەوە، لە بێهەواڵی حەقیقەتدا بژین، لە بێئاگایی تەنانەت حەقیقەتی ژیانی خۆشیان. هەر بۆیە ئەوەی چـواردەوری ئێمەی داوە، پەردەیەکی پان و پۆڕە لە درۆ، کە خۆراکمانە.

هەر بەوجۆرەی یەک بە یەکتان لێرەدا دەیزانن، پاساوی هێرش بۆ سەر عێراق ئەمە بوو کە سەدام حسێن بڕێکی زۆر ترسناکی لە چەکە کۆمەڵکوژەکان لەبەر دەستدایە، کە هەندێکیان دەتوانن لەماوەی ٤٥ خولەکدا ئاگر بگرن و پاشەڕۆکی ترسناک بەجێبهێڵن. گرەنتییان بە ئێمەدا ئەمە راستە، راست نەبوو. بە ئێمەیان وت عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئەلقاعیدە هەیە و لە تاوانی یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی شاری نیویۆرکدا بەشدارە. گرەنتییان پێداین ئەمە راستە. راست نەبوو. بە ئێمەیان وت عێراق هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان دەکات. گرەنتییان پێداین ئەمە راستە. راست نەبوو.

حەقیقەت بە تەواوەتی شتێکی دیکەیە. حەقیقەت پەیوەندی بەو تێگەیشتنەوە هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە رۆڵی خۆی لە جیهاندا هەیەتی و بەوەی لە چ ڕێگەیەکەوە دەیەوێت ئەم تێگەیشتنە بەدیبێنێت.

بەڵام بەرلەوەی بۆ کاتی ئێستا بگەڕێمەوە، حەز دەکەم سەیرێکی رابردووی نزیک بکەم، مەبەستم سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییە. بە باوەڕی من ئێمە حەتمەن ئەرکی سەرشانمانە ئەم قۆناغە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی سنوورداریش بێت، لانی کەم بە جۆرێک بخەینە ژێر وردبینی لێکۆڵینەوەوە، واتە بەخەرجی هەموو ئەوکاتەی لێرەدا هەمانە.

هەمووان دەزانن لە یەکێتی شورەوی و سەرتاسەری ئەوروپای رۆژهەڵاتدا لەسەردەمانی دوای جەنگدا چی روویـدا: توندوتیژی سیستماتیک، تاوانی بەرفراوان، سەرکوتی بێبەزەییانەی بیرکردنەوەی ئـازاد، هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی تەواو رووینداوە و بە بەڵگەنامە کراون.

بەڵام ئێستا باسی من ئەمەیە تاوانەکانی ئەمریکا هەر لەم سەردەمەدا، تەنها بە شێوەیەکی رووکاری و کەموکورت تۆمارکراون، چ بگات بەوەی بە بەڵگەنامە کرابن. چ بگات بەوەی ئەسڵەن وەک تاوان وەرگیرابن. بەڕای من دەبێت باسی

ئەم بابەتە بکەین، ئەم راستییانە پەیوەندییان هەیە بەوەی جیهانی ئەمڕۆ لەکوێدا راوەستاوە. کارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەگەرچی لەبەر یەکێتی سۆڤییەت تاڕادەیەکی دیاریکراو سنووردار بووبوون، نیشانی دەدات ئەمریکا لە تێڕوانینی خۆیدا دەسەڵاتی رەهای هەیە تا هەر کارێک بیەوێت بیکات.

هێرش و داگیرکردنی راستەوخۆی وڵاتێک، لەڕاستیدا هیچکات بەدڵی ئەمریکا نەبووە. ئەمریکا بەگشتی و بە زۆری رەوشێک بەباش دەزانێت کە خۆی بە "رووبەڕووبوونەوەی ئارام" وەسفی کردووە. رووبەڕووبوونەوەی ئارام واتە هەزاران کەس بمرن، بەڵام هێواشتر لەوکاتەی بەیەکجاری بەسەر هەموویاندا بۆمب فڕێبدات. واتە ئەوەی دڵی وڵات دووچاری هەوکردن بکەیت، رەوتێکی تەشەنەسەندنی بێچارەسەر بونیاد بنێیت و لێگەڕێیت تا گانگرین هەموو جێگەیەک بگرێتەوە. کاتێک خەڵکەکە لەپێکەوتن -تا رادەی مەرگ کوتەکیان خوارد- جیاوازی نییە هاوڕێیانی خۆتان، سوپا و کارگە گەورەکان، بە ئاسانی لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشن، ئەوکات لە بەرامبەر کامێراکاندا دەردەکەویت و رایدەگەیەنیت دیموکراسی بەرقەراربوو. لەهەموو ئەو ساڵانەدا کە جێگەی ئاماژەی منە. ئەمە ئاساییترین دەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە.

تراژیدیای نیکاراگوا حاڵەتێکی لە رادەبەدەر گرنگ بوو. لێرەدا پەنجە ئەخەمە سەر نیکاراگوا، وەک نموونەیەکی دیار لە تێڕوانینی ئەمریکا لەمەڕ رۆڵی خۆی لە دونیادا، هەم لەو ساڵانەدا و هەم لەمڕۆکەشدا.

من لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠، لە دانیشتنێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لەندەن ئامادە بووم.

بڕیار بوو کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەبارەت بەم بابەتە بڕیار بدات کە پارەیەکی زیاتر بە کۆنتراکان بدرێت، بۆ خەبات دژی دەوڵەتی نیکاراگوا. من ئەندامی دەستەی هەڵبژاردەیەک بووم نوێنەرایەتی نیکاراگوای دەکرد، بەڵام گرنگترین ئەندامی ئەم دەستەیە، قەشە جۆن مێتکاف (John Metcalf) بوو. سەرۆکی دەستە ئەمریکییەکە Raymond Seitz بوو. (ئەوکاتە یاریدەدەری سەفیر و پاشان خودی سەفیر). باوکە مێتکاف وتی: "بەڕێز، من بەرپرسی ناوەندی کڵێسایەکی ناوچەییم لە باکووری نیکاراگوا. خەڵکانی ئەم ناوەندە، قوتابخانەیەک، نەخۆشخانەیەک، ناوەندێکی کەلتوورییان دروستکردبوو. ئێمە لە ئاشتی و ئارامیدا دەژیاین. چەند مانگێک لەمەوپێش هێزەکانی کۆنترا هێرشیان

کردە سەر ئەم ناوەندە. هەموو شتێکیان وێران کرد: قوتابخانە، نەخۆشخانە، ناوەندی رۆشنبیری. ئەوان دەستدرێژییان کردە سەر پەرستار و مامۆستاکان، لوت و گوێی پزیشکەکانیان بڕی، بە دڕندانەترین شێوە. وەک بەربەرەکان. تکادەکەم داوا لە دەوڵەتی ئەمریکا بکە لە پشتگیریکردن لەم کارە تیرۆرستییە راچڵەکێنەرانە دەست هەڵگرێت".

رایمۆند سایتز وەک کەسێکی خاوەن بیر ناوبانگێکی باشی هەبوو. کەسێکی بەرپرسیار و دونیادیدە بوو. ئەو لە کۆڕە دیپلۆماتیکییەکاندا رێزێکی زۆری لێدەگیرا. گوێی گرت، راوەستا و پاشان بە ئاوازێکی سەنگین دەستی بە قسەکردن کرد:

"باوکی رۆحانی، مۆڵەت بدە شتێکت پێ بڵێم. لە جەنگدا، هەمیشە خەڵکانی بێگوناە ئازار دەچێژن". بێدەنگییەکی سارد باڵی بەسەردا کێشاین. لێی راماین. هیچ سڵی نەدەکردەوە.

راستە خەڵکی بێگوناە هەمیشە رەنج دەکێشن.

دواجار کەسێک وتی: "بەڵام «خەڵکی بێگوناە» لەم حاڵەتەدا، بوونەتە قوربانی ئەو تاوانە دڵتەزێنانەی، حکومەتەکەی ئێوە هاندەر و پشتیوانی ماڵییانە. ئەگەر کۆنگرێس پێدانی پارەی زیاتر بە کۆنتراکان بکاتە بڕیار، تاوانی زۆرتری لەمجۆرە روو دەدەن. مەگەر وانییە؟ ئەوە دەوڵەتی ئێوە نییە بە پشتیوانی لە کاری کوشتن و ماڵوێرانی هاوڵاتییانی سڤیلی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تاوانبارە؟" سایتز هەروا ئارام و خوێنسارد مایەوە. "باوەڕناکەم فاکتەکان، قسەکانی ئێوە بسەلمێنن"، وەڵامەکەی ئەمە بوو. کاتێک خەریک بووین باڵیۆزخانەکەمان جێدەهێشت یەکێک لە یاریدەدەرانی سەفیرەکە بە منی وت حەزی لە شانۆنامەکانمە. وەڵامم نەدایەوە. دەبێ بیرتان بخەمەوە لەوکاتەدا سەرۆک ریگان دەیوت: "کۆنتراکان لە رووی ئەخلاقییەوە هاوتای بونیاتنەرانی گەورەی نەتەوەی ئەمریکان".

زیاتر لە چل ساڵ، ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری دیکتاتۆرییەتی توندڕەوی سۆمۆزای لە نیکاراگوا کرد. خەڵکی نیکاراگوا، بە رابەرایەتی ساندینیستەکان ئەم رژێمەیان لەساڵی ١٩٧٩دا سەرنگون کرد، راپەڕینێکی پڕ جۆش و خرۆش و جەماوەریی.

ساندینیستەکانیش بێ خەوش نەبوون. ئەوانیش لە لوتبەرزی و خۆبەزلزانی بێبەش نەبوون. لە فەلسەفەی سیاسەتدا رەگـەزی دژ بەیەک هەیە، بەڵام هۆشیار، لۆژیکی و شارستانی بوون. بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دامەزراو، کۆمەڵگەیەکی پلۆرالیستی و جێگەی رەزامەندی خەڵک هەوڵیان دەدا. سزای

لەسێدارەدان هەڵوەشایەوە. سەدان هەزار جوتیاری هەژار لە چنگی مەرگ رزگاریان بوو. مافی سوودوەرگرتن لە زەوی بە زیاتر لە سەد هەزار خێزان درا. دوو هەزار قوتابخانە دروستکرا. کەمپینێکی نەهێشتنی نەخوێندەواری بێوێنە، کە رێژەی نەخوێندەواری لە وڵاتدا بۆ کەمتر لە یەکلەسەر حەوت دابەزاند. خوێندنی بەخۆڕایی بەرقەرار بوو و بەهۆی راژەی دەرمانی خۆڕاییەوە. مردنی تازە لەدایکبووان لەسەدا سی کەمی کرد. ئیفلیجی منداڵان ریشەکێش کرا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەموو ئەم دەستکەوتانەی وەک وێرانکارییەکانی مارکسیستی/لینینستی مەحکوم کرد. لە تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نموونە و رابەرێکی ترسناک لەباری دروستبووندا بوو. ئەگەر نیکاراگوا دەرفەتی هەبووایە ستانداردەکانی تەندروستی و دەرمان و پەروەردە بەرز بکاتەوە و یەکێتی کۆمەڵایەتی و رێز و متمانە بەخۆبوونی نەتەوەیی دابینبکردایە، وڵاتە دراوسێکانیش هەمان پرسیاریان دەکرد و هەمان ئەو کارانەیان ئەنجام دەدا. رێک لەوکاتەدا بەرگرییەکی توند و بەهێز لەبەرامبەر بارودۆخی زاڵدا لە سلڤادۆریش لەئارادابوو.

پێشتر سەبارەت بەو "پەردەی درۆیە" کە چواردەوری داوین، قسەم کرد. سەرۆک ریگان ئاسایی نیکاراگوای بە "گۆڕی دیکتاتۆرییەتی رەها" وەسف دەکرد. هەر ئەم بابەتە لەلایەن راگەیاندنەکان بە گشتی و لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە بە تایبەتی، وەک راڤەیەکی ورد و راست وەرگیرا، بەڵام لەڕاستیدا، هیچ پێشینەیەک لە دەستەکانی مەرگ لە سەردەمانی حکومەتی ساندینیستەکاندا بوونی نەبوو. هیچ پێشینەیەکی ئەشکەنجە بوونی نەبوو. هیچ پێشینەیەکی توندوتیژی سیستماتیک یان فەرمیی سەربازی بوونی نەبوو. هەرگیز هیچ قەشەیەک لە نیکاراگوا نەکوژرا. لەڕاستیدا سێ قەشە لە دەوڵەتدا بوون. دوو قەشەی یەسوعی و موژدەدەرێک لە بزاڤی کاتۆلیکە ئەمریکییەکان. Merykaoll لەڕاستیدا قەڵاکانی تۆتالیتارییەت، دراوسێی نیکاراگوا بوون، لە سلڤادۆر و گواتیمالا. ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەوڵەتی هەڵبژێردراوی جەماوەری گواتیمالایان لە ساڵی ١٩٥٤دا سەرنگون کرد و ئەخەملێنرێت کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە جەماری ئەم وڵاتە، بوونە قوربانی ئەو دیکتاتۆرییەتە سەربازییانەی لەدوای ئەوەوە هاتنە سەرکار. شەش کەس لە ناسراوترین یەسوعییەکانی دونیا لە زانکۆی ئەمریکای ناوەندی لە سان سلڤادۆر لە ساڵی ١٩٨٩-دا بەشێوەیەکی دڵتەزێن کوژران، لەلایەن بەتالیۆنێکەوە لە لەشکری ئەلکاتلدا Alcat، مەشقپێکراو لە بنکەی بەنینگ Benning ، لە ویلایەتی جۆرجیا، ئەمریکا. ئەو پیاوە لە رادەبەدەر

ئازایە، ئەسقەفی مەزن رۆمیرۆ Archbishop Romero، لەکاتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی گشتی پەرستشدا تیرۆرکرا. دەخەمڵێنرێت کە ٧٥ هەزار کەس کوژران. بۆچی کوژران؟ ئەوانیان کوشت بەم هۆیەوە کە باوەڕیان وابوو ژیان دەکرێ باشتربێت و دەبێت بەدەستی بخەین. ئەو باوەڕە، یەکسەر ئەوانی دەکردە کۆمۆنیست. ئەوان بەم هۆکارە کە پرکێشیان کردبوو بارودۆخی ئامادە بخەنە ژێر پرسیارەوە. هەژاری، نەخۆشی، زەبوونی، ستەم و سەرکوتی نەپچڕاو و بێکۆتایی، کە لە وێنەیان نەبوو. ئەمریکا دواجار دەوڵەتی ساندینیستی رووخاند. چەند ساڵێک درێژەی کێشا و بەرگری زۆر کرا، بەڵام فشارە توند و بەردەوامە ئابوورییەکان و ٣٠ هەزار کوژراو، دواجار ورەی خەڵکی نیکاراگوای رووخاند. جارێکی تر بێهێز و هەژار بووبوون. قومارخانەکان دووبارە بۆ شار گەڕانەوە. سەردەمانی تەندروستی و دەرمانی خۆڕایی و خوێندنی بێبەرامبەر بەسەر چوو. کۆمپانیا گەورەکان بەوپەڕی هێزەوە گەڕانەوە. "دیموکراسی" زاڵ بوو بوو.

بەڵام ئەم "سیاسەتە" بەهیچ شێوەیەک لە ئەمریکای ناوەندیدا سنووردار نەبوو. ئەم سیاسەتە لە هەموو دونیادا دەبرایە پێشەوە. کۆتایی نەبوو. هەروەها وەک بڵێی هەرگیز هیچ رووی نەداوە.

ئەمریکا لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا پشتیوانی لە هەموو دیکتاتۆرێکی سەربازی راستڕەو کردووە لە دونیادا و هەندێکجار خۆی دایمەزراندوون. ئەندەنوسیا، یۆنان، ئۆرۆگوای، بەرازیل، پاراگوای، هایتی، تورکیا، فیلیپین، گواتی مالا، سلڤادۆر، هەروەها بەدڵنیاییەوە شیلی. ئەو بارودۆخە ترسناکەی کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٣دا بەسەر شیلیدا سەپاندی، هەرگیز ناتوانرێت لەیاد بچێتەوە و هەرگیز ناکرێت ببەخشرێت.

لەم وڵاتانەدا سەدان هەزار کەس گیانیان لەدەست دا. ئایا ئەم مرۆڤکوژییانە روویانداوە؟ ئایا ئەم هەموو گرفتانە دەرئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان؟ وەڵام بەڵێیە. ئەم مرۆڤکوژییانە روویان داوە و هۆکارەکەشی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمرکایە، بەڵام ئێوە نەدەبوو بتانزانیایە.

هیچکام لەمانە روویان نەداوە. هیچ شتێک، هیچکات رووی نەداوە. تەنانەت کاتێک خەریکبوون روویان دەدا، هیچ رووی نەدەدا. گرنگ نەبوو. پەیوەندی بەکەسەوە نەبوو. تاوانەکانی ئەمریکا، سیستماتیک، بەردەوام، دڵتەزێن و بێبەزەییانە بوون، بەڵام کەمتر کەسێک بەکردەوە سەبارەت بەوانە قسەی کردووە. ئەمریکا مامۆستای ئەم کارانەیە. ئەمریکا بە تەواوی کارامەییەوە کاربەدەستی ئاڵوگۆڕی هێز لە سەرتاسەری جیهاندا بووە لەحاڵێکدا کە خۆی بە

بەرگی ساختەی هێزی خێری جیهانی داپۆشیوە. هیپنۆتیزمکردنێکی زیرەکانە، تەنانەت خۆش، بەوپەڕی سەرکەوتوویییەوە.

وتم ئەمریکا بێگومان گەورەترین شانۆگێڕی سەردەمە. توندوتیژ، دڵڕەق، لووتبەرز و بێبەزەیی، بەڵام زۆریش زیرەک. وەک فرۆشیارێک هاوبەشی نییە و پڕفرۆشترین کاڵای، خۆپەرستییە. ئەم کاڵایە هەمیشە مشتەری هەیە. گوێ لە سەرۆکەکانی ئەمریکا بگرن. لەسەر تی ڤی، کاتێک وشەکانی "خەڵکی ئەمریکا" بەکار دەهێنن، بۆ نموونە لەم رستەیەدا: "من بە خەڵکی ئەمریکا دەڵێم کاتی ئەوەیە نزا بکەین و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی ئەمریکا بکەین. داوا لە خەڵکی ئەمریکا دەکەم متمانە بەسەرۆکەکەیان بکەن لەو هەنگاوانەدا کە ئەو بەزوویی لەلایەن خەڵکی ئەمریکاوە دەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە".

فێڵێکی زیرەکانە و سەرنجڕاکێشە. لەڕاستیدا زمان بەکاردەهێنن تا لە ئێش و ئازاری بیرکردنەوە دڵنیابن. وشەکانی "خەڵکی ئەمریکا" بەڕاستی بالیفێکی گەرم و نەرم لە هەستی دڵنیایی و ئاسایش بە مرۆڤ دەدات. ئێوە پێویست ناکا بیری لێبکەنەوە. تەنها پاڵ بە بالیفەکەوە بدەنەوە. بالیف، رەنگە عەقڵ و شعوری مرۆڤ بخنکێنێت بەڵام زۆر نەرمە. ئەمە هەڵبەتە سەبارەت بەو چل میلیۆن کەسەی لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین و ئەو دوو ملیۆن ژن و مێردەی لە ژووری پان و پۆڕی زیندانەکاندا، لە سەرتاسەری ئەمریکا زیندانین راست دەرناچێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیدی خۆی ناخاتە بەر زەحمەتی "رووبەڕووبوونەوەی ئارام". ئیدی سوودێک لە بێدەنگی یان تەنانەت فێڵکردن نابینێت، بێ هیچ ترس و پارێزێک بەدەستی ئاشکراوە یاری دەکات. ساف و سادە، هیچ حسابێک بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان یان هزری گشتی رەخنەگر و نارازی ناکات، هەموو ئەمانە بەبێ پەیوەندی و بێ توانا دادەنێت. سەرەڕای ئەمە ئەمریکا بەرخۆلەیەکی بە باعەباعی خۆشی هەیە کە بە کلکییەوە بەستراوەتەوە و بۆ هەموو جێگەیەک بەدوایدا دەڕوات، بەریتانیای گەورە و داماو و گوێڕایەڵ.

چی بەسەر هەستی بەرزی ئەخلاقیماندا هاتووە؟ ئەسڵەن هیچکات ئەمەمان هەبووە. ئەم وشانە چ مانایەکیان هەیە؟ ئایا مەبەست هەمان ئەو وشەیە کە ئەمڕۆ ئیدی لەکارکەوتووە- ویژدان؟ ویژدانێک نەوەک تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ کرداری خۆماندا بەڵکو لە پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی هاوبەشمان لەکاری ئەوانی دیکەشدا؟ هەموو ئەمانە مردوون؟ سەیری گوانتانامۆ بای (Guantanamo By) بکەن. سەدان کەسیان بێئەوەی دیاربێت تاوانیان چییە، بەند کردووە، زیاتر

لە سێ ساڵ، بەبێ پارێزەر، بەبێ دادگایی، لەڕووی هونەرییەوە بۆ هەمیشە. ئەم دامودەزگە تەواو نارەوایە، سەرەڕای ناسازگارییەکانی لەگەڵ پەیماننامەی ژنێڤ، لە جێگەی خۆی ماوەتەوە. ئەوەی بە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" ناو دەبرێت. نەوەک تەنها چاوی لەم پرسە داخستووە، بەڵکو بەدووری دەزانم لەم بارەیەوە تەنانەت بیریشی کردبێتەوە.

ئەم ملهوڕییە تاوانکارانەیە وڵاتێک ئەنجامی دەدات، کە بانگەشەی "رابەرایەتی دونیای ئازاد" دەکات. ئایا خودی ئێمە بیر لە دانیشتووانی گوانتانامۆ بای دەکەینەوە؟ چاپەمەنییەکان لەبارەیانەوە چی دەڵێن؟ جارجارە هەواڵێک بڵاودەکەنەوە- نووسینێکی بچووک لە لاپەڕەی شەشەمدا. ئەوانیان بۆسەر کێوی قاف بردووە، جێگەیەک بەڕاستی مومکینە هەرگیز لێی نەگەڕێنەوە. هەر ئێستا زۆربەیان، لەوانە ژمارەیەک کە خەڵکی بەریتانیان، مانیان لە خواردن گرتووە، بە زۆر خواردنیان دەدەنێ. لەم خواردن پێدانە تۆپزییەدا هیچ شوێنەوارێکی دلۆڤانی بوونی نییە. بەبێ ئازارکوژ، بەبێ بێهۆشکردن. تەنها بۆرییەک لە رێگەی لوتەوە لە قوڕگ توند دەکەن. خوێنهەڵدەهێننەوە. ئەشکەنجەیە. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەم بارەیەوە چی وتووە؟ هیچ. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەم بارەیەوە چی وتووە؟ هیچ. بۆچی هیچ ناڵێن؟ لەبەرئەوەی ئەمریکا وتوویەتی: رەخنەگرتن لە رەفتاری ئێمە لە گوانتانامۆ بای بەکارێکی نادۆستانە دادەنێین. یان لەگەڵ منیت یان دژی من. بلێریش قڕوقەپی لێکردووە.

هێرشکردنە سەر عێراق کارێکی چەتەگەرانە بوو، تیرۆریزمی پەتی دەوڵەتێک کە سەرپێچی و بێڕێزی رەهای سەبارەت بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نمایش کرد. ئەم هێرشکردنە هەنگاوێکی سەربازی سەرەڕۆیانە بوو پشتبەستوو بە رێژنەبارانی یەکلەدوای یەکی درۆ و بەکارهێنانی زیرەکانە و بێشەرمانەی راگەیاندنەکان و رای گشتی، کارێک بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و ئابووری ئەمریکا بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە وەک -دوایین رێگەچارە-، وەختێک هەموو پاساوەکانی دی لە قەناعەتپێکردنی دامابوون، لەژێر ئاڵای ئازادکردندا جێبەجێکرا. پێداگرییەکی ترسناک لەلایەن هێزێکی سەربازییەوە کە بەرپرسی مردن و کەمئەندامبوونی هەزاران هەزار مرۆڤی بێتاوانە.

ئێمە بۆ خەڵکی عێراق ئەشکەنجە، بۆمبی هێشوویی، یۆرانیۆمی سووتاو، مرۆڤکوژی بێشومار، بەدبەختی و مەرگمان هێنا، ناویشمان نا "هێنانی ئازادی و دیموکراسی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

دەبێ چەند کەس بکوژیت تا ببیتە شایستەی ناوی مرۆڤکوژ و تاوانباری

جەنگ؟ سەد هەزار؟ وابزانم ئەمە لەرادەی پێویست زیاترە. هەر لەبەر ئەم هۆیە دەبێت بۆش و بلێر بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پەلکێش بکرێن، بەڵام بۆش زیرەکی نواندندووە. بەڵگەنامەی پەیوەست بە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکانی واژوو نەکردووە. بەمپێیە لەهەر جێگەیەکی دونیادا سەربازی ئەمریکایی یا سیاسەتمەداری ئەمریکایی لەجێگەی تاوانبار دابنێن، بۆش هەر بەوجۆرەی پێشتر بەڵێنی داوە، هێزی دەریایی ئەمریکا بۆ ئەوێ دەنێرێت، بەڵام تۆنی بلێر ئەم سیستمی دادگای نێودەوڵەتییەی قبوڵکردووە و بەم پێیە شایەنی راوەدوونانی یاساییە. ئەگەر ئەم دادگایە بیەوێت بانگی بکات، دەتوانین ناونیشانی ئەو بخەینە بەردەستی. داونینگ ستریت، ژمارە ١٠، لەندەن.

مەرگ لەم نێوەدا بێپەیوەندییە. هەم بۆش، هەم بلێر فایلی مەرگیان بەتەواوەتی خستۆتە ئەرشیفەوە. بەرلەوەی ئەسڵەن نارەزایی و راپەرینێک دەستپێبکات، لانی کەم سەدهەزار عێراقی بە بۆمب و موشەکەکانی ئەمریکا کوژرابوون. ئەم مرۆڤانە هیچ گرنگییەکیان نییە. مەرگی ئەوان بوونی دەرەکی نییە. ئەوان مرۆڤ نین، بڵقی سەرئاون. تەنانەت وەک کوژراویش تۆمار نەکراون. بە وتەی ژەنەراڵی ئەمریکایی تۆمی فرانکس "Tommy Franks" ئیشی ئێمە ژماردنی لاشەکان نییە.

لە سەرەتاکانی هێرشکردنە سەر عێراقدا لە لاپەرەی یەکەمی یەکێک لە رۆژنامە ئینگلیزییەکاندا وێنەیەک چاپکرابوو کە تۆنی بلێری لە حاڵەتی ماچکردنی گۆنای منداڵێکی عێراقیدا نیشان دەدا. لەسەرەوە نووسیبوویان "منداڵێکی بە ئەمەک" چەند رۆژ دواتر بابەتێکی دی لە لاپەرەکانی ناوەوەی رۆژنامەکەدا هاتبوو، لەگەڵ وێنەی منداڵێکی چوار ساڵان کە دەستی قرتا بوو. ئەو تەنها ئەندامی خێزانەکەی بوو کە لە تەقینەوەی موشەکێکدا زیندوو دەرچووبوو. دەیپرسی: "کەی دەستەکانم ئەدەنەوە؟" درێژەیان بەم بابەتە نەدا. چاوەرێی چی دەکەن، تۆنی بلێر ئەوی لە باوەش نەکردبوو. نە ئەو نەهیچ منداڵێکی کەمئەندامی دی، نە هیچ جەستەیەکی خوێناویش. خوێن پیسە. کراس و بۆینباخەکەی پیس دەکات، ئەویش کاتێک خەریکە دڵسۆزانە لە تی ڤیدا قسە بۆ خەڵک دەکات.

" دووهەزار کوژراوی ئەمریکایی مایەی شەرمەزارییە. ئەوان لەتاریکیدا بۆ نێو گۆرەکانیان دەبەن. ناشتن بە نهێنی و بێ دەنگەدەنگ تاکەس نەرەنجێت. ئەوانەش کە بریندار و کەمئەندام بوون لە جێگەکانیاندا دەرزێن. هەندێکیان بۆ هەموو تەمەن. مردوو و بریندارەکان هەردووکیان لە گۆردا دەرزێن، لە گۆرە جیاوازەکاندا.

ئەمە هەڵبژاردەی شیعرێکی پابلۆ نیرۆدایە: Pablo Neruda ، "خەریکم چەند بابەتێک راڤە دەکەم".

رۆژێک دەمەوبەیانی هەموو شتێک لە ئاگردا ئەسووتا
بەیانییەک بڵێسەکان کڵپەیان ئەسەند
لە زەوییەوە تا ئاسمان
مرۆڤەکانیان قووت ئەدا
هەموو شتێک لەدوای ئەوە ئاگر بوو
لەدوای ئەویش دووکەڵی باروت
لەدوای ئەویش خوێن
رێگران بە ئەنگوستیلە و ژنە بەگزادەکانییانەوە
رێگران بە تیغ و زنجیرەکانییانەوە
لە ئاسمانەوە دائەبارین تا منداڵەکان بکوژن و
خوێنی منداڵەکان لە شەقامەکاندا رەوان بوو
بێ گوێپێدان، وەک خوێنی منداڵەکان

ئەو چەقەڵانەی چەقەڵەکان وەڕز ئەکەن
ئەو بەردانەی کەرتەشییەکان قوتئەدەن و تفیان ئەکەنەوە
ئەو مارانەی مارەکانیان ئەڕشاندەوە

رووبەڕوو لەگەڵ ئێوە خوێنی ئیسپانیام بینی
وەک تەوژمێک بەرز ئەبوویەوە
تاوەکو نقومتان بکات
لەشەپۆلێک لە غرور و خەنجەردا

پێشەوا ناپاکەکان:
ماڵە مردووەکەم ببینن
ئیسپانیای وێران ببینن!
لەهەر ماڵێکی مردوودا لەجیاتی گوڵ
ئاسنی تواوە ئەڕوێت
لەهەر چاڵێک لە ئیسپانیادا
ئیسپانیا دەرئەکەوێت
لەهەر منداڵێکی مردوودا تفەنگێک بە چاوانەوە

**لەهەر تاوانێکدا گوللەیەک لەدایک ئەبێت**
**کە ڕۆژێک**
**ڕێگە ئەباتەوە سەر دڵی ئێوە**

**ئەپرسن بۆچی شیعری ئەو**
**باس لە خەون و سەوزایی و**
**گڕکانەجوانەکانی وڵاتەکەی ناکات**

**وەرەو خوێن لە شەقامەکاندا ببینە**
**وەرەو خوێن لە شەقامەکاندا ببینە**
**وەرەو خوێن لە شەقامەکاندا ببینە!**

ڕێگە بدەن ئەمە باش ڕوون بکەمەوە کە بە گواستنەوەی شیعرەکەی نیرۆدا بە هیچ شێوەیەک ئیسپانیای کۆماری لەگەڵ عێراقی سەدام حسێندا بەراورد ناکەم. شیعری نیرۆدا دەخوێنمەوە لەبەرئەوەی لە هیچ شوێنێک لە شیعری هاوچەرخدا شتێکی دیکەم نەخوێندووەتەوە کە بە هەستێکی ئاوا قووڵ و بەهێزەوە، بۆردومانی خەڵکی ئاسایی وەسفکردبێت.

پێشتر وتم کە ئەمریکا ئیدی ڕاست و ڕەوانە و شتێک ناشارێتەوە. هەرواشە. سیاسەتی فەرمی و ڕاگەیاندراوی ئەمریکا لەحاڵی حازردا بە "دەسەڵاتی تەواو عەیار" پێناسەکراوە. ئەمە گوزارەی من نییە، هی خۆیانە. "دەسەڵاتی تەواو عەیار Full-Spectrum Dominance" واتە کۆنترۆڵی زەوی، دەریا، هەواو فەزا و هەموو سەرچاوەکان و توانایی پەیوەست بەوانەوە. ئەمریکا لە ئێستادا ٧٠٢ بنکەی سەربازی لە ١٣٢ وڵاتدا لەسەرتاسەری گۆی زەوی لەژێر دەستدایە، سوید هەڵبەتە بەشانازییەوە ئاوارتەیە. کەس بە وردی نازانێت ئەمریکا چۆن گەیشتووەتە ئەم پێگەیە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمرۆ لەم پێگەیەدایە. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەشت هەزار موشەکی چالاک و ئامادەی بەکارهێنانی بە کلاوەی ئەتۆمییەوە هەیە. دووهەزار دانەیان لەحاڵەتی ئامادەباشی تەواودان، واتە لەماوەی ١٥ خولەکدا ئامادەی تەقاندنن. ئەمریکا لەحاڵەتی ئامادەکاری سیستمە تازەکانی هێزە ناوەکییەکاندایە، بەناوی سەنگەری تێکشکێنەر. Nucler Bunker Busters. ئینگلیزە هەمیشە هاوکارەکان، بەنیازن سیستمی موشەکی ناوەکییان واتە تریدێنت Trident لەگەڵ ئەم سیستمە بگۆڕنەوە. دەپرسم، کێیان

کردووەتە ئامانج؟ ئوسامە بنلادن؟ ئێوە؟ ئێمە؟ دراوسێکەمان؟ چین؟ پاریس؟ کێ دەزانێت؟ ئەوەی ئێمە بەدڵنیاییەوە دەیزانین ئەمەیە ئەم شێتییە منداڵانەیە -هەبوون و هەڕەشەکردن بە سوودوەرگرتن لە چەکە ئەتۆمییەکان- لەحاڵی حازردا دەبێت ناوەندی قورسایی فەلسەفەی سیاسی ئەمریکا بەیادی بهێنینەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمیشە لەحاڵی بەهێزکردنی هێزە سەربازییەکانی خۆیدایە و هیچ نیشانەیەک لە هێواشبوونەوەی ئەم ڕەوتە نابینرێت.

هەزاران ئەگەر نەڵێم ملیۆنان کەس لە خەڵکی خودی ئەمریکادا بێزاریی، شەرم و تووڕەیی خۆیان سەبارەت بە کارەکانی وڵاتەکەیان دەربڕیوە، بەڵام بەوجۆرەی کەدیارە ئەوان هێشتا هێزێکی سیاسی هەمئاهەنگ نین-جارێ نین. بەڵام ئەو شپرزەیی و نەبوونی دڵنیایی و ترسەی لە ئەمریکادا دەیبینین و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشە دەکات، بە دووری دەزانین کە کەم ببێتەوە.

دەزانم کە سەرۆک بۆش وتار نووسی زۆر لێهاتووی هەیە، بەڵام دەمەوێت خۆم بۆ ئەم کارە بکەمە خۆبەخش. ئەم وتە کورتە پێشنیاز دەکەم کە دەتوانێت لە ڕێگەی تی ڤی-یەوە پێشکەشی نەتەوەکەی بکات. دەتوانم لەکاتی ئەم وتارەدا بیهێنمە بەرچاوم، فەرمی، بە مووی جوان شانەکراوەوە، شێلگیر، ڕووخۆش، ڕاستگۆ، زۆربەی کات زمان لوس، هەندێکجار بە زەردەخەنەیەکی زۆرەکییەوە، لە ڕادەبەدەر سەرنجڕاکێش، پیاوانە!

"خودا باشە، خودا گەورەیە، خودا چاکە، خودای من باشە. خودای بن لادن خراپە. خودای ئەو خودایەکی خراپە. خودای سەدام خراپ بوو، هەرچەندە ئەو ئەسڵەن خودایەکی نەبوو. ئەو بەربەرێکی دڕندەبوو. ئێمە بەربەر نین. ئێمە ملی مرۆڤەکان ناپەڕێنین. ئێمە باوەڕمان بە ئازادی هەیە. هەر بەوجۆرەی خودا باوەڕی پێیەتی. من بەربەر نیم. من ڕابەری هەڵبژێردراوی وڵاتێکی دیموکراسیم کە عاشقی ئازادییە. ئێمە کۆمەڵگەیەکی بەسۆز و دڵنەرمین. ئێمە بە بەزەیی و نەرم و نیانییەوە کورسی کارەبایی بەکار دەهێنین، بە بەزەیی و نەرم و نیانییەوە دەرزییە کوشندەکان بەکار دەهێنین. ئێمە نەتەوەیەکی مەزنین. من دیکتاتۆر نیم. ئەو دیکتاتۆرە، من بەربەر نیم ئەو بەربەرە و ئەوی دیش. هەموویان بەربەرن. من خاوەنی ئۆتۆریتەی ئەخلاقیم. ئەم مشتە دەبینن؟ ئەمە ئۆتۆریتەی ئەخلاقی منە. ئاگاداربن لەبیرتان نەچێتەوە."

ژیانی نووسەرێک بێئەندازە بێبەرگرییە، کەم تا زۆر ڕووت و بێبەرگ. شین و گریانی پێناوێ. نووسەر هەڵبژاردنی خۆی دەکات و پێیەوە پابەندە، بەڵام دروستە بڵێم لەهەمبەر هەڵکردنی هەموو بایەکاندا بێپەرژێنن و هەندێکیان

بەڕاستی وەک سەهۆڵ ساردن. خۆتی و خۆت. هیچ کەسێکت لەگەڵ نییە. نە پەنایەک دەدۆزیتەوە، نە پەرژینێک. مەگەر ئەوەی درۆ بکەیت –کە لەوکاتەدا خۆت هەڵبەتە پەرژینی خۆت دروستکردووە و دەکرێت بڵێین بوویتە سیاسەتمەدار.

ئەمڕۆ چەندینجار باسی مەرگم کرد. ئێستا شیعرێکی خۆمتان بۆ دەخوێنمەوە کە ناوی "مەرگ"ە.

**لاشەکەیان لەکوێ دۆزییەوە؟**
**کێ لاشەکەی دۆزییەوە؟**
**کاتێک لاشەکەتان دۆزییەوە مردبوو؟**
**چۆن لاشەکەتان دۆزییەوە؟**

**لاشەی کێ بوو؟**

**چ کەسێک باوک یان کچ یان برا**
**یان مام یان خوشک، یان دایک، یان کوڕی**
**ئەو لاشە فڕێدراوە بوو؟**

**کاتێک بەجێیان هێشت ئەم لاشەیە مردبوو؟**
**ئەم لاشەیان بەحاڵی خۆیەوە بەجێهێشت؟**
**لەلایەن چ کەسانێکەوە ئەم لاشەیە بەجێهێڵرا؟**

**لاشەکە رووت بوو یان جلی سەفەری لەبەردا بوو؟**

**چی بوو کە ئەم لاشەیان بە مردوو لەقەڵەم دا؟**
**تۆ ئەم لاشەیەت بە مردوو لە قەڵم دا؟**
**تا چەندێک ئەم لاشەیەت ئەناسی؟**
**چۆن زانیت ئەم لاشەیە مردووە؟**


**لاشەکەت شۆرد؟**
**چاوەکانیت داخست؟**
**بەخاکت سپارد؟**

**بەتەنیا جێتهێشت؟**
**لاشەکەت ماچکرد؟**

کاتێک تەماشای ئاوێنە دەکەین واگومان دەبەین وێنەکەمان ورد و تەواوە، بەڵام کەمێک بجولێ، وێنەکە دەگۆڕێت. لەڕاستیدا تەماشای ئەو کاردانەوانە دەکەین کە بەدوای یەکدا دێن و هەرگیز کۆتاییان نایەت، بەڵام هەندێکجار نووسەر دەبێت ئاوێنەکە بشکێنێت. لەبەرئەوەی لەلایەکی دیکەوە ئەوە ئاوێنەیە کە تەماشای حەقیقەتی ئێمە دەکات.

لەوباوەڕەدام سەرەڕای هەموو پرس و هەلومەرجە نالەبارەکان، بڕیاری ئاگایانە، نەگۆڕ، راوەستاو و بێشلۆقی بۆ دیاریکردنی ئەوەی بەڕاستی حەقیقەتی ژیانی ئێمە و کۆمەڵگەکانمانە، ئەرکێکی زۆر گرنگە لە ئەستۆی هەمووماندا. لەڕاستیدا ئەرکێکی زۆرەملێ و ناچارییە.

ئەگەر رۆحی وەها ئیرادەیەک نەکەین بەبەری تێڕوانینی سیاسیماندا، هیچ ئومێدێکمان بۆ نامێنێتەوە تا ئەوەی لە ئاستانەی لەدەستدانیداین، بیپارێزین -حورمەتی مرۆڤ.



**سەرچاوە:**
http://javadeatefeh.blogfa.com/post-223.aspx

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە